ماجد محەممەد مەخمووری

# ساڵی مەرگ

رۆمان

PDF4Kurd

2008

**زنجیرە کتێبی نواڵەی نوێ**

**ژمارە (90) ساڵی 2008**

خاوەنی ئیمتیاز
**هۆشیار نوری لەك**
**4625169**

سەرنووسەر
**ئاری ئاغۆك**
**7457776**

**ناوی کتێب: ساڵی مەرگ**

**بابەت : رۆمان**

**نووسینی : ماجد محەمەد مەخمووری**

**پیتچنین و نەخشەسازی : م . خەلیل پالآنی**

**وێنەی بەرگ : لایەن**

**چاپ : چاپخانەی ( چوار چرا )**

**تیراژ : (١٠٠٠) دانە**

**چاپی یەکەم — هەولێر / ٢٠٠٨**

**لەکتێبخانەی گشتی هەولێر ژمارەی سپاردنی ( ١٥٨٨ ) ساڵی ( ٢٠٠٨ )ی دراوەتێ**

**بە هاوکاری سەنتەری رۆشنبیری بەهرە**
**بەچاپ گەیاندراوە**

## پێشکەشـە بـە ...

- گیانی پـاکی شـەهیدانی رێگـای سـەربەخۆیی کوردسـتان و دایکە جگەرسووتاوەکان .
- بەو کەسەی دروستم کرد .. تەمەنێکم بۆی کرد بە مۆم .. تا ئێستاش داوە پرچەکانی وشەکانم دەناسنەوە .
- بەو کیژۆڵانەی لە گشت لایەک ستەم و زۆردارییان لێدەکرێ و لە نێوانی چوار دیواردا خەون بە جوانی دەبینن، کەچی ونن .

# مەبەســـــت

نووسـینەوەی سـاڵی مـەرگ خولیـاو حـەز و ئـارەزوو نـەبوو، بگـرە ئـاواتێکی خەونیشم نەبوو، بەڵکو لەنێو پانتاییەکی ناخمدا خۆی جێگیر کردبوو .
ولاّتـی ئێمـەش دەیـان و سـەدان کارەسـاتی جـەرگبڕی لـە خـۆ گرتـووە، بۆیـەش پەرۆشی ئەوە بووم کە خەڵکانێکیش ئاوێتەی ئەم ڕووداوانە بن .
ڕووداوەکـانی سـاڵی مـەرگ زۆر دوور نیـە لـە خـەیاڵ، ڕەنگـە بەشـێکی زۆریـشی ڕاستەقینە بێ، بۆیـە بەباشـم زانـی نـەوەی نـوێ ئـەم ڕۆژگارانـەی (سـاڵی مـەرگ) یان لەبیر نەچێتەوەو ئەوانەی لەو سەردەمەش نەژیاون مێژووی خۆیان بناسن.
نووسینەوەی (ساڵی مەرگ) تەنیا بۆ ئەوە نەبوو، کە ڕۆژێك بکەوێتە بەردەستی خوێنـەر . ڕەنگـە ئـەو تواناو ئەزموونـە پێویـستەشم نـەبێ لـە بـارەی نووسـینی ڕۆمانـەوە، یـاخود لەبـەر هەنـدێ ئاسـتەنگی سـنوورداری کۆمـەڵگا نـەمتوانیبێت ئەوەی لە ناخمدایە وەکو خۆی دایرێژمەوە ...
لە نووسینەوەی (سـاڵی مـەرگ) نهێنییـەك هەیـە، کـە وایکـرد سـانسۆرێك ڕیگـەم کەمێك بەرتەسك بکاتەوە، هەوڵ دەدەم لە بەشی دووەمی (ساڵی مەرگ) دا، ئـەو ەسانسۆرە بڕوخێنم ...
ساڵی مەرگ سەردەمێکە هەیە، بەلاّم لە دەرگایەك دەگەڕا لێـی دەربـاز بێـت، ئـەو لە ناو بیر و هەستدا کـۆت و زنجیر بـوو، تـا وایلێهـات کاریگـەری هـەبوو لەسـەر بژێوی ژیانم ...
بەر لەوەی(ساڵی مەرگ)بنووسمەوە وەك ئەوەی لە ژێر قورساییەکدا بم..
دەمویست خۆمی لە ژێر لادەم، کاتێك کە نووسیمەوەش وەك ئەوەی پەنجەم بۆ تەلێکی کارەبا ببەم، وا لێی بە گومان بووم، هەر بۆیەش داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم لە هەر کەموکوڕی و هەڵەیەك .

**نووســـــەر**
2008

کات ساڵی( ١٩٨٢) بوو، شارێکی بێ ناز و ئێوارەکانی بێ ئومێد بوون، چراکانی هەولێر کز دەسوتان وەك دڵی دایکێکی رۆڵە ونبووی دەست لە ئەژنۆ، سیمای ناکامی و ناهەمواری لە هەنگاوەکانیان بەدی دەکرا، کۆلانێك ئازارو ماندوێتی بە ڕووی خەڵکەکەیەوە دیار بوو، دار و دیوار و دەرگاکان خۆیان لە خۆیان دەدوان، گەنج و پیر و پیاو و ژن یەکتریان دەناسی و زۆر بێ جیاوازی هاتووچۆی یەکتریان دەکرد، ئەوەی کە گریان و خەندەیەکی نەرمی دەخستە سەر رووی مرۆڤ ئەوە بوو، کە ئێواران کاتی خورئاوا منداڵێکی پارچەلە یان کیژۆڵەیەکی هەشت نۆ ساڵان لە دەرگای ماڵەوە دەهاتە دەر و قاپێك خواردنی لەسەر سینییەك بەدەستەوە بوو، بۆ ماڵی دراوسێکەیانی دەبرد، زۆربەیان بە کرێکارییەوە خەریکبوون، رووناکی لەمەملەکەتێکی تردا خۆی حەشار دابوو، پێکەنین بە دەگمەن بەوێدا تیپەر دەبوو، هەموو بەدوای پاروێ نان سەرگەردان بوون، هەژاری بارگەی لەوێدا خستبوو .

کولانێك کێشەی ئاویان هەبوو، هەموو ئافرەت و کچوڵەکانیش چێشتانان سەرقاڵی ئاو کێشان بوون لە کولانێکی ئەو بەردا .

ساڵح مناڵێکی ئەو کولانە بوو، هەر لەویێ خۆی ناسی بوو، تەمەنی شانزە ساڵێك دەبوو، بێ باوك و دایك و خوشك و برا و کەس و کار دەژیا، تەنها داپیرەیەکی نەبێ، کە بە یەکەوە لەخانوێکی شڕو ماندوودا دەژیان .

حەوشێکی قولێ و تەسك، پڕ بوو لە شتی کۆن و بێ کەڵك، کورسی کۆنی دار و جامی قۆپاو و کتڵی رەش و تەبەق و پەقرەج و تەنەکەی کون و تەڵەی مشك و دەسگرو مەقری و تۆپەڵەی بەن و بێژینگ و تیروگ

ساڵح لەتەمەنی (سێ)ساڵیدا باوکی شەهید دەبێ و لەگەڵ خوشکێکی یەك ساڵی و دایکی، بە ناسۆری دەمێننەوە، کەسوکاری ماڵی باوکی ساڵح دالدەیان نادەن و جێگەیان ناکەنەوە، ناچار دایکی ساڵح دەستی مناڵەکانی دەگرێ و دەچێتەوە لای دایکی خۆی و لەبەر نەبوونی و بچووکی تەمەنی، دایکی ساڵح شوو دەکات و مناڵەکانی لەلای داپیرەیان جێدەهێڵی .

ساڵح زۆر بێزار بوو لە بوونی خۆی، لە ناخەوە زۆر بریندار بوو، بۆیە لە رقان هەموو رۆژێکی بە تانە لێدان و نیمچە سەرشێتییەك دەبردە سەر، زۆر بێ باك بوو، چونکە هیچی نەبوو بیدۆڕێنی .

دەمەو بەیانی بوو رۆژێکی سارد، لەبەر بەرۆشکی سووچێکدا لەگەل مناڵان یاری دەکرد، ساڵح لەبەر دەرگا

لەسەر بەردێك دانیشتبوو، ئەو تۆپەی کە مناڵەکان یارییان پێدەکرد بۆلای ساڵح هات، ئەویش تا هێزی هەبوو شووتێکی لێدا، لەو کاتەشدا پیاوێکی بەتەمەن بەوێدا تێدەپەڕی، تۆپەکە بە پشتی کەوت، پیاوەکە زۆر توڕە بوو، رووی لە مناڵەکان کرد و گوتی : کێ بوو هاویشتی ؟ .

مناڵە کان بەیەك دەنگ هاواریان کرد ساڵح بوو، ساڵح بوو .

پیاوەکە رووی لە ساڵح کرد و گوتی : ئای ساڵح چەند ساڵحی، کوڕم تۆ باوکت زۆر ساڵح بوو پیاوێکی باش بوو، بۆیە ناوی تۆشی نا (ساڵح)، بەلام داخەکەم زەمانە کوێر بێ ! .

ساڵح وەلامی داوە و گوتی : ئا ئا ئەگەر ساڵح بوایە لەسەر سنوور نەدەکوژرا

.

پیاوەکە سەری باداو ڕۆیشت .

ساڵح لەبەر بێکاری و نەبوونی هەموو دەم کزو مات بوو، توڕەییەکی پێوە دیار بوو، زۆربەی کاتەکانی لەبەر دەرگا لەگەڵ منداڵە بچوکەکاندا دەبردە سەر، تاکو بێزارییەکەی لەبیر بچی، زۆر هەناسەی بەو منداڵانە دەهات و لە ئاست ئەواندا ڕووخۆش بوو و هیچ گرژییەکی پێوە دیار نەبوو، هەرچەندە منداڵەکان تەمەنیان زۆر بچوك بوو لەگەڵ ئەوەش ساڵح خۆی بە هاوتەمەنی ئەوان دادەنا .

ساڵح ناخی پڕ لە خەم بوو، خەمی بێکەسی، خەمی ئەم داپیرەی کە خەم خۆری بوو، زۆر جار بیری منداڵی دەکردەوە و دەهاتەوە بەر چاوی، کاتێ ساکاری خوشکی لە باوەشی دایکیدا و ئەویش لە بن باڵیدا خۆیان مات کردبوو، دایکیشی فرمێسکی دەباراند، کاتێك ئەم دیمەنانەی بەبیر دەهاتەوە، چاوەکانی پڕ (جن) دەبوون، لەو ساتەوەی دایکی بەجێی هێشتبوون، ساکار بەردەوام دەگریا و گیر نەدەبوو بە داپیرەی،

پاش ماوەیەك ساکاری خوشکی نەخۆش کەوت، داپیرەشی لەناو جلێکی شڕی لولدا و کردیە باوەشی و دەستی ساڵحی گرت و بۆ لای مامی ساڵح ڕۆیشتن، بەڵکو ساکار بۆلای پزیشکێك ببات .

جار جار ساڵح بە دەنگە ناسکەکەی دەیگوت : داپیرە بۆ کوێ دەچین ؟

داپیرەش لە خەمان هەر بە وشەیەك وەڵامی دەدایەوە و دەیگوت : کوڕم خوشکت نەخۆشە .

باران بە گوڕ دەباری و ئەوانیش خێرا خێرا، بەڵکو بگەنە ئومێدێك، هەم لە نەخۆشیەکەی ساکار و هەم لەبەر باران .

کاتێك گەیشتنە بەر دەرگای ماڵی مامی منداڵەکان، بەدەم دوعاوە دەستی نا بە دەرگا و ماڵی خودا ئاوابێ، مامی ساڵح هاتە بەر دەرگا و پیرێژن پێی وت ساکار نەخۆشە و هیچ دەسەڵاتێکم نیە، بەڵکو بیبەیتە لای پزیشکێك .

زوبێری مامی سالّح چاوی زەق کردەوە و گوتی : پیرێژن بۆ وازمان لیّ ناهێنی دەتەویّ بەسێدارەدانمان بدەی؟، برۆ لێرەت نەبینمەوە .

پیرێژن گەڕایەوە و فرمێسك و باران تێکەلّی یەکتر ببون، جار جاریش سالّح پێلاوە کۆنەکانی لەپێی دەبوّوەو دەگریا، هەر بەخێراییش داپیرەی دەگەڕایەوە دواوەو دەیکردەوە پێی، ئەو رۆژە تا ئەژنۆیان لە قوڕا و هەلاّتبوو .

سالّح هەموو ئەوانەی لەبیر بوو، رۆژ بە رۆژ ساکار تەندروستی بەرەو خراپی دەڕۆیشت، ئیتر ئێوارەیەك کەچاوەکانی بڕیبووە ئاسمان و هانای بۆ داپیرەی دەبرد، داپیرەشی هاواری بۆ خودا دەبرد، ئەم شەوە ساکار گیانی سپارد، کەس نەبوو فریای بکەویّ، ئیتر لەگەلّ گریانی داپیرەی دراوسێکانی ئەم لاو ئەولا هاتن بە (ئەستەغفیرەلّلاّ، ئەلّلاّهو ئەکبەر)، ئیتر هەموو جەمەدانی گەورەکان دوعایان بۆ دەکردن، دوعاش هیچی تێناچیّ، هەرکەس لەلایەك دەیگوت : دەبوایە ئەمرۆ بمریّ قەدەر ناگەڕێتەوە، کەسێك نەیدەگوت ئەگەر خێرەومەندێك هەبوایە چاك دەبۆوە .

سالّح کە ئەم وێنانەی دەهاتەوە بیر چاوەکانی دەخستە سەر یەك، نەوەك فرمێسکەکان هێرش بکەن و داپیرەی بیبینیّ و ئازاری پێوە بخوات، ئەو نەهامەتیانە بەردەوام لەناو بیریدا دەسوڕایەوە .

سەردەمێك شیرینەمەنی دەفرۆشت لەسەر سینییەك، کۆلاّن بە کۆلاّن دەگەڕا تا جاریك ( تۆزوبا) زۆربەی شیرینەمەنیەکەی بردو پڕ خۆلّی کرد، بەگریان بولای داپیری گەڕایەوە، سالّح زۆر بریندار بوو لەدەست ئەم زەمەنە بەتایبەتی ئەو کاتانەی هاوتەمەنەکانی لەقوتابخانە دەگەڕانەوە، بەلاّم ڕێگەشی نەدەدا کەس بچێتە قولاّیی هەست و ئازارەکانیەوە .

جارێکیان کچانی گەڕەك کۆمەلّ کۆمەلّ لەدوای یەك لە کۆلاّنێکی تر ئاویان دەهێنا، سالّحیش لەبەر دەرگای خۆیان لەسەر بەردێك دانیشتبوو، سالّح لەسەرەخۆ گوتی : باشە کچانی گەڕەك ئەوە بۆ کەسێکتان حەزم لی ناکەن ؟

کچەکانیش بەدەم جنێوەوە بە قوربانم بی سەرکەستووری سەر زل .
ساڵح کەمێك بەخەندەوە گوتی : ئێ باشە مەیکەنە هەرا، چۆنی دەڵێن با وابێ، بەقوربان، با بەقوربانتان بم، چی تیایە، هەزاران کەس بەقوربانی فیشەکێك دەبن، با منیش بەقوربانی لارو لەنجەتان بم .
ساڵح نەیدەزانی چۆن رۆژ بەسەر ببات، بۆیە یان لەگەڵ منالانی گەڕەك یاری دەکرد، یان کەسێك بە کۆڵان تێپەڕ بوایە، ساڵح بۆ گاڵتە قسەیەکی پێ دەوت .
رۆژێکیان پیاوێکی تەمەن مامناوەندیی بەوێدا تێپەڕی، ساڵح پێی گوت ماندوو نەبی مامە .
پیاوەکە گوتی : عەمر درێژ بی کوڕم .
ساڵح گوتی : مامە لە ولاتان خەڵك لەسەر ئەستێرەکان و لەئاسمان دا لەشت دەگەڕێن، دەڵێن لە ولاتی ئێمەش عەرەبەکان لەوبەری زێ چاڵ هەڵدەکەنن و بیر لێدەدەن و لە زەوی دەچنە خوارێ .
پیاوەکە بە سەر سوڕمانەوە گوتی : جامن چی بکەم کوڕم !، بەمن چی؟
ساڵح بە گاڵتەوە گوتی : دەڵیم بۆ تۆش بیر ناکەیتەوە لە ئاسمان بگەڕێی خۆتۆ عەرەب نیت ! ؟ .
پیاوەکە بە توڕەییەوە گوتی : کوڕی سەگ گاڵتەم پێدەکەی، بەدەم جنێوەوە رۆیشت و هەر بۆڵە بۆڵی بوو .

*        *        *

لەبەر هاتوچۆی کۆڵان و ناو منالان ساڵح یەکجار نامۆیی و غەریبی پێوە دیار نەبوو، بەلام کە ئێوارە
دادەهات لەگەڵ داپیری لە ژوورێکی سارد و سڕ لە ناخەوە گڕ دایدەگرت و نەیدەویست داپیرەکەی هەستی پێبکات، چونکە دەیزانی کە ئەوە رووناکی چاوی داپیرەکەیەتی .

ئێوارەیەك ساڵح راكشابوو دەستەكانی خستبووە بن سەری و چاوەكانی لەسەر یەك نابوو، بیری كردەوە و لە خۆی پرسی  من كێم و چیم ؟، چ ئازارێكم لەسەر ئەم زەمینە ؟، چی چاوەڕێم دەكا و چاوەڕێی چیم ؟ باوكم چاوەڕێی نەكردم تا من زمان بگرم و پێی بڵێم باوكە منیش لەگەڵتا دێم، ئەویش بڵێ من كارم هەیە كە ئێوارە هاتمەوە شتێكی خۆشت بۆ دێنم، ئای های، تازە لە دەرگای ماڵمان ناداتەوە و منیش دەرگای لێ بكەمەوە و پێی بڵێم باوكە بۆ دواكەوتی ؟، كەسێك جێگەی نەكردینەوە داپیرە نەبێ، بابە ساكاری خوشكم نەخۆشە، خێراكە تا نەمردووە بابیبەینە لای پزیشك .

ساڵح هەناسەیەكی پڕ حەسرەتی هەڵكێشا و لە دڵی خۆی گوتی :  باوكە تۆ خۆت بێ پزیشك بووی تا مردی و گیانت سپارد، لەكێ پزیشكت بۆ ئێمە پێدێت، ئەوە ساكاری خونچە گوڵیش سەری نایەوە و ئاخۆ دەبێ گەیشتبێتە لات ؟ .

باوكە نازانم نە من مێوانم نە تۆ و ساكاری خوشكم مێوان بوون !، هەر ئەوەندە دەزانم ئازار و مەینەت

ئاسمانی تەمەنی داپۆشیوم، لە رووی ئێمە دەستی هانا لە چ لایەكەوە دیار نیە .

باوكە ئەوە زانیم تۆ لە پێناو خاكدا شەهید بووی، بەڵام ئەوەی زیاتر ئازارم دەدا، كاتێ ساكار نەخۆش بوو، زۆر چاوەڕێی تۆ و دایكمی دەكرد، وەك بڵێی دەیزانی ئەگەر لە باوەشی دایك و باوكی دابایە و ئەوان زیندوو بان، جارێكی تر چاك دەبێتەوە و چارەسەری دەكەن . ساكار لە دوا هەناسەی دا بانگی دەكرد، ( دایە، بابە) بەڵكو دەرمانی كۆخەی بۆ بێنن، بەڵام ئۆف !، نەدایە و نە بابە جارێكی تر نایەنەوە . دیسان ساڵح هەناسەیەكی قووڵی هەڵكێشا و لە دڵی خۆیدا گوتی : ساكار گیان بنوو، بنوو، ئیتر بنوو، خەوی بێ ئێش و ئازار بچێژە، چیت لەم قەدەرە بێ ڕەحم و بێ بەزەییە یە، چیت لەم تاڵی و نەهامەتیە

چیت لە ژیانی بیٚ دایە و بابەیە .

ساڵح هەرچی ئومێد هەیە لە چاوەکانیدا نەبوو، داپیری هاتە ژوورەوە و قاپێك نۆکاو و نانێکی لەسەر سینیەك هێنایە پێش ساڵح و گووتی کوڕم هەستە با نانەکەمان بخۆین .

ساڵح گوتی : داپیرە بۆم ناخورێت، چ برسیم نیە، مەگەر لەبەر دڵی تۆ پارویٚکت لەگەڵ بخۆم .

بە دەم نانخۆاردنەوە داپیری ساڵح گوتی : کوڕم بۆ هەوڵ نادەی کارێك بدۆزیتەوە، هەر لەبەر ئەوەی پێوەی خەریك بیت، چونکە وا هە ست دەکەم ئەو بێکارییە ئازارت دەدات و هیلا کی کردووی، بەڵکو بە ئاسودە ییش دەژینکوڕم دەزانم ژیانت پڕ بووە لە دەردە سەری، بەڵام نابیٚ دەست لە ژیان بەر بدەی، بەڵکو دواڕۆژێك بۆ خۆت دیاری دەکەی، بەڵکو خوا بکا ئەوەندەی ژیانت ماوە رووناکییەك بەدی بکەیت . ساڵح گوتی : داپیرە خەڵك هەمووی لەگەڵ باوك و براو کەس و کاری خۆیان کار دە کەن کەسێك هەیە دەستیان بگریٚ و بیانخاتە سەر پیٚ، بەڵام منی سیس و ژاکاو، منی بێکەس، منێك دەستم لە یەخەی ژیان ناوەو خۆم پێیوە شۆڕ کردۆتەوە، لە کوێوە دەست پیٚ بکە م ؟، بەخوا داپیرە من بەڵایەکم لەخۆم و لە تۆش، نازانم چی منی گەیاندۆتە ئەم رۆژە، هیچ پنچکێك نیە دەستی پێوە بگرم...

داپیری گوتی : کوڕم وا رەشبین مەبە کاسبیش هەر دە بیٚ و ئێمەش وەکو خەڵك بارمان راست دەبێتە وە و هەموو ئەو تاڵی و نەهامە تیانەش لە بیردەکە ین، رۆژیك دیٚ ئازارەکانی ئێستا بۆ مناڵەکانت دەگێڕییەوە، کوڕم خەم مەخۆ منیش هەزاران رۆژگاری سەختم بینیوە، داپیری ساڵح بە هەناسەیەکی ساردەوە باسی ئازارە کانی خۆی کردو گوتی : کوڕەکەم، من لەخێزانێکی زۆر برسی و هەژار بوم، هەر ئەو جلانەم هەبوو کە لەبەرمابوو، پاش ئەوەی شووم کرد، ماوەیەکی زۆرمان بەهەژاری و نەبوونی بەسەر برد، ئەو کات هەر مناڵێکمان دەبوو پاش شەش مانگێك دەمرد، شەق شەق ببووم

بەجەرگ سووتان، پاش چەند ساڵێك ئەوسا ئەمیرەی دایكتم بوو، هەرچی سۆز و خۆشەویستیم بۆ مناڵە مردووەكان هەبوو هەموویيم بە ئەمیرە دەرخست، كاتێك بەسەر پێ كەوت رۆژانە هەموو هەنگاوەكانیم دەژماردن، ئەگەر لە باوەشی باوكیشیا با هەرچاوم لێی بوو .

ئەوكات دراوسێی ماڵێكی دەوڵەمەند بوین، رۆژێكیان مناڵەكانی ئەوان لەبەر دەرگای خۆیان خەریكی هەنار خواردن بوون، سەیرم كرد كچۆڵەكەم لە ژێر دەست و پێی ئەوان بە دوای دەنكە هەنارێكدا دەگەڕێ بەڵكو لە دەستیان پەڕیبێتە خوارەوە، چاوە رەشەكانی كردبووە هەزار چاو بۆ دەنكە هەنارێك، ئەو كات ئاگر لەهەناوم بەر بوو كە تا ئێستاش پێی دەسوتێم، سەیرم كرد لە لچكەنانێك زیاتر نەبوو لە ماڵەوە،

كچەكەم لەپشتم گرێدا و دەرگا شڕەكەم داخست و رۆیشتم، تەواوێك دوور كەوتمەوە، گەیشتمە خانووێكی گەورە، كە لەهی دەوڵەمەندان دەچوو، نهۆمی دووەمی هەبوو، دەستم بە دەرگاكەوە ناو بانگم كرد، ئافرەتێكی لە تەمەنی ئەوسام هات و جلێكی لەبەردابوو كەپێم وابوو تازە بۆی درواوە، قژی بە شانەیەك داهاتبوو كە هێشتا جێگەی شانەكە دیاربوو، وتی فەرموو چیت دەوێ ؟

وتم ئەگەركەسێكتان بوێت ئیش و كاری ماڵەوەتان بۆ بكات ؟

وتی بەخوا ئافرەتێكمان لەلایە چەند ساڵێكە، هەموو كارێكمان بۆ دەكات، بەڵام راوەستە مەڕۆ هەندێك جلو بەرگم هەیە سەردەمێكە لەبەریان ناكەم، كۆن نین بەخوا، بەڵام حەزم لێیان نیە، با بۆخۆت بێ .

پێم وت باشە سوپاست دەكەم، هەموو شتێكم بۆگێڕایەوە كە كچەكەم بەدوای دەنكە هەنارێكدا دەگەڕا. ئافرەتەكە بێ دەنگ بوو، رۆیشت و پاش كەمێك گەڕایەوە جلەكانی بۆ هێنابووم و پارەی قەتارەیەك هەناریشی لەدەستم نا، ئافرەتێكی زۆر میهرەبان بوو .

ئیتر گەڕام بەدوای هەنار فرۆشێك بۆ ئەوەی حەزی كچكەم و دڵە

سووتاوەکەم تێر بکەم، باوەڕناکەم کەسێك لە ئێمە هەژارتر بوبیّ، پیاوەکەم بۆ کاسبی دەڕۆیشت، جاری واهەبوو دوای سیّ مانگ دەگەڕایەوە، ژیانێکی کۆلەمەرگیمان بەسەربرد .

کاتێك کە جەژن دادەهات خەڵك دڵخۆش دەبون، ئێمە بە پێچەوانەی ئەوان دەرگامان لەسەرخۆ دادەخست، نەبادا کچۆڵەکەم جلە رەنگاورەنگ و خەندەی خۆشی منالاّنی کۆلاّن ببینیّ، بەم هەموو ئازارە کچەکەم گەورە کرد، کەچی ئەویش بەشی هەرخەم بوو .

ساڵح کوڕم، کورد دەڵیّ (خزم گۆشتیشت بخوات ئێسکت ناشکێنیّ) بۆ پرسێك بە مامت زوبێر ناکەیت ؟ خۆ هەر نەبێت مامتە و برای باوکتە، بەڵکو لەگەڵ خۆی لەسەر دوکانی کوتاڵی کارت پیّ بکات، یان برادەری زۆرە، بەڵکو شوێنێکت بۆ بکاتەوە .

ساڵح گوتی : داپیرە، کاتێك من سیّ ساڵاّن بووم . ساکاری خوشکم لە مردن بوو . ئەو خۆی لە ئێمە شاردەوە . ئێستا چۆن دەماننناسیّ . داپیرە مامم زوبێر دەڵێن ئێستا دەوڵەمەندە . کیّ ئەمڕۆ لە ماڵی کیّ دەپرسیّ .

بەخوا لێرە یەکتری ببینین، یەکتریی ناناسین . ئەوان شکستە باڵ نین . کیّ دەڵیّ مامم زوبێر لەلای ژن و منالەکانی وتوویەتی برازام هەر هەشە . نا داپیرە نا .

*   *   *

زەنگ لێدراو قوتابییەکان هاتنە گۆڕەپان ماموستاکان گەڕانەوە ژورەکانیان قوتابخانەیەکی جوان بوو بەقوتابییە کوڕو کچەکانەوە قردێلە رەنگاو ڕەنگەکانی سەری کچۆلەکان کوڕەکانی حەیران کردبوون چ عەشقێکە گەنج لەو کاتانەدا کەبۆی شێت دەبیّ و خەوی پێوە دەبینیّ دەلێن عاشق شێتە بەلاّم ڕەنگە شێتی لەئاست کەمەری دا(ئافلاّتون) بیّ !!

ئەویّ دواناوەندیەکی نمونەیی بوو، ئەحمەد تەمەنی بیست ساڵانە و قوتابی ئەم قوتابخانەیە، ئەو یەکێکە لەو شێتە عاشقانەی کە عەشق لە خوێنی

راچووە، سالی پێشوو دەرنەچوو بوو، ئەمسالیش دووەمین سالیەتی، ئەگەر دەرنەچێ لە قوتابخانە دەردەکرێ و دەبێ جلی سەربازی لەبەر بکات و بچێ بۆ جەنگ .

ئەوە یاسایە و لەسەرووی هەموو کەسێکە، پیاوی دەوێ فزە بکا، ئەحمەد قوتابیەکی زیرەك بوو، سالی پاریش لەبەر خۆشەویستەکەی دەرنەچوو بوو، عەشق هەموو شتێکی لێ سەندبوو، هەر لە چاوەکانیدا وێنەی مەعشوقی تیا بەدی دەکرا .

ئەو عاشقی (ڤیان)ە و لەگەڵیدا لە هەمان پۆلدایە، ڤیانیش هەر لە هەمان شێتە ئافلاتوونەکانە، هەر لەوەتەی خۆی ناسیوە، عاشقی (ئەحمەد) ە، نەك تەنیا لەبەرئەوەی قوتابی یەك قوتابخانەن، بەڵکو ماڵشیان زۆر لەیەك دوور نیە .

ئەحمەد لاوێکی خوێن گەرمی بالا مام ناوەندی چاوشینی زەردە بوو، کەم کچ توانای هەبوو عاشقی نەبێ، ڤیانیش کچێکی چاوگەشی چاوڕەش و قژێکی سادەی رەش وەکو رەشماڵی شەوبەکێوی نێو بەفر هەتا حەزکەی جوان بوو، ئەوەندە عاشقی یەکتر بوون، وەکو چرا بۆ رووناکی دەسووتان، خەو بینین و خەیاڵ بە ئایندە زۆربەی کاتەکانی لێ سەندبوون، کێ هەبوو لەم قوتابخانەیە ئەم دوو عاشقەی خۆش نەوێت تەنها لەبەر ئەوەی دوو عاشقی پاك بوون .

ئەحمەد لەگەڵ قوتابیەکان لە گۆڕەپانەکەدا بلاوەیان کردبوو، هەریەکەو بەشتێ خەریك بوو، یەکێ بە کتێب و یەك بەشیعر و یەکێ بەپیاسە، یەکێ لەقوتابیەکان بە حەیرانێکی مەجلیسی وتی کوڕینە دەردم دوو دەردە یەکم هی تایە و یەکم هی (عمارە)یە، ئەگەر ئەمساڵ دەرنەچم دەبێ لە عمارە شەڕە عاموود بکەین، ئەگەریش دەرچم لە خۆم بێ پارە و ئەم هەموو گیرفانە بەتاڵە و زانکۆ ۆ ۆ .

قوتابیەکی تر هەر بەحەیران وەلامی دایەوە گیرفانی بەتاڵ، سکی بەتاڵ

کەللەی پڕ خەم، قسەم پێ مەکە و با لەسای سەری زمانم نەبمە قوربانی قوربانم .

ئەحمەد هەر دڵی لەلای ڤیان بوو، تیکە چاوێکیشی هەر لەژووری کچان بوو کاتێ لەکاتی پشوو لێی دادانیشتن .

ئەحمەد هێدی هێدی بە هەنگاوێکی نەرم بۆلای ژووری ڤیان چوو، بۆ ئەوەی بیبینێ و دوو قسەی لەگەڵ بکات، ئەحمەد لەدڵی خۆی دەیوت دەبێ ڕۆژگاری من چی بەسەر بێت ؟ دەبێ من و ڤیان بەیەك بگەین ؟

ڕۆژێك بێ ماڵێکی جوان و بەختەوەر دابنێین، دەبێ هەروا لەبەر چاوم بێ ؟ یان ساڵێکی تر ئەو دەچێتە زانکۆیەك و منیش زانکۆیەکی تر ؟ نا نا، ئەو لە هەر زانکۆیەك ناوی دەربچێ منیش دەچمە ئەوێ، خوا نەکات قەت لەیەك دابڕێین، چونکە من دڵنیام بێ ئەو ناژیم، هەر ئەم ساڵەم تەواو بکردبایە و لێرە نەمابام، لە مامۆستا ئەسعەد دوور بکەوتمایەوە، بەڕاستی مرۆڤێکی خۆفرۆشە، ئەگەر ئەو نەبێ قوتابخانەکەمان لە کوردستان ئەچێ .

ڤیان ئەحمەدی بینی کەمێك بە ترسەوە هات، نزیك بۆوە لە ئەحمەد و گوتی : ها ئەحمەد؟ .

ئەحمەد گوتی : ئێستا کە دەرسەکانمان تەواو کرد کارم پێتە . داوای یارمەتی لە دەستە خوشکەکانت بکە و لەگەڵ من دەگەڕێینەوە .

ڤیان گوتی : ئێ لە نامەیەك بۆم بنووسە، با زۆر بە یەکەوە نەبین، نەوەك مامۆستا ئەسعەد کێشەیەکمان بۆ بنێتەوە .

ئەحمەد گوتی : نا نا ڤیان هەر (پێنج) خولەك پێکەوە دەڕۆین،حەز دەکەم قسەت لەگەڵ بکەم .

ڤیان : باشە، باشە، ئێستا بڕۆ ئەو کات دەتبینمەوە .

* * *

زەنگی کۆتایی لێدرا و قوتابییەکان بڵاوەی سەر شەقام بوون . ئەحمەد لە هاوڕێکانی دابڕا .

ڤیانیش لە دەستە خوشکەکانی، هێمن هێمن دوورکەوتنەوە لە قوتابییەکان و هەنگاو هەنگاو لەگەڵ یەك، بە گفتو گۆ .

ڤیان گوتی : ئەحمەد، وا راهاتووم خۆشەویستیت بۆتە شتێکی زۆر گەورە و لەدڵما جێی نابێتەوە، کاتێ سەیری ئاسمان دەکەم لەئاسمانیش گەورەترە، واهەست دەکەم من و تۆ جیاین لەم خەڵکە، وەك بڵێی لەسەر ئەستێرەیەك بژین بەتەنیا من و تۆ، هەر بۆیەش زۆر دەترسم خۆشەویستیەکەمان کۆسپی بکەوێتە رێگا، ئەوسا خوا دەزانێ عەشق چیمان بەسەردێنێ، ژیان دەبێتە چ ئەستەمێك، نامەوێ بیری رەش لەنێو خڕۆکە سوورەکانمدا مەلەبکات و بمخنکێنێ . ئەحمەد گیان نامەوێ زۆر بەیەکەوە بڕۆین نەوەك ماڵەوەمان بزانن حەزدەکەم خۆشەویستیەکەمان زیاتر بەنامە گۆڕینەوە بێ .

ئەحمەد گوتی : ڤیان بەدەست خۆم نیە، تەنها دەمەوێ پێت بڵێم خۆشم دەوێی تاوەکو ئەم شەو بە ئیسرەحەت، بە وشەی خۆشەویستی چاولێك بنێم، ڤیان گیان خۆشەویستیت بەجۆرێك شێتی کردووم، ناتوانم بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە، دەمەوێ قوتابخانە تەواو نەبێ، نەوەك لەبەرچاوم ون ببی، لەلای من هەر شەوێك بە قەد ساڵێکە، چونکە چاوە کانی تۆ دەبێ بەخەیاڵ و هەزار و یەك وشەی خۆشەویستی دروست دەکەم بۆئەوەی کە بەیانی دابێ پێتی بڵێم .

ڤیان گوتی : ئەحمەد بەخوا دەزانم بەخوا بەڵێنم داوە، سەرۆك کۆماری ئەو دڵەم بیت، هەرگیز لە یادت ناکەم، ئەحمەد گیان تە نها ئەمساڵ تەواو بکەین، ئیتر هیوا و ئاوتمان زۆر نزیکە، زانکۆ وەکو ئێستا نییە، دایك و باوکم رێگر نین لەبەردەمم، ئیتر بەدڵنیاییەوە بۆ یەك دەبین، بەڵام من هەر لەوە دەترسم خەونەکانم لێ بکەیتە مەحاڵ و ئەمساڵ دەرنەچی، وا هەست دەکەم وەکو جاران پەیوەست نیت بە کتێبەکانت، لە کاتی وانەکاندا لە پۆل، تەنها سەیری لای من دەکەیت، وات کردووە منیش سەیری لای تۆ بکەم، ئەحمەد گیان ئەگەر ئەمساڵ دەرنەچی ئەوا دەبێتە کارەسات، توخوابخوێنە

دەرچوونی تۆ ئەمساڵ بەیەکگەیشتنمانە، ئە ڵقەی دەستی منە، کۆشك و تەلاری چە ند ساڵەی عەشقمانە، هەوڵبدە لە قوتابخانە قسەم لەگەڵدا نەکەی، دان بەخۆتدا بگرە، دوێنێ (تابلۆ)ی دەستە خوشکم گوتی مامۆستا ئەسعەد بانگی کردووم و پێی گوتم ڤیان چی لەگەڵ ئەحمەد هەیە؟ یەکتریان خۆش دە وێت ؟ تابلۆش پێی گوتبوو نەخێر ئەوانە ناسیاری یەکن .

ئەحمەد گوتی : باشە هەر ئەمساڵمان ماوە لێرە، رەنگە لە زانکۆ مرۆڤی وا بۆگەن نەبێت .

ڤیان گوتی : دەی ئەحمەد برۆ، خەریکە لە ماڵ نزیك دەبینەوە، تۆ بەلایەکی تر دا برۆ با تووشی کێشەیەك نەبم، خوات لە گەڵ .

ئەحمەد خوات لەگەڵ .

ئەحمەد لە خێزانێکی مامناوەندیی و لەگەڵ دایك و باوکی و سێ خوشکیدا دەژیا، ڤیانیش تاقە کچی دایکی بوو زۆر خۆشەویست بوو لەلایان .

ئەحمەد هەموو بەیانیەك کە لەماڵ دەهاتەدەر بۆ قوتابخانە، نامەیەکی ئامادە کردبوو، لەسەر رێگەدا دەیدایە ڤیان، ڤیانیش بەهەمان شێوە، بەلاّم زۆر جاریش لە قوتابخانە ئەگەر دەرفەتێکیان دەست کەوتبایە قسە و باسی خۆشەویستیان دەکرد و خەونیان بە داهاتوو دەبینی، هەر بۆیەش مامۆستا ئەسعەد کەپیاوێکی میری بوو، زۆر رقی لە ئەحمەد بوو، جارێکیان لە دوورەوە ئەحمەد و ڤیانی بینی، کەوا بە یەکەوە قسەدەکەن .

لەبەر خۆیەوە گوتی شەرت بێ چاڵێکت بۆ هەڵکەنم جێگەی خۆت و باوکیشت تیا بێتەوە، پاش کەمێك زەنگ لێدرا و قوتابییەکان چوونە پۆلەکانیان، قوتابخانە کش و مات بوو تەنها دەنگی مامۆستاکان نەبێ، کەخەریکی وانە گوتنەوە بوون، پۆلی شەشەمیش ئەو پۆلە بوو کە ئەحمەد و ڤیان لێیان دەخوێند، لە دەرگا درا و مامۆستای پۆل دەرگای کردەوە، مامۆستا ئەسعەد هاتەژوورەوە، بەسەر و سیمایەکی گرژ و تاڵ، هەر دەتگوت خەسێندراوە .

لەوە نەدەچوو نێو چەوانی (بسم اللە)ی لێ کرابێ، هەتا مامۆستای وانەکەش رقی لە چارەی دەبۆوە، بەڵام چونکە پیاوی میری بوو هەموو مامۆستای قوتابخانەکە لێی دەترسان، هەتا بەڕێوەبەرەکەش . مامۆستا ئەسعەد هاتە پۆلەکە و بەسەری زمانی بە مامۆستاکەی گووت بەیانی باش .

مامۆستاکەش بە ناچاری وەڵامی داوە بەیانی باش .

مامۆستا ئەسعەد بۆلای ئەحمەد چوو، نزیك بۆوە لێی و پێی گوت هەڵسە، گیرفانت چی تیایە دەریکە.

ئەحمەد گوتی : بۆچی ؟ .

مامۆستا ئەسعەد گوتی : فزە نەکەی، چی لە گیرفانتە دەریکە، ئەگەر نا ئێستا تەلەفۆن دەکەم، بێن چارەسەرت بکەن، زووکە .

ئەحمەد گوتی : تۆ چی تابتوانی گیرفانی کەسێك بگەڕێی، تۆ لە تەلەفۆن زیاتر چیت پێ ناکرێ، فەرموو بیکە . ڕێگەشت نادەم گیرفانم بگەڕێی .

قوتابییەکی تر ناوی( سامان) بوو زۆر بوێر بوو . زانی کەوا مامۆستا ئەسعەد دەیەوێ، خۆشەویستی نێوان ڤیان و ئەحمەد بکاتە کێشەیەك، گوتی : مامۆستا ئەسعەد تۆ دەتەوێ کێشە دروست بکەی، بەڵام وا باش نیە .

مامۆستا ئەسعەد زیاتر تورە بوو و گوتی : سامان تۆش لەگەڵ ئەحمەد و ڤیان دا کاغەزێکتان لەلایە، نهێنییە، دوور نیە لەلایەن پێشمەرگە خوێرییەکان بۆتان هاتبێ تاکو لە قوتابخانە بڵاوی بکەنەوە . ئێستا بە خۆم بینیم، ڤیان شتێکی دایە ئەحمەد .

ئەحمەدگوتی : بەم قسانە نامترسێنی، فێریش نەکراوم لە کەس بترسێم.

مامۆستا ئەسعەد گوتی : (ئەحمەد و سامان و ڤیان ) پێشم کەون بۆ لای بەڕێوەبەری قوتابخانە، لەوێ لێتان دەپێچمەوە، زووکەن دەی .

مامۆستا ئەسعەد هەرسێکیانی بۆ ژووری بەڕێوەبەر برد، لەوێ هەمان قسەی بۆ بەڕێوەبەر دووبارە کردەوە .

بەڕێوەبەرەکەش ڕەنگی گۆڕا و ترسا، چونکە دەیزانی مامۆستا ئەسعەد

پیاوێکی بۆگەنە، دووره لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی و داردەستی بەعسییەکانە، یەکسەر لە دڵی خۆی گوتی : بەخوا ئەگەر لێرە چارەی نەکەم، ئەم قوتابیانە توشی گرفتێك دەبن .

بۆیە بەڕێوەبەرەکە بە هەرسێکیانی وت کوڕم، چیتان لایە دەریکەن .

بەڕێوەبەرەکەش دەترسا لەوەی کە قوتابییەکان شتێکیان لەلابێ، لە دڵی خۆیدا دەیگوت خوایە هیچیان لەلا نەبێ .

یەك یەك دەستی دەخستە نێو گیرفانی قوتابییەکان، کاتێ نۆرەی ئەحمەد هات، دەستی بە نامەکە کەوت، بەڵام بەڕێوەبەرەکە ئاشکرای نەکرد و نامەکەی لە گیرفانی دەرنەهێنا .

بەڕێوەبەرەکە رووی لە مامۆستا ئەسعەد کرد و گوتی : هیچیان لانیە . بە قوتابییەکانیشی وت بگەڕێنەوە پۆلەکەتان .

ئەحمەد لە ناخیدا زۆر توڕە بوو، بۆی ئاشکرا بوو، کە مامۆستا ئەسعەد دوژمنێکە بەدوای ئازاردانیدا دەگەڕێ .

ئەحمەد بێ باك بوو، بەڵام لەبەر خۆشەویستی ڤیان وەك بورکانێك لە ناو دڵیدا دەتەقیەوە .

ئیتر بەرەو پۆل گەڕانەوە . لە رێگەدا ڤیان بە چاوێکی پڕ گریان گوتی : ئەحمەد نەمگوت، وا لەبەر چاوی قوتابیەکان (مامۆستا ئەسعەد) چی کرد، دەترسێم لە ماڵەوە ئەم هەواڵە بزانن و ئیتر ئەو ئازادییەی پێم دراوە نامێنێ و ناشرین دەبم لەم شارە .

ئەحمەد بێ دەنگ بوو . بەڵام چ بێ دەنگییەك .

دیسان زەنگ لێدرا و قوتابییەکان بڵاوەی گۆڕەپانی قوتابخانە بوون، ئەحمەد چووە لای سامان و پێی گوت داوای لێبوردنت لێ دەکەم سامان گیان، ئەگەر لەسەر من توشی کێشە هاتی، خۆزگە وا رووی نەدەدا .

سامان گوتی : ئەحمەد من بۆیە هاتمە ناو کێشەکە زانیم مامۆستا ئەسعەد مەبەستی رووخاندنی ئەو خۆشەویستییەیە کە لە نێوان تۆ و ڤیان دا

سەرچاوەی گرتووە، بۆیە بەباشم زانی تێکەڵ بم
بەلاّم ئێستاش من وای بۆ دەچم، ماموّستا ئەسعەد بەوە نەوەستێ و شتی تریش لە دوای ئەوە بێ .
ئەحمەد گوتی : من ئەم هەڵوێستەی تۆ لەبیر ناکەم، قەت لەو بڕوایەدا نەبووم قوتابییەك هەبێ بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ئەم بۆگەنە ببێتەوە، سامان دەمەوێ ئەم کاتژمێرەی دەستم بکەمە دیاری تۆ، بۆ ئەوەی هەر لە بیری یەك دابین .
ئەحمەد کاتژمێرەکەی لە دەستی خۆی کردەوەو کردیە دەستی سامان .
سامان گوتی : خوا بکات ڕۆژێ تۆ و ڤیان بە یەك بگەن و بە ئاسوودەیی ماڵ پێکەوە بنێن و خۆشەویستییەکەتان بێتە بەر .
یەکێك لەو ماموّستایانەی قوتابخانە ناوی ماموّستا (وریا) بوو، لە ژوورەکەی خۆی هاتە دەر و بۆ لای ئەحمەد هات و گوتی : سامان، بەیارمەتیت، تۆزێك کارم بە ئەحمەدە .
ماموّستا وریا ئەحمەدی جیا کردەوە و پێی گوت ئەحمەد هیچ کێشەیەکت لەگەڵ ماموّستا ئەسعەد هەیە؟ .
ئەحمەد گوتی : نەخێر من هیچ کێشەیەکم نیە، لەگەڵ هیچ ماموّستایەك.
ماموّستا وریا گوتی : ئەحمەد ئێرە قوتابخانەیە دەبێ لە کاتی خوێندنا زۆر بە یاسایی بجوڵێیتەوە، ئێستا بارودۆخی وڵاتەکە شڵەژاوە و لەبارنیە، بۆیە دەبێ ئاگاداری خۆت بی، ئەو ڕۆژگارەی ئێستا تۆی پیادا دەڕوا، من لە مێژە بڕیومە، زۆر جار کۆسپ دێتە سەر ڕێی لاو، بەلاّم سەرکەوتن لە خوێندن، کۆسپ دەڕوخێنێ، ئەگەر تۆش زیرەك بی لە خوێندن، ئەوا دڵنیابە بە ئاواتی خۆت دەگەی، شاد دەبی و هیچ پەلەکردنی ناوێ . هیوادارم سوودت وەرگرتبێ لەم قسانە .
ئەحمەد گوتی : ماموّستا من هیچ تاوانێکم نەکردووە .
ماموّستا وریا گوتی : دەزانم، من هەموو شتێك دەزانم، بەلاّم کەسی تر وا

ناڵێن، شتەکان دەگۆڕن، نەبوونیی دەبێتە بوون و بوونیش دەبێ بە نەبوون، ئەحمەد لەمەودوا زیاتر هەوڵ بدە بخوێنە، من تۆم خۆش دەوێ، چونکە ئەو رێگایەی گرتووتە، رێگایەکی سەخت و پیرۆزە .

هیوادارم بە ئاسوودەیی بژیت لەگەڵ ئەو کەسەی خۆشت دەوێت، ئەگەر هەر بابەتێك تێنەگەیشتی، وەرە لام من بۆت روون دەکەمەوە و یارمەتیت دەدەم، بخوێنە، بەڵکو ئەمساڵ دەرچی و ساڵێکی تر لە کۆلێژ بی .

* * *

کات (١٠) ی بەیانی بوو رۆژێکی سارد بوو، بەڵام رۆژ لە دەرەوە بوو .

ساڵح دەرگای حەوشەی کردەوە و بە چاوێکی خەواوی، بە جلە شڕەکەی، لە سەر بەردەکەی بەر دەرگا دانیشت و سەیری منالْە بچووکەکانی دەکرد، کە چۆن یاری دەکەن .

منالْەکانیش دەیانزانی ساڵح خۆشیانی دەوێت، بۆیە کە چاویان بە ساڵح دەکەوت، زیاتر لێی نزیك دەبوونەوەو لە دەورەی دەئاڵان، هەر منالێك و یاری بە ئوتومبێلە بچوکەکەی خۆی دەکرد .

ساڵح بە خەیاڵ چووبووە ناو دونیای ئەوان لە پڕ ئاگر و دوکەڵ لە دوکانە بچووکەکەی مام یاسین بەرز بۆوە .

مام یاسین پیاوێکی تەمەن مامناوەندیی بوو، تەنها خۆی و خێزانەکەی بە تەنها دەژیان، ژوورێکی بچووکی ماڵەکەی خۆی کردبووە دوکانێکی بچووك و دەرگای بۆ لە دیوی دەرەوە کردبۆوە بۆ گەڕەك و ماڵیان کەوتبووە چوار پێنج ماڵ ئەو دیوی ماڵی ساڵح .

کاتێك ئاگر و دوکەڵ بەرز بۆوە، مام یاسین هاتە دەرەوە، هاواری کرد فریام کەون ئاگرە .

ساڵح یەك پێ هەڵسا و خێرا بۆ لای چوو بەڕاکردن.

لەو کاتەشدا کۆمەڵێك کچی گەڕەك خەریکی ئاوکێشان بوون .ساڵح یەك یەك ئاوەکەی لە کچەکان وەردەگرت و بە ئاگرەکەی دادەکرد .

سالْح زۆر بوێرانە ئاگرەکەی کوژاندەوە و خەڵکی کۆڵانەکەش ئاویان بۆ دەهێنا .

چاونەترسی سالْح لە کۆڵانەکەدا ئاشکرا بوو، هەر بۆیە خەڵکی کۆڵانەکە و مام یاسین سوپاسی (سالْح)یان کرد و دەستخۆشیان لێکرد .

ئەو کچەی سالْح زۆر جار قسەی پێ دەگوت و گاڵتەی پێدەکرد ناوی (نەسرین) بوو، تەمەنی زۆر لە سالْح گەورەتر بوو .

نەسرین بە سالْحی گوت ئەمە یەکەم جارە لە ژیانت تۆ سالْح بی .

(سالْح)یش بە گاڵتەوە گوتی : تۆش ئاگری مام (یاسین)ت کوژاندەوە بە ئاوکێشان، ئەی بۆ ئاگری دڵی منیش ناکوژێنیتەوە نەسرین خان .

هەر هەموو کۆڵانەکە کردیانە پێکەنین، چونکە کەس قسەی (سالْح)ی لەلا ناخۆش نەبوو .

بەم رووداوە سالْح کەوتە بیری خەڵك و کۆڵان بە تایبەتی .

خەڵکی کۆڵانەکە دوو دوو و سێ سێ دەیانگوت سالْح راستە بێکەسە، بەلاّم زۆر رێزی لە کۆڵانەکە گرتووە و زیانی بۆ کەس نیە .

مام (یاسین)یش خەریکی ئەوە بوو لە دوکانەکەی شتومەکی سوتاوی فڕێ دەدا و ئەوانەی کە بەر ئاویش کەوتبوون، دەیهێنانە دەرەوە .

ئێوارەیەك (ئەحمەد) لەگەڵ ئەندامانی ماڵەوەیان دانیشتبوو ئەحمەد سێ خوشك و یەك برای بچووکی هەبوو لەگەڵ دایك و باوکی، هەموو بە یەکەوە بە ئاسوودەیی دەژیان .

باوکی ئەحمەد رووی لە ئەحمەد کرد و پێی گوت ئەحمەد کوڕم وریابە ئەگەر ئەمساڵ سەرنەکەوی لە داوی سەربازی دەئاڵێیت، ئیتر هەرگیز لێی دەرباز نابیت .

دوا رۆژی تۆ ئەمساڵ یەکلا دەبێتەوە، یا ئەوەتا بۆ زانکۆ لەوێ ئەوسا دەزانی ژیان مانای چیە، خۆشییەکان دەست پێدەکات، یانیش هەموو تەمەنت مانای نابێ لەگەڵ ئەم جەنگە نەگریسە . من کە لە تەمەنی تۆدا بووم

وەك ئێستا نەبوو، ئەوەی بۆ تۆ رەخساوە بە خەونیش بۆ من نەرەخسابوو، دەبێ خۆت ماندوو بکەی . بەخۆت دەزانی لەم وڵاتە چ شەڕێك بەرپا بووە، کەس نازانێ ئەنجامەکەی چی دەبێ و چی روو دەدا .

(بەهار) کە خوشکی ئەحمەد بوو تەنها ئەو لە ئەحمەد گەورەتر بوو، گوتی : ئەحمەد، ساڵی پار سەر نەکەوت لە بەر شتێك بوو، ئەگەر ئەمساڵیش لە بەر هەمان شت لە دەست خۆی نەدات باشە . ئەگەر ئەمساڵیش بەقوربانی چاورەشان نەکەیت باشە .

بەڵام من وای بۆ دەچم ئەوەی کە مەبەستتە، ئەمساڵ دەچێتە زانکۆ و تۆش وەکو پار دەمێنیەوە .

ئەحمەد بە تورەییەوە گوتی : نەخێر وانیە، بۆ من بە تەنیا ساڵی پار دەرنەچووم ؟، ئەوانەی کە دەرناچن هەمووی لەبەر خاتری کچانە و لەبەر خۆشەویستییە .

باوکی ئەحمەد گوتی : کورم، خۆت تورە مەکە، ئەگەر تۆ قوتابخانە تەواو بکەی، ئەو کچەی باسی لێ دەکەن بێ ماندوو بوون و بێ کێشە بەیەك دەگەن .

بەڵام ئەوەی لە یەکتان جیا دەکاتەوە، تەنها دەرنەچوونە لە قوتابخانە . پێویست بەوە ناکات زۆر بیری لێ بکەیتەوە .

دایکی ئەحمەد گوتی : بەخوا (سابیر) ی برام خوێندنی تەواو کرد و بوو بە دکتۆر و پاشانیش هەر لە نەخۆشخانە کچە دکتۆرێکی دەستنیشان کرد و مارەشی کرد و گواستییەوە، ئێستاش ژیانێکی خۆش بەسەر دەبەن .

دە کورم تۆش وەکو خاڵت خوێندن تەواو بکە، بەخوا خۆم دەچم بۆ خوازبێنی (ڤیان) مادام دڵت پێوەیتی .

باوکی ئەحمەد دایکی ئەحمەدی جیا کردەوە و پێی گوت ها ئافرەت ئەحمەد چۆن دەبینی ؟ .

دایکی ئەحمەد گوتی : بەخوا هیچ ئاگای لە خۆی نیە و لە داخی ئەو کچەی

ئەو سەری کۆلان، وەك سەرخۆش وایە، باشیشە مالّیّ پیّدەزانیّتەوە . مەگەر خوا بە خیّری بگیّڕیّ .

باوکی ئەحمەد گوتی : تورەی مەکەن، باتووشی گرفتیّکمان نەکات . خۆ لە هیچی کەم نیە ؟، پارە و پولی لەلایە؟ .

دایکی ئەحمەد گوتی : ئا .. ئا، بەخوا لە هیچی کەم نیە .

* * *

دووکانەکەی مام یاسین سووتا روژی دواتر مام یاسین بڕیاری دا شتومەك بۆ دوکانەکەی بکڕیّتەوە .

مام یاسین لە دەرگای مالّی سالّحی دا و بانگی کرد سالّح ..سالّح .

داپیری سالّح وەلاّمی دایەوە و گوتی : فەرموو فەرموو کاك یاسین .

مام یاسین تۆزەك هاتە پیّشەوە و گوتی : قەرارم داوە بچم شتومەك بۆ دوکانەکەم بکرم، دوای ئەوەی هەمووی سووتا، حەزم کرد سالّحیش لەگەلّ خۆم ببەم بۆ بازاری گەورە .

داپیری سالّح گوتی : بەخوا کاك یاسین زۆرم پیّ ناخۆش بوو دوکانەکەت سووتا، بەلاّم ئینشالّلاّ خودا بەلاّی گیّڕاوەتەوە .خۆت سەلامەت بی .

راوەستە بانگی سالّح بکەم، بەخوا سالّح یان نووستووە یان لەگەلّ منالّە هوردکەدا یاری دەکات، ئەویش لە بەدبەختی خۆیەتی .

هەر لەگەلّ ئەم گفتوگۆیەدا، سالّح خەبەری بۆوە و بە چاویّکی خەواوی هات و گوتی : ها مام یاسین، خیّرە .

مام یاسین گوتی : سالّح کوڕم، گوتم بچین لە بازاری گەورە شتومەك بکڕمەوە بۆ دوکانەکەم، حەزم کرد بە یەکەوە بچین .

سالّح گوتی : ئەم هەموو گارە گارە، گوتم ئاخۆ ئەم جارە مام یاسین خۆی سوتاوە .

مام یاسین گوتی : بەخوا تۆش فشەکەری هەموو شتیّ هەر بە گالّتە وەردەگری، دە زووکە دەی بابڕۆین .

سالّح گوتی : ئەی یەکێ نەزانێ دەڵێ ئاخۆ ڕێزە دووکان و قەسری سوتاوە .
سالّح و مام یاسین بەرێ کەوتن بۆ بازاڕی گەورە، کە لەوێ شتومەك بكڕنەوە .

لە ڕێگادا سالّح گوتی : باشە مام یاسینی ئاگر پێ کەوتوو، ئەوە خێرە وا بەپەلە شتومەك دەکرییەوە؟، خۆ هێشتا دوکانەکەت هەر بۆن دوکەڵی لێ دێ .

پاسەکە هات و وەستا، مام یاسین و سالّح سەرکەوتن و بە ڕێ کەوتن .
مام یاسین گوتی : سالّح کوڕم، ئەوەی ڕاستی بێ، ڕەنگە سبەی یان دووەی داخوازی (نەسرین) ی کچی مام (عەزیز)ی جیرانمان بێت و نیشانی بکەن، پاشانیش بە خێر و خۆشی دەیگوازنەوە . باشە بەم هەموو قەڵەباڵغیە، بۆ دوکانەکەی من داخرابێ .
سالّح گوتی بەوخوایە تۆ هەواڵی ژنە حامیلە کانیش دەزانی !، ئێ ئێ، بەخوا نەسرین ئیسراحەت دەکا لەم کۆلانە بڕوات، ئیتر لە کۆڵ ئاوکێشان دەبێتەوە، ئەگەر دوکانەکەی تۆش ئەم جارە بسوتێ کێ بۆتی دەکوژێنێتەوە .

*　　　*　　　*

لە کۆلانی ماڵی (ئەحمەد و ڤیان)دا ئاهەنگێکی بووك گواستنەوە هەبوو .
ئەحمەد لەوێ چاوەڕێی ڤیان بوو . چاوی لە دەرگای ماڵی ڤیان بوو کە بکرێتەوە . لە ساتێکا دەرگا کرایەوە .
ڤیان بەهەموو جوانیەکەیەوە هاتە دەرو وەکو پۆڕ بە لارو لەنجە هەنگاوی دەنا، ڕەنگ و ڕووی ئەحمەدیش گۆڕا، شادی لە نێو دڵیدا ڕاکشا، ڤیان هێدی هێدی تێکەڵ بوو لەگەڵ کچانی گەڕەك، لە نزیك شاییەکەدا نیگایەکیشی هەر لەلای ئەحمەد بوو .
ئیتر ئەحمەد بەرەو شایی کردن ڕۆیشت و پاش کەمێکیش ڤیان هاتە دەستی و ئەحمەد کەوتە دونیایەکی ترەوە .

باوەڕ ناکەم هیچ کەسێك هەبێ لەهەموو دونیا لەم کاتەدا مردنی بەخەیاڵ دابی، چونکە خۆشترین کاتی عاشق ئەو کاتەیە کە دەستی لەناو دەستی دولبەرە کەی دایە .

بۆن و بەرامی ڤیان ئەحمەدی بێ هۆش کردبوو، قژە خاوەکانی ڤیان با دەیهێنایە سەر رووی ئەحمەد و ئەحمەدیش وای دەزانی لە نێو پەلە هەورەکانی ئاسماندا دەسوڕێتەوە، لەگەل دە نگی دەهوڵ و زووڕنا تەواو سەرخۆش ببون .

ڤیان هەموو ژیانی ئەحمەدی داگیرکردبوو، خۆیشی شێتانە عاشقی ئەحمەد ببوو، بۆیە لە بەرامبەر ئەحمەد زۆر بێ توانا بوو زۆری خۆش دەویست، بەلاّم ڤیان هەردەم لە دابڕان دەترسا .

*　　　*　　　*

پاش ئەوەی ئاهەنگەکە کۆتایی هات، ئەحمەد بە دڵێکی زۆر خۆشەوە، بۆ ماڵەوە گەڕایەوە .

(بەهار)ی خوشکی ئەحمەد گوتی : ها ئەحمەد برام ئەمڕۆ شادی، جیا لە چەند رۆژانی تر، پێ دەچێ ئاهەنگەکەت بەدڵ بێ ؟

ئەحمەد هیچ وەلاّمی نەدایەوە .

باوکی ئەحمەد گوتی : ئەگەر من بمێنم، ئەبێ هەموو ژیانی ئەحمەد بکەمە شادی و خۆشی، بەلاّم خۆی و خودا بیکا ئەم ساڵ لە قوتابخانە سەرکەوێ، ئەوسا ماڵێکی پڕ شادومانی بۆ دادەنێم، ئاهەنگێکی وەك ئەمڕۆی بۆ ساز دەکەم، تاکو ژیانێکی پڕ لە ئاسوودەیی لەگەڵ ئەو هاوسەرەی کە خۆی مەبەستییەتی، بباتە سەر .

ئەحمەد کوڕم، چەندە خۆشە ژیان بەسەر بڵندی و لەگەڵ هیواو ئاواتەکانت رۆژگار بەسەر بەری و ببیتە تاکێکی بەسوود بۆ گەل و نیشتمانەکەت و ئاوەدانی بکەیتەوە لە هەر بوارێك، یان مامۆستایەکی بە وەفا بیت بۆ میللەتە هەژارەکەت، نەوەی نوێ بە فێرکردن پێڕابگەیەنی و خزمەتی ولاّتە

بریندارەکەت بکەی، کوڕم تۆ هێشتا منالی دوایی دەزانی کات زۆر کەمە و پێویستە دانەنیشین، هەولْ بدەین. کوڕم تۆ هەر مولْکی خۆت نیت، تەنها مولْکی من و دایکت نیت، تۆ کوڕی گەڕەك و شار و هەموو دێهات و کوردستانی، مولْکی ئاو و کانی و گولْەباخی هەموو ولاْتی، کوڕی هەموو هەژاران و کەم دەرامەت و کرێکار و جوتیارانی، کوڕی کۆیلە و چەوساوە و نەخۆش و لانەوازان و بیْ باوك و دایکانی، ژیان چاوەڕێت دەکات . کوڕم لە خەو هەلْسە و وریا بە .

*　　　　*　　　　*

مام یاسین دوکانەکەی ئاوەدان کردەوە و (سالْح)یش کەم و زۆر سەری لیْ دەدا و لەگەلْی دادەنیشت ئیترببونە دوو هاوڕێی گیانی بە گیانی .

جارێکیان سالْح لە دوکانەکەی مام یاسین دانیشتبوو، مام یاسین پێی گوت ئەریْ سالْح، مامت زوبێر سەردانتان دەکات ؟، ئەی هاوکاریتان دەکات ؟ .

سالْح بیْ دەنگ بوو، هیچ وەلاْمی نەدایەوە . پاش کەمێك مام یاسین دووبارە پرسیارەکەی کردەوە . سالْح زۆر بە هێمنی و دان بە خۆداگرتن گوتی : نەخێر، ئەگەر لێرەش بیبینم نایناسم .

من مالْیان دەناسم و دوور بە دووری بینیومە، بەلاْم ئەو و منالْەکانی نامناسن تەنها دەزانم خانووێکی گەورەیە، لە شەقامەکانی ئەوبەری گەڕەك .

مام یاسین گوتی :ئەی بۆ هەولْت نەداوە بچیتە لای و خۆتی پیْ بناسێنی؟

سالْح بە هەناسەیەکی قولەوە گوتی : مام یاسین، بەبیرمە کە بچووك بووم، چەند رۆژێك بەر لە جەژن بوو، داپیرم دەستی گرتم و بردمیە بەر دەرگای ئەوان و بە مامم زوبێری گوت (تەنها جل و بەرگێك بۆ (سالْح)م دەویْ، خوا هەلْناگریْ دوو بەیانی جەژنە) .بە بیرم دیت

مامم زوبێر پێی گوت کچیْ پیرێژن نەمگوت نەیتەوە بەر ئەم دەرگایە ئەی نازانی هەزاران پیرێژنی وەکو تۆ و ئەم منالْە وا لە بەندیخانەن، لەبەرئەوەی خێزانی پێشمەرگەن، بڕۆ نەتبینمەوە لێرە، تووشی بەلاْم مەکە، بۆ من

خاوەن کارگەی رستن و چنینم جل و بەرگتان بۆ بکڕم، ونبە لەبەر چاوم .
لە بیرمە داپیرم زۆر گریا، چ پارەو پولیشی نەبوو بۆ جەژن هیچم بۆ بکات من ئەو کات نەمدەزانی، بەلاّم ئەمڕۆ بۆ ئەو کات دەگریم،بۆ ئەو داپیرە خێر نەدیوەم دە گریم کە بەهۆی منەوە چەندی ئازار کێشا .
سالَح فرمێسکەکانی هاتنە خوار و بەگریانەوە گوتی : مام یاسین حەز ناکەم ئەم شتانەم بە بیر بێنیتەوە .
مام یاسین چاوەکانی خستە سەریەك و گوتی : کوڕم ژیان سەختە بە بیرم دیّ ( دە) سالاّن بووم، ئەوکات مالّمان لە دێیەك بوو، باوکم پیاوێکی زۆر بیّ باك بوو، لەدێیەکەدا تەنها ئەو سەری بۆ ئاغە دانەدەنەواند، پارچە زەوییەکی باشی هەبوو، سولّتان ئاغاش زۆر تەماحی لیّ دابوو، لەگەلّ باوکم ببوە ناخۆشی، سولّتان ئاغا داری بکوشی با ئاوی لیّ دەینا، کەچی باوکم هەر حیسابی بۆ نەدەکرد، دایکم تووشی نەخۆشی تاعون بوو، من و دوو براکەم و باوکمی بەجێهێشت و سەری نایەوە، کەسیش لە ترسی ئاغا نەدەویّرا ژن بداتە باوکم، (وەسمانی) برام لەمن گەورەتر بوو، ئەو بەردەوام لەگەلّ باوکم لە رەزەکەدا کاریان دەکرد، سولّتان ئاغاش لە تەماحی زەویەکەی باوکم پیلانێکی بۆگەن دادەڕێژی و ئیتر پێش بەیانیەك باوکم و وەسمانی برام خەریکی ئاودانی رەزەکە بوون، بەداخەوە ! بە پشتیوانی سولّتان ئاغا و دەستێکی رەشی نامەردانەی پیاوە بۆگەنەکانی، هۆردوکیان کوشتبوون، ئەوسا نەهامەتی یەخەی گرتین، من و عەباسی پێنج سالّەی برام بە تەنیا ماینەوە، لە ترسی سولّتان ئاغاش کەس نەدەویّرا پەلکە نانێکمان بداتی، رۆژێك، دە، نەنان و نە ئاو نەکۆر و کانی نەجل و بەرگ، ئاخ ! کە زۆر کەسەر و غەریب ببوین، زۆر جار ئافرەتێکی بە سالاّچووی دراوسێمان بە نهێنی تیکە نانێکی لە ناو کراسە شڕەکەی لولدەدا و خێرا بۆی دەهاویشتین و دەڕۆیشت، ئیتر رووناکایی دیار نەبوو، ناچار بەیانییەك دەستی عەباسی برامم گرت و دێیەکەمان بەجیّ هێشت بۆ سولّتان ئاغا . زۆر دوور

کەوتینەوە، لە ڕێگەدا عەباسی برام هەر دەیگوت کاکە بۆ کوێ دەچین ؟ .
منیش لەبەر دڵی ئەو دەمگوت دەچینە جێگایەکی زۆر خۆش، ئیتر هەر شەوێك لە مزگەوتی دێیەك دەماینەوە و چاوەڕێی پارویّ نانمان دەکرد، لە خۆمان بێ کەس تر نەبوو .
ئێوارەیەك لە مزگەوتی دێیەك ماینەوە زۆر سەرمابوو، عەباسی برام لە سەرمان خۆی کورژ کردبۆوە لە باوەشم، جارجارەش دەیگوت کاکە برسیمە، ئەگەر پارچە نانێك هەبێ چیتر ناڵێم سەرمامە .
هەناوم بۆی پڕ خەم وخوێن بوو بوو، بەهەر حاڵ تا بەیانی بردمانە سەر .
بەیانی زوو پیاوێکی تەمەن مامناوەندی سەرو سیمایەکی گەورە، بەر لە هەموو کەسێك هات و لە حەوشەی مزگەوتەکەدا خەریکی دەستنوێژ شوشتن بوو، کاتێك سەری بە ژوورەکەدا گرت و سەیرێکی ئێمەی کرد و گوتی : ئێوە چی دەکەن لێرە ؟
منیش بە لێوە لەرزە و کەم کەم گریانەوە ئەوەی توانیم بۆم باسکرد، کەمێك دانیشت و جگەرەیەکی داگیرساند، هێدی هێدی خەڵکیش هاتن .
پاش نوێژکردن کابرا وتی کوڕم ئێوە وەرن لەلای من بژین خودا پێی ئاگادارە ئەوەی بۆ مناڵەکانم دەکەم بۆ ئێوەشی دەکەم، ئێوەش وەکو کوڕی ئەو ماڵە هەڵسوکەوت بکەن، خودا هەتا سەری دابێ، نانیش دەدا.
ماوەیەك لەماڵی ئەم پیاوە باشە ماینە وە، پیاوێکی ئەوەندە باش بوو لە هیچمان کەم نەبوو، هەروەکو مناڵەکانی خۆی سەیری دەکردین .
بەلاّم پاش ساڵێك بیرم کردەوە بۆ ئەوەی جێگایەکە بۆ عەباسی برام هەر بمێنێتەوە، بڕیارمدا ئەوێ بەجێ بێڵم چونکە من گەورە بووم و خاوەن ماڵەکەش کچی عازەبی هەبوون .
بۆیە رۆژێکیان بێ ئەوەی بە کەس بڵێم، بەیانی زوو لە خەو هەڵسام و سەیرم کرد عەباسی برام لە نێو قولاّیی خەو دایە و لە ناو لێفەی گەرم ئاگای لە خەمی ئەو دونیایە نیە .

لە سەرەخۆ ماچێکم لە نێو چەوانی کردو بە چاوی پڕ فرمێسك و گریان بەجێم هێشت و دیسان ڕێگام گرتە بەر، لەوێ لۆ ئەوێ، هەتا گەیشتمە ئەو پیرە هەولێرە، ئیتر هەر شەوێك لە چایخانەك دەمامەوە .

ساڵح گوتی : ئەی عەباسی برات چی بەسەر هات ؟

مام یاسین گوتی : ئێستا لە مەملەکەتێکی ترە .

مام یاسین چاوەکانی خستنە سەر یەك و فرمێسکی باراند و گوتی : ساڵح کوڕم وامەزانە تەنها تۆ بە دەردەسەری ژیاوی، ساڵح من باوکی تۆم بینی بوو، زۆر ئازا و مەردانە بوو، دەستی نەدەدا، تا ئەو کاتەی لە شەڕی (شاخۆران) شەهید بوو، ئێستاش گۆڕەکەی لەوێ یە .

بە داخەوە !، کوڕم خوا بەشی هەموو کەسی داوە، جا زۆر یان کەم، دیارە قەدەری تۆ وا بوو .

ساڵح گوتی : مام یاسین من چاوم لە دەستی مامم زوبێر و کەس نیە، بەلاّم حەز دەکەم کارێك بدۆزمەوە، تاکو لەگەڵ داپیرەمدا پێی بژین . کەمێك رووناکی بۆ داپیرەم بەدی بکەم، وا مەزانە لەگەڵ منالاّندا یاری دەکەم هیچم لە خەیاڵدا نیە، بەلاّم چارەم نیە چونکە بێ کەسم، کەس ناوێرێ ئیشم پێ بکا .

مام یاسین گوتی : کوڕم خوا کەریمە، بەڵکو خوا دەرگایەك بکاتەوە، خۆ کەس لە ئاستێك نامێنێ .

ساڵح گوتی : مام یاسین چ بکەم، دەبێ بەم سەختییە بژیم، دەڵێن ئەگەر ئەم شەڕەی عێراق و ئێران تەواو بێ، ئیش و کار زۆر دەبێ .

ساڵح هەڵسا و مام یاسینی بەجێهێشت و بەرەو ماڵ ڕۆیشت .

لە ڕێگەدا لە دڵی خۆی گوتی : خودایە سەرم سورمایە، هەردەڵێی کۆت و زنجیر کراوم .باشە من لەچی دەترسم ؟، ئەی لەچی ناترسم ؟، ئەی بۆ دڵم توندە . ئەی ئەم شارە بۆ وا ناخۆشە، تەنها لەناو منالاّن باسی خەم ناکرێ، نە باسی باوك و دایك و پارە و شەڕ و نە باسی نەبوونی دەکرێ، بە خوا

ماندووم لە چەنگ ئەم زەمەنە .

*　　　　*　　　　*

بەیانییەك ئەحمەد لە خەو هەڵسا و خۆی ئامادە کرد بچێ بۆ قوتابخانە لە بەر دەرگا چاوەڕێی ترپەی پێی ڤیانی دەکرد، بە تەوسەوە چاوەڕێی تەقەی دەرگا بوونەوەی ماڵی ڤیانی دەکرد وەك چۆن جوتیار چاوەڕێی باران دەکا، وەك چۆن نەخۆش چاوەڕێی دەرمان دەکا، دڵ لە سەر هەزار لێدەدا، کاتێك دەرگا کرایەوە، قوتابیە جوانەکە هاتە دەرەوە، کراسێکی سپی قژەخاوەکەی لەسەر راکشابوو، ئەویش دەیزانی کەوا ئەحمەد چاوەڕێی دەکات، زۆر لەسەر خۆ سەیرێکی ئەم لاو ئەو لای کرد و خەندەیەکی ناسکی وەك پەڕەی گوڵ بەڕووی ئەحمەد دا دەرخست، کتێبەکانی بە دەستەوە بوون، هێدی هێدی نزیك دەبۆوە، زۆر سەرمابوو، کەس دیار نەبوو، نزیکتر بووەوە لە ئەحمەد و پێی گوت بەیانیت باش .

ئەحمەد بەیانیت باش .

ڤیان گوتی : چاوەڕێی منت دەکرد .

ئەحمەد گوتی : بێگومان .

ڤیان گوتی : خوا ئاگادارە، لە ژوورەوە هەستم پێ کردی و لێم دیار بووی (دەڵێن دڵ چاوی هەیە)، ئەوسا برۆ با بەیەکەوە نەمانبینن لەم نزیکانە .

ئەحمەد گوتی : باشە، بەلاّم ئەمڕۆ یەك کاتژمێر زووتر قوتابخانە جێ بێڵە، دەمەوێت بچینە باخچەکە، حەز دەکەم هەندێك قسەت لەگەڵ بکەم.

ڤیان باشە، باشە . بەلاّم ئێستا برۆ، با لە گەڕەك کەس نەمانبینێ .

ئەحمەد گوتی : باشە، خوات لەگەڵ .

ڤیان خوات لەگەڵ .

*　　　　*　　　　*

ئەحمەد لە باخچەکە چاوەڕێی هاتنی ڤیانی دەکرد، تا ئەو کاتەی ڤیانیش گەیشتە ئەوێ . ئیتر خۆیان دایە بەر تیشکی خۆر و دانیشتن .

ڤیان گوتی : ئەحمەد گیان باوەڕبکە، دەترسێم لەوەی توشی کێشەیەك ببین لێرە . دەمەوێ تۆزێك زوو بڕۆین .

ئەحمەد گوتی : لەچی دەترسی، ئێرە باخچەیە تەنها عاشق و دڵدارەکان دێنە ئێرە، ئەی نابینی ئەم هەموو گوڵ و بولبولە چۆن لەیەك ئالأون و باسی عەشقی خۆیان دەکەن .

ڤیان گیان، باوکم بەڵێنی پێداوم، ئەمساڵ تەواو بێ تۆم بۆ بخوازێ . ئیتر بەیەك دەگەین . خەونەکان دەبن بەراستی و وەك هەموو ئەم بولبولانە ئێمەش ئەوسا باسی عەشقی خۆمان دەکەین

ئیتر لە یەك دانابڕێین و بە ترسەوەش قسە لەگەڵ یەك ناکەین .

ئیتر تا هەتایە لە باوەشی یەکتر ئەبین . ئەوسا نە چاوەڕێی نامەی تۆ دەکەم، نە گوێم قولاخی زەنگی تەلەفۆن دەبێ و نە لە بەر دەرگاش چاوەڕێی کردنەوەی دەرگاکەتان دەکەم .

ڤیان گوتی : ئەحمەد گیان، کە مادام وایە توخوا بخوێنە . چونکە ئەگەر سەرنەکەوی کارەسات روو دەدات . هیچ شتێك لێکمان نەکات، سەربازی و جەنگ لێکمان دەکات .

توخوا لە بەر خاتری ئەو خۆشەویستییە پاکەمان بخوێنە .

ئەحمەد گیان، بە بیرت دێ کە یەکەم نامەت بۆ نووسیم . ئەی بە بیرت دێ یەکەم جار کە پێت وتم خۆشم دەوێی .

ئەی لەبیرتە یەکەم جار کە تەلەفۆنم بۆ کردی و پێم گوتی : (من ئەو کەسەم، کە بەدەس منەوە زۆر هیلاکی . لە دوورەوە پێم دەڵێی خۆشم دەوێی) .

تۆش وتت (ڤیان) تۆی، من هەر ڤیانم خۆش دەوێ . لە بیرتە ئەحمەد گیان .

ئەحمەد گوتی : هیچ چرکەیەك نیە لە بیرم بچێتەوە . مەگەر مەرگ لە بیرم بباتەوە . لەوەتەی هەستم کردووە، هەر تۆم لەبەر چاو بووە . عەشق و خۆشویستی و جوانیم بە تۆوە ناسیوە .

ڤیان گوتی : باشە ئەحمەد مامۆستا ئەسعەد بۆ وا رقی لە من و تۆیە .

ئەحمەد گوتی : نازانم هەر ئەوەندە دەزانم ئەو میکرۆبێکە لە ناو کوردستاندا، پیاوێکە هەموو خەڵکی ئەم شارە رقیان لێیەتی .

بەڵام ڤیان گیان ئەگەر تۆ تەنیام نەکەی، مامۆستا ئەسعەد ناتوانیٚ من و تۆ لە یەك بكات . ئەو پیاوێکی خۆفرۆشە .

خۆفرۆش دەکا بیٚ دەسەڵات . من لەم جۆرە پیاوە ناترسم . ئەوانە هەرگیز جێی ترس نین .

ڤیان گوتی : ئەحمەد گیان، من تەنیات ناکەم . من عاشقم . عاشقی عومری تۆ، عاشقی عەشقی تۆ، من هەزاران جار بە قەد زەوی و ئاسمان تۆم خۆش دەوێت . یان بۆ تۆ یان بۆ خاك .

ئەحمەد گوتی : باشە ڤیان، ئەگەر ئەمساڵ دەرنەچووم لە قوتابخانە و بومە سەرباز، چاوەڕێم دەکەی تا سەربازی تەواو دەکەم .

ڤیان گوتی : ئەحمەد گیان، باوەڕ بکە مەگەر مەرگ لە یەکمان جیا بکاتەوە، بەڵام توخوا وا مەڵیٚ .

ئەحمەد گوتی : باشە ڤیان، با ئەمڕۆکەش بکەینە یادگاری و بیخەینە سەر لاپەڕەی یادەکانی تر، بەڵکو رۆژێك بێینەوە ئێرە و باسی ئەمڕۆ بکەینەوە .

ڤیان گوتی : ئەمرۆ، چوارشەممەیە، پانزەی یەکە، بابزانین ساڵێکی تر وەك ئەمڕۆ چۆن دێینەوە ئێرە . ئێستا تۆ لێرەبە و من لە پێشت دەڕۆم، تۆ لەدوام وەرە، بەڵام تۆزێك لە دوورەوە .

* * *

کات بەیانی بوو . ساڵح لە سەرەخۆ دەرگای حەوشەی کردەوە و هاتەدەر و بە چاوێکی هێشتاپڕ لە خەو، چاوی لە مناڵەکان گێڕا بەڵام هێشتا مناڵەکان لە خەو هەڵنەستابوون

لەسەر بەردەکەی خۆی دانیشت پاش کەمێك، مام یاسین سەری لە دوکانەکەی هێنایە دەر و گوتی : ساڵح، ساڵح، تا ئێرە وەرە .

ساڵح چووە لای مام یاسین و دانیشت .

**مام یاسین گوتی : دیارە زوو لە خەو هەڵسای ساڵح .**

**ساڵح گوتی : نازانم چۆن خەوم لێ رۆیشت و دڵم توند بوو لەماڵەوە .**

**مام یاسین گوتی : ئەمڕۆ نەسرینی کچی مام ( عزیز ) ی دراوسێمان شوو دەکات و دەڕوا بەخێر .**

**رەنگە ئەمڕۆ کۆڵان قەرەباڵغ بێ . تۆش لێرە لە دوکان لەگەڵم بە .**

**ساڵح گوتی : مام یاسین تۆ دەڵێی چێشتخانەت داناوە ! بەخۆی چوار پاکەتە جگارە و دوو سێ بنیشت و کێکە، ئەبێ خۆی چی بێ و قازانجی چی بێ، وا خۆت کردووە بە بازرگان و شلەژاوی، بەخوا وا بکەی دەچم شکایەتت لێ دەکەم و دەڵێم ( ئەم پیاوە دەوڵەمەندە، پارەی لێ بستێنن، بۆ قادسیە ) .**

**مام یاسین گوتی : هەر ئەوە مابوو دوێنێ دوکانەکەم سوتاوە، ئەمڕۆش بیکەمە دیاری قادسیە .**

**ساڵح گوتی : باش بزانە ئەگەر ئەو جارە بسوتێ، نەسرین نەماوە بۆتی بکوژێنێتەوە، ئەمڕۆ دەڕوا .**

**مام یاسین گوتی : یاخوا رووی سپی بێ .**

**لەم قسانەدا بوون مام عەزیزی باوکی نەسرین هاتە لایان و سلاّوی کرد و گوتی : بەیانی باش .**

**ساڵح لەسەرەخۆ گوتی : پاشە و پاش .**

**مام عەزیز گوتی : ساڵح، گوێم لێیە لەگەڵ مام یاسین بۆڵە بۆڵتانە .**

**مام یاسین گوتی : ئێ ساڵح بێ کارە و وا لە لای من دانیشتووە .**

**مام عەزیز گوتی : باشە ساڵح بۆ کارێك بۆ خۆت پەیدا ناکەی ؟ .**

**ساڵح گوتی : کار لە کوێ بکەم مام عەبدولعەزیز ز ز ز .**

**مام عەزیز گوتی : کوڕم، بەڕاستی تۆ شایەنی ئەوەی کارێکت بۆ پەیدا بکەم، بەلاّم ئەگەر پێی رازی بی .**

**کوڕم، ماوەیەك بەر لە ئێستا هاتووچۆی (سایلۆ) م دەکرد و ئیشی گەنم و**

جۆم دەكرد . دەمبینی كە چەند كەسێك لە تەمەنی تۆدا، لەویٚ كاریان دەكرد . دەتۆش برۆ بزانە، شوێنێك هەیە لێی كاربكەی . كورم بیرێكی لیٚ بكەوە . بەلاٚم پێم باشە بچیت، چونكە تۆ كورە هەژاری، بەلْكو خوا بكات دەرگایەكت لیٚ بكرێتەوە . وانییە مام یاسین ؟ .

مام یاسین گوتی : بەخوا زۆر راستە .

مام عەزیز گوتی : باشە من ئێستا دەرۆم، بەلاٚم مام یاسین تۆش پێی بلْیٚ .

مام عەزیز رۆیشت و سالْح گوتی : مام عەزیز بەم هەموو پشتێنەوە، دەلْێی جوتیاری بادینانە .

مام یاسین گوتی : كورم، بەخوا قسەكانی كاك عەزیز لە جیٚ بوو . بەلاٚم تۆ هەموو شتیٚ دەكەیتە گالْتە .

*　　　*　　　*

ئەم رۆژە سالْح لەلای مام یاسین مایەوە، تاكو زاوا هات و بوو بە چەپلْە رێزان و بووكی برد .

بووك نەسرین بوو، كە سالْح بەردەوام گالْتەی پیٚ دەكرد و ئەویش زوو زوو جوێنی بە سالْح دەدا .

كاتێك بووك رۆیشت . دایكی نەسرین تاكو بەردەرگا بە خێرهاتنی كردن. ئەوسا سالْح بە گالْتەوە بە دایكی نەسرینی گوت مامۆژن، دیارە گەرەكی مالْی زاوا كێشەی ئاویان نیە، بۆیە نەسرین تەنەكەكەی لەگەلْ خۆی نەبرد .

دایكی نەسرین گوتی : ئای سالْح، ئاخۆ رۆژێك بیٚ تۆش سالْح بی .

*　　　*　　　*

كە ئێوارە دا دەهات، ئەوسا خەم مالْە كۆنەكەی سالْحی دەگرتەوە . خەمەكان یەخەیان دەگرت .

ئەم ئێوارە، سالْح لەسەر پشت راكشا و بە هێمنی گوتی : داپیرە گیان، بەیانی زوو لە خەو هەلْدەستم بریارم داوە بچم بۆ سایلۆی گەنم و جۆ مام عەزیزی دراوسێمان گوتی : رەنگە لەویٚ كارت دەست بكەویٚ .

داپیری سالّح بە خۆشییەکی زۆرەوە گوتی : کوڕم بە تەمای خوای گەورە . منیش دوعات بۆ دەکەم، بەڵکو خوابکات جێگایەکی باشت بۆ بکەنەوە، بەڵکو دواڕۆژێك دیاری بکەی و منیش ئەگەر بمرم، بە ئیسراحەت چاو لێك بنێم .

بەڵکو خوا بکات ببیتە خاوەن کار و ڕۆژێك بە چاوی خۆم ببینم، ببیە خاوەن خێزان و منالّی خۆت . ئەوسا مردنم لەلا ناخۆش نیە کوڕم .

بەیانی زوو سالّح لە خەو هەلّسا و تا خۆی ئامادە کرد، داپیریشی نان و چای بۆ ئامادە کرد .

ئیتر سالّح ئامادە بوو. بەڕی کەوت، بەڵکو دەرگایەك بەروویدا بکرێتەوە.

داپیرەشی لە دوای هات، تا دەرگەی حەوشە و گوتی : کوڕم، بە خێر و سەلامەت بڕۆ خوای گەورە پشت و پەنات بێ .

تا ئەو کاتەی سالّح لە کۆلاّنەکە بزر بوو، داپیرەی هەر سەیری دەکرد و دوعای بۆ دەکرد .

سالّح گەیشتە بەر دەرگای (سایلۆ) و کەسی لێ نەبوو . دیاربوو هێشتا زوو بوو، ئاو و هەواکە سارد بوو، بۆیە خۆی دایە سووچێك .

پاش کەمێك، دەرگای سەرەکی کرایەوە و پیاوێکی عەرەب هاتە پێش و بەزمانی عەرەبی گوتی : هاچیت دەوێ .

سالّح هیچ تێنەگەیشت، گوتی : زۆر مەدوێ من عەرەبی نازانم .

هەر لەم کاتەشدا کۆمەڵێك گەنجی هاوتەمەنی سالّح و گەورەتر گەیشتنە ئەوێ . وا دیار بوو ئەوان پێشتر لەوێ کاریان دەکرد .

عەرەبەکە گوتی : وەرن پێم بلێن ئەوە بۆچی هاتووە .

سالّح بە گەنجەکانی وت من هاتووم لێرە کار بکەم ئەگەر شوێنێك هەبێ.

کرێکارەکانیش بە عەرەبەکەیان وت ئەوە بۆ کارکردن هاتووە .

عەرەبەکە گوتی : باشە با لێرە بێ تا ئەچم بەجەنابی بەڕێوەبەر دەلّێم .

عەرەبەکە ڕۆیشت و کرێکارەکانیش چوونە سەر کاری خۆیان .

سالّح کەمێك لە شوێنی خۆی مایەوە و کرێکارێك هاتە لای و گوتی : جەنابی بەڕێوەبەر بانگت دەکا بۆ کارکردن وریابە هەرچی وت بڵێ (نەعم).

سالّح گوتی : باشە .

کرێکارەکە وتی وەرە دوام بۆ لای بەڕێوبەر، منیان رەوان کردووە تاکو قسەکانی تۆ بکەمەوە عەرەبی و هی بەڕێوەبەریش بۆ تۆ بکەمە کوردی .

سالّح گوتی : دیارە تۆ لەمێژە لێرە کار دەکەی، عەرەبی دەزانی ؟.

کرێکارەکە گوتی : بەڵێ .

سالّح گوتی : ئەی ناوت چیە؟ .

کرێکارەکە ناوم شوانە .

سالّح گوتی : منیش ناوم (سالّح) ە .

شوان لە دەرگای ژووری بەڕێوبەری داو چووە ژوورە و بانگی سالّحی کرد .

بەڕێوەبەرەکە عەرەب بوو . ناوی (خالد جەبر) بوو . باسی چونیەتی کاری کرد و رازی بوو سالّح لەویّ کار بکات و رۆژانەکەشی بۆ دیاریکرد کە (٤) دینار بوو .

سالّح ئەو رۆژە دەستی بەکار کرد . لەگەلّ کرێکارەکان ئێوارە گەڕایەوە مالّەوە .

داپیری سالّح زۆر دلّخۆش بوو بەم کارەی سالّح .

چەندین ڕۆژ تێپەڕی سالّح بەردەوام بوو لە کارکردن . زیرەکی و زانایی لە ئامێر و کارەکاندا پەیدا کردبوو .

هەموو کرێکارەکان (سالّح) یان خۆشدەویست، بە تایبەتی شوان . تەنها چەند کەسێکی عەرەب نەبێت، کە دەست و پێوەندی بەڕێوەبەر بوون ڕقیان لە زیرەکی و لێهاتوویی سالّح بوو .

سالّح هەستی بەوە کردبوو، بەلاّم هەر چەندی بلّێی ئەوانی لەلا هیچ نەبوو و دەیزانی کە کۆمەلّێك مرۆڤی دڕندە کارگەکەیان داگیر کردووە و بگرە خاکی کوردستانیشیان داگیر کردووە .

ساڵح زۆر قسەی بۆ کرێکارەکان دەکرد . پێیانی دەوت (ئێرە ولاّتی ئێمەیە کارگەی ئێمەیە، دەبیّ مرۆڤ خۆراگر بیّ و بە سەربەرزی بژی، تا رۆژێك دیّ هەموو ئەم مرۆڤەپیسانە لەم ولاّتە پاك دەبێتەوە) .

زۆربەی کرێکارەکان ئەم قسانەی (ساڵح)یان زۆر پیّ خۆش بوو، هەتائەوانی تەمەنیشیان لە ساڵح گەورەتر بوو گوێیان لە ساڵح دەگرت .

زۆرجار ساڵح پەست دەبوو، کە عەرەبێك بە کەیفی خۆی فەرمان لەسەر کرێکارێکی کوردی هەژار دەکات .

شوان زۆر (ساڵح)ی خۆش دەویست لەبەر زیرەکی و ئازایەتی .

هەموو رۆژ هەر کرێکارێك و نانی نیوەڕۆی لەگەڵ خۆی دەهێنا . هە موو نیوەڕۆیەك ساڵح لەگەل شوان بەیەکەوە نانیان دەخوارد . رۆژێك یان خەریکی نان خواردن بوون یەکێك لەدەست و پێوەندەکانی بەڕێوەبەر هات و گوتی : چی بوو، ئەو نان خواردنە تەواو نەبوو . زووکەن بەرەو کار برۆن ئەگەر نا سزاتان دەدەم .

ساڵح پێی گوت بەخوا ئەگەر رۆژگار وا نەبیّ . من بە حوشترەوانیش تۆم ناویّ .

دیار بوو عەرەبەکە تێگەیشت و گوتی : ئەوە چیت گوت ؟

شوان گوتی : ئەوە دەڵیّ بەسەر چاو .

عەرەبەکە رۆیشت و شوان بە ساڵحی گوت بۆ وات وت، ئەو عەرەبە کوردی دەزانی .

ساڵح گوتی : بەخۆم نەوەستام، پیاوێکی زۆر کەم بوو، بەس تۆپێم بڵیّ لەکەیەوە لێرە کار دەکەیت ؟ .

شوان گوتی : نزیکەی (٧) ساڵە، مناڵ بووم هاتمە ئێرە .

ساڵح گوتی : ئەی چۆن تا ئێستا نەیان کردووی بە فەرمانبەر و هەر بە کریّ گرتەیی ماویەوە .

شوان گوتی : ئەمانە هیچ کوردێك ناکەنە فەرمانبەر، تەنها بە رۆژانە . بەلاّم

هەر عەرەبێك لە هەر لایەك بێت، بەیەك هەفتە فەرمانی كارگێڕی بۆ دەر دەچێت !
ساڵح گوتی : ئەی لە ماڵەوەتان كەسی تر هەیە كار بكات ؟
شوان گوتی : نەخێر، هەر من هەم كاربكەم، بەلاّم پێش چەند ساڵێك دایكم لە كارگەی ڕستن و چنین كاری دەكرد كەچی دواتر توشی نەخۆشی ئیفلیجی بوو، لەو ساوە لە ماڵەوە كەوتووە، تا ئێستا ئەوسا منیش دەستم بە كار كرد .
ساڵح گوتی : ئەی باوكت .
شوان گوتی : باوكم زوو زوو بە تەنها جێی هێشتین، من و دایكم و سێ خوشكم، بەبیرم دێ ڕۆژێكیان باوكم لە كرێكاری هاتەوە گوتی : (زۆر هیلاكم ) . دایكیشم جێگای بۆ دانا و ئەویش پاڵكەوت، توانای نەبوو هەڵسێ دەست و چاوی بشوات، ئیتر لە سەر ئەم جێیە هەڵنەستایەوە، ئەوە دواجار بوو چاوی لەسەر یەك دانا و ئێمەی لە نا وەختا بەجێ هێشت، ڕۆژێكی زۆر ناخۆش بوو، باوكم چوار منداڵی جێ هێشت لەلای دایكم، تا ئێستاش من كار كەری ماڵەوەم، دایكم چارە سەری نییە و لەپێ كەوتووە .
شوان هەناسەیەكی هەلكێشا و وتی ساڵح هەڵسە با دەست بە كارەكان بكەینەوە .
هەر بە دەم كار كردنەوە،شوان گوتی : باشە ساڵح، ئەگەر كاری ئێرە نەبێت،كات بەچی دەبەیتە سەر ؟ .
ساڵح گوتی : هەر لە كۆلاّنەكەی خۆمان دەرناچم .
شوان گوتی : باشە، سبەی هەینی یە . وەرە گەڕەكی ئێمە سبەی بە یەكەوە دەبەینە سەر، چاوەڕێت دەبم لە ماڵەوە .
ساڵح گوتی : باشە، چاوەڕێم بە، دێم .
ساڵح هاوڕێیەتی تەواو دروست بوو لەگەڵ شوان . زۆر سەردانی یەكتریان دەكرد لە كاتی پشو زۆر سەبووریيان بە یەكتری دەهات . چونكە هوردوكیان

پاش ماوەی خەمێکی گەورە بوون  ساڵح چۆن سەیری خەمەکانی خۆی دەکرد ئاواش هەستی بە ئازارەکانی شوان دەکرد و ببوونە دوو هاورێی دڵسۆزی یەك .

*            *            *

کێشەی نێوان ئەحمەد و مامۆستا ئەسعەدی بەعسی زۆر زیاتر بوو . رق و قین لە نێوچەوانی مامۆستا ئەسعەد لە بەرامبەر ئەحمەد و ڤیان بە ئاشکرا دیار بوو و دەبینرا .

رۆژێکیان لە گەڕانەوەی قوتابخانەدا، ئەحمەد و ڤیان بەیەکەوە بوون .

ئەحمد گوتی : ڤیان من هەست دەکەم، مامۆستا ئەسعەد هیوای مەرگم بۆ دەخوازێ، نازانم تۆش هەستت کردووە ؟

ڤیان گوتی : بەڵێ هەستی پێ دەکەم، زۆریش لێی ئەترسم کێشەیەکم بۆبنێتەوە .

ئەحمەد گوتی : دەزانم لە شتێ دەگەرێ دروستی بکات بەلاّم عەشقی ئێمە تاوانی نیە .

ڤیان گوتی : راستە بەلاّم .

ئەحمەد گوتی : بەلاّمی چی ئێمە بەلای زۆر شەش مانگمان ماوە لەم قوتابخانە . ئیتر مامۆستا ئەسعەد لە کوێ ئێمە دەبینێتەوە .

*            *            *

بیرکردنەوەی ئەحمەد تا رادەیەك لەجێی خۆی بوو . ئەحمەد رقی مامۆستا ئەسعەدی هەست پێ کردبوو .

بەلاّم نەیدەزانی پێش تەواو بوونی قوتابخانەوە، بگرە شەش رۆژ نەمابوو بۆئەو چاڵەی مامۆستا ئەسعد هەڵیکەندبوو بۆی .

مامۆستا ئەسعەد راپۆرتێکی دەربارەی ئەحمد دابوە دەزگا سیخورییەکەی بەعس نووسیبووی . (ئەحمد جموجۆڵی سیاسی لە ناو قوتابخانە هەیە . کار یگەری لەسەر قوتابیانی تردا دەکات و ئەگەر وا بمێنێتەوە، ترسی زۆری

دەبێ لە سەر ناوچەکەش و شار یش .
بۆیە پێویستە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە ) .

* * *

سالّح لە ڕێگەی سەردانی کردنی مالّی شوان دا، شارەزای گەرەکەکە ببوو .هەر لە وێوە مالّی مام (زوبێر)ی ناسیبوو . زۆر جار بە تیوە چاوێك سەیری حەوشەکەیانی دەکرد .
چونکە لە ژ یانی هەستی بە کەسێك نەکردبوو، کە کەسی یەتی . دەشترسا، چونکە زۆر جار بە هەناسە ساردی لەوێ دەرکرا بوون .
سالّح بیری دەکردەوە ئاخۆ (دەبێت ئێستاش مامی زوبێر وەك پێشان بێ، یان ئێستا چاوی بە برازای بکەوێت لە باوەشی دەگرێ و بۆنی براکەی لێ دەکات ) ئەمە شتێك بوو لای سالّح روون نەبوو .

* * *

دەمەو ئێوارەیەك، سالّح ڕێگەی مالّی شوانی گرتەبەر و کاتێ نزیك بۆوە لە مالّی مامی زوبێر، هەنگاوەکانی کەم کردەوە و سەیری حەوشەکەیانی دەکرد، هەر بە ریکەوت لەو کاتەشدا کچە مامی سالّح کە کچی زوبیر بوو، ناوی ( سابات) بوو، هاتە بەر دەرگا، جوان وەك مانگ جلە کانی وەك کچە شای روم بوون، سوّزو خوێن کاری خۆی کردو سابات هەستی کرد کە شتێك سەرنجی بۆ لای ئەم کوڕە رادەکێشی !
بەلاّم ئەوەی زیاتر جێی سەر سوڕمان بوو !، جلە شڕە کانی سالّح بوو.
سابات کەوتە گومان و دوودلّی و لە خۆی پرسی ؟ لەوە دەچێ ئەم کوڕە من بناسێ، دەبێ پاککەرەوەی ژوورەکانی زانکۆ نەبێ ؟، یان ئەو کوڕەبێ کە جار جارە نەوتمان بۆ دێنێ ؟ .
لەوە دەچوو کارێکی هەبێ، دەیویست قسەیەك بکات !
سابات قوتابی کۆلێژ بوو، تەمەنی لە سالّح زۆر زیاتر بوو، بەلاّم وای کرد سەرنجی ساباتی راکیشا .

سالّح دانی بەخۆیدا گرت و چاوەکانی لە زەوی کردو رۆیشت .

سابات چاوی بڕیبووە جلە شڕەکانی سالّح و هیچی تێنەگەیشت .

سالّح تۆزێك دووركەوتەوە، ئاوڕێكی نەرمی دایەوە، بینی هێشتا كچە مامەكەی چاوی لەسەریەتی .

ساباتیش زیاتر بیری لی دەكردەوە .

ئیتر سالّح ئاوڕی نەدایەوە، رێگەی مالّی شوانی گرت و لە دەرگای داو خوشكێكی شوان دەرگای كردەوە .

سالّح پێی گوت هاتووم شوان ببینم .

شوان هات و پێی گوت فەرموو .

سالّح چووە مالّی شوان و دایكی شوان لەسەر كورسییە تایەدارەكەی هاتە ژوورەكە و بەخێرهاتنی سالّحی كرد و گوتی : كورم تۆش لەگەلّ شوان لە كارگەی ؟ .

سالّح گوتی : بەلیّ دایكی شوان .

دایكی شوان گوتی : كوڕم، ئەی باوكت چ كارەیە ؟ .

سالّح گوتی : باوكم نەماوە .

دایكی شوان گوتی : تۆش وەك شوان بەتەنیا كاركەری خێزانەكەتی ؟.

سالّح گوتی : بەلیّ، بەلاّم من خێزانیشم نیە و تەنیا لەگەلّ داپیرم دەژیم.

دایكی شوان گوتی : ئەی كەس و كارت ؟ .

سالّح گوتی : باوكم شەهید بوو لە شاخ و گۆڕیشی نیە . دایكیشم شووی كردۆتەوە .

دایكی شوان گوتی : ئەی، دایك و باوكت منالّی تریان نەبوو ؟ .

سالّح گوتی : خوشكێكم هەبوو لەمن بچوكتر بوو ئەو نزیكەی یەك سالاّن بوو نەخۆش كەوت لەلای داپیرەم و مرد . تەنها من مامەوە .

دایكی شوان گوتی : كوڕم، تالّی و نەهامەتی دەرگای ئێوەشی گرتۆتەوە.

بەخوا كوڕم، ئێمەش نا خۆشی زۆرمان بەسەرهاتووە .

بەلاّم سوپاس بۆ خوا دیارە قەدەر وایە كوری خۆم .

*            *            *

بەیانیەك، باران نم نم دەباری و لە هەر سوچە و كۆلاّنێك، قوتابیان خێرا دەرۆیشتن .

ڤیان لە لێواری دیوارەكان بەرەو قوتابخانە دەرۆیشت، پرچە رەشەكەی وەك لێواری گولّ خوناوی گرتبیّ، بارانی پێوە بوو . تك تك ئاوی باران لەسەر چەناگە و رووی دەهاتنە خوار .

زەنگ لێدرا و هەموو قوتابیان چوونە پۆلەكانیان . قوتابخانە بیّ دەنگ بوو تەنها دەنگی مامۆستاكان نەبیّ كە خەریكی وانە گوتنەوە بوون .

ئەحمەد چاوێكی لە ڤیان بوو، چاوەكی تری لە كتێبەكی سەر كورسیەكە بوو . گوێشی لە مامۆستا راگرتبوو .

ئەحمەد نەیدەزانی ئەم ساتە خۆشە دوا ساتە و ئیتر قوتابخانە دەبیّ بە خەون، لەپڕ هێزێكی دڕندەی بەعسیەكان لە دەرگای پۆلّ هاتنە ژوورەوە، بیّ لە دەرگا دان .

یەكێك لە بەعسییەكان، كە دیار بوو بەرپرسیان بوو . بە مامۆستاكەی گوت مامۆستا چ وانەیەك دەبێژی ؟ .

مامۆستاكە وتی مێژوو .

بەعسیەكە وتی مێژوو ..! . چ مێژویەك ؟، ئێمە لە نزیكەوە ئاگادارین، بەلاّم دیارە ئێوە زۆر نەفامن . كام قوتابی ناوی (ئەحمەد عەبدولڕەحمان)ە ؟ .

ئەحمەد زانی تووشی گێژاوێك بووە، سەیرێكی ڤیانی كرد و بە چاوەكانی وشەی مالّئاوایی لیّ بەدی ئەكرا .

ئەحمەد چاوەكانی بریبووە ڤیان و دەیویست پێی بلّیّ، خۆشم دەوێی.

دەیویست بلّیّ، من بیّ باكم من عاشقم ناو سینەی پر بوو لە هاوارێكی گەورە . بەلاّم خۆشەویستی ڤیان زمانی لالّ كرد و ڕق و قینی دامركاندەوە .

ئیتر ئەحمەد هەلّساوە سەر پیّ و گوتی : من ئەحمەدم .

بەعسیەکان هێرشیان بۆ برد و هەر یەك لە لایەك راپێچی دەکرد .

هەر لەویٚ چاوەکانیان بەست و دەستیان لەپشتەوە گرێدا بەپەت .

مامۆستاکە زمانی لاڵ بوو ئیتر وشەیەکی بۆ نەوترا .

ئەحمەد راپێچکرا و لە ماوەی چاو تروکانێکدا ون بوو .

ڤیان سەرسام بوو . باوەڕی نەدەکرد . زۆر ترسا و ڕەنگی زەرد بوو . بارێکی سەخت لە چاوەکانیدا بەدی دەکرا .

قوتابییەکان سەیری ڤیانیان دەکرد. چونکە هەموو دەیانزانی عەشقی ڤیان وای بەسەر ئەحمەد هێنا.

ئەو رۆژە قوتابخانە و قوتابی و مامۆستاکان، ساردییەك لە روویان دیار بوو . تەنیا مامۆستا ئەسعەد نەبیٚ، کە خۆی پیلان گێڕی ئەم چیرۆکە بوو .

ئەو روژە تا قوتابخانە تەواو بوو ڤیان وشەیەکی نەدرکاند لەگەڵ دەستە خوشکەکانی، ئەو ئازارە گەورەیەی لە ناو سینەی خۆیدا حەشارداوە و خۆی بە تاوانبارێکی گەورە دەزانی، وای هەست دەکرد کە هەموو قوتابی و ماموستاکان رقیان لێیەتی، پاشان بە تەنیا بە هێمنی گەڕایەوە ماڵەوە و جارجار ئاوڕێکی دەدایەوە، بڕوای وا بوو ئەحمەد لە دوای بڕوات بەلاٚم وا نەبوو، ئەحمەد بوو بە خەون .

سامان کە نزیکترین هاورێی ئەحمەد بوو، زۆر پەست ببوو، قوتابخانەی جێهێشت و رێگەی ماڵی ئەحمەدی گرتە بەر .

سامان لەدەرگای ماڵی ئەحمەدی داو داوای باوکی ئەحمەدی کردو پێی گوت مام عەدولرحمان ئەم بەیانییە پیاوانی میری هاتنە قوتابخانە و ئەحمەدیان برد، من هەر ئەوەندە دەزانم رەنگە بەڕێوەبەری قوتابخانە شتێکی تریش بزانیٚ !

*   *   *

ئەحمەد هیچی لیٚ دیار نەبوو نەیدەزانی بۆ کویێ دەبەن، لە کاتێکدا چاوەکانیان کردەوە و دەستیان کردەوە و دەرگایەکیان کردەوە و فرییاندا

ژوورەکە .

سەرەتا ئەحمەد وای زانی کە تەنها خۆی لە ژوورەکەیە، بەلاّم پاش چەند ساتێکی کەم، چاوەکانی لە تاریکی ڕاهات و گوێی لە دەنگێکی نزم بوو .

ئەحمەد کەمێك خۆی ڕاگرت و دوایی وتی ئێوە کێن ؟، ئەی ئێرە کوێیە؟ .

کەس وەلاّمی نەدایەوە، تەنیا یەکێ لە زیندانییەکان نەبێ، بە وەلاّم هات و پێی گوت : لەوە دەچێ تۆ تازەبی . برا ئێرە دائیرەی ئەمنە .

ئەحمەد پشتی بە دیوارەکە دا و بێ دنگ بوو .

ژوورێکی تاریك بوو . پەنجەرەیەك بەقەد کەللە سەرێك لە دواوەی ژوورەکە هەبوو، نزیکەی مەتر و نیوێك بەرز بوو . هەر ساتێك، یەکێك لەبەندکراوەکان سەرێکی بەپەنجەرەکەدا دەکرد .

ئەحمەد لە پەنجەرەکە نزیك بۆوە و سەیری ئەو دیوی کرد و گو تی هیچ دیار نیە، ئێوە چی دەبینن ؟ .

هەمان ئەو بەندکراوەی کە پێشتر وەلاّمی دایەوە وتی پەلە مەکە ڕۆژگار فێرت دەکات، کەئەم پەنجەرەیە چیە .

ئەحمەد گوتی : بۆ، ئێمە زۆر لێرە دەمێنینەوە .

بەندکراوەکە گوتی : بۆ، چما ئەوەی بێتە ئێرە جارێکی تر دەرەوە دەبینی . برا گیان ئەگەر لەم ژوورە بچیتە دەرەوە یەکسەر بۆ بەرامبەر ئەم پەنجەرەیە دەتبەن . ئەوێ شوێنی گوللە بارانکردنە . ئەم بەیانیە یەکێکیان لێرە بردووە، ڕەنگە ئەمڕۆ بیهێننە بەرامبەر ئەم پەنجەرە بچووکە و گوللە بارانی بکەن .

بۆیە ئەم بەندکراوانە، بە نۆبەت سەیری دەکەن و بەر پەنجەرەکە بەرنادەن .

ئەوەی ئەمڕۆ لەم پەنجەرە سەیری گولله بارانی یەکێك دەکات . بەیانی خۆی دەچێتە ئەوێ .

ئەحمەد بێ دەنگ بوو . دانیشت و دەستی خستە سەر ئەژنۆکانی . هەرگیز لەو بڕوایەدا نەبوو، کە ڕۆژێك بگاتە ئەم شوێنە .

ئەوسا قسەکانی باوکی هاتەوە بیر، کە (ولاّتەکەی لە باریّکی خراپ دایە).
پاش کەمیّك بووە غلّبە غلب و ترپەی پۆستالّ .
بەندکراویّك سەری لە پەنجەرەکە بوو گوتی : ئەوە (دلشاد) یان هیّنا . ئیّستا گوللە بارانی دەکەن . یەك یەك بەندکراوەکان لە پەنجەرەکە سەیریان ئەکرد .
دیار بوو ئەو کوڕەی گوللە باران دەکرا، ناوی دلشاد بوو . ئەو خۆی زۆر جار سەیری ئەو پەنجەرەی کرد بوو، لەو کاتەی کە خەلّکی تر گوللە باران دەکران .
بۆیە خۆشی لە حەوشەکە سەیری پەنجەرەکەی دەکردو دەیزانی کە بەند کراوەکان وا سەیری دەکەن . ئەحمەدیش سەیری دەکرد، کە چۆن لە دارەکەیان بەستەوە و چاوەکانیان بەست و دایانە بەر دەستڕیّژی گوللە .
ئەحمەد لەسەر ئەژنۆکانی دانیشت و وشەیەکی بۆ نەوترا .
ژوورەکە هەشت کەسی تیابوو بیّجگە لە ئەحمەد . ئەو رۆژە هیچ قسەیەکی نەکرد . لەبەر ئەم دیمەنە نا شیرینە .
تا ئیّوارە یەکیّك لە بەندکراوەکان هاتە لای ئەحمەد و پیّی گوت کاکە تۆ ناوت چیە ؟ .
ناوم (ئەحمەد)ە .
بەندکراوەکە گوتی : من ناوم (شەمالّ)ە .
ئەحمەد گوتی : ئیّوە لە میّژە لیّرەن .
شەمالّ گوتی : من سیّ مانگە لیّرەم . هەیە شەش مانگە لیّرەیە .
هی واش هەیە بیست رۆژ لیّرە ئەبیّ و دوایی دەیبەنە حەوشەکەی پشتەوە و گوللە بارانی دەکەن، لە بەرامبەر ئەم پەنجەرەیە .
جا بە کەیفی خۆیانە، هەر کەسیّك بیکوژن یا بیهیّلّنەوە .
ئەحمەد گوتی : ئاخر من هیچم نەکردووە .
شەمالّ سەری بادا و دیار بوو زۆری نهیّنی لەلا بوو . گوتی : کوڕی باش، ئیّرە شویّنی ئەو کەسانەیە، کە هیچیان نەکردووە، ئیّمە کەسمان دز نین،

کەسمان پیاو کوژنین، تەنها بیروڕامان جیایە و زمانمان جیایە .
سەیری ئەم دیوارانەت نەکردووە، کە پێش ئێمە چەند کەسی لێ بووە و بێ تاوان بوونە و لەسەر دیوار ناوەکانیان هەڵکەندووە .
وا دیارە تۆ هیچ نازانی دەربارەی ئێرە، چەند شتێکت پێ دەڵێم لە بیرت نەچێ، بەڵکو ڕۆژەك دێ دەرەوە دەبینی، کە شەو دادێ، ئیتر لێکۆڵینەوە و لێدان و هەڵواسین دەست پێ دەکات، وریابە و خۆڕاگر بە، هەموو شتێکت بۆ وان بێ تەنها زمانت بۆ خۆت بێ، لەسەر یەك وشە لە حەوشەی پشتەوە گوللە باران دەکرێی .
ئەحمەد گوتی : زۆر سوپاست دەکەم، بەڵام من ئێستا زۆرم برسیە، هیچ شك نابەی بیخۆم .
شەماڵ گوتی : ئێستا خواردن چی دەکات، تەنیا بەیانیان یەکەو سەمونێك وەردەگرین، ئیتر تا ڕۆژی دواتر هیچ نیە .
ئەحمەدگوتی : چۆن بیست و چوار کات ژمێر بەیەك سەموون دەژین .
شەماڵ گوتی : بۆ ئەوە نیە بژین .
لەم کاتەدا بووە غڵبە غلب و تەپەی پۆستاڵ . دەرگاکەیان کردەوە و بەرەو ڕووی ئەحمەد هاتن و بردیان بۆ ئازار و ئەشکەنجەدان .

* * *

ساڵح بەردەوام بوو لە کارکردن . ئازا و زیرەك و لێهاتوو بوو . هەموو ڕۆژ، کە ڕۆژانەکەی وەر دەگرت لە دەستی داپیرەکەی دەکرد و داپیرەکەشی بە ئومێدی ئەوە بوو، ڕۆژێك خێزانێك بۆ ساڵح پێکبهێنیت و ئیتر بگاتە دوارۆژێکی ڕووناك .
ساڵح لە ناو ئیش و کار دا زۆر زیرەك بوو . بەڵام بەرێوەبەر و دەست و پێوەندەکانی، خۆشیان نەدەویست . چونکە ساڵح روحی کوردایەتی پێوە دیاربوو .
ڕێزی کرێکارێکی جل دڕاوی هەژاری کوردی، زۆر زیاتر دەگرت، لە

بەڕێوەبەرەکە .

ببوە پشت و پەنای کرێکارەکان و ئەگەر یەکێك ماندوو بایە، یارمەتی دەدا .

ڕۆژ ێکیان لە کاتی کار کردن دا، سالح لەگەڵ کرێکارەکاندا خەریك بوو .

یەکێك لەدەست و پێوەندەکانی بەڕێوبەر هات و گوتی : سالح، بەڕێوبەر کاری پێت هەیە .

سالح هاتە ژووری بەڕێوبەر .

بەڕێوەبەرەکە بەعسیەکی شوڤێنی بوو . دەست و پێوەندەکانی هەموو قسە و جموجۆڵێکی (سالح) و کرێکارەکانی تریان بۆ باس کرد بوو .

بەڕێوبەرەکە بە عەرەبی وتی ها، خەریکی کار بوویت ؟ .

سالح گوتی : بەڵێ .

بەڕێوەبەرەکە گوتی : سالح دەلێن تۆ زۆر ژیرو چالاکی لە کارەکانتدا ئەوەش جێگای دەست خۆشیە .

سالح گوتی : بەئەرکی خۆمی دەزانم .

بەڕێوەبەرەکە گوتی : دەزانی بۆیاغچیەکانی ئێستا کەسیان پێلاو جوان بۆیاغ ناکەن وەرە بزانم تۆ چۆن بۆیاغیان دەکەیت، دەمێکیشە بۆیاغ نەکراون .

سالح لە قسەکانی گەیشت و بەڕقەوە گوتی : من بۆیاغچی نیم، تا پێلاوی تۆ بۆیاغ بکەم، بەلام دیارە پێلاو بەلای ئێوە شتێکی تازەیە، ناهەقتان ناگرم، بێ پێلاو ژیاون .

بەڕێوەبەرەکەش بەتوڕەییەوە گوتی : بۆیاغ دەکەی ئەگەرنا سەرت بەپێلاوەکە پان دەکەمەوە

سالح گوتی : باوکی من بەپێوە مرد، بەلام پێم بڵی باوکی تۆ بەڕێوەبەر بوو! باش بزانە من شانازی بەکرێکاری خۆم دەکەم، بەلام زەمانەی زەلیل تۆی نەخوێندەواری کردووە بە بەڕێوەبەر، دڵنیاشم روژێك دێ هەموو ئەو مرۆڤانەی وەك تۆ کە بای سەردەم هێناویەتیە سەر کورسی، شەرمەزار دەبن

و بیرو هۆش دێتە گوڕەپانی ولاَتەوە، هەی خۆ نەناس .

بەڕێوەبەرەکە دەستی نا بە زەنگی سەر مێزەکەی و هاواری کرد دەرگەوان . دەست و پێوەندەکانی لەخوایان دەویست بۆ کارێکی وا، زوو هاتن و بەڕێوەبەرەکە پێی وتن ئەم کوڕە بەد رەوشتە فڕێدەنە دەرەوەی کارگەو پێی بڵێن جارێکی تر نەیەتەوە ئێرە .

بەرتاشەکان (ساڵح)یان راکێشا دەرەوە و هاوڕێکانی ساڵح لەدوورەوە چاویان لێ بوو کە ساڵح دەرکرا، زۆر دڵگران بوون دەستیان کاری نەدەگرت .

ساڵح سەیرێکی هاوڕێکانی کردو چاوەکانی پڕ بوون لە خەم و نەهامەتی، زۆری پێ ناخۆش بوو لەم هاوڕێیانەی دابڕێ و ئەم کارەی لێ بسێننەوە .

ئیتر بەبێ دەنگی، چاوی لەسەر زەوی ناو دەرگای کارگەی گرتە بەرو بەرەو ماڵەوە رۆیشت، دیسان نائومێدی و تاریکی باڵی کێشا بەسەر خەون و ئارەزوەکانی .

ساڵح گەیشتەوە بەر دەرگای خۆیان و لە سەر هەمان بەرد دانیشت، کە جاران لە سەری دادەنیشت لەگەڵ منداڵە بچووکەکان .

پاش کەمێك داپیری ساڵح هاتە دەرگاو گوتی : ساڵح ئەوە چۆن لە کار هاتیەوە، خۆ هێشتا زۆر زووە .

ساڵح وەلاَمی نەدایەوە و بێ دەنگ بوو، دڵی زۆر تەنگ بوو، چونکە کارەکەی کارگەی زۆر بە دڵ بوو، ئاشنایەتی پەیداکردبوو لەگەڵ کرێکارەکان بەگشتی و شوان بەتایبەتی .

دیسان داپیرەکەی پێی وت کورم چی بووە بۆ بێ دەنگی ؟ .

ساڵح گوتی : لە کارگە گوتیان پێویستیمان پێت نیە .

داپیرەکەی گوتی : کوڕم دیارە قەدەر وایە، بەلاَم هەر شوکر بۆ خوا، تا سەری دابێ، نانیش هەر دەدات .

ساڵح بە دڵ تەنگیەوە هەستا و چووە ژوورەکەی و پاڵی دایەوە، زۆر ماندوو بوو لە هەست و بیریدا .

ساڵح، دەیویست لە کارگەدا بوونی خۆی بسەلمێنێ، خۆی لە ئاوێنەی رووناکی رۆژگاردا ببینێتەوە، دەیویست ئەم هەموو کەسەرەی رابردووی بسڕێتەوە .

ئەو دەیویست، ئەوەندەی ژیانی لەگەڵ داپیرەی ماوە، دڵشادی بکات .

لەبەر ئەوەی دەیزانی داپیرەکەی زۆر خەمی پێوە دەخوات .

ساڵح لە ژیانێك دەگەڕا، برینە کۆنەکانی بۆ چارەسەر بکات . بەڵام لە ئاخێکەوە بۆ سەدان ئاخ، لە دڵۆپە فرمێسکێکەوە بۆ دەریایێ، لە مەرگەوە بۆمەرگ .

ئیتر نەیدەزانی کەی ئەم هەموو نەهامەتیەی لە کۆڵ دەبێتەوە .

ساڵح زۆر خەمبار بوو، لە ژوورەکەی راکشا و بە داپیری گوت نیوەڕۆ بانگم مەکە بۆ نان خواردن، هیلاکم، لێم گەڕێ .

دوایی نیوەڕۆ ساڵح لە ماڵەوە هاتە دەرەوە . سەیرێکی دوکانەکەی مام یاسینی کرد و بەرەو لای چوو، بە کزییەوە سڵاوێکی لە مام یاسین کرد و دانیشت .

مام یاسین گوتی :، ها ساڵح، کز دیاری . چۆن هاتیەوە لە کارگە . هێشتا کات ماوە .

ساڵح هەموو شتەکانی بۆ مام یاسین گێڕایەوە، پاش کەمێك شوانی هاوڕێی ساڵح، کە راستەوخۆ لە کارگەوە بۆ لای ساڵح هاتبوو، سڵاوی کردو دانیشت .

هاوخەمی شوان بۆ ساڵح، بە روویەوە دیار بوو، بۆیە بە گیانێکی پڕ لە تەوسەوە، رووی لە ساڵح کرد و گوتی : ساڵح زانیم شتێ بووە، بەڵام چۆن ؟ نازانم ! .

هەر ئەوەندە دەزانم بەڕێوەبەر و داردەستەکەی، هەر کەسێکی بیانەوێ دەریکەن ئاساییە .

ساڵح گوتی : با گفتوگۆکانمان بە رۆیشتن بێ .

ئیتر ڕێگەی ماڵی شوانیان گرت و کەمێکیش لەوێ دانیشتن . دیار بوو دایکی شوان شتێکی زانی بوو دەربارەی دەرکردنی ساڵح لە کارگە .

بۆیە دایکی شوان گوتی : کوڕم ساڵح، بەیانی بڕۆ لای بەڕێوەبەرەکە و پێی بڵێ، داوای لێ بوردن دەکەم . بەڵکو دڵی نەرم بێتەوە و نان بڕا نەبی . پێی بڵێ، بیکە بۆ خاتری پێغەمبەر .

ساڵح گوتی : دایکی شوان، بە کێ بڵێم بیکە بۆ خاتری پێغەمبەر .

ئەوانە هەر لە یەکەم ڕۆژی هاتنە خوارەوەی (قورئان)، دژایەتی برازاکەی خۆیان کرد و لە مەککەش دەریان کرد . ئیتر چ پەکیان بە مناڵە کوردێك کەوتووە، کە نان بڕا دەبێ یان نا، دەرکردنی من، زۆر شتی بۆ ڕوون کردمەوە .

تاکو پێش ڕۆژ ئاوا، ساڵح لە ماڵی شوان بوو . پاشان خوا حافیزی کرد و بەرە و ماڵ ڕۆیشت .

ڕێگەی ساڵح بە بەر ماڵی مامی زوبێر بوو . کە گەیشتە ئەم ناوە، ساڵح بیرێکی بۆ هات و لە بەر دڵ تەنگی خۆی، لە دڵی خۆیدا گوتی : باشە بۆ سەرێك لە ماڵی مام زوبێر نەدەم ؟ .

دەنگێ لە ناخیا پێی وت (ئەی لە بیرت چوو، کە مناڵ بووی لەگەڵ داپیرت چووی بۆ لایان دەریان کردن) .

ساڵح لە دڵی خۆیدا گوتی : من ئەو کات مناڵ بووم . ئێستا گەورەم، ڕەنگە مامم دڵی پێم خۆش بێ، کە برازای گەورە بووە . ئەگەر ئەمڕۆ یەکتری نە ناسین ئەی کەی یەکتری بناسینەوە .

ساڵح لە دەرگای ماڵی مامی دا و یەکەم جارە لە دەرگایەك دەدات، کە کەس و کاری ئەون .

کچە مامەکەی، کە ناوی سابات بوو، هاتە دەرگا و گوتی : فەرموو، تۆ کێی؟.

ساڵح زۆر بە نەرمی و هێمنیەوە، گوتی : من (ساڵح)م، کوڕە مامی تۆم، برازای مام زوبێرم، کوڕی (عومەر)م .

سابات ناسیەوە، کە چەند رۆژ لەمەوبەر بە کۆڵاندا تێپەڕی بوو، بۆیە بەخۆش حاڵیەوە گوتی : بەڵی ئەو رۆژە سەیری منت کرد کە بێرەدا تێپەڕ بووی، بەو خوایە گوتم شتێك رامدەکێشی و لام غەریب نیە ئەو کوڕە !، فەرموو فەرموو باوکم لە ماڵە وەیە .

دەنگێکی تر لەژوورەوە هات و گوتی : سابات ئەوە کییە ؟

سابات گوتی : شاخەوان وەرە، ئەوە کوڕی مامم عومەرە، دەڵێ ناوم ساڵحە .

شاخەوانیش کوڕە گەورەی زوبێر بوو، ئەویش هاتە بەر دەرگا و گوتی : فەرموو وەرە ژووریٚ .

ساڵح بە دوودڵی و گومانەوە هاتە ژوورەوە، دەترسا و خۆشحاڵیش بوو بە ناسینی ئامۆزاکانی، چونکە زۆر بە گەرمییەوە پێشوازییان لێکرد .

ساڵحیان لە ژووری میوان دانا، بەلاّم چ ژوورێك !، ژوورێك لەجوانی بەهەشت !، ژوورێك لە شوشە و جامخانە !، رازاوەتر لە دیمەنەکانی سینەما !.

ساڵح لەشەرمان و لە هەژاری خۆی، کە جلەکانی زۆر شڕ و شیتاڵ بوون لەسەر قەنەفەکان دانەنیشت و خۆی گەیاندە سەر زەوی .

سابات زۆرسکی پێی سوتا و پێی گوت خوێندەواریت هەیە ؟

ساڵح گوتی : نا .

سابات پێی گوت ئەی چ کارەی ؟

ساڵح کەمێك باسی خۆی بۆ کردو ساباتیش گوێی بۆ راگرتبوو، سەیری جلەکانیشی دەکرد و زۆر خەمی پێوە دەخوارد، لە دڵی خۆی دەیگوت وا باشە بەیانی کۆمەڵێك جلی تازەی بۆ بکەم، لەگەڵ پێلاّوێکی نویٚ، ئاخ ! ئەو کوڕە مامەی من چەند غەریبە !

شاخەوان چووە لای باوکی و بە هاتنی ساڵح ئاگاداری کردەوەو پێی گوت باوکە، ساڵحی کوڕی عومەری مامم هاتووە، وا لە ژووری میوانە .

زوبێر بە دەنگێکی یەکجار بەرزەوە گوتی : چیییی، بۆچی هاتووە ؟

ئەوانە دۆستی شەڕن، زەنگی رووخانن، من دەزانم ئەوە کوڕی کێیە، شەڕ لە

کـویّ بـیّ ئەوانـە لـەویّن، بـاوکی ئـەم کـوڕە، ژن و منـاڵی بـەجیّ هیّـشتبوو کەوتبووە دوای سنوور و خاك، دەبا سنوور و خاك بەخیّویان بکات .
شاخەوان گـوتی : باوکـە توخـوا لەسـەرە خـۆ، ئـەوە یەکـەم جـارە هـاتووە بـۆ لات، پاشان تۆ مامی ئەوی .
زوبیّر هەر بە نەڕەنەڕەوە گوتی : نەخیّر من مامی سە گم .
ساڵح، کە لە ژوورەکەی تردابوو لەگەڵ سابات، بە تەواوی گویّی لە قسەکانی مـامی بـوو، دڵـی زۆر تونـد بـوو و گـوتی : سابات خـان مـن هـەر وا هـاتبووم، هیچم پیّویست نەبوو، تەنیا حەزم کرد رۆژیك ئیّوە بناسم، چونکە ماوەیەك بـوو دەمزانـی ئیّـرە مـاڵی مامـە، نـەمزانی مـامم واپەسـت دەبـیّ، داوای لیّبووردن دەکەم .
سابات گوتی : ساڵح من زۆر دڵخۆشم بە ناسینت، گویّ مەدە باوکم، مـن تـا ئیّستا نەمزانیبوو کوڕە مامیّکم هەیە .
لەم قسانەدا بوون، زوبیّر هاتە ژووری میوان و سەیری ساڵحی کرد و گوتی : ها، بۆچی هاتووی ؟، من هەتا لە کۆڵ کیّشەکانی باوکت رزگـارم بـوو، ئەوسـا نۆبەی تۆیە، کیّ پیّی وتی ئیّرە ماڵی منە ؟ .
ساڵح چاوەکانی تاریك بوون، بـەڵاّم لەبـەر میهرەبـانی سابات دانـی بەخۆیـدا گرت و گوتی : مـن بـۆ هـیچ نـەهاتووم، هـەر ریّـم کەوتـە ئیّرەو وامزانـی تـۆش حەز دەکەی بمناسیتەوە .
سابات گوتی : ئەریّ وەڵلاّ، حەز دەکەین بتناسین .
زوبیّر گوتی : سابات، زمانت دەبڕم قسە بکەی .
رووی لە ساڵح کرد و گوتی : چ سەگبابیّك گوتی :، ئیّرە ماڵی مامی تۆیە ؟
سـاڵح ئـەم جارەیـان رق و تـوڕەیی دایگـرت و هـاواری کـرد و گـوتی : مـن نەمزانی باوکم برای وەك تۆ خویّڕیی هەیە .
ساڵح خۆی پیّ نەگیراو یەك یەك کورسییەکانی ژوورەکەی رادەوەشاند .
هەرچی شوشە و شـتی جـوان هـەبوو لـە ژوورەکـە، بەیـەکی دادا و شـکاندی .

تەنانەت تەلەفزیۆنەکەش رزگاری نەبوو .

ساڵح بەدەم شکاندنی شتەکان، هاواری دەکرد باوکم نەفام نەبوو، باوکم بەدوای کێشەی گەلێك شەهید بوو، تۆش بە دوای پارە کەوتووی.

زوبێر هاواری دەکرد و دەیگوت بڕۆ دەرێ، هەی بە نەفرەت بی، وەك ئەوانەی بەنەفرەت بوون، ماڵی من جێگەی مرۆڤی هیچ و پوچ نیە .

ساڵح هاتە دەرەوە و سابات و شاخەوانی ئامۆزای هاتنە دوای و پێیان گوت باوکم هەروایە، بەخوا ئێمە تۆمان خۆش دەوێت، بەڵام چی بکەین.

ساڵح فرمێسکەکانی هاتنە خوارێ و گوتی : داوای لێبوردن دەکەم، نەمزانی ئەم کێشەیە دروست دەبێ .

سابات ساڵحی خستە باوەشی و گوتی : مەگری، تو خوا مەگری .

ئیتر ساڵح بەجێی هێشتن . تۆزێك دوورکەوتەوە لەکۆڵانەکە، لە سووچی کۆلانێکی تر راوەستا و لە بەر خۆیەوە گوتی : خودایە ئەوە چی بوو تەواو نەبوو ئەم هەموو ئازارە .

ساڵح هەر لەوێ ساتێکی منالی خۆی، بە بیر هاتەوە، کە (کاتێك لەسەر سێنی، شیرنەمەنی دەفرۆشت، لە نزیك یاریگایەکی تۆپی پێ . تۆپەکە بۆلای ئەو هات و ویستی یاری پێ بکات، رایکرد و گرتیەوە، ئیتر یاریزانێك تۆپەکەی لێساند و ساڵح بە دڵێکی سارد بۆ لای سێنییەکەی گەڕایەوە ) .

ساڵح ئەوەی بە بیر هاتەوە و لە بەر خۆیەوە گوتی : خوایە تاکە رۆژێك نەبوو، تیایدا من دڵخۆش بم .

ئیتر دنیا تەواو تاریك بوو . ساڵح بەرەو ماڵ رۆیشت و بینی لە سەری کۆڵانەکەیان، داپیری بەم تاریکییە لەبەر دەرگا وەستاوە .

ساڵح گەیشتە لای و گوتی : داپیرە بۆ لە بەر دەرگا وەستاوی .

داپیری گوتی : کوڕم، بۆ دواکەوتی ؟، لە کوێ بوی ؟، قەت وا دوانەکەوتووی .

ساڵح لەگەڵ داپیرەکەی وەك دوو غەریب روویان کردە ماڵە بچووکەکەیان .

سالح بەیانی رۆژی دواتر لە خەو هەڵساو سەرێکی بە کۆلاندا کرد . لە منالەکانی کۆلان نزیك بۆە و دانیشت .

پاش ماوەیەك ئۆتومبێلی پۆلیس هاتە کۆلانەکە و لە دەرگای مالی (سالح)یاندا .

(سالح)یش بۆلایان چوو و پۆلیسەکان لێیان پرسی تۆ (سالح)ی ؟ .

سالح گوتی : بەلێ .

ئەفسەرەکە گوتی : کەواتە، تۆ (سالح)ە نا سالحەکەی .

سواری ئۆتۆمبێلەکەیان کرد و بردیان .

داپیری سالح هاتە دەرەوە و گوتی : کاکە، ئەوە بۆ کوێی دەبەن ؟، کوری من.

ئەفسەرەکە گوتی : دایە، ئەوە فێری خوێندەواری دەکەین .

(سالح)یان برد داپیرەکەشی کەس نا ناسێ . ئیتر بۆ لای مام یاسین رۆیشت و بە مام یاسینی گوت کاك یاسین، ئەوەپۆلیس (سالح)یان برد . ئەبێ چی بێ؟

مام یاسین گوتی : مە شلەژێ، ئێستا لەگەلێ کاك عزیزی دراوسێمان دەچین .

مام یاسین بانگی کاك عزیزی دراوسێیانی کرد و پێی گوت ئەو سالحە بێ کەسە بەد بەختە، هەر ئێستا پۆلیس بردیان . بەخوا باوەڕ ناکەم هیچی کردبێ . ئەلێم بۆ نەچین، بەلکو لە پۆلیس خانەکە پرسیارێکی بکەین .

مام عزیز گوتی : کاك یاسین بۆ نا، بەلام با یەکەم جار بەلای مامی زوبێردا بڕۆین . ئەویش مامی سالحە با ئەویش ئاگادار بێ .

کاك یاسین و مام عزیز و داپیری سالح بەڕێ کەوتن بۆ مالی مامی سالح .

لە رێگەدا کاك یاسین بە مام عزیزی گوت ئەوەی راستی بێ، زوبێر زۆر بێ ئاگایە لە برازاکەی، ئەوەی من بزانم هیچ کاتێك سەردانی ئەو برازایەی نەکردووە، تەنانەت جەژنیش . خۆ ئەو رۆژەی خوشکەکەی (سالح) یش مرد، زوبێر نەهات .

مام عزیز گوتی : کورە هەی موسلمان، ئەوە برازایەتی، لە جێگەی

براکەیەتی.

بەم قسانە گەیشتنە ماڵی زوبێر و سابات دەرگای لێ کردنەوە . پرسیاریان کرد و ئەویش لە وەڵامدا گوتی : باوکم لە دووکانی کوتاڵ فرۆشیە .

(سابات) یش پرسیاری کرد و گوتی : باشە خێر، کارتان بە باوکم چیە ؟. تەلەفۆنی بۆ بکەم ؟ .

مام یاسین گوتی : نا کچم، ئێمە دەچینە دوکانەکەی . چونکە ساڵحی ئامۆزات . پۆلیس بردوویانە، جا ئەڵێم، بەڵکو ئەویش لەگەڵمان بێ . شتێکی بۆ بکەین .

سابات گوتی : وەڵلاّ ئەوەی راستی بێ، ساڵح دوێنێ شەو لێرە بوو .

مام یاسین گوتی : باشە کچم، ئێمە دەچینە لای باوکت . خواحافیز .

سابات لە دڵی خۆیدا گوتی : ناشێ باوکم ئەو کارەی کرد بێ .

دیسان مام یاسین و مام عەزیز و داپیری ساڵح، بەڕێکەوتن بۆ دوکانی کوتاڵیی زوبێر .

لە ڕێگەدا داپیری ساڵح گوتی : زۆر سەیرە، ئەو کچەی کاك زوبێر گوتی :، دوێنیێ شەو ساڵح لێرە بوو، ساڵح لەژیانی نەچۆتە ماڵی مامی و هەر پێشی نازانێ . دواتر بۆچی ساڵح باسی نەکردووە . بە خوای سەیرە .

بە هەر حاڵ دوکانی کوتاڵی زوبێریش داخرا بوو . ئەمجارە گەڕانەوە پۆلیسخانەکە و داوایان لە پۆلیسەکەی بەر دەرگا کرد، کە کاریان بە بەڕێوبەری پۆلیسخانە هەیە .

پاش کەمێك چوونە لای بەڕێوبەرەکە و پاش سلاّوکردن . مام یاسین گوتی : ئەم بەیانیە کوڕێکمان لە لایەن پۆلیسەکانی ئێوە گیراوە، باوەڕ ناکەین هیچی کردبێ . دەمانەوێ هۆیەکەی بزانین .

بەڕێوەبەرەکە گوتی : کورەکەتان ناوی چیە ؟

مام یاسین گوتی : ناوی ساڵح عومەرە .

بەڕەێوەبەرەکە گوتی : ها، ئەوەی هێرشی کردۆتە سەر مامی و هەوڵی

کوشتنی داوە و داوای پارەی لێکردووە .

مام یاسین وەك چۆن جامێ ئاوی پیادا بکەی وای لێ هات . بێ دەنگك بوو . لەدڵی خۆیدا گوتی : چۆن ساڵح شتی وا دەکات . ئەی زوبیر چۆن شکایەتی کردووە، ئەی بۆ کچەکەی زوبیر لەبەر دەرگا نەیوت ساڵح لەگەڵ باوکم شەڕی کردووە . سەیرە ! .

لەم کاتە دا لە دەرگا درا و زوبێری مامی ساڵح بە ژووریێ کەوت .

مام یاسین پێی گوت زوبێر، ئێمە لە بەیانیەوە بە دوای تۆ دەگەڕێین، تا چارەیەك لە ساڵح بکەین . کەچی خۆت بە گرتنت داوە .

زوبێر گوتی : ساڵح ماڵی کاول کردوومە . هیچ نەماوە نەیشکێنێ . یان دەبێ لە بەندیخانە برزێتەوە، یانیش هەموویم بۆ بکڕیتەوە .

داپیری ساڵح بە ترسەوە گوتی : کاك زوبێر، ئەوە کوڕی خۆتە . چۆن دڵت دێ لە بەندیخانە برزێتەوە .

زوبێر گوتی : پیرێژن، ئەوە کوڕی من نیە کوڕی تۆیە . تۆ رەوانت کردووە . ئەگەرنا ئەو لەکێ من دەناسێ . دەبێ هەموو شتەکانم بۆ بکڕنەوە .

بەڕێوەبەرەکە گوتی : برایان، بڕۆن لە دەرەوە ڕێك بکەون . ئینجا وەرنەوە . کارەکەتان ئاسان دەبێ، زوبێر زەرەرمەند بووە . دەبێ قەرەبووی بکەنەوە، ئەگەر نا، ساڵح تووشی سزای یاسایی دەبێتەوە و ڕەنگە لەبەندیخانە بمێنێتەوە .

ئیتر مام یاسین و کاك عزیز و پیرێژن، لەگەڵ زوبێر هاتنە دەرەوە . زۆر لە زوبێر پاڕانەوە کە لە ساڵح خۆش ببێت . بەڵام هیچ سوودی نەبوو . زوبێر داوای ٣٠٠ دیناری کرد، بەرامبەر بە کەلوپەلە شکاوەکان .

زوبێر رۆیشت و داپیری (ساڵح)یش بە دڵێکی ساردەوە لەگەڵ مام یاسین و مام عەزیز، گەڕانەوە .

ساڵح ئەم شەو لەبەندیخانە مایەوە . یەکەم جار بوو لە ژیانی ڕێگەی کەوتبێتە بەندیخانە .

(سالّح)ێك بێكەس و بێ تاوان . دەرگای خۆشی لەسەر داخرا و هیچ ئومێدێك نیە بیری لێ بكاتەوە . لە دونیادا هەیبێ و نەی بێ، ئەو داپیرە غەریبەیە .

ئەویش ئافرەتێكی شەق شەقی بەر چەقۆ سەختەكانی ژیانە . ئافرەتێك هەموو عومری لە ناو كوێرەوەریدا بەسەر بردووە . ئافرەتێك نەهامەتی و نەبوونی و ئازاری بە روویەوە دیار بوو .

ئەویش لەپاڕانەوە لە خودای گەورە، زیاتر هیچی تری شك نە دەبرد . هەر دوعای دەكرد و دەیگوت خودایە كێ ئەم گرێ كوێرەمان بۆ بكاتەوە .

داپیری سالّح گەڕایەوە مالّ . چ مالّیك ئەو مالّەی هەر تەنیا ئەو و سالّح تیایدا دەژیان . بۆیە هەر سەیری جێگەی نوستنی سالّحی دەكرد و دەهاتە بەر دەرگا، سەیری بەردەكەی بەر دەرگای دەكرد كە سالّح لە سەری دادەنیشت . بەلاّم سالّح دیار نەبوو .

*   *   *

ڤیان عەشقی ئەحمەدی لە دلّ بوو . وەك ولاّتێكی بێ سەرۆك مابوو، دوای ون بوونی ئەحمەد .

ڤیان رۆژ لە دوای رۆژ لە وانەكانی دوا دەكەوت و بەرەو خراپی دەڕۆیشت .

مامۆستاكان زۆر هانیان دەدا، كە بخوێنێ . بەلاّم كە سەیری كورسیەكەی ئەحمەدی دەكرد، هیچ ئومێدێكی نە دەما .

هەتا دەستە خوشكەكانیشی نە یانتوانی، دلّۆپێك لە دەریای خەمی ڤیان كەم بكەنەوە .

ڤیان هەتا هەنگاوەكانیشی وەك پێشان نەبوو . نەپرچە رەشەكەی وەك جاران شانە كرابێ . ئیتر هەموو قوتابخانە دركیان پێ كرد، كە ڤیان نەخۆشی عەشقێكی پاكە و كەس نەبوو ئاخی بۆ هەلّنەكێشێ .

ڤیان قەراری دا . ڕۆژێكی كردە دوا رۆژ لە قوتابخانە و ئیتر هێز و توانای ئەوەشی نەما بوو، كتێبەكانی لەگەلّ خۆی بەرێتەوە .

ئەو رۆژە لە هەموو رۆژەکان رەشبینتر و نەخۆشتر بوو . کتێبەکانی لەسەر کورسییەکە جێ هێشت و رێگەیماڵەوەی گرتەبەر .

ئیتر بە دەستێکی والا گەڕایەوە، بێ ئەوەی بە کەس بڵێ .

کاتێك کە زەنگ لێدرا . مامۆستا هاتەپۆلەوە .

بینیان ڤیان رۆیشتوە و کتێبەکەشی جێ ماوە .

مامۆستای وانەکە گوتی : ڤیان پێویستی بەپشووە، بەلام نازانم پشووی تاکەی .

ڤیان گەڕایەوە ماڵ . بەڵێنی دا، کە چۆن (ئەحمەد) لە پێناو عەشقدا ون بوو، ئەویش لە ژوورێکی ماڵەکەیاندا بڕیاری ژ یان بەسەر بردنی دا .

ڤیان بەڵێنی دا، لەم ژوورە، مۆمی تەمەنی دا گیرسێنێ، بە جلێکی شڕ و چاوێکی کز و بێ ئومید .

تا وای لێهات دایك و باوکی هەستیان پێکرد، کە ڤیان نەخۆشە .

هەوڵیان لەگەڵی دا، کە بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە و درێژە بە خوێندنەکەی بدات .

بەلام ڤیان گوتی : کە بزانم لە قوتابخانە سەرناکەوم . پێویست ناکات خۆم ماندوو بکەم . ئیتر لە ماڵەوە ژیان دەگوزەرێنم .

ئەحمەدیش لە ژوورە تاریکەکەی بەندیخانە، چاوی بە ژیان روناك بوو . ئومێدی هەبوو، کە رۆژێك لە رۆژان دەست لە دەستی ڤیان دەنێتەوە .

بەلام ئازار و ئەشکەنجەش کزی کردبوو . هیلاکییەکی زۆری پێوە دیار بوو . برسیەتی چاوەکانی قوڵ کردبوو .

ڤیانیش رۆژ لە دوای رۆژ روخساری دەگۆڕا . خەم لە چاوەکانیدا دیار بوو . پرچە رەش و خاوەکەی شەیدا و هۆگری شانەی دەست و پەنجەکانی (ئەحمەد) بوو .

دەمەو عەسرێك، دایکی ڤیان هاتەوە ماڵەوە و بە ڤیانی وت جلەکانت بگۆڕە و خۆت ئامادە بکە . سەردانی ماڵێك دەکەین .

ڤیان بیّ دەنگ بوو . زۆر بە هێمنی، بیّ ئەوەی بزانیّ بۆ کویّ دەڕۆن . خۆی ئامادە کرد .

چونکە لەلای ئەو گرنگ نەبوو . بۆ هەر شوێنێك بیّ . ئیتر هیچ شتیّ لای ئەو مانای نەبوو .

دایکی ڤیان، دەستی ڤیانی گرت و لە مالّ هاتە دەر . ماوەیەکی زۆر، رێگایەکی درێژیان بڕی تا گەیشتنە، خانووێکی گەورەی کۆن .

ئەو خانووە، مالّی شێخێکی پیاو چاك بوو . تەنیا پیشەی، یاد(زیکر)ی خودا بوو . مالّەکەشی هەر بۆ خودا پەرستی تەرخان کردبوو .

ئیتر اە دەرگا چوونە ژوورەوە . دەرگای ئافرەتان جیا بوو .

دایکی ڤیان بە ئافرەتی خاوەن مالّەکەی وت کچەکەم نەخۆشە، بەلّکو شێخ دوعایەکمان بۆ بکات .

خێزانی شێخەکە چووە لای شێخ و پێی گوت و گەڕایەوە . هەموو لەشی ڤیانی سەرتاپا بەپەڕۆیەکی گەورە داپۆشی .

پاش کەمێك شێخ هات و دەستی خستە سەر سەری ڤیان و هاواری کرد خودایە، کەسی بیّ کەس و دەرمانی بیّ دەردان هەر خۆتی، خودایە ئەوەی نەخۆشە چاك بێتەوە . ئەوەی لە رێگە لایداوە بگەڕێتەوە .

پاشان ڤیان و دایکی چوونە سەر مەزاری شێخێکی تر . لە وێش دایکی ڤیان دوعای بۆ کرد . ڤیانیش لە فرمێسك رشتن زیاتر هیچی پیّ نەبوو .

ئیتر گەڕانەوە مالّەوە بە کزی و کەساسی .

* * *

شوان بیری کردەوە، کە سالّح چەند رۆژێکە دیار نیە . بۆیە بڕیاری دا، ئێوارەیەك بچێتە مالّی سالّح .

شوان لە دەرگای مالّی سالّحی دا و داپیری سالّح هەموو شتێکی بۆ باس کرد .

بۆ بەیانی . شوان لە کارگە هەموو هاوڕێکانی ئاگادار کردەوە و پێی گوتن،

کە ساڵح تووشی کێشەیەك هاتووە و پێویستی بە یارمەتییە . داوای لێکردن هەرکەسیّ لە ئاستی بڕە پارەیەك ببەخشیّ، بۆ ئەوەی لە بەندیخانە رزگاری ببیّ .

شوان و هاوڕێکانی بڕە پارەیەکیان کۆ کردەوە و چوونە لای داپیری ساڵح و پێیان وت ئێمە بە تەمای کارێکی ئاواین .

داپیری ساڵح رەنگی هاتەوە بەر و زۆر دڵخۆش بوو، لە ئاست ئەم هەڵوێستەی هاوڕێکانی ساڵح خۆی بۆ نەگیرا و بە گوڕ فرمێسك لە چاوەکانی دەهاتنە خوار و گوتی : مام یاسین ئاگادار بکەنەوە . ئەو زیاتر ئاگاداری لە کێشەکە هەیە .

مام یاسین چاوی بە هاوڕێکانی ساڵح کەوت . سەرسام بوو کاتیّ شوان پێی گوت کارێکی وامان کردووە.

مام یاسین گوتی : جێگەی گەورەیی و سەربەرزیتانە، کە وا کرێکاران یەك دەگرن و هاوڕێکەیان لە کێشە رزگار دەکەن . ئەوە منیش لە ئاستی خۆمدا بەشداریتان لەگەڵ دەکەم .

*　　*　　*

ئێوارە بوو کاتی نوێژی (عیشا)، مام یاسین و مام عەزیزی دراوسێی ساڵح، چوونە لای زوبێری مامی ساڵح و دانیشتن، ئەوسا پرسیار و وەڵام دروست بوو .

مام یاسین کوتی زوبێر، ساڵحی برازات وا لە بەندیخانەیە، خوا هەڵناگریّ، لە ئێمە زیاتر کەسی نیە، خوای گەورە نەبیّ، ئەوا هاوڕێکانی لە کارگە هەندێك پارەیان بۆ کۆکردۆتەوە و ئێمەش هەندێك، تۆش کەمێك یارمەتی بدە.

زوبێر بە رقەوە گوتی : من ئەوە نازانم، چی شکاندووە با بیکڕێتەوە، نە زیاتر نە کەمتر .

مام عەزیز گوتی : ماندوو بوون لەگەڵ زوبێر سوودی نیە . پێم بڵیّ شتە شکاوەکان بایی چەندن .

زوبیر گوتی : بایی سێ سەد دینارە .

مام یاسین دەستی خستە نێو گیرفانی و هەر سێ سەد دیناری لە دەستی زوبێر کرد و پێی گوت بەیانی وەرە پۆلیس خانە و شکایەتەکەت هەڵوەشێنەوە، بەڵکو سالّح دەگەڕێتەوە ماڵەوە .

زوبێر گوتی : ئەوەشی پێ رابگەیەنن . جارێکی کە نەکا بەم ناوەدا بێتەوە .

ساباتی کچی زوبێر گوێی لەم قسانە بوو، زۆر رقی لە باوکی هەڵسا و زۆر بەزەیی بە سالّح دا دەهاتەوە .

ئیتر مام یاسین و مام عەزیز رۆیشتن .

مناڵەکانی زوبێر چوونە لای باوکیان و پێیان وت باوکە، سالّح برازای خۆتە، بەیانی پارەکەی بۆ رەوان بکەوە .

سابات گوتی : باوکە، کاتێك سالّح لە دەرگای ئێمەی دا، زۆر بە نەرمی و هێمنی قسەی لەگەڵم کرد، هیچ نیازی شەڕی نەبوو . چاوەکانی پڕ بوو لە بێکەسی و شەرم، تەنانەت پارچە جلێکی باشی لەبەردا نەبوو، کە رۆیشتیش گریان رێگەی نەدا هیچ بڵێ .

زوبێر گوتی : زیاتر نەدوێن . ماڵی منی کاول کرد . بۆ ئێوە من بەچی تێدەگەن .بەم سێ سەد دینارە شتەکان دەکڕمەوە .

بەیانی رۆژی دواتر زوبێر چووە پۆلیسخانە و شکایەتەکەی هەڵوەشاندەوە و بە بەڕێوەبەری پۆلیسخانەکەی وت من هاتووم لە برازاکەم خۆش بم .

ئەفسەرەکە گوتی : باشە، بەلاّم نەوەك سبەی بێیتەوە و بڵێی برازاکەم دەمکوژێ . پەلە مەکە با دە دوازدە رۆژی تر لێرە بێ .بەڵکو فێری رەوشتی باش بێت .

هەمان کات مام یاسینیش هات و بە بەڕێوەبەرەکەی وت کێشەکە هیچی نەماوە . ئیتر دوبارە نابێتەوە .

ئەفسەرە بەڕێوەبەرەکە رازی بوو، زەنگەکەی لێدا و پۆلیس هات و بە زوبیری وت بڕۆ پەنجەت مۆر بکە لە ژووری (کۆمیسەر) .

بەڕێوەبەرەکە بە پۆلیسێکی تری وت بڕۆ (سالّح عومەر)م بۆ بێنن .
(سالّح)یان هێنا ژووری بەڕێوەبەرەکە و بەڕێوەبەرکە پێی گوت هەی بێ قیمەت، هەی کەم، چۆن زمانت بەرامبەر مامت دەگەڕێ، لە جیاتی یارمەتی مامت بدەی و ئاگات لێی بێ، کەلوپەلی لێ دەشکێنی، تۆ هەق وابوو لە بەندیخانە بڕزێیتەوە، دەڵێن تۆ باوکیشت نەماوە، تف لێت . مامت لە جێگەی باوکتە . وەڵلاّ ئەمجارە مامت بێتەوە ئێرە، شکایەتت لێ بکا، هەردوو قاچت دەشکێنم . فەلاقەت دەکەم هەی خوێڕی .
بەڕێوبەرەکە رووی لە مام یاسین کرد و گوتی : دنیا گۆڕاوە . منالّ رێزی گەورە ناگرێ، بەلاّم من ئیشم چیە ؟، لە بەغداوە هاتووم دەبێ منالّی هەولێر فێری رەوشت بکەم، ئەوەی رێزی گەورە نەگرێ بە قۆندەرە دەمی دەشکێنم، جاری جاران نەماوە حوکمەت دەستی نەگاتە هەندێك شوێن .
دیسان رووی لە سالّح کرد و گوتی : ئێستا بڕۆ، بەلاّم وەڵلاّ لێرەت ببینمەوە، دەبێ شێتت بکەم لە بەندیخانە، بە هەموو خوێڕییەکانی کۆلاّنەکەشتان بلّێ، دەرگای بەندیخانە والاّیە بۆ ئەوانەی لەخۆبایین . دەبڕۆ، خوات بە قوربانی مامت بکات، ئەگینا تۆ هەر لێرە دەبووی .

*   *   *

پاش چەند رۆژ یێك ئێوارەیەك دەمەو عەسر . ڤیان لە ژوورەکەی، خۆی دەستەکانی لە دەست ئومێد کردبۆوە و هیچ رووناکییەك لێی بەدی نە دەکرا .

زەنگی دەرگاکەیان لێدرا و دایکی ڤیان دەرگای کردەوە .
ئەوان دەستە خوشکەکانی ڤیان بوون لە قوتابخانە. بۆ سەردانی کردنی ڤیان هاتبوون .
دایکی ڤیان پێی گوتن ڤیان لە بارێکی زۆر خراپدایە تەنانەت لە ژوورەکەی نایەتە دەرەوە، هەردەم دەست لە ئەژنۆیە و رۆژ لە دوای رۆژ بێهێزتر دەبێ و

خواردن و خواردنەوەشی کەمتر دەبیّ، ئیّوەش قسەی لەگەلّ بکەن بەلّکو بە بینینی ئیّوە کەمیّك باشتر بیّتەوە .

دەستەخوشکەکانی ڤیان چونە لای ڤیان و دە ستیان کردە ملی و ماچیان کرد و هیوای چاك بوونەوەیان بۆ خواست . بەلاّم ڤیان هیچ وشەیەکی بۆ نەوترا جگە لە فرمیّسك کە لەسەرەخۆ لە چاوە گەشەکانیدا دەهاتنە خوار .

دەستەخوشکەکانی ڤیان لەملا و لەولای ڤیان دانیشتن . ڤیان هیچ قسەیەکی نەبوو تا بیکات . بەلاّم دەستە خوشکەکانی پیّیان گوت : ڤیان هیّشتا کات ماوە، مامۆستاکان وتیان با بگەڕیّتەوە خویّندن . با ئەم سالّی لە دەست نەچیّ .

بەلاّم ڤیان وەك چۆن کەڕولالّ بیّ، وەك چۆن قسە بۆ دار و بەرد بکەی وا بوو .

ڤیان هەر سەیری جلی دەستە خوشکەکانی دەکرد، کە هی قوتابخانە بوون . چونکە زۆر حەزی لە جلی قوتابخانە بوو .

ئیتر دەستەخوشکەکانی ڤیان قسەکانیان تەواو کرد و ئەوسا خوا حافیزییان کرد .

ڤیان لەگەلّیان هەلّسا، تا باخچەی حەوشە . لەدوا هەنگاودا، کە لەنزیك دەرگای حەوشە بوو . تا ئەو کات ڤیان وشەیەکی نەدرکاندبوو .

ئەوسا لەویّ ڤیان گوتی : سوپاستان دەکەم بۆ هاتنتان . هاتنتان کۆلّی خەمی پیّ دانام و کۆلّیّکی تری پیّ هەلّگرتم، ژیان بەهاریّکە هەندیّ کەس ئەگاتە سەری و هەندیّکیش نایگاتیّ . تازە ژیان بۆ من چ بەهایەکی نەماوە، ئیتر لەبەر هەیوانی ئەو عومرە بیّ ئومیّدە راکشاوم . تاکو رۆژیّك ئەو چرایەش دەکوژیّتەوە، بەلاّم بەو خودایە، من هیچ تاوانیّکم نەکردووە . دیارە قەدەر وایە، لە خوشکایەتی ئیّوە دادەبڕیّم و لە کتیّب و قوتابخانە جیا دەبمەوە .

هەتا ئیّرە بەهار بوو، ئیّستا من دەرویّشی پاییزم . خەزان دەستی لە یەخەم

گرتووە، بە هەناسە وەریوەکانی هەناسەی سارد کردووم .

خواتان لەگەڵ دەستە خوشکە ئازیزەکانم، هیوای ژیانێکی کامەرانتان بۆ دەخوازم، ریز و سلاّوی تایبەتیشم بۆ بەڕێوەبەری قوتابخانە هەیە . ئەو هەموو راستیەکان دەزانێ .

ئیتر ساڵح لە بەندیخانە رزگاری بوو، بە یارمەتی شوان و هاوڕێکانی و بە یارمەتی مام یاسینی دراوسێیان .

ئەم جارەشیان گەڕایەوە ماڵە شەوە زەنگەکەی، بەدڵ ساردی .

ساڵح لە ماوەی پێشو کەمێك باڵی گرتبوو . وەك باڵدارێكی باڵ شكاو . بەلاّم سەر لە نوێ کەوتەوە . کەوتنێکی بە ئازار، ئازارێکی بێ بن هەر چەند بیری دەکردەوە هەر لە ئازار دەستی پێ دەکرد و بە ئازاریش کۆتایی پێ دەهات .

تاکە رۆژێك نەبوو دەستی کەسێك بگرێ و پێی بڵێ (بابە) . یان کەسێك یاری لەگەڵ بکات و پێی بڵێ (برام) . ئەو وەکو کەس نەبوو . هەرچی سەیری ئەکرد وەك ئەو نەبوو، جیا بوو .

نیوەڕۆیەك لە بەر هەیوانی خانووە شڕەکەیان راکشا بوو . داپیرەکەشی لە نزیکی دانیشتبوو . دەنگی دەرگاکە هات و یەکێك لە دەرگا بوو .

داپیرە داماوەکەشی هەڵسا و دەرگاکەی کردەوە . (ساڵح) یش چاوی لێ بڕیبوو تا بزانێ کێ یە بەم نیوەڕۆیە لە دەرگا دەدا .

داپیری ساڵح دەرگاکەی کردەوە و یەکسەر باوەشی نا بە ئافرەتێك و بووە قلپەی گریان .

نە ئافرەتەکە داپیری ساڵحی لە باوەش بەر ئەدا و نە داپیرەکەشی .

ساڵح چاوەکانی تێ بڕیبوو و لەم چیرۆکە نە دەگەیشت . چونکە ئەو ئافرەتەی لەم گەرەکە نەبینی بوو . ئیتر بە گریان و هاوار بۆ حەوشە هاتن و ئافرەتەکە گەیشتە ساڵح و گوتی : ئەوە (ساڵح)ە .

یەکسەر باوەشی لیدا و گریا، بە گریانیکی غریب . گریانێك حەز بکات بگری، بگری .

ئەوسا سالح هەستی پێکردو زانی ئەوە ئەمیرەی دایکیەتی.پاش چەند سالْ تازە بە سەردانی دێتەوە. سالح و ئەمیرەی دایکی تێر باوەشی یەکتر نە دەبوون . گریانیش ڕێگەی نە دەدا کەسیان هیچ بلێن.

سالح خۆی دلْ پڕ بوو لە کاتێکی وا دەگەڕا پێی بگرێ، تاکو هەموو خەمەکانی بەگریان بڕێژێ .

دایکی (سالح) یش کاتێ سالح و ساکاری جێ هێشتبوو، کەسەرێکی زۆری لە دلْ بوو . ئەو تەنها بە هەوالْ گوێ بیست ببوو کە ساکاری کچی مردووە .

بەلاّم لەبەر دووری ڕێگە لە لایەك و نەریتی کۆمەلگاکەمان لەلایەکی تر، کە هەر ئافرەتێك شووی کردەوە، ناتوانێ بە ئاسانی منالەکانی پێشووی ببینێ.

هەر بۆیەش ئەم نیوەڕۆیە چەندین سالە ئەمیرەی دایکی سالح بۆی دەنالی و بۆی غەریبە .

چەند کاتژمێرێك پێش ئەوەی ئەمیرەی دایکی سالح شوو بکات . (سالح)یان ڕەوانەی گەڕەکێکی تر کرد، کە بچێ شیرنەمەنی بفرۆشێ . تاکو لە کاتی ڕۆیشتنی داکیدا لەوێ نەبێ .

سالح ئەو ئاخەی هەر لە دلْ مابوو ئەو گریانەی هەر نەڕۆیشتبوو . بۆیە ئەم گریان و هەموو گریانەکانی بێکەسی لەیەك گرێدا و بەم نیوەڕۆیە بە گریانێکی بەکوڵ دەریخست .

سالح جار جار بە گریان بە دایکی دەگوت ئەم جارە کەی دەڕۆی ؟ . دیسان ڕەوانەی شوێنێکم دەکەی و تا دێمەوە دیسان ڕۆیشتبی ؟ . ئەی ساکار سەرەکی لێ نادەی ؟، ئەویش تا مرد چاوەڕێت بوو . ڕەنگە ئێستاش چاوی لێت بێ . هەر بۆیەش مرد، خۆ ئەو ڕۆژەی منتان ڕەوانەی شیرینەمەنی فرۆشتن کرد، لە بیرمە هەستم دەکرد کەوا دایکیشم لێم دادەبڕێ و نایبینمەوە.

ئەمیرەی دایکی سالح گوتی : سالح، شووکردنی من ویست نەبوو . بەلکو

ژەهرێك بوو دەبوایە بیخۆمەوە . برینێك بوو، دەبوایە جەستەم ئازار بدات . هاوڕێیەك بوو دەبوایە بخنكێ، ئەو كات دەرگاكان هەمووی داخران هانام بردە بەر مامت، وتیان مناڵەكانمان بدەوە . دڵم نەهات مناڵەكان بخەمە بەر دەست ئافرەتێك، كە نەیانناسن و نەیانبینی بێ . پێم باشتر بوو هەر لەگەڵ مناڵەكانمدا بژیم، بەڵام پاش ماوەیەك ژیان سەختتر بوو . رۆژ لە دوای رۆژ ژیان ئاڵۆزتر دەبوو . نەبوونی چۆكی پێ دادام و زۆر بە ناچاری، مناڵەكانم لەلای دایكم بەجێ هێشت . پێم باشتر بوو لە ئافرەتێكی تر . هەر واش بوو . مناڵەكانم نە كەوتنە بەر چەپۆكی كەسێكی تر .

كوڕم، كە رۆیشتم هەناسەم لەگەڵ سینەم بوو بەشەڕیان . ڕوحم لەگەڵ لاشەم، چاوم لەگەڵ بینایی، كە رۆیشتم لە هەموو بەردەكانی كوردستان دەپاڕامەوە، كە پیاوەكەمیان نەپاراست لە گوللەی دوژمن . ساڵح و ساكارم بۆ بپارێزن، كە رۆیشتم، چاو و دڵ و هەناسەم بەجێ هێشتبوو لەلای بووكە شوشەكەی ساكار و سینیە شیرینەمەنیەكەی تۆ .

ئاخ قەدەر چۆن خەمی دونیای لێ باراندم و دەرگای ژیانمی داخست و خێزانێكی بەختەوەری لێ كاول كردم . هەرچی هەمبوو لەم دونیایە، ئەم خێزانە بوو . من هیچ تاوانم نەبوو قەدەر نەبێ .

ساڵح گیان، تا ئێستاش دوای چەند ساڵە ئێستا توانیومە سەردانتان بكەمەوە، چونكە هەم جێگاكەمان دوورە، هەر لەبەر كێشەی خێزانی نەمتوانیوە .

ساڵح گیان شوكر بۆ خوا تۆ گەورە بوویت، هەوڵ بدە ماڵێك ئاوەدان بكەیتەوە، ئیتر ڕووناكی بگەڕێتەوە ناو تاریكی رۆژانی رابردوومان . من ئەگەر بمرم بە ئاهی ساكارەوە دەمرم و ئەگەر بژیم، بە ژیانی تۆ دەژیم . وا مەزانە من كە لێتان دابڕام، ئیتر ئێوەم لەبیر نەماوە . من تا بژیم بۆ ئازار دەژیم، كە مردیشم بۆ خەمی دونیا ئەمرم .

ساڵح گیان، ژیان سەختە . بەڵام هەروەك دەڵێن ئەو كەسە قەدری ژیان

دەزانیٚ، کە سەری کەوتبێتە سەر بەردێکی ڕەق، نەك دەستێکی گەرم .

*          *          *

ئەحمەد لە ژووری زیندان مایەوە . ژووری زیندان، ژووری قوتابخانەیەکی تر بوو بۆ ئەحمەد . پێشتر ئەحمەد نەیزانی بوو، کە ژیانێك هەیە لە زیندان بەم شێوەیە .

ئەحمەد هیچ کاتێك خۆشەویستی ڤیانی لە دڵ نەجولا بوو .

شەویێك لە زیندان ئەحمەدیان ئازاردا . جەللادەکان کە گەڕاندیانەوە ژوورەکەی خۆی . زۆر بیٚ هێز بوو . کاتێك خەوی لیٚ کەوت . خەویێکی قووڵ بردیەوە . دوونیاش گەرم بوو .

ئەحمەد خەوی بینی . لە خەودا ڤیان جلێکی کوردیی دەشتەکی لە بەر بوو، لە حەوشەی خانویێکی قوردا دەسکە گوڵێکی پیٚ بوو . ئەحمەد لێی نزیك بۆوە و ڤیان پێی گوت (ئەم گوڵە سوورەم بۆ هێناوی بە دیاری . سەیریکە چەند گەش و جوانە بە عەشقمان، دە وەرە من چاوەڕێتم لێرە . لەم ماڵە تەبایە . لەم دیٚ یە جوانە . نەك لەسەر کورسی قوتابخانە . کورسی قوتابخانە ئازاری دام . وەرە ئێرە مەملەکەتی جوانییە، من چاوەرێتم، هەر کاتێك ئازاد بووی، لێرە دەمبینیەوە . جوان سەیرم کە . سەیری ئەم بنارە کە) .

ئەحمەد خەبەری بۆوە و هەڵسا و گوتی : ئەی خوایە ئەمەچی بوو ؟ .

هاورێکانی خەبەریان بۆوە و وتیان چی بوو ئەحمەد ؟ .

ئەحمەد گوتی : خەوم بینی .

شەماڵ وتی وریابە، جەلادەکان نەزانن خەوت بەکیٚ بینیوە . نەوەك بەیانی ئەویش دێننە لای تۆ .

خەونەکەی ئەحمەد لە جێگەی خۆی بوو . چونکە دوای بەیانی دایکی ڤیان، بە باوکی ڤیانی گوت ڤیان داخوازی هاتووە، تۆ دەڵێی چی ؟ . ئەوا ڤیان قوتابخانەی جێهێشت، تازە ناگەڕێتەوە .

باوکی ڤیان گوتی : کێ داوای کردووە ؟ .
دایکی ڤیان گوتی : سەربازی برازام . مامۆستایە .
باوکی ڤیان گوتی : ئەی پرست بە ڤیان کردووە .
دایکی ڤیان گوتی : بەڵێ، بەڵام هیچ وەڵامی نەدامەوە .
باوکی ڤیان گوتی : دووبارە ئاگاداری بکەوە و پێی بڵێ . هەوڵ بدە قسەی پێ بکە . ڤیان نەخۆشە هێمن بە لەگەڵی .

ڤیان زۆر بیری کردەوە . لەو بڕوایەدا بوو ئیتر ئەحمەد بوو بە خەون، بوو بە سەراب، ئیتر ناگەڕێتەوە، تازە دەبێ لە ناو ئەو خەم و یادانەدا بژی .

بۆیەش کە ئەمجارە دایکی پێی گوت : ڤیان، سەربازی کوڕی خاڵت داوای کردووی، دەرفەتێکی باشە، بۆ ئەوەی لەم بیرکردنەوەی ئەم ژوورەدا رزگارت بێ، تۆ لە قوتابخانەش دەر نەچووی و ئەویش مامۆستایە . لەو بڕوایە دام ژیانت شاد بکات . خۆ هەر نەبێ کوڕی خاڵتە و شارەزای یەکترین .

ڤیان بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵی دا وشەیەك بدرکێنێ . بەڵام خۆشەویستی ئەحمەد، ئەوەندە بەرز و پیرۆز بوو لەلای . نەیتوانی هیچ بڵێ .

چاوەکانی خستنە سەریەك و بێ دەنگ بوو . لەو بڕوایەشدا نەبوو کە ئەحمەد لە ژیاندا ماوە . ئیتر کەوتە گومان و دوودڵییەوە .

دایکی پێی گوت ئەوان بەیانی دێن . خۆت ئامادە بکە و جلەکانت بگۆڕە .
قژت زۆر ناڕێکە . با بەم شێوەیە نەتبینن . تۆزەك وەرەوە سەرەخۆ .
ئیتر دایکی لە ژوورەکە بە تەنیا جێیهێشت .

ڤیان لە ناو کتێبخانە بچووکەکەی ژوورەکەیدا گەڕا و پێنووسێکی دۆزییەوە لەگەڵ کاغەزێك و نووسی

تۆ بێ دەنگ بووی بۆیە منیش وا زوو ڕووخام
نامراد بووم لە ناو تەمەنی مەیتگام
چاوەڕێت بووم لەگەڵ هەموو خۆرێکی نوێ

چاوەڕێت بووم ئاوازی دەنگت بۆم بدویٚ
چاوەڕ ێت بووم بێیتەوە لام
تۆ بیٚ دەنگ بووی ..
تاکو منیش لەگەڵ مۆمی تەمەنی خۆم
بە یەکجاری ئیتر سووتام
تۆ بیٚ دەنگ بووی منیش سەر شێت
نەمزانی بوو چ هەوارێك دەکەی بەجێت
ڕێگەی کۆچ و کۆچبارێکی سەر لە نویٚ ئەکەی بەڕێت
تۆ بیٚ دەنگ بووی بە بێدەنگیش سەفەرت کرد
منیش تەنیا و هەر بە تەنیا .. دڵم لە نێو ژووری بیٚ تۆ
چاوەڕیٚ بوو هەتاکو مرد
تۆ بیٚ دەنگ بووی .. چرای نائومێدیت لە(میحرابی) دڵما هەڵکرد، ئەی ئەو کەسەی خۆشم ویستی .. تۆ منت کوشت .. تۆمنت کوشت .

خستیە ناو زەرفێك و لە سەری نووسی، ( بۆ ئەو کەسەی چاوەڕێی بووم ماڵئاوا) .

ڤیان هاتە بەر دەرگا و بە منالێك کاغەزەکەی ڕەوانەی ماڵی باوکی ئەحمەد کرد و پێی گوت ئەوە بدە دەستیان .

شەوی داهاتوو دیسان ئەحمەد خەوی بینی لە خەودا ڤیان لە بناری چیایەك بوو لە سەر بەردێك دانیشتبوو بەئەحمەدی گوت وەرە، وەرە ئەم مەملەکەتە، ئێرە بێترسە، من لێرە چاوەڕێت دەکەم، ئەی نازانی دوێنیٚ لەگەڵ بانگی ئەڵڵاهو ئەکبری ئێوارە هەولێر مرد، ئەی نازانی سوڵتان مزەفەر گریا و سێبەری منارەشیان دزی . وەرە، وەرە ئێرە لێرە من چاوەڕێتم .

ئەحمەد خەبەری بۆوە و ڕاپەڕی . هاوڕێکانی هەڵسان و گوتیان چی بوو .

ئەحمەد گوتی : خەوم بینی . بەڵام لەوەتەی لێرەم خەوی وام نەبینیوە .

شەماڵ گوتی : برام، ئێرە جێگەی خەونە بە ئارەزووی خۆت خەو ببینە .

رۆژی دواتر ڤیان مارە کرا و کاتی گواستنەوەشی بۆ دانرا . بەلاّم ڤیان هەر لە خەیالّی عەشقی پاك دا بوو .

*          *          *

ئێوارەیەك (مولازمێك) ئەحمەدی هێنایە دەر لەژووری زیندان و بردییە ژوورێکی تر بۆ لێکۆلّینەوە و پێی گوت ئەحمەد قسە بکە . باشتر وایە قسە بکەی . چونکە لەوەتەی لێرەی، هێشتا ئێمە خۆمان پێ نە ناساندووی . قسە بکە بەلّکو کەمێك لە تاوانەکانت کەم دەبێتەوە، ئێمە دەزانین تۆیان خەلّەتاندوە و بە هەلّە تێیان گەیاندووی . ئەوەی کاری تێکدەرانەی لەگەلّ کردووی، ئەو سەر بە خۆمانە .

ئەحمەد وەلاّمی دایەوە و گوتی : بەلاّم، من دلّنیام تۆ یان خەلّەتاندووە و ئەگەر راستیەکان بزانی، خۆت دەمبەیتەوە مالّەوە .

مولازمەکە گوتی : من تۆم خۆش دەویّ، تۆ ژیانێکی زۆرت لە پێشە، من دەزانم کەمتر لە مانگێك لە حەوشەی پشتەوە گوللە باران دەکرێی، جا باشترە ناوی ئەوانە بلّێی کە تۆیان گەیاندە ئەم ڕۆژە، ئێستا بڕۆ، بیرێك بکەوە لە خۆت و دایك و باوکت .

ڤیان جلی بووکینی پۆشی و کرایە بووك . بەلاّم بۆ کێ ؟ . بۆکەسێك نا، کە چەندین سالّە بەلّێنی پێداوە . بەلّکو بۆ کەسێك، کە هەرگیز بیری لێ نەکرد بۆوە .

ئیتر خۆشەویستیەکەی لە ناو دلّە بە وەفاکەی دانیشت . ئەو چرایەی ڕۆژانی زوو هەلّیکردبوو کوژایەوە . بە ئومێد بوو بە دیاریەوە، خێزان لەگەلّ ئەحمەد پێك بنێ .

ئەو سەرچاوە کانیەی عەشقی لێ هەلّقولاّ بوو . بوو بەکانی خوێن و ئازاری لێ بەدی ئەکرا .

ڤیان کرایە بووك و بەچەپلّە ڕێزان بە کۆلاّندا رۆیشت . لەگەلّ زاوادا بە بەر مالّی ئەحمەد تێپەڕی . باوك و دایك و خوشکەکانی ئەحمەد لەبەر دەرگا

بوون.

ڤیان تیلە چاوێکی دانیٚ و بە هێمنی چاوەکانی داخست نەیتوانی دان بەخۆیدا بگریٚ و دڵۆپە فرمێسك هاتنە خوار .

وەکو گوللەی وێڵ . عەشقێك مرد و فرمێسك لە دایك بوون .

ڤیان حەزی لەم رۆژە نەبوو لەدڵی خۆی بە رۆژی مەرگی دانا . قەدەر و مامۆستا ئەسعەد، رووبەڕووی ئەم رۆژەیان کرد .

دایك و باوکی ئەحمەدیش چاویان بە ڤیان کەوت، برین کولانەوە و ئازار سەری هەڵدا .

ئیتر روویان لە ژوورەوە کرد و تێر گریان .

لە دڵی ئەوان وەك بڵێی تەرمی ئەحمەدە هاتبێتەوە . چونکە دوو مانگ زیاتر بە سەر ونبوونی ئەحمەد تێپەڕی و بیٚ سەر و شوێن مابۆوە .

ئەوانیش لەو بڕوایەدا نەبوون کوڕەکەیان ماوە .

ماڵی ئەحمەد تاریك بوو . ژوورەکەی وەك خۆی بوو . کتێبەکان لە شوێنی خۆیان بوون .

ئەم ئێوارەیە لە ماڵی ئەحمەد تەنها گریان مێوان بوو .

*          *          *

ساڵح دەستی بە ژیان کردەوە . دیسان لە هیچەوە بەکۆڵیٚ خەمی ترەوە .

زۆر جار لەلای مام یاسین دادەنیشت و جار جاریش کاتی ئێواران دەچووە لای شوان . دەمەو عەسرێك، ساڵح لە بەر دووکانی مام یاسین بوو .

بینی کچێك لە دەرگای ماڵیان دەدات . لێی نزیك بۆوە و بینی، کە ئەوە ساباتە کچی مام زوبێر . سابات بە ساڵحی گوت ئەم کاتەت باش، ئامۆزا .

ساڵح گوتی : ژیانت باش، ئەوە چۆنە هاتووی ؟ .

سابات گوتی : بۆ پێت ناخۆشە هاتووم ؟ .

ساڵح گوتی : نا، پێم ناخۆش نیە . بەڵام ..!

داپیری ساڵح دەرگای کردەوە و (ساڵح و سابات)یش چوونە ژوورەوە .

سابات گوتی : داپیرە . من زۆرم پێ ناخۆش بوو، کە باوکم لەگەڵ ساڵح کێشەیان بوو، بەڵام لەدەستەڵاتی منـدا نەبوو، من ئێوەم خۆش دەوێ . لەمەودوا سەردانیشتان دەکەم .

داپیری ساڵح گوتی : بەڵام ئێمە بێکەسین . دەترسم باوکت بەمە بزانێ و کێشەمان بۆ دروست ببێ .

سابات وتی نا .. داپیرە مەترسە . هیچ روو نادات .

سابات کەمێك دانیشت و چایەکی خواردەوە . پاشان گوتی : داپیرە، من دیارییەکم بۆ تۆ هێناوە. دەبێ لێم قبول بکەی .

سابات پارچە قوماشێکی هێنابوو بۆ کراس، بۆ داپیری ساڵح و گوتی : من دەڕۆم . کە هەڵسا لە جانتاکەی کاغەزێکی داخراوی دەرهێنا و گوتی : ئەمەش دیارییە بۆ ساڵح .

ساڵح وتی من نەهاتمەماڵتان بۆ هیچ شتێ . تەنها حەزم کرد بتانناسم . ئێستاش حەزناکەم هیچ شتێ وەربگرم .

سابات گوتی : ساڵح، تۆ کوڕی ماممی و من و تۆ یەك خوێنین . لەمەولا دەبێ سۆز و خۆشەویستی لە نێوانمان زیاتر ببێ . نابێ تۆش وا دوور بی لە من .

ساڵح گیان، من لە تۆ گەورەترم، ڕێگەی باشت بۆ دادەنێم . ئەگەر هەر کارێکت هەبوو، وەرە سەردانم بکە لە زانکۆ . هەوڵیش دەدەم کە ڕۆژێك بێ، ژیانی تۆش وەکو خەڵك ببێ .

ساڵح کاغەزەکەی وەرگرت و گوتی : سابات، باوکت ئازاری دام . بەڵام تۆ لە بیرت بردمەوە . ئەو کاتەی هاتمە لای باوکیشت . هاتبووم ئازارم لە بیر بچێتەوە .

سابات کچێکی ژیر و هۆشمەند و بە وەفا بوو . درکی بە زۆرداری باوکی کردبوو، دەرهەق بە ساڵح و باوکیشی . سابات خواحافیزیی کرد و ڕۆیشت. ساڵح کاغەزەکەی کردەوە، پەنجا دیناری تێدا بوو .

سالّح کەمیّك بیری کردەوە و پارەکەی خستە گیرفانی و لە دلّی خۆی گوتی : شوان پارەیەکی زۆری چوو، تاکو من دەربازبم لە بەندیخانە . با ئەم پەنجا دینارەی بۆ بگێڕمەوە .

ڕێگەی مالّی شوانی گرت و ڕۆیشت . کاتێك نزیك بۆوە لە مالّی شوان . بینی قەلّەبالّغی لە مالّی شوانە . زیاتر نزیك بۆوە، گوێی لە دەنگی گریانێکی زۆر غەریب بوو .

خوشکەکانی شوان هاواریان دەکرد شوان، بە جێمان مەهێلّە . ئەم تاکە چرایە مەکوژێنەوە.

سالّح زیاتر نزیك بۆوە بینی، کەوا لاشەی شوان لە حەوشەکەدایە و شوان مردووە . هاوڕێکانی کارگەش لە وێ بوون . سالّح دیسان دەستی خستە ناو دەستی گریان و باوە شیان لەیەك کرد .

(شوان)ی تاقانە خوشکەکانی بەجێهێشت لەگەلّ دایکی .

سالّح لە یەکێك لە برادەرەکانی کارگەی پرسی شوان چی بەسەر هاتووە بۆچی مرد ؟

ئەویش پێی گوت شوان خلیسکایە سەر عەمبارێکی گەنم، کە بەتالّ کرا بوو.

سالّح سەیری خوشکەکانی شوانی دەکرد،کە تەنیا و بێکەس مابوون و لە گەلّ دایکێکی داماوی ئیفلیج، وێنەیەکی زۆر خەمناك بوو .

ئەم خێزانە تەنها (شوان)یان مابوو قەدەر بێ بێ بەزەیی پیا هاتنەوە بە ئارەزووی خۆی لەت وپەت دەکا .

شوان ڕووناکی مالّێك بوو . خوێندنی بە جێهێشتبوو لە بەر بەخێوکردنی خێزانەکەی .

شوان هەموو شتێکی کرد بووە قوربانی دایك و خوشکەکانی . دوا سات خۆشی بووە قوربانی خێزانە بێ نازەکەی .

شوان زوو کۆچی کرد . ئەویش وەکو خەلّك . وەکو هەزاران لاوی دونیا، خەون و هیوای زۆربوون . چاوەڕێ بوو تەنگانەیی نەمێنێ و ژیانیان بەرەو

باشی بڕوات . تاکو ڕۆژێك بێت و دەست نیشانی شۆخێك بکا و بیخوازێ .
بەلاّم مەرگ .. ئاخ مەرگ . تەنها ئەو ڕێگە لە حەز و ئارەز و ئەگرێ . ئای مەرگ، چەندە ناشیرینی . کاتێ لە کاتێکی نا وەختا دێ و باڵی ڕەشی خەونەکان دەسوتێنی .
ساڵح ئۆقرەی نەگرت و ڕێگەی ماڵەوەی گرت . یەکجار بە ماندوویی . هەنگاوەکانی زۆر شەکەت بوون.
هەرچی مانای ئومێد هەبوو لە چاوەکانی ساڵح بەدی نە دەکرا . ساڵح گەڕایەوە ماڵ . هەموو دەرگاکانی لێ داخران .
ساڵح لە ژووره سادەکەی ڕاکشا و لەگەڵ خۆی دوا و گوتی : خودایە، دایك و خوشکەکانی شوان لەمەو دوا چۆن ئەژین ؟ . بەچی ژیان دەگوزەرێنن ؟ .
خودایە، نەك هەر خەونەکانی شوان بوونە هەڵم . بەڵکو ئومێدە ڕەنگا و ڕەنگەکانی خوشکەکانیشی بوونە جلێکی ڕەش و دەبێ ڕەشی بپۆشن و ڕەشی بخۆن و بەڕەشی بژین .
ئەی خودایە نە لەسەرەتاکان ئەگەم، نە لە کۆتاییەکانیش . ئەم شارە وا کش و ماتە . مەرگ تەنها مێوانی لانەوازان دە بێ . ئەبێ کەی بێ هەموو مرۆڤە ماندووەکان بحەسێنەوە ؟ . ئاخ چەند سەختە . چەند ستەمە ئەم عومرە پڕ نەهامەتیە .
داپیری ساڵح هاتە ژوورەوە و گوتی : ها ساڵح، بۆ وا کز و بێ دەنگی .
ساڵح گوتی : داپیرە، (شوان)ی هاوڕێم کۆچی کرد و مرد دایك و خوشکی بە تەنیا جێهێشتن، داپیرە ئەم ژیانە چەند مەرگە ساتە .
داپیری ساڵح گوتی : کوڕم ئەوەی بژی هەموو شتێك دەبینێ . دیارە خودای گەورە وای بۆ ئێمە داناوە . دایك و خوشکی شوان خودایان ماوە لە بیرت نەچێ کوڕم .

*            *            *

کۆتایی مانگی نیسان بوو . ئەحمەد لە ژووری زیندان لەگەڵ شەماڵ و

ئەوانی تر، باسی لێبوردنی گشتییان دەکرد دەیانوت مانگی نیسان لەدایك بوونی (سەدام حوسێن)ە . ڕە نگە لێبوردن هەبێ .

نیوەڕۆ بوو زرمە زرمی پۆستاڵ هات . ترس زیندانەکەی داگرت . چونکە هەر کاتێك بە توندی جەلادەکان بهاتبان، یان ئازاردان بوو یان گوللە بارانکردن .

زرمەی پۆ ستاڵەکان نزیکتر دەبوو . تاهاتن و دەرگای زیندانەکەیان . کردەوە و دوو بەندکراویان بە خێرایی برد و گەڕانەوە . ئەوسا لەپەنجەرە بچوکەکەدا چاوەڕوان بوون تا بزانن چیان بە سەر دێ . پاش کەمێك هۆردوو بەندکراوەکەیان هێنا حەوشەی پشتەوە بۆ گوللە باران کردن .

ئەحمەد و هاوڕێکانی سەیریان دەکردن لەپەنجەرە بچوکەکە . جەلادەکان دەستی بەندکراوەکانیان گرێدا و ئامادەیان کردن بۆ گوللە بارانکردنیان .

ئیتر ئەمە ڕاستی بوو دەبوایە ئەم تاڵیە بچێژی . کاتێ زانیان گوللە باران دەکرێن . یەکێکیان هاواری کرد و بە هەموو توانایەوە گوتی : بژی کوردستان، بژی کوردستان . بژی پێشمەرگە، بژی پێشمەرگە . بمرێ بەعسی فاشی .

ئیتر درانە بەر ڕێژنەی گوللە و شەهید کران .

ئەحمەد هەناسە سارد بوو . ئومێدی بە ژیان نەما . چاوەڕێ بوو هەر کاتێك، ئەویش ببەنە حەوشەکەی پشتەوە و گوللە بارانی بکەن .

ئەحمەد راکشا و چاوەکانی خستە سەر یەك، تا نیوەی شەو هەر بەترسەوە بوون .

ئیتر ئەحمەد خەوت و لە خەودا ڤیان دەسکە گوڵێکی بۆ هێنا و پێی گوت هەڵسە ئەم گوڵە نەمامە بڕوێنە .

ئەحمەدیش لەم خەوە پێی گوت لەکێی بڕوێنم .

ڤیان گوتی : لە دێیەکی بنار قەرەچوغ، بستێ زەوی چاوەڕێتە .

ئەحمەد گوتی : من نازانم شارەزا نیم .

ڤیان گوتی : تۆ وەرە من لەویَ چاوەڕیَتم .
ئەحمەد گوتی : ئاخر من لە زینداںم .
ڤیان گوتی : سەیری ناو لەپی دەستم بکە .
لەم خەوە ئەحمەد سەیری ناو لەپی دەستی ڤیانی کرد و هەمان شویَنی بینی، کە جارانی پیَشو لە خەودا بینیبووی، کە بناری چیایەك بوو دیَیەکی خنجیلانە بوو، لە چەند خانویەکی قوڕ پیَکهاتبوو .
ئەحمەد لە خەو ڕاپەڕی و گوتی : هاوڕیَیان هەڵسن . ئیَمە یان ئازاد دەبین یان لیَرە دەمانگوازنەوە .
شەماڵ گوتی : ئەحمەد، دیسان خەوت بینیوە . دەبنوو برام بنوو .
ڕۆژیَکیان ساڵح بیَزار بوو، هاتە کۆلاَن و ئۆقرەی نەگرت . کەسیَك نەبوو بۆی بدویَ و گویَ لە خەمەکانی بگریَ . ئیتر بڕیاریدا بچیَتە لای سابات لە زانکۆ، تا خەمەکانی خۆی بۆ هەڵڕیَژیَ .
ساڵح چووە لای سابات و سلاوی لیَ کرد . سابات زۆر دڵخۆش بوو بە هاتنی ساڵح هەر بەپیاسە و هاتوچۆش، ساڵح باسی هەموو ژیانە کویَرەوەرییەکەی خۆی بۆ کرد . کە چەند ستەمدیدە بووە و چۆن ژیاوە بە بیَکەسی .
سابات هەموو ڕاستییەکانی زانی . هەتا زانی،کە باوکیشی گەورەترین تاوانبارە دەرهەق بە ساڵح .
سابات زۆر بەوەفا بوو . بۆیە فرمیَسکەکانی دڵۆپ دڵۆپ دەهاتنە خوار .
هەموو قوتابیانی کۆلیَژ سەریان سوڕما بوو، کە سابات لەگەڵ کەسیَك پیاسە دەکات زۆر لیَك دوورن لە هەموو ڕوویەك . لە ڕووی تەمەنەوە، سابات نزیکەی شەش حەوت ساڵ لە ساڵح گەورە تر بوو . هەروەها لەلایەکی تر ساڵح جل و بەرگیَکی شڕ و سابات جلی دەوڵەمەندانی لەبەر بوو .
پاش ئەوەی ساڵح هەموو خەمەکانی بۆ سابات بەیان کرد . سابات زۆر گۆڕا و گوتی : ساڵح، لە مەولا هەر شتیَکت هەبوو وەرە لای من، بیَ ئەوەی باوکم بزانیَ من یارمەتیت دەدەم، بەڵیَنیش دەدەم هەموو ئەو کارانەی باوکم

کردویەتی بەرامبەر بە تۆ، ئەوا لە بەرامبەریدا بە چاکە و کاری باش بۆت قەرەبوو بکەمەوە، بەڵێنیشت پێ دەدەم تاکو دەگەیتە سەر پێیەکانی خۆت، بە هەموو توانایەك کارت بۆ بکەم . بەڵام دیسان دەڵێم هەر کێشەیەکت هەبوو وەرە لام .

ئیتر ساڵح خوا حافیزی لێکرد و بەجێیهێشت .

*　　*　　*　　*

بەر لە نیوەڕۆ بوو . ئەحمەد لە تاریکی زینداندا بوو . یەکێك لە بەعسییەکان سەری لە نێوان شیشە ژەنگاوییەکانی زیندان هێنا ژوورەوە و هاواری کرد هەڵسن، دوعا بکەن بۆ سەرۆکی فەرماندە (سەدام حوسێن) خوا بیپارێزێ، لێبوردنی گشتی داوە . بۆ هیچ و پوچی وەك ئێوە . هەڵسن بزانن سەرۆك چەند باشە . ئەو هەردەم ئێوەی لە بیرە، هەرچەندە ئێوە کاری تێکدەرانەتان کردووە . ئەوا ئازاد دەکرێن . هەڵسن چەپڵە لێدەن .

ئەحمەد و بەندکراوەکانی تر لەبەر گریان و یەکتر لە باوەش گرتن، وشەیەکیان بۆ نەدەوترا، دەرگای زیندان کرایەوە .

شوان رووی لە ئەحمەد کرد و گوتی : دەبێ یەکتری ببینینەوە .

ئەحمەد گوتی : تا مردن تۆم لە بیر ناچێ، چونکە تۆ پێشی من لێرە بووی و زۆر شتت فێرکردم .

ئیتر هەموو خواحافیزییان لە یەکتر کرد .

کات بەر لە نیوەڕۆ بوو ئەحمەد گەیشتە کۆڵانەکەیان و لە دەرگایماڵەوەی دا. دایکی دەرگای کردەوە.

ئیتر دایکی خستییە باوەشی و لێی جیا نەدەبۆوە . ئەو ماڵە وەك رۆژی حەشری لێهات .

دایکی ئەحمەد لەبەر گریان و هاواری خودا هەموو کۆڵانەکەی هێنا هەژان . باوکیشی لە ماڵ نەبوو . دیار بوو زانیبووی کە لێبوردنی گشتی هەیە، چووبووە بەر دەرگای دەزگاکانی بەعس .

ئەحمەد بە ڕووناکی هەولێر شاد بۆوە، بەڵام زانی کە شوێنی مەرگ لە کوێیە
.

*          *          *          *

بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر . ئەحمەد بەرەو قوتابخانە کەوتە ڕێ و ڕووی لە پۆلەکەی خۆی کرد و لە دەرگای دا و مامۆستای وانەکە پێی گوت فەرموو .

ئەحمەد زۆر بە کزی و هێمنی ڕووی لە کورسییەکەی کرد و دانیشت .

مامۆستاکە پێی گوت بەخێر بێیتەوە .

قوتابییەکان بە سەرسوڕمانەوە سەیری ئەحمەدیان دەکرد . لەبەرئەوەی باوەڕیان وابوو کە ئەحمەد لە ژیان نەماوە .

هەتا دەستە خوشکەکانی ڤیانیش باوەڕیان نەدەکرد کەوا ئەوە ئەحمەدە و لەسەر کورسییەکەی دانیشتووە .

مامۆستاکە گوتی : ئەحمەد، زۆر خۆشحاڵ بووم کە ئازادکرایت، بەڵام تۆ نزیکەی چوار مانگە لە خوێندن دابڕاوی و باوەڕ ناکەم ماوەی وەرگرتنەوەت مابێ .

ئەحمەد گوتی : مامۆستا دەزانم شوێنم نەماوە، تازە دابڕام و ناکرێ بەردەوام بم، بەڵام حەزم کرد ئەمڕۆ بێمەوە پۆلەکەم و ئێوە و هاوڕێکانم ببینم، ئەگەر بۆ دوا جاریش بێ .

ئەحمەد سەیری کورسییەکەی ڤیانی دەکرد . سەری سوڕمابوو، کە ڤیان لە ژوورەکە نیە و کورسییەکەشی بەتاڵە، خەونەکانی نێو بەندیخانەی دەهاتەوە بیر و جار جاریش دەهاتە بەر چاوی کە ڤیان لەسەر کورسییەکەیەتی .

ئیتر ئەحمەد ئەحمەدی جاران نەبوو . زەنگ لێدرا و مامۆستاکە گوتی : ئەحمەد کوڕم سەرێك لە ژووری بەڕێوەبەر بدە .

مامۆستاکە ڕۆیشت و قوتابییەکان لە دەوری ئەحمەد کۆبوونەوە .

دەنگێك لە ناخی ئەحمەد دا هاواری دەکرد کوا ڤیان ؟ بۆ کورسییەکەی بەتاڵە ؟ .

بەڵام خۆشەویستی ڕێگەی لێ دەگرت .
سامانی هاوڕێی پۆلی باوەشی لە ئەحمەددا و بەخێرهاتنەوەی کرد و ئەحمەد سامانی جیا کردەوە و کەمێك دوور کەوتنەوە و ئەحمەد پێی گوت سامان پێم بڵێ کوا ڤیان ؟ بۆ کورسییەکەی بەتاڵە ؟ .
سامان گوتی : ئەحمەد، دیارە ڤیانت هەر لە بیرە و بە تەمایی ؟ .
ئەحمەد ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و گوتی : سامان، ڤیان چی بەسەر هاتووە ؟. توخوا پیم بڵێ .
سامان گوتی : هیچی بەسەر نەهاتووە، بەڵام پاش ئەوەی تۆ دەستگیرکرای . قوتابخانەی جێهێشت و نەگەڕایەوە .
ئەحمەد خواحافیزیی لە سامان کرد و خێرا ڕێگەی ماڵەوەی گرتەبەر . لە ڕێگەدا لە دڵی خۆیەوە دەیگوت من توانبارم، خۆشویستی من وایکرد ڤیان قوتابخانە جێبهێڵێ، من بوومە کۆسپ لە بەردەم وەدیهاتنی خەونەکانی ڤیان، دەبێ ڕووناکی بۆ هیواکانی ڤیان بگەڕێنمەوە . دەبێ خەندە بۆ سەر لێوەکانی بگەڕێنمەوە . ئێستا داوا لە باوکم دەکەم بۆم بیخوازێ، دەبێ هەموو خەمەکانی لە بیر بەرمەوە .
ئەحمەد هەرکە گەیشتە ماڵەوە، ڕاستەوخۆ بە باوکی گوتی : باوکە، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم .
باوکی گوتی : کوڕم منیش دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم . بێ گومان من و تۆ ئەگەر کێشەکانمان بۆ یەکتر باس نەکەین . کارەسات ڕوو دەدات . من یارمەتیت دەدەم و ڕێگەی باشت بۆ دیاری دەکەم، کوڕی خۆم .
ئەحمەد گوتی : باوکە ئەگەر منت خۆشدەوێ . ئەمڕۆ ڤیانی کچی مام سەعیدی دراوسێمانم بۆ داخوازی بکە .
باوکی ئەحمەد گوتی : کوڕم هێمن بە، کێ دەڵێ ئێستا ڤیان بە تۆ ڕازی دەبێ. پەلە مەکە، هەولێر هەمووی کچی جوانە، گەنجێکی وەك تۆ هەزران کچ خۆی بە قوربان دەکا .

باوکی ئەحمەد دەیویست وردە وردە راستییەکان بوروژێنێ . نەوەك کوڕەکەی تووشی هەڵچوون ببێ و تووشی نەخۆشییەك بێ .
ئەحمەد گوتی : باوکە، من تەنها ڤیانم خۆش دەوێ . من لەبەر ڤیان تووشی بەندیخانە بووم . ئەویش لەبەر من قوتابخانەی جێ هێشتووە و دورۆژی فەوتا و لەماڵەوەیە .
باوکی ئەحمەد گوتی : کوڕم، کێ دەڵێ شووی نەکردووە .
ئەحمەد گوتی : شتی وا روو نادات ئێمە عەشقی یەکین تا سەر ئێسقان .
قسەکانی ئەحمەد هەڵچوونی پێوە دیاربوو، بۆیە باوکی پێی گوت کوڕم، هێمن بە من باوکی تۆم، چی باش بێ بۆتی دەکەم، بەلاّم ئەوەی راستی بێ، بە داخەوە ڤیان رووخا و وایزانی تۆ مردووی، بۆیە شووی کرد و ویستی دوورکەوێتەوە .
ئەحمەد چاوەکانی خستە سەر یەك و کاتێ کردییەوە پڕ لە گریان بوو و گوتی : هەرگیز نایەتە بڕوام، چۆن ئەوە روویداوە ؟، ئەو بەڵێنی دابوو .
باوکی ئەحمەد گوتی : کوڕم، ڤیان هیچ تاوانی نیە، چونکە کەس لەو بڕوایەدا نەبوو، کە تۆ لە ژیان ماوی، ڤیان ژیانێکی تری دروست کرد تاکو عەشق نەیکوژێ . تۆش دەبێ هەوڵ بدەی ژیانێکی تر دەست پێ بکەی، بیر لە سبەی بکەوە، رۆژگاری قوتابخانە کۆتایی هات .
تۆ دوای شەش مانگی تر لە داوی سەربازی دەئاڵێی، دەبێ لە ماوەی ئەم شەش مانگە ژیانێك بۆ خۆت مسۆگەر بکەی .
ئەحمەد گوتی : لە ژیانی پێشمەرگایەتی زیاتر ژیانی مسۆگەر هەیە .
باوکی گوتی : نا کوڕم، ژیانی پێشمەرگایەتی زۆر سەختە، هەروا ئاسان نیە.

*  *  *

ساڵح بێ ئومێدبوو بەدەم ئەم هەموو گرفتە و بە مردنی شوانی هاوڕێی تەواو کپ و مات بوو . دەست بەرداری هەموو کارێك ببوو . رۆژ گاری بە

خــەم دەبــردە ســەر . جــار جــاریش ســەری لــە ســاباتی ئــامۆزای دەدا و خەمەکانی بۆ باس دەکرد .

دەمە و ئێوارەیەك لەبەر دوکانی مام یاسین زۆر بە لاوازی دانیشتبوو . دیار بوو غەمباری خەمەکانی رۆژگارە .

هەر لە سەری کۆڵانەکە گەنجێکی ڕەش تاڵە کراس و پانتۆڵێکی لەبەردا بوو و دەمانچەیەکی لەبەر پشت بوو، دەهات و لە بەرامبەر هەر دەرگایەکیش سـەیرێکی حەوشـەکەی دەکـرد، کـە گەیـشتە بەرامبـەر مـاڵی مـام عـەزیز دەرگاکەیان کرابۆوە . کچەکان لە حەوشەدا دیاربوون.

گەنجەکـە زیـاتر هەڵوەسـتەکەی کـرد و هـەنگاوەکانی کـەم کـردەوە . تـا ئـەو سەری کۆڵانەکە رۆیشت و دیسان هێمن هێمن گەڕایەوە .

ساڵح بە مام یاسینی گوت ئەوە کێیە ؟ .

مام یاسین گوتی : ئەوە دوێنێش هاتبوو . ئەوە عەرەبە لە دەزگای ئەمن و بەعسیەکانە . ئەوە خوێڕییە لە ئافرەت دەگەڕێ . گوێی مەدێ ئێستا وەك سەگ دەڕوا .

ساڵح گوتی : وەڵلاَ تەمبێی دەکەم .

مـام یاسین گـوتی : کـورم، دەسـت لـە خـۆت مـەدە . بـە خـوا ئەوانـە کـافرن . دڕندەن . دە تکوژن .

ساڵح گوتی : بەو خوایە ئەگەر لەت و پەت بکرێم، وای لێ دەکەم کە گەڕاوە شارەکەی خۆی بڵێ ناچمەوە هەولێر .

کوڕە ئەمنەکە دیسان گەڕایەوە، بە هەمان شێوە سەیری حەوشەی ماڵەکانی دەکرد . کاتێك نزیك بۆوە لە ساڵح .

ساڵح بانگی کرد هێی، وەرە .

عەرەبەکەش بە زمانی عەرەبی گوتی : چیت دەوێ ؟ پیسە .

ساڵح زمانی عەرەبی نە دەزانی و هەنگاو هەنگاو بۆ لای چوو .

عەرەبەکە بە ساڵحی گوت ناسنامەکەت بێنە زوو .

ساڵح بێ یەك و دوو ئەوەندەی خوا هێزی پێدا بوو (مستێکی) خستە دەمی عەرەبەکە و خستییە سەر زەوی، ئەوسا چووە سەری و بە پێڵاو هەموو سەر و مێشکی شکاند و دەمانچەکەی لەبەر پشتی دەرهێنا و بەردەوام بوو لە لێدانی، هەتا ساڵح خۆی ماندوو بوو .

عەرەبەکە وای لێهاتبوو، نەیدەتوانی لەسەر پێیەکانی بوەستێ .

ئەوسا ساڵح پێی گوت من ساڵحم، کوردم، ئەگەر ئەمجارە بێیتەوە ئەم کۆڵانە، بە دەمانچەکەی خۆت دەتکوژم .

عەرەبەکە کوردیی نەدەزانی و هەر دەیگوت دەمانچەکەم بدەوە .

ساڵح دەمانچەکەی خاڵی کرد و بە بەتاڵی فرێیدایەوە پێشی و پێیگوت بە خوا تۆ و ئەو دەمانچەیان نەگوتووە .

ئەمنەکە وەك سەرخۆش . هەموو جلەکانی ببووە خۆڵ و خوێن . ئەوسا رۆیشت .

مام یاسین گوتی : ساڵح نەمگوت وامەکە، تازە کەڵکی ئێرەت نەما، بە خوا ئێستا بەعسییەکان دێن، زوو برۆ لێرە مەمێنە .

ساڵح گوتی : بچم بۆ کوێ ؟ .

مام یاسین پێی گوت کەیفی خۆتە ئێستا خۆت بزرکە .

ساڵح رۆیشت و کۆڵانەکەی جێهێشت، پاش نیو کاتژمێر ساڵح گەڕایەوە .

هەر لە دوورەوە بینی کۆڵانەکە ئەم سەر و ئەو سەری گیراوەو پڕ بووە لە چەکداری بەعس .

هەرچی لەم کۆڵانە بوو بە شەق و شاپ دەیانبردن، ساڵح گەڕایەوە و بیری کردەوە بۆ کوێ بچێ، لە دڵی خۆی گوتی : بە خوا ئەگەر سابات چارەیەکم بۆ بکات .

کاتی رۆژئاوابوون بوو کەم کەم دونیا تاریك دەبوو . ساڵح خۆی گەیاندە پشت ماڵی ساباتی کچە مامی . ویستی لەسەر دیوارەکە سەرکەوێ تاکو بە نهێنی، سابات ریگە چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە . سەری لەسەر دیوارەکە

هەڵكێشا تا بزانێ چ باسە .
ماڵی (ئەحمەد)یش دراوسێی ماڵی (زوبێر)ی مامی ساڵح بوون . ئەو كات ئەحمەد لێی دیار بوو كە كەسێك دەیەوێ بە سەر ماڵی زوبێر بكەوێت .
ئەحمەد بانگی كرد هێی، تۆ كێی ؟ .
ساڵح وەڵامی دایەوە منم . تۆ كێی ؟ .
ئەحمەد لێی نزیك بۆوە و پێی گوت تۆ دزی .
ساڵح گوتی : نا، من دز نیم . ئێرە ماڵی ماممە . بەعسییەكان بە دواوەمن .
ئەحمەد گوتی : ئەی بۆ لە دەرگاوە ناچیتە ژوورەوە ؟ .
ساڵح گوتی : ئەگەر مامیشم بمگرێ، هەر دەمداتە دەست بەعسییەكان، ناچار خۆم لەوێ دەشارمەوە تا بەیانی، بەڵام ئەگەر هەستی كوردایەتیت هەبێ، ئاشكرام ناكەیت .
ئەحمەد گوتی : دڵنیا بە لەلای من ئاشكرا نابیت، بڕۆ خوات لەگەڵ .
ساڵح لەسەر دیواری پشتەوەی ماڵی مامی سەركەوت و چووە سەر بانەكە و خۆی مات كرد .
پاش كەمێك، سابات هاتە حەوشە و (ساڵح)یش پەلوكە بەردێكی بچووكی هاوێشت . سابات ئاوڕی دایەوە و ساڵح خۆی پێ نیشاندا .
سابات هاتە سەر بان و گوتی : ساڵح، چی بووە بۆ هاتووی .
ساڵح بەسەرهاتەكەی بۆ گێڕایەوەو پێی گوت ئەمشەو لێرە دەخەوم، بەڵام هەر ویستم ئاگاداربیت .
سابات زۆر بەزەیی بە (ساڵح)دا هاتەوە و چووە ژوورەوە و خواردنێكی سووكی بۆ هێنا .
تا درەنگی شەو ساڵح لە سەربان بوو . بە هێواشی لە سەربان هاتە خوارەوە و رووی لە كۆڵانەكەی خۆیان كردەوە، لە دەرگای ماڵی مام یاسینی دا و چووە ژوورەوە و گوتی : مام یاسین پێم بڵێ چی روویدا .
مام یاسین هەموو شتێكی بۆ باس كرد و پێی گوت بە خوا ئیتر لەم كۆڵانە

جێت نابێتەوە، دوور نیە ئێستا بەعسییەکان بێنەوە، دڵنیاشم بکەویتە بەر دەستیان دەتکوژن .

ساڵح گوتی : مام یاسین دەمەوێ بڕۆم، دەبمە پێشمەرگە، لە کوێ دەیانبینمەوە ؟ .

مام یاسین گوتی : کوڕم پێشمەرگایەتی ئاسان نیە، زۆر سەختە، پێشمەرگە بێ نانە، بێ ئاوە، بێ پارە و جل و بەرگە، بێ کەس و کارە، هەتا گۆڕیشی وەکو گۆڕی خەڵك نیە .

ساڵح گوتی : مام یاسین ڕێگەم بۆ دانێ، لە کوێ دەیاندۆزمەوە ؟ .

مام یاسین گوتی : کوڕم ئێستا بڕۆ، بەیانی ڕەوانت دەکەم . بەڵام ئاگاداری خۆت بە .

ساڵح بە ترسەوە رووی لە ماڵەوە کرد و لە سەر دیوارەوە بازی دا و بینی، کە داپیرەکەی لە بن هەیوانی ژوورەکەدا خەوتووە . ساڵح لێی نزیك بۆوە . داپیرەکەی بانگی کرد ساڵح نەنوستووم چاوەڕێت بووم . زانیم دێیتەوە.

داپیرەکەی هەڵساو گوتی : ساڵح بۆچی ئەم کارەت کرد ؟ . من تەنیا ئومێدم بە تۆوە هەیە . توخوا لەبەر خاتری من وامەکە . با پێکەوە بژین .

ساڵح گوتی : داپیرە، منیش لەم دونیایە تەنها تۆم هەیە . بەڵام چی بکەم . هیچی باشمان بۆ نایەت . هەموو دەرگایەك لە رووی ئێمە داخراون . داپیرە لەوە دەچێ تەنها ئەمشەو لێرە بم . دیارە قەدەرمان ئەوهایە دەبێ لە یەکتر دابڕێین . داپیرە، ئێستا دەرۆم رەنگە بەیانلا بتبینمەوە .

ساڵح بە دڵتەنگی گەڕایەوە سەربانی ماڵی (سابات ) و ئەم شەو لەوێ بەسەربات .

*        *        *        *

شەو درەنگ بوو . خەو لە چاوەکانی ئەحمەد تۆرا بوو . جەستەی پڕ خەم بوو، لە خۆشەویسترین خۆشەویست ونبوو، لە کورسییەکەی قوتابخانە، کە بەرامبەر ڤیان دادەنیشت ونبوو، لە نیگای بەر دەرگا، کە ئێواران دوور بە

دووری سەیری یەکتریان دەکرد ونبوو، تەنانەت زەنگی تەلەفۆنەکەش نەما، کە قسە و باسی خۆشەویستی تیادا دەکرد .

ئەحمەد تەنیا بوو لە ژوورەکەی خۆی دانیشتبوو . دەستی بۆ رادیۆکە برد و کردیەوە، دەنگێکی ناسك وتی ئێستاش لەگەڵ (شەوچرای شیعر) هیوامان وایە بەدڵتان بێ .

ئیتر دەنگێکی ناسك بە ئاوازێکی خەمناك گوتی :

ئێستا سادەم

ئێستا سادەم، وەك گوڵە نیسان کە بۆ هاوین ئامادەم

هەموو شتێك بۆنی نەما، تا من خۆمی لێ وەلانەم

شێتیش دالّدەم نادا میوانی بم

ئێستا بۆ مەرگیش ئامادەم

ئێستا بۆ دالّدەیی یادەکان، بە تەنیا لەم جیهانە خانەوادەم

دوورم لە تۆ، دوورم لە خۆم، بۆیە بە هێمنی خۆم ئەخۆم

سەیری فرمێسکی جاران بکە و ئەوسا بەمن بڵێ ئەڕۆم

پێمت ئەوت دوور مەبە لێم

من عاشقی چاو و زار و دەنگ و رەنگ و ژمارەی پێڵاوی تۆم

پێمت ئەوت قوربان قوربان، قوربانی خەمەکانی تۆم

تا بۆ خەونەکانمان بووی بە چەکی گەورەی ئەتۆم

تا بووی بە گەورەترین خۆشەویست . نەخێر گیانە تا بووی بە خۆم

خۆشم بوومە زامێکی ئەبەدیی نیو مەعبەدی ئەرشیفی خۆم .

ئەوسا ئەحمەد بەم شیعرە ناسکە چاوەکانی کەوتە خەویکی پڕ حەسرەت .

* * * *

بەیانی لەگەڵ گەزەنگی هەتاو، (سابات) هاتە سەربان و لە سووچەکەی سالّح نزیك بۆوە و گریانی بۆ سالّح دەهات . لە بەرامبەر سالّح دانیشت و فرمێسکەکانی دەهاتنە خوار .

پاش کەمێك ساڵح چاوەکانی کردەوە، سەیری کرد سابات لە بەرامبەری دانیشتووە .

ساڵح هەڵسا و گوتی : سابات، باش بوو تۆم بینی . من دەڕۆم رەنگە رێگایەکی دوورم لە پێش بێ . نەوەکو نەتبینمەوە . من لە ژیانم کەسێکی وەك تۆم نەبینیوە . ئیتر لە یادت ناکەم . ئێستا دەبێ بڕۆم .

سابات گوتی : راوەستە، با کەمێك پارەت بۆ بێنم .

ساڵح گوتی : نا، پێویستم نیە . پارەم لەلایە . ئەو شوێنەی بۆی دەچم مەملەکەتێکە ژیان تێیدا بێ پارەیە .

سابات ساڵحی خستە باوەشی و ئیتر بۆی گریا .

ساڵح لەسەر بانەکە دابەزی .

ئەو کات ئەحمەدیش چاوەکانی بێ خەو بوون، لەبەر دەرگای حەوشە بوو .

ساڵح بەلایدا تێپەڕی و سلاَوی لێکرد .

ئەحمەد پێی وت بۆ کوێ دەڕۆی ؟ . ئەی بەعسییەکان بە دوات نەماون .

ساڵح گوتی : بەڵێ هەر لە دوامن . بەلاَم رەنگە من هەولێر بەجێ بێڵم، بڕۆم و سەر هەڵگرم .

ئەحمەدیش، لە شتێکی وا دەگەڕا، گوتی : منیش دەمەوێ سەر هەڵگرم، بەلاَم خۆشم نازانم بۆ کوێ .

ساڵح گوتی : وەرە با بڕۆین .

ئەحمەد گوتی : دێم لە گەڵت، بەلاَم بەلاَم دەمەوێ نامەیەك بۆ باوکم جێبێڵم .

ساڵح گوتی : باشە، من چاوەڕێت دەکەم، پاش کاتژمێرێك لەسەر شەقامی گشتی، تۆ نامەکەت بنووسە، منیش سەرێك لە داپیرەم دەدەم و دێمە سەر رێگاکە، جارێ خوا حافیز .

ئالێرەدا دوو ئازار ئاوێتەی یەکتری بوون، هەریەکێ بەدەردێك دەینالاَند، سەختی ژیان وایلێکردبوون کە هیچ گومان و دوودڵی لەیەك نەکەن و نهێنییەکان تێکەڵ یەك بن، بێ باکانە بڕیاریاندا پاش کات ژمێرێکی تر

سەفەرێكی دوورو درێژی بێ سەروشوێن بگرنە بەر .
ساڵح بەم بەیانییە دەرگای لە مام یاسین گرت و بانگی كرد مام یاسین، مام یاسین . دەرگام لێ بكەوە .
مام یاسین دەرگای كردەوە و گوتی : وەرە ژوورەوە .
ساڵح چووە ژوورەوە و مام یاسین پێی گوت ساڵح، باش گوێم لێ بگرە، تەنها بە یەك هەڵەی بچووك تووشی سێدارە دەبی و منیش لەگەڵ خۆت تووش دەكەی، كوڕم هەموو پێشمەرگایەتییەك وەك یەك نیە، من ڕەوانەی جێگایەكت دەكەم، كە وەك كوڕی خۆیان مامەڵەت لەگەڵ بكەن .
مام یاسین چووە ژوورەكەی تر و جووتێ پێڵاوی هێناو گوتی : ساڵح، ئەم جووتە پێڵاوە ون نەكەی، ئێستاكە لە پێیان بكە بەڵام كە گەیشتییە ئەو شوێنەی ڕەوانت دەكەم، دایكەنە و هەڵیگرە و پێڵاوە كۆنەكانی خۆت لە پێ بكە، ئێستاكە بڕۆ سەر جادە، كە ئوتومبێڵە شووتی هەڵگرەكانت بینی دەستیان لێ ڕاگرە، ئەوان دەگەڕێنەوە مەخموور، لەگەڵیان بڕۆ، بە شوفێرەكە بڵێ لەسەر شەقامی بەرامبەر گوندی (گردەشینە) دادەبەزم .
پاشان لە جادەكە شۆربەوە بەلای ڕاست، دەگەیتە گوندی (كەندالّ) . هەر لەوێ پرسیاربكە لە (گردەشینە) . هەر چارێگە سەعاتێك دوورە . لەوێ پرسیاری ماڵی مام (حامید) بكە و بڕۆ ماڵیان . پێی بڵێ مام یاسین ڕەوانەی ئێرەی كردووم، بەڵام بەڵێنم پێ بدە، كە بێ نمەك نەبی لەگەڵ ئەم خێزانە .
لەوێ لەلای مام حامید دەمێنیتەوە تا پێشمەرگە دێنە ئەوێ . ئەو كات پرسیار بكە، كامەیان (عەباسە ڕەشە) . ببینە و ئەم جووتە پێڵاوەی بدێ و بڵێ مام یاسین ڕەوانی كردووم، چیتر مەڵێ .
ساڵح لە ماڵی مام یاسین هاتە دەرێ و سەیرێكی دەرگای ماڵی خۆیانی كرد و هێمن هێمن چووەوە ماڵێ .
سەیری كرد داپیرەی لە سەر (بەرماڵ)ی نوێژدا بوو .
ساڵح خۆی كردە باوەشی و پێی گوت داپیرە لە تۆ زیاتر كەسێك نیە پێی

بڵێم گەردەنم ئازادکە، کەسێك نیە پێی بڵێم لێم ببورە . بارگرانیم خستە ملت. داپیرە تۆ زۆر گەورەی، چونکە خەمی خۆت و کچەکەت و ئەوسا من و ساکاریش . داپیرە تۆ زۆر گەورەو میهرەبانی لەگەڵ ئەم هەموو قەدەرە رەشە، لەسەر بەرماڵەکەی نوێژت دوو دڵ نەبووی .

داپیرە لەو بڕوایە دام، خودای گەورەش خۆی بە قەرزاری تۆ دەزانێ، داپیرە ئیتر ئەلێرە قەدەر دیسان ماڵەکەمان ناشیرین دەکات .

داپیرە من دەرۆم، ئەگەر دیسان قەدەر رێگەم لێ نەگرێ، دڵنیابە دێمەوە.

ساڵح لە باوەشی داپیرەی بە گریانەوە گوتی : داپیرە، تەنها بۆ خەمەکانی تۆ دەگریم، تەنیا بۆ سینەی پڕ ئاهت دەگریم .

ساڵح هەڵسا و رۆیشت، لە دەرگاش دواجار ئاوڕێکی دایەوە لە داپیری و دوا هەنگاو بوو لە حەوشەکەیان هەنگاو بنێ .

ساڵح بە گریانەوە دەرگای لەسەر داپیرەکەی داخست و رووناکی ماڵەکەی کوژایەوە، وەك چەند جاری پێشوو .

داپیری ساڵح ئومێدی وابوو کە رۆژێك خێزانێك بۆ ساڵح دروست بکات و ئیتر رووناکی بکەوێتە ماڵەکەیان .

بەڵام دیسان تاریکی رووی لە ماڵیان کردەوە، وەکو ئەوساتەی پیاوەکەی ئەو ماڵە مرد و بۆ دواجار سەفەری کرد . وەك تاقە کچەکەی کە شووی کرد و بێ باوك ئەو ماڵەی جێهێشت و پاش ماوەیەك هاتەوە لەگەڵ دوو مۆمی تاریکی و دیسان تاریکی (ساڵح و ساکار) بوون .

دواجار ساڵح تاکە مۆم بوو لە حەوشەکەدا . هەموو ئومێد و رووناکی چاوی ئەم پیرێژنە بوو .

ساڵح دوا کۆستی جەرگبڕبوو، چیتر نەما ئەم پیریژنە لەدەستی بچێ .

ساڵح دەرگای لەسەر داپیرەی داخست و دەرگای لەسەر مەرگ والاکرد .

داپیری ساڵحیش لەسەر پەشتە ماڵەکەی دەستی خستە سەر ئەژنۆی و گوتی : ئەی خودایە، هەر رووناکییەکم لێ هەڵدێ، پاش ماوەیەك دەکوژێتەوە

و دەبیٚ بە تاریکی . لەوەتەی هەم هەناسە ساردم . خەڵك لە ناو ماڵ و منداڵ و خێزانەکەیدا دەژی، منیش لەبەر هەیوانی نائومێدی . ئەی خودایە چەند چارەڕەشم .

*    *    *

ساڵح ملی ڕێگەی گرت، بەرەو سەر شەقام، سبیانەیەو تازە کەم کەمە خەڵك پەیدا دەبیٚ .

ساڵح گەیشتە سەر شەقامی گشتی و ئەحمەد لەویٚ چاوەڕێی دەکرد .

ساڵح پێی گوت ها، ئامادەی ؟ .

ئەحمەد گوتی : بەڵیٚ، هیچ کارێکم لەم شارەدا نەماوە، ئەگەر دەربازبم ئیتر نایەمەوە تا ئەم شارە بەم شێوە بیٚ . بەلاٌم پێم بڵیٚ، ئێستا بۆ کویٚ دەڕۆین ؟.

ساڵح گوتی : هیچ پرسیار مەکە، ناونیشانێکم لەلایە دڵنیات دەکات، لە دەستی بەعس دوور دەکەوینەوە .

پاش کەمێك چەند بارهەڵگرێك تێپەڕین، بەلاٌم هیچیان نەوەستان .

ئەحمەد لە دڵی خۆی گوتی : ئەم کوڕە دیارە شارەزایە، بەخوا لێی دانابڕێم . من بە تەنیا هیچ پێنازانم .

بارهەڵگرێك هات و ساڵح دەستی لیٚ هەڵبڕی، بارهەڵگرەکە وەستا . پیاوێك و ئافرەتێك لە پێشەوە بوون و دواوەش بەتاڵ بوو .

ساڵح گوتی : مامە گیان، دەگەیتە کەندێناوە ؟ .

شوفێرەکە دەنگی رادیۆکەی ئەوەندە بەرز کردبۆوە لەبەرخاتری ئافرەتەکە، زۆر بە گرانی گوێی لەقسەی دەبوو، ئافرەتەکە دیار بوو کەخێزانی بوو و تازەشی هێنابوو، گۆرانیەکی خۆش دەیچریکاند و ئەویش لەگەڵی دەیگوتەوە ( لەژێرئاسمانی شینە، لەپاڵ لوتکەی بەفرینا، کوردستان گەڕام، دۆڵاٌودۆڵ پێوام، نە لە شار نەلەدیٚ نەمدی کەس، وەك تۆ جوانبیٚ تۆی و بەس ) شوفێرەکە هەر بە ئیشارەتی برۆکانی ئاماژەی کرد سەرکەون، ئەحمەد و

ساڵح سەرکەوتن و ڕۆیشتن و کەوتنە ڕێ .
جل و بەرگی ساڵح هەر کۆنە بوون، لە هی دێهات دەچوو، بەڵام ئەحمەد نا، ئەو کراسێکی(نیو قۆڵ و پانتۆڵ)ی لەبەردا بوو، بۆیە کەمێك لە بازگەکە دەترسا .
پاش ئەوەی لە بازگەکەش دەرچوون، ساڵح سەری لە پەنجەرەی لای شوفێرەکە کرد و گوتی : خاڵە گیان هەر لەسەر شەقام بەرامبەر گوندی گردەشینە ئێمە دادەبەزین، بەڵام شارەزانین تۆ ئاگادارمان بکەوە .
ئەحمەد ئاوڕێکی دواوەی دایەوە بەدڵێکی توند و پڕ خەم سەیری هەولێری دەکرد لە دڵی خۆی گوتی : نازانم نەمن ماڵئاوایی دەکەم، نە هەولێر، نە ڤیان.
هەر یەکێکمان بۆ ڕێگایەك ونبووین . نازانم بۆ لە یەکتر جیابوینەوە . نازانم بۆ بووین بە دوو کەس . ئەو بەڵایە چی بوو هات . نازانم لەجێی ڤیان چی بکەم بە قەڵا و لەجێی هەولێر چی بکەم بە شار .
ئەحمەد دڵی زۆر توند بوو، چونکە هیچ بەرنامەیەکی نەبوو، بۆ خۆی ملی ڕێگای گرتبوو بێ ئەوەی ماڵئاوایی لە کەس بکات . ئەوەی هەیبوو وێنەیەکی ڤیان بوو، لە گیرفانی لەگەڵ خۆی هێنای . نەیدەزانی کەمێکی تر یان شەوێکی تر ئاکامی بەچی دەگات . بێ ئەوەی بزانێ لە کوێ دەگاتە پۆلێك پێشمەرگە . هەر ئەوەندەی دەزانی ساڵح شوێنێك پێ دەزانێ و کەسێکی لە دواوەیە . ئەوسا لە ڕێگا پێی گوت من تا ئێستا هیچ شتێك لە بارەی تۆ نازانم . تەنانەت نازانم ناویشت چیە .
ساڵح گوتی : من ناوم (ساڵح) ـە، زوبێری دراوسێتان mamمە برای باوکمە، بەڵام زۆر ڕقی لێم دەبێتەوە .
ئیتر یەکتریان ناسی و ڕێگایان بوو بە یەك ڕێگا .
سەرەتای وەرزی هاوین بوو . ئۆتۆمبێلەکە گەیشتە دەشتی کەندێناوە، کەم کەم ئەو خەونانەی ئەحمەد، کە لە بەندیخانە بینیبووی لەگەڵ ڕاستی لێك

نزیك دەبوونەوە، دەشتی کەندێناوە و چیای قەرەچووغ، لە خەونەکانی ئەحمەد دەچوون پاش کەمێکی تر ئوتومبێلەکە وەستاو شوفێرەکە گوتی : کوڕینە، ئەوە گوندی کەنداڵە و لەدوای ئەویش گردەشینەیە، فەرموون دابەزن .

ساڵح و ئەحمەد دابەزین و خوا حافیزییان کرد .

ئەوان دوو ژان بوون، هەواریان جێهێشت و بەرەو ژیانێکی تر .

ساڵح جوتە پێڵاوەکەی بە دەستەوە بوو لە ناو کیسەیەکدا، بەرێکەوتن.

هەر یەکەیان گیرۆدەی دەردێك بوون . ساڵح بێکەسی و بەدبەختی یەخەی گرتبوو . ئەحمەدیش عەشقی ڤیان دەربەدەری کرد بوو .

لەسەر شەقامە سەرەکیەکە شۆڕبوونەوە . بۆ ڕێچکەی خۆڵ و گوند و ژیانێکی تر، کە پێشتر نەیانبینی بوو . کەسیان دوو دڵ نەبوون لەم سەفەرە بێ ناونیشانە .

ئیتر ترس کەم بۆوە و ئەوسا ئەحمەد گوتی : ئیستا ئێمە دەرباز بووین لە هەولێر . جا پێم بڵێ ئێمە لە کوێ دەبین بە پێشمەرگە و لە کوێ دەیاندۆزینەوە ؟ . من نە کەس دەناسم و نە کەسیش من دەناسێ . بەڵام تۆ ڕەنگە شوێنێك هەبێ بۆی بچی .

ساڵح گوتی : بەڵێ .

ساڵح ناونیشانی گوندەکەی بۆ باس کرد و بەرنامەکەی تێگەیاند .

ئەحمەد هەنگاو هەنگاو خەونەکانی بەندیخانەی دەهاتە بەر چاو، ئێرە ئەم شوێنە بوو ئەم لوتکە چیایە بوو کاتێ لە خەودا بینیبووی .

ئەحمەد گوتی : گرنگ ئەوەیە من نامەوێ بگەڕێمەوە هەر ژیانێك بێ دەبێ قبووڵی بکەم .

ئیتر لەسەر ڕێگا شوانێك کەوتە پێشیان و شوانەکە خەریکی مەڕ لەوەڕاندن بوو .

ساڵح بە ئەحمەدی گوت با بڕۆینە لای، بەڵکو هەندێك ئاوی لەلا بخۆینەوە و

هەندێ شارەزایی ناوچەکەی لێ وەرگرین . بەڵکو سودێکی لێ ببینین .
لە شوانەکە نزیك بوونەوە و ماندوو نەبوونییان لێکرد و ساڵح پێی گوت کاکەی شوان پرسیارێك ؟، گوندی گردەشینە زۆری ماوە .
شوانەکە گوتی : ئا، ئێرە و گردەشینە ماوە، بەڵام منیش پرسیارێکم هەیە .
ساڵح و ئەحمەد بە سەر سوڕمانەوە گوتیان فەرموو .
شوانەکە گوتی : کەر باشترە یان ئوتومبێل .
ساڵح گوتی : ئۆتۆمبێل .
شوانەکە گوتی : کەواتە تۆ هیچ نازانی، ئەگەر تۆزێك ئەقڵت هەبوایە، ئەو کەرەی من لێرەوە بەخۆی دەچێتەوە دێ و ناوماڵەکەی خۆمان و ئەگەر لە هەر شوێنێك بەرەڵلاَ بێ دەچێتەوە ماڵ . بەڵام ئۆتۆمبێلی بەد عەمەڵ هەموو ئەو شەقامەی ناخۆش کردووە . دەبێ زۆر لێی وریابین، ئەگەر نا مەڕ و ماڵاتەکەمان لەگەڵ جادە دەکاتە یەك . باش بزانە ئەو کەرەی خۆم بە هەزار ئوتومبێل ناگۆڕمەوە .
ساڵح لەبەر خۆیەوە گوتی : هەی هەی، مام یاسین بە منی دەگوت مەبە پێشمەرگە ببە شوان، هەتا وەك ئەو شوانە لە کەر و مەڕ زیاتر هیچ نەزانم .
ئەحمەد بە شوانەکەی گوت باشە برام، بەخوا کەر باشترە لە ئۆتومبێل . بەڵام تۆ کەمێك ئاومان بدەرێ تێنومانە .
ئەحمەد ئاوەکەی لە شوانەکە وەرگرت و قومێکی لێدا و گوتی : بۆ خاتری خوا ئەم ئاوە هی کوێیە ؟، زۆر تاڵە ناخورێتەوە .
شوانەکە گوتی : تاڵی چی، ئاو هەر ئاوە .
ساڵح رووی لە ئەحمەد کرد و گوتی : راکە با بڕۆین، هەر لێرە دوور کەوینەوە .
ئەحمەد گوتی : با بڕۆین، بەڵکو خودا دەرگایەکمان لێ بکاتەوە .
ساڵح گوتی : ئەگەر خودا دەرگای بکردبایەوە لەو شارە گەورەی هەولێر دەیکردەوە، ئێرە جێی دەرگا کردنەوەیە بەسەری باوکت .

تاکو ئێرە ئەحمەد و سالّح هۆگری یەك بوون، بەلاّم هێشتان سەر و سەر بووردەی یەکتری بە تەواوی نازانن .

هەر بە رۆیشتن گەیشتنە گوندی کەندالّ و تێنوێتی کاری تێکردبوون . هەر لەلاپەڕی گوندەکە سالّح گوتی : با لەو دەرگایە بدەین کەمێك ئاو بخۆینەوە .

سالّح لە دەرگایەکەی داو ئافرەتێك دەرگاکەی کردەوە و گوتی : فەرموون .

سالّح گوتی : تێنومانە .

ئافرەتەکە گەڕایەوە حەوشە و جامێك ئاوی هێنا و دایە دەست سالّح و سالّح ئاوەکەی خواردەوەو دایە ئەحمەد ئەویش خواردیەوە .

دیار بوو ئاوەکە تالاّو بوو وەك هی شوانەکە . ئەوانیش ئاوی وایان نەخواردبۆوە .

سالّح بە ئافرەتەکەی گوت ماموّژن، ئەم ئاوە زۆر تالّە بۆ چی ؟ .

ئافرەتەکە گوتی : بۆ برام ئێوە لەکوێوە هاتوون .

سالّح گوتی : لە هەولێر .

ئافرەتەکە گوتی : ئێرە دێیەکی بچووکە، ئاوی شیرن لێرە چی دەکات .

سالّح گوتی : باشە ئێوە هەردەم ئەم ئاوە دەخۆنەوە .

ئافرەتەکە گوتی : بەلێ، لەوەتەی هەمە و باوکیشم هەیە، هەر ئەم ئاوەش هەیە و ئێمەش پێمان تالّ نیە .

سالّح گوتی : ئەی گوندی گردەشینە لە کام لاوە بۆی بڕۆین .

ئافرەتەکە گوتی : ئەم ڕێگایە بەر مەدە دەچیتە ئەوێ .

سالّح و ئەحمەد ملی ڕێگەیان گرت . ئەحمەد لەگەلّ هەر هەنگاوێك تەواو هەستی دەکرد کە خەونەکانی بەندیخانەی هەموو لەم شوێنانە بوو . کاتێك ڤیان پێی دەوت (وەرە ئێرە، من ئا لێرە چاوەڕێت دەکەم . ئەم نەمامە لێرە بڕوێنە) .

ئەحمەد لە دلّی خۆی دەیگوت خودایە، ئێرە ئەو شوێنەیە کە ڤیان بۆی دەستنیشان کردووم .

بە دەم رۆیشتن نزیك بوونەوە لە گوندەکە و دیار بوو خەڵك لە ماڵێك كۆ ببونەوەو دەنگی هەلهەلە و گۆرانی دەهات . لە بووك گواستنەوە دەچوو .

ئەحمەد گوتی : ساڵح چی دەڵێی بچینە ئەم بووك گواستنەوەیە، كەمێك لەوێ بین، بەڵكو نیوەڕۆ لەوێ نانەكەش دەخۆین، بە خوا زۆرم برسییە .

ساڵح گوتی : با بڕۆین .

ئەحمەد و ساڵح لە بووك گواستنەوەكە نزیك بوونەوە . شایی بوو رەشبەڵەك تێكەلاّو . كەسیش پرسیاری لێ نەكردن و ئەوانیش لەناو كۆمەڵێ خەڵك سەیری شاییەكەیان دەكرد .

لە ناكاو ئەحمەد سەیری كرد و ترپەی لێدانی دڵی بەرز بۆوە . چاوەكانی تروكەیان تیادا نەما .

ئەحمەد لەناو شایی رەشبەڵەكدا (ڤیان)ی بینی، بەلاّم دوو دڵ بوو، باوەڕی بە چاوەكانی خۆی نەدەكرد . گومان لەناو دڵیدا دروست بوو .

جێگاكەی خۆی گۆڕی، بەڵكو ڤیان ببینێ و بیناسێتەوە، بەلاّم بێ سوود بوو .

ئەحمەد لە دڵی خۆی دەیگوت ئەوە ڤیان نیە . چونكە جلەكانی جلی (دەشت)ە و ڤیان لەكاتی بووك گواستنەوەدا خۆی دەڕازاندەوە، ئەگەر ڤیان بوایە چۆن منی نەدەناسییەوە .

لە سوچێكی تر سەیری دەكرد و دەیگوت ئەوە ڤیانە، بەلاّم لێرە گۆڕاوە . ئەی خۆ قژی وانە بوو . رەنگی كەمێك لەبەر هەتاو رەش بووە، نا نا، نازانم..! .

ئەحمەد ئاگای لە خەڵكەكەو لە خۆیشی نەمابوو . سەری سوڕمابوو .

ئەحمەد هەر خەریكی ئەوە بوو، خۆی پێ نیشان بدات، تا ئەگەر ئەو ڤیان بێت بیناسێتەوە .

ئەحمەد سەیری دەكرد، ئەوە هەمان كچە، كە لە خەودا بینیبووی و دەسكە گوڵەكەی دابوێ، هەمان شوێنە .

بەلأم لە راستیدا ئەوە ڤیان نەبوو . خودای گەورە وایکردووە، کە زۆر کەس لە یەك بچن، قەدەریش وابوو .

ئەحمەد خەریك بوو شێت بێت . خەونەکانی بەندیخانە لە گوێی دەزرنگانەوە . کاتێ ڤیان پێی دەوت (من لێرە چاوەڕێت دەکەم ) .

ئەحمەد سەیری دەکرد هەمان شوێنە . هەمان چیا و خانووە قوڕەکانە . نەیدەزانی ئەو ساتانە چین کەوا بە چاوی خۆی دەیانبینێ . کەسیشی نەدەناسی پرسیارێکی لێ بکات .

بە خێرایی دەنگی کۆمەڵێك ئۆتومبێل هات و بە دەرکەوتن . خێرا دابەزین و چواردەوری ئەوێیان گرت . خەڵکەکە لەجێگەی خۆی وەستا و شاییەکە تێکچوو .

ئەحمەد خەبەری بۆوە، سەیری کرد ساڵح دیار نیە، ئوتومبێلەکان چەند چەکدارێکی سەربازی و جاش بوون .

یەکێك لە گەورە جاشەکان گوتی : کێ خاوەنی ئەم ماڵەیە و ئەم زەماوەندە بۆ کێیە ؟ .

خاوەن ماڵەکە هاتەپێش و بە ترسەوە گوتی : گەورەم، منم خاوەن ماڵ و کوری من ژن دەگوازێتەوە .

جاشەکە گوتی : ئەوانەی ناویان لە خۆیان ناوە پێشمەرگە، لە کوێن ؟.

خاوەن ماڵەکە گوتی : بەخوا، کەس لەم دێیە نیە . هەمووی کوڕی ئەم ناوەن.

سەرۆك جاشەکە ویستی بڕوات، لە ناکا و سەیری ئەحمەدی کرد . چونکە جلەکانی لە هی دێهات نەدەچوو، جیا بوو .

گەڕایەوەو دەستی بۆ ئەحمەد راگرت و گوتی : ئەی ئەوە کێیە ؟، وەرە ئێرە. یەکێك لە خەڵکی گوندەکە، کە پیاوێکی تەمەن مام ناوەندی بوو . زانی ئەحمەد خەڵکی ئەم ناوە نیە و جاشەکان ئازاری دەدەن .

زوو وەلأمی جاشەکەی داوە و گوتی : بەخوا، هیچ چەکدارێك لەم دێیە نیە

لە ئێوە زیاتر، ئەم کوڕەش برازای منە، خەریکی خوێندنە و ئێستاش بۆ ئەم ئاهەنگە هاتووە .

سەرۆك جاشەکە باوەڕی هات و رۆیشت. پاش کەمێك ئەحمەد رەنگی هاتەوە.

پیاوەکەی ئەحمەدی دەربـاز کـرد، بـانگی ئەحمەدی کـرد و کـەمێك لـە خەڵکەکەی دوور کردەوە و پێی گوت تۆچی دەکەی لەم دێیە ؟، بۆ ماڵی کێ هاتووی ؟، زۆری نەما بوو سەری خۆت و باوکیشت بخەیتە قور .

ئەحمەد گوتی : من لێرە کەس نا ناسم، لە هەولێر هاتووم .

پیاوەکە گوتی : بۆ چی هاتووی ؟ .

ئەحمەد گوتی : بۆ ئەوەی نەگەڕێمەوە، من و هەولێر لەیەك توڕە بووین . بەجێم هێشت . ئێستاش برسیم بوو بۆیە ڕووم لێرە کرد .

پیاوەکە گوتی : من ناوم مام (هەینی)ە . هەر کەسێ پێی وتی میوانی کێی، بڵێ مام هەینی، وریا بە لە من دوور مەکەوە .

ئەحمەد تۆزێك ترسەکەی لە رووی کەوت و نیوەڕۆش لە تەنیشت مام هەینی نانی خوارد، لە ماڵی زاوا .

ئەحمەد چاوی لە ساڵح دەگێڕا، بەڵام دیار نەبوو، چونکە چۆن مام یاسینی دوکاندار بەرنامەی بۆ دارشتبوو خۆی گەیاندبووە ماڵی مام حامید .

ئەحمەد زیاد لە ئاسایی چاوی لەو کچە دەگێڕا، کە لەلای وا بوو ڤیانە . ئەوەی زیاترئازاری دەدا . کچەکە هەر ئاگای لێ نەبوو و هیچ گرنگی بە ئەحمەد نەدەدا . ئەحمەدیش خەمەکانی زۆر زیادبوون .

پاش ئەوەی شاییەکە تەواو بوو . مام هەینی گوتی : ئەحمەد با بڕۆین بۆ ماڵەوە، لەوێ باسی خۆتم بۆ بکە .

ئەحمەد چاوی گێڕا ساڵح دیار نەبوو ناچار جلەوی دایە دەست قەدەر و بەگەر مام هەینی کەوت . کچەکەش لێی ونبوو . تەنیا لەگەڵ مام هەینی رۆیشتن بۆ ماڵی مام هەینی .

لـەوێ گفتوگـۆ دەسـتی پێکـرد و مـام هـەینی پرسـیاری لـە ئەحمـەد کـرد و ئەحمـەدیش بەشـێك لـە گرفتـەکانی بـۆ بـاس کـرد، گـوتی : ئەگـەر بتـوانن بمگەیەننـە بارەگـای پێـشمەرگە یـان گروپێـك پێـشمەرگە یـان ئەگـەر داڵـدەم بدەی لێرەبم . تا پێشمەرگە دێنە ئێرە ئەوسا لەگەڵیان دەڕۆم .

مام هەینی گوتی : کوڕم ژیانی پێشمەرگایەتی کەی ژیانـە، ماڵوێرانییـە . لـە برسـیەتی و مانـدوێتی زیـاتر هـیچ نیـە و لـە مـەرگیش نزیـك دەبـی و لـە هـەر شوێنێك شەهید بی گۆڕەکەشت لەوێ دەبێ .

دەبێ دێ بە دێ و ماڵ بـە مـاڵ بـە دوای نانێکدا بگـەڕێی و قومێـك ئـاو پەیـدا بکەی . هەوڵ بدە ڕێگەیـەکی تـر هەڵبـژێرە . ئێـستا ئـەم دێیـە چەند گـۆڕێکی لێیـە کـەس نـازانێ ئەوانـە کـێن . شـەوێك پێـشمەرگە هـاتن چـوار لاوی وەك تۆیـان شـەهید ببـوو . ئـیتر لێـرە نێـژران . تـا ئێـستا بـێ کەسـن . نـە کـەس سەردانیان دەکات و نەدایکیشیان دەزانن تاکو بێن لەسەر گۆڕی کورەکانیـان فرمێسکێك بڕێژن .

ئای چەند غەریبن، ئاخۆ دەبێ کوڕی چ هەژارێك بن . ئەوەی کـە قـەت لـە بیرم ناچێتەوە . یـەکێك لـەم چـوار شـەهیدە هێـشتا نـەمرد بـوو، بـەڵام برینەکـەی سـەخت بـوو، سـەیری سـێ شـەهیدەکەی تـری دەکـرد چاوەڕێی مـەرگ بـوو . هەموویان غەرقی خوێن ببوون . ئیتر لە ناو حەوشەی مزگەوتدا ڕاکشابوون . بریندارەکـە داوای ئـاوی دەکـرد مـن ویـستم ئـاوی بـدەمێ بـەڵام هاوڕێکـانی وتیان لێی گەڕێ ئاو باش نیە . ئیتر بـە تێنـوێتی مـرد، کەسـێ نـەبوو فریـای بکەوێ . بێکەس و کار، بێ خزم و کەس، چاوەکانی لەسـەر یـەکنا و ئـەویش تا هەتایە کوردستانی جێهێشت . کوڕم ئەم ڕێگایە سەختە .

ئەحمەد گوتی : مام هـەینی ئـەو مەرگـەی مـن تیایـدا دەژیـم زۆر سـەختترە لـە مـەرگی پێـشمەرگایەتی . ئەگـەر لـەلای خـۆت جێگـەم بکەیتـەوە تاپێـشمەرگە دێن، چاکەت لەبیر ناکەم .

مـام هـەینی گـوتی : کـوڕم، لێـرە لـەلای مـن بـە، وا بزانـە مـاڵی بـاوکی خۆتـە،

پێشمەرگە جار جار دێن، جار جاریش وندەبن، بۆ ماوەیەك .
ئەحمەد لەگەڵ مام هەینی گفتوگۆیان بوو، لە پڕێك ئەو كچەی لە شاییەكە بوو، كە ئەحمەد بە ڤیانی تێگەیشتبوو هاتە ژوورەوە و بەخێرهاتنی ئەحمەدی كرد .
ئەحمەد زیاتر سەری سورما و لە دڵی خۆی گوتی : ئەم ماڵە و ئەم حەوشەیە . هەمان حەوشە و ماڵ، كە لە خەونا بینیم .
مام هەینی گوتی : ئەوە كچی منە، ناوی (پەریخان)ە .
ئیتر ئەحمەد جێگەی بۆ پەیدا بوو، ماندووش بوو، لەسەر جێگا سادەكەی ماڵی مام هەینی پشوویدا و نوست .
خەوی بینی . لە خەودا ڤیان هات و جلەكانی قوتابخانەی خستە سەریەك و ئاگری تێ بەردا و گوتی : ئیتر ئەم جلانە لەبەر ناكەم . ماندوو بووم . تۆش جلەكانت بگۆڕە .
(سالْح)یش چۆن نەخشەی بۆ دانرابوو . رووی لە ماڵی مام حامید كرد بوو .
سالْح هەموو بەسەرهاتەكەی خۆی بۆ مام حامید گێڕایەوە و ئەوەشی پێ گوتبوو، كە بەیانی هاتم بۆ ئێرە كوڕێك لەگەڵم هات بۆ ئەم گوندە، بەلاّم لە كاتی بووك گواستنەوە لێك دابڕاین، ئەویش بۆ هەمان مەبەست هاتووە .
مام حامید گوتی : باشە، لە كاتی نوێژی عەسر لە مزگەوت پرسیار دەكەین، بزانین لە چ ماڵێك میوانە .
لە كاتی نوێژی عەسر سالْح لەگەڵ مام حامید رێگەی مزگەوتیان گرت و لە پاش نوێژ، مام حامید بە پیاوانی مزگەوتی گوت ئەمڕۆ ئەم كوڕە لەبەر هەژاری و لە ترسی سەربازی لە شار رایكردووە و رووی لەم گوندە كردووە . منیش لەلای خۆم جێگەم بۆ كردۆتەوە .
لەم كاتەدا مام هەینی لە مزگەوت بوو گوتی : بەڵێ ئەوانە دووكەسن ئەوە یەكیانە و ئەویتر لەلای منە .
سالْح گوتی : بەڵێ ئەوە ئەحمەدە هاوڕێی منە، ئێستا لە كوێیە ؟ .

مام هەینی گوتی : ئەوەتا لە بەرامبەر ماڵی ئێمە لەسەر ئەم گردەیە، بە تەنیا دانیشتووە و کەس ناناسێ .

ساڵح گوتی : بە یارمەتیتان، من دەچمە لای .

مام حامید گوتی : کوڕم ساڵح، دوامەکەوە لە ماڵەوە چاوەڕێتم .

ساڵح چووە لای ئەحمەد و لەسەر گردەکەی ئەو بەری گوند دیسان بە یەکتر ئاشنا بونەوە .

ساڵح چووە لای ئەحمەد و سەیری کرد . ئەحمەد زۆر دڵتەنگە و پێی گوت ئەحمەد، بۆچی وا دڵتەنگی .

ئەحمەد گوتی : دانیشە، با باسی هەموو ژیانی خۆمت بۆ بکەم .

ئیتر ئەحمەد باسی خۆی بۆ کرد لە ئەلفەوە تاکو خەونەکەی ئەمڕۆ بینیبووی.

ئەحمەد و ساڵح جێگەیان لەم گوندە بچووکە بۆ کرایەوە . ئەوان خۆیان گونجاند لەگەڵ ژیانی ئێرە . لەگەڵ ئاوی تالأوی دێهات و لەگەڵ شەوانی تاریکی بەر چرا و لەگەڵ نانی بۆن دووکەڵی ئاگردان .

ئەم گوندە نزیکەی پەنجا تا شەست ماڵ دەبوون . ئەحمەد لە ماڵی مام هەینی و ساڵحیش لە ماڵی مام حامید . زۆربەی ئێواران ئەحمەد و ساڵح لەسەر گردەکەی ئەو بەری دێ بە یەکەوە دادەنیشتن . باسی ڕۆژانی شاریان دەکرد و خەمی یەکتریان هەڵدەڕشت .

ژیانی ئەم گوندە ژیانێکی زۆر سادە بوو، زۆر جیا بوو لەگەڵ ژیانی شار هەموو خەڵکەکە بە ئاژڵدارییەوە خەریك بوون .

چەند ڕۆژێك تێپەڕی بەسەر مانەوەی ئەحمەد لە ماڵی مام هەینی .

بەیانی زوو لە خەو رادەبوون . پەریخانی کچی مام هەینی کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڤیانی خۆشەویستی ئەحمەد نەبوو . سبەینان زوو لە خەو رادەبوو . شەڕواڵێکی پیاوانەی لەبەر دەکرد و وەك پیاوێك کارەکانی ئاژەڵداری دەکرد و تاکو ئاژەڵەکانی بە برا بچووکەکەی خۆی رەوانەی

دەشت دەكرد . ئینجا نانی سبەینانی دەكرد و ئەوسا پشووی دەدا .
مالّی مام هەینی كەمێك مەڕ و مالاّتیان هەبوو، بۆ بژێوی ژیان . مام (هەینی)ش هەر ئەو كوڕەی هەبوو، كە ناوی (باران) بوو . تەمەنی دە دوانزە سالاّن بوو . ئەو، شوانی مەڕ و مالاّتەكە بوو .
ئەحمەد لەگەلّ ئەم خێزانە بەختەوەرە ژیانی بەسەر دەبرد . زۆر جار سەیری پەریخانی دەكرد و خەونەكانی بەندیخانەی دەهاتەوە بیر، كە ڤیان دەیگوت (ئەم دەسكە گولّە بڕوێنە لە گوندێكی كەندێناوە . ئەوە دوا مالّی تۆیە) .
(پەریخان)یش هەستی پێ كرد بوو، كە شتێك لە ناو دلّی ئەحمەدی مێواندا هەیە .
بۆیە رۆژێكیان پەریخان گوتی : ئەحمەد، هەست دەكەم شتێك هەیە رۆژانە ئازارت دەدات . تۆ كە شارت جێهێشتووە بۆ ئەوەیە كە گرفتەكانت لەوێ جێبێلّی، بەلاّم من هەست دەكەم شتێك لە گەلّتدایە .
ئەحمەد گوتی : بەلّێ، بەلاّم ئەگەر پێت بلّێم رەنگە باوەڕ نەكەی .
ئەحمەد لە گیرفانی وێنەكەی ڤیانی دەرهێنا و دایە پەریخان و گوتی : ئەمەكێیە ؟ .
پەریخان سەیری كرد و چەند دەقیقەیەك بێ دەنگ بوو، پاشان گوتی : نازانم ئەوە چیە، ئەوە وێنەی منە، بەلاّم ئەو جلانە جلوبەرگی شارن . نازانم، ئەم قژە واپەرش و بلاّوە من نیم، چونكە شتی وا لەم دێیە نیە .
ئەحمەد وێنەكەی خستەوە گیرفانی و گوتی : ئەوە، كچێكە هەمان شێوەی تۆیە، بەلاّم تۆ نیت .
ئەحمەد باسی هەموو برینەكانی رابردووی خۆی بۆ كرد و گوتی : قەدەر وای نووسیووە كە من بێمە ئێرە . بەلّگەش بۆ ئەمە خەونەكانە . جا نازانم قەدەر لەمەودوا چیم پێ دەكا . جا نازانم لە هەر شوێنێك برینێك دەكەوێتە سەر پەڕی دلّم و لەم هەوار بۆ ئەم هەوار . لە كوێ ئەم مەرگە ساتە تەواو دەبێ .

ئەحمەد زۆر جار غەریبی دایك و باوك و خوشكەكانی دەكرد . زۆر جار لەپێش دیواری ماڵی مام هەینی دادەنیشت و بە هێمنی فرمێسكی دەهاتنە خوار .

زۆر جار كە دڵتەنگی یەخەی دەگرتن ئەحمەد و ساڵح دەچوونە لای یەك و سەبوورییان بە یەكتری دەهات . تاوای لێ هات خەڵكی گوندەكە ناویان نابوون (دووغەریبەكە)، خەڵكی گوندەكە زۆر ڕێزیان لێ دەگرتن، چونكە غەریبی بە روویانەوە دیار بوو .

ئێوارەیەك ئەحمەد و ساڵح لەلاپەڕی دێ دانیشتبوون . باسی غەریبی خۆیان بۆ یەكتریی دەكرد .

مانگی رەمەزان بوو دیار بوو، ئۆتومبێلێك لە گوندەكە دەهاتە دەر بۆ لای ئەوان دەهات .

شوفێرەكە سلاَوی كرد و ساڵح پێی گوت خاڵە گیان، بەم رەمەزانە و بەم ئێوارەیە بۆ كوێ دەڕۆی .

شوفێرەكە گوتی : هاتبوومە ئەم گوندە كارم هەبوو . دەمەوێ بگەڕێمەوە هەولێر . بەڵكو ئێوارە لەگەڵ منالەكانم نان بخۆم و بەڵكو خودا قبوڵی بكات .

ئەحمەد بە شوفێرەكەی گوت كەواتە دەگەڕێیتەوە هەولێر .

شوفێرەكە گوتی : بەڵێ .

ئەحمەد گوتی : توخوا سلاَوم هەیە بۆ قەلاَی هەولێر، شەقامی باتە و چاوی دەرۆزەكەر و شێتەكانی شێخەڵلاَش ماچ دەكەم .

ئەحمەد و ساڵح فرمێسك بە چاوەكانیان دیار بوو، شوفێرەكەش گریانی هاتە قوڕگ و گوتی : باشە كوڕم، ئێوە چی دەكەن لێرە .

ئەحمەد گوتی : بای رەش، ئازاری رەش، ئێمەی هێناوەتە ئێرە .

شوفێرەكە زانی ئەوانە دووغەریبن، دەستی لە گیرفانی ناو كەمێك پارەی دەرهێناو گوتی : ها، ئەمە كرێی ئەوڕۆمە، بۆ ئێوە .

ساڵح گوتی : خاڵە گیان قوربانی مناڵەکانت بم، ئێمە پارەمان پێویست نیە .
شوفێرەکە گوتی : باشە، کەس و کارتان لە کوێیە ؟ . تا هەواڵی ئێوەی بدەمێ .
ساڵح بە فرمێسکە غەریبەکەیەوە، گوتی : من کەسم نییە تا هەواڵی بۆ بنێرم.
شوفێرەکە هیچ وشەیەکی تری بۆ نەوترا، لەبەر گریان، بەجێی هێشتن.

*          *          *

(سابات)ی ئامۆزای ساڵح ماوە لە ناو خەم و ئازاری (ساڵح) دا . جار جارێك سەردانی داپیری (ساڵح)ی دەکرد . چونکە زۆر نەخۆش بوو .
جارێکیان سابات چووە لای مام (یاسین)ی دوکاندار و پێی گوت داپیری ساڵح زۆر نەخۆشە منیش لەبەر باوکم ناتوانم هیچی بۆ بکەم، بەڵام ئەم پارەیەت دەدەمێ بیگەینە نەخۆشخانە، بەڵکو چارەسەری بۆ بکەی .
پاش چەند رۆژێك لە دووری (ساڵح)دا . داپیرە غەریبەکەی ساڵح لە نەخۆشخانە مرد .
ئیتر بۆ تا هەتایە ئازارەکانی بەجێهێشت . ئازاری ساڵح زۆر کاریگەر بوو لە دڵی ئەم داپیرەدا .
پاش چەند رۆژێکی تر سابات گەڕایەوە لای مام یاسین و تا هەواڵی پیرێژن بزانێ .
بەڵام مام یاسین پێی گوت خودای گەورە جێگەی لە بەهەشت دەکاتەوە.
سابات فرمێسکی بۆ هاتنە خوار و گوتی : مام یاسین، دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم، بەڵام بەڵێنم پێ بدە کەس نەیزانێ .
مام یاسین گوتی : فەرموو .
سابات گوتی : دەمەوێ پارمەتی ساڵح بدەم ماڵێکی بۆ دابنێم . دەمەوێ مناڵی بۆ بەخێو بکەم . دەمەوێ، هەموو ئەو زۆرداریی‌ەی کە باوکم لێی کردووە، من بۆی بگەڕێنمەوە، ئەگەر ناونیشانی (ساڵح)م بدەیتێ هەموو

ژیانمی لەگەڵ دەبەمە سەر .

مام یاسین گوتی : ژیانی ساڵح ئێستا زۆر لە جاران سەختترە، ساڵح لە گوندێکە چاوەڕێی پێشمەرگە دەکات، بێنە ئەوێ و ئیتر دەبێ بەپێشمەرگە .

سابات گوتی : گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە من بگەمە لای، ئیتر یارمەتی بدەم، من لە ساڵح گەورەترم دەمەوێت کۆڵێ خەمی پێ دانێم .

مام یاسین ویستی کارەکە دوابخات بەڵکو سابات پەشێمان بێتەوە، بۆیە پێی گوت ئێستا مانگی ڕەمەزانە، با ئەم مانگە تەواو بێ، ئیتر پاش جەژن خۆت ئامادە بکە و وەرە ناونیشانی (ساڵح) ت دەدەمێ .

جار جارە ساڵح یاری لەگەڵ منالأن دەکرد . وەك پیشەی جارانی خۆی بەلأم یاری ئێرە جیا بوو . منالأنی گوندەکە یاریان هەر بەخۆڵ و ماڵ و ماڵۆچکەی قوڕ بوو .

دەمەو عەسرێك هەموو پیاوانی مزگەوت لەبەر حەوشەی مزگەوتدا بوون لەگەڵ مەلای مزگەوتەکە کێشە و گفتوگۆیان باسی ئەوەبوو . ئایا بەیانی جەژنە یان رەمەزان ماوە . هەریەکە و قسەیەکی دەکرد .

ساڵح و ئەحمەدیش بەرەو سەرگردەکەی لاپەڕی دێ چوون و لەوێ دانیشتن .

ئەحمەد رادیۆنەکەی کردەوە تاکو بزانی هەواڵ چیە و ئایا بەیانی جەژنە یان نا .

بە دڵێکی پڕ خەم، بێ ئەوەی کامیان هیچ بڵێن . گوێیان قولاخی رادیۆکە کرد بوو . لە کاتێکا بێژەری رادیۆکە گوتی : گوێ گرانی رادیۆکەمان موسڵمانانی کوردستان لە هەر شوێنێك بن سلأوتان لێ بێ، بەیانی یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزانە . پیرۆز بێ لە هەموو موسڵمانێك و لە خوای گەورە داواکارین کەوا ڕۆژووی قەبوڵ کردووبن، هەر بەم بۆنەیەوە فەرموون لەگەڵ ئەم پارچەحەیرانە

حەیران دەرێم ئای .. ئای .

حەیران دەرێم براینە ئەوەتانە بەویٚ ئێواریٚ، ئەمن دەرێم لە ولاٚتی غەریبیان، ئەمن خەم بەری دری گرتیمە، ئەمن نازانم لۆ کەیفیٚ دریٚ خۆم بە کێندەریٚ دا هەر بڕێم . براینە وەی دەرێم هەولێر لە من بویتە کولکە خەفەتا، ئەوجە دەرێم براینە ئەوەتانە بەویٚ ئێواریٚ ئەمن دەرێم ئەو ڕۆژیم گەلە غەریب بوو وەکی لەپیرە شاری هەولێری وە دەرکەوتم . بەریٚ لە سەریٚ نسیبی بێنەکێم دایی ئاورەکم داوە بەر بەلایی شاری هەولێریٚ، بابان وێران وەی قەراتۆك گەلە غەریب لەمن دەیڕوانی .

ئامان و سەد ئامان بەویٚ پیرە دونیاییٚ، دەرێم تەماشاکەنیٚ ئەمن خۆ چ قسانم لۆ نەهات، بەریٚ سیٚ ڕێز فرمێسکم هاتنە خواریٚ، دەمگۆ یارەبی خودایە مردن گەلەك زوو بایە بەریٚ دەستیٚ من و نازدار حەیرانی دەگە پیرە شاری هەولێری لێك بەر نەبوایە .

حەیران دەرێم براینە ئەوەتانە دەرێم لە ویٚ را لەوێردی بە مازی، چاوەکەم دەرێم لەویٚ را لە وێردی بە مازی، کوڕ دەریٚ ئەمن لە خەمیٚ فەقیریٚ خۆدا نیمە، کەتیمە وراتیٚ غەریبان، بەریٚ لە خەمیٚ هەندیٚ دامە، کیژۆریٚ بەژن باریك و زەندەییٚ بە بازن و دوو چاویٚ ڕەشکۆکە . هەموو دانی ئێواران قاسیدان دەنێری . دەریٚ برێنە یاریٚ یان دەستانم لیٚ هەرگری یان بۆ کەیفی دریٚ خۆ بمخوازی .

ئەوجا دەرێم براینە ئەوتانە دەرێم تەماشاکەنیٚ ئەمن کەتیمە وراتی غەریبیان. ئەمن کەتیمە وراتیٚ بیٚ حاکمان . ئەمن نزانم نە دریٚ من کولترە، نە دریٚ نازدار حەیرانیٚ . چاوەکەم لۆ لۆی نەمایمە، گەلەك سەرداریٚ دوو چاویٚ ڕەشکۆکەمە بەویٚ هێواریٚ .

ئامان و سەت ئامان بەویٚ پیرە دونیاییٚ . دەرێم توخوا ئەگەر خێرەو مەندەك هەبیٚ دەستی نازدار حەیرانەکەی لۆ من بگری دەبا تا دێمەوە لەویٚ سەفەریٚ لە غەریبیٚ لۆ سەریٚ بواریٚ .

دەوجا دەرێم براینە، ئەوجا دەرێم براینە، ئەوەتا دەرێم حەیران مەخموور لە

من نزمه بایه .
چاوی گەلـەك رەشـە بـسكی بادایـە، ئەگـەر حـەیرانیٚ كـاكی خۆتـان ناناسـن بەژنی گەلە باریكە پشتیٚ دەست و چەرخیٚ رووومەتی كوترایە . دەوجا دەریٚم براینە ئەوەتانە چم بە خراپی خۆ شك نایی ئەورۆ دانی ئێواریٚ بـەژنی باریك لۆچی دری لە من دانایە .
ئیتر ئەحمەد و ساڵح تێر تێر گریان . گریان بۆ هەولێر و گریان بۆ غـەریبی و تەنیایی خۆیان .
ئەحمەد گوتی : ساڵح، ئەوە بەیانی جەژنە و هەر ئێمە كەسێك نیە جەژنانەی لەگەڵ بكەین .
ساڵح بە كوڵیٚ خەمەوە، هەناسەیەكی هەڵكێشا و گوتی : بەخوا من ئەگەر لـە هـەولێریش بـام، كـیٚ هـەبوو جەژنانـەی لەگـەڵ بكـەم . ئـەی چـەژنی پـار و سـاڵانی تـر جێژنانـەم لەگـەڵ كـیٚ كـرد . لـە داپـیرە غەریبەكـەم زیـاتر . بـرام، مەرگ هەر مەرگە لە هەر شوێنێك بیٚ .
ئەحمەد گوتی : با بڕۆین بە پیاوانی مزگەوت بڵێین بەیانی جەژنە .
بـەیانی زوو خـەڵكی ئـەم گونـدە خنجیلانـە لەگـەڵ دەنـگ و سـەدای مـەلای مزگەوتدا بە ئاگا هاتن، كە دەیگوت ئەڵلاهو ئەكبەر، ئەڵلاهو ئەكبەر، ئـەڵلاهو ئەكبەر . لائیلاهە ئیللەڵلا . ئەڵلاهو ئەكبەر، ئەڵلاهو ئەكبەر، وە لیللاهیلحەمد .
ئیتر هەموو خـەڵك بـە جلـی جـوان بـەرەو گۆڕسـتان بەرێكـەوتن و هـەر كەسـەو بەرەو كەس و كاری مردوویان .
ئەحمەد و (ساڵح)یش وەكو خەڵك ڕێگەی سـەر قـەبرانیان گـرت . بـەڵام ئـەوان زۆر بێكـەس بـوون . خـەڵك هـەمووی ئاهیـان بـۆ هەڵدەكێـشان . بـەپیاو و ژن بەپیر و لاو كەس نەبوو ماچی ئەحمەد و (ساڵح)ی نـەكردبیٚ و فرمێسكی بۆ نەڕژاندبیٚ . ئەم جەژنەیان زۆر بە غەریبی بەڕێكرد .
ئێوارەیەك كاتی خۆرئاوا مەڕومالاَتەكەی ماڵی مام هـەینی بـەرەو مـاڵ بـوون .

(باران)ی کوڕە بچووکی مام هەینی لەپێشەوەی ئاژەڵەکان بوو . پەریخانیش بەرەو پیلی دەرۆیشت .

باران بە پەریخانی گوت لەپشت ئەم بەرزاییەی ئەم لوتکەیە کۆمەڵێك پێشمەرگە دانیشتوون رەنگە بۆ ئێوارە بێن .

باران و پەریخان هاتنەوە بەرەو ماڵ . ئەحمەدیش یارمەتی دان و دەرگای مەڕ و ماڵاتەکەی بۆ کردنەوە .

پەریخان سەیری ئەحمەدی کرد و گوتی : هەواڵێکی ناخۆش بۆ من و نازانم بۆ تۆش .

ئەحمەد گوتی : توخوا چی بووە .

پەریخان گوتی : پێشمەرگە لێرە نزیکن، ڕەنگە رۆژئاوا بگەنە ئێرە .

ئەحمەد بە چاوە پڕ گوناهەکانی سەیری پەریخانی کرد و هیچ وشەیەکی نەدرکاند . بەڵام ئازارێکی زۆر لە ناخەوە دەیهەژاند .

پەریخان بە چاوە ساکارەکانی، کە هێشتا لەم گوندە زیاتر هیچی پێ نەبینیبوو فرمێسکی بۆ ڕژاندن و گوتی : دەمەوێ پەشیمان بیتەوە لە پێشمەرگایەتی .

ئەحمەد گوتی : وا مەڵێ .

پەریخان گوتی : خۆزگە میوانی ئێمە نەبای . پێش تۆ هیچ ئازارێك منی نەناسیبوو . پێش تۆ ژیان خۆش بوو مەڕەکان و مریشك و جوجەلەکانم خۆشدەویستن .

ئەحمەد گوتی : دەزانم من هێشتا تەمەنم زۆر نیە، بەلاّم زۆر شتی پیرۆز و میهرەبانم جێ هێشتووە، زۆر نامەی پڕ گریانم لە ژوورەکەم جێ هێشتووە، زۆر یادگاری جەرگ بڕم لە ناوسینەدا هەڵگرتووە . من راهاتووم لە هەناسە ساردی و لە ئازاری عیشق . تۆش هاتیە قافلەی شتەپیرۆزەکان . تۆ نازانی خۆت وەسفکەی من نەبێ . وا مەزانە وشەی جێهێشتن هەروا ئاسان بێ . من ژیانم جێ هێشت . هیواو ئاوات و خۆزگەکانم جێ هێشت . ئەو کۆڵانەی

تیایدا پێم گرت، ئەو مرد .

ئەو ئەلف و بیٚ یەی لێی فێر بووم، شەهیدبوو . نوێژم بۆی کرد . قەدەر وا بوو تۆشم ئازاردا و خۆشم توامەوە . پەریخان، شەش مانگ بەر لە ئێستا لە بەندیخانەدا بووم شەوێك خەوم بینی، کە تۆ دەبینم لێرە لەم شوێنەی ئێستا لێی راوەستایی . رەنگە باوەڕ نەکەی و بڵێی چۆن .

باوەڕ بکە تاکو ئەم ساتەش هەمووم بینینی . تۆ کتێبێکی دەبیٚ سەر لە نویٚ بتنوسمەوە . دڵنیابە تازە سەرەتای رووناکیە، رەشبین مەبە . من لەسەر ئەم بارە گرانەم رەشبین نیم . دڵنیابە، دڵنیابە دەتبینمەوە . ئەی کچە کوردە مەردە ئازاو نەشمیلە جوانەکەم .

پەریخان سەری لەبەر خۆی ناو رۆیشت .

ئەحمەد گوتی : پەریخان، ئەی کوا باوکت .

پەریخان بە لێو لەرزینەوە گوتی : رەنگە لە مزگەوت بیٚ .

ئەحمەد گوتی : باشە، دەمەویٚ یارمەتیم بدات بمگەیەنێتە ئەوپێشمەرگانە .

ئەحمەد رێگەی مزگەوتی گرت و لەسەر رێگا گەیشتە مام هەینی و ئەویش دەگەڕایەوە ماڵ . چونکە زانیبووی پێشمەرگە لەم نزیکانەیە .

ئەحمەدپێی گوت مام هەینی، ئەوە پێشمەرگە لەم نزیکانەن . دەمەویٚ بمگەیەنیە لایان و دەچم (ساڵح)یش ئاگادار دەکەمەوە .

مام هەینی بە دڵ تەنگیەوە گوتی : کوڕم، ساڵح ئاگادارە پەلە مەکە .

ئەحمەد زانی مام هەینی خۆشحاڵ نیە بەم سەفەرە . ئەحمەد دەستی مام هەینی ماچ کرد و مام هەینی ئەحمەدی کردە باوەشی گوتی : کوڕم مەڕۆ، لێرە بمێنەوە، ماڵت بۆ دادەنێم، هەموو شتێکت بۆ دەکەم .

ئەحمەد گوتی : مام هەینی، تۆم لە بیر ناچێتەوە . ئەوەی تۆ لەگەڵ منت کرد زۆر گەورە بوو . تۆ مرۆڤێکی زۆر میهرەبانی .

مام هەینی گوتی : با بگەڕێنەوە ماڵەوە، خۆت بگۆڕە و ئامادە بە، پێشمەرگەکان لە برسان دێن، پاش نان خواردن دەڕۆن .

لە سەری کۆڵانەکە ساڵح بەدەرکەوت و بانگی کرد ئەحمەد راوەستە، خۆت ئامادە بکە و لە مزگەوت چاوەڕێت دەبم، ئەوە هاوڕێیان هاتوون .

ئەحمەد گوتی : باشە، تۆ بڕۆ ئامادەبە و منیش ئامادە دەبم .

ئەحمەد و مام هەینی بەرەو ماڵ چوونەوە بە کزی و غەریبی، کاتێکی ناخۆش بوو بۆ ئەحمەد و ماڵی مام هەینی . چونکە ئەم ئێوارەیە جیا بوو لە ئێوارەکانی تر .

ئەحمەد جلەکانی لەبەر کرد و پەریخانیش کیسەیەك خواردنی سادەی ئامادە کردبوو دایە دەستی ئەحمەد . مام (هەینی)ش دەستی خستە گیرفانی و کەمێك پارەی دەرهێنا و خستیە گیرفانی ئەحمەد و پێی گوت کوڕم، ئاگاداری خۆت بە، هەر کاتێك هەستت بە ماندوویێتی کرد . یان بێزار بووی . نەچیتە هیچ لایەکی تر، یان نەڕۆیتەوە ناو بەعس، وەرە ئێرە لێرە بژی وەکو من . وەکو خەڵکی ئەم ناوە . من بە هەموو توانام هاوکاریت دەکەم .

مام هەینی و ئەحمەد بەرەو مزگەوت ڕۆیشتن . دواجار خوا حافیزی لەپەریخان کرد و پێی گوت پەریخان ئازارم دایی و ماندووم کردی . لێم ببورە .

ئیتر نەیتوانی ئاوڕێکیش بداتەوە .

گەیشتنە حەوشەی مزگەوتەکە . لەوێ ساڵح جووتە پێڵاوەکەی بە دەستەوە بوو . لەگەڵ مام حامید ئەوانیش دانیشتن و مام حامید سات سات (ساڵح)ی دەکردە باوەشی و ماچی دەکرد و دەیگوت کوڕم، یاخوا گەردنت ئازاد بێ .

ئیتر پێشمەرگە دوو دوو بەدیار دەکەوتن . تۆز و خۆڵ و ماندوویێتیان پێوە دیار بوو . هەموو پڕچەك و تفاق و کۆڵێکیان بەپشتەوە بوو .

هەرکە دەگیشتنە مزگەوت یەکسەر پرسیاری ئاویان دەکرد و داوای نانیان دەکرد . مام حامید لەپیشمەرگەیەکی پرسی ئەی کوا عەباسە رەش ؟ .

پیشمەرگەکە وەڵامی دایەوە و گوتی : ئێستا دەگاتە ئێرە . ها ئەوە هەوە .

کاك عەباس بەدەرکەوت و ماندوو نەبوونی کرد . کاك عباس پیاوێکی تەمەن (٣٠) سالآن دەبوو . دیار بوو ئەوە بەرپرسەکەیانە . چونکە باری چەك و فیشەکی لە هەموان زیاتر بوو . ریشی پر لە تۆزو خۆلّ بوو . تەمەنیشی لە هەمووپێشمەرگەکان زیاتر بوو . پیاوێکی رەش تالّەی بالاّ مام ناوەندی بوو . مام حامید پێی گوت کاك عباس، ئەمانەتێکم لەلایە، بۆ تۆ هاتووە . دەمێکە .

کاك عباس گوتی : زۆر سوپاس، هاوکاریتان دەکەم .

مام حامید گوتی : ئەم جووتە پێلآوە لە هەولێر بۆ تۆ هاتووە چەند مانگێکە .

کاك عباس گوتی : بەلّێ ئاگادارم . لەم بەسەر هاتە . ئەی کوا کورەکە .

مام حامید گوتی : ئەوە هەوە . بەلآم ئەوە یەکێکی تری لەگەلّ هاتووە بۆ هەمان مەبەست . لە مالّی مام هەینی بووە تا ئێستا . دەبێ زۆر ئاگاداریان بیت .

کاك عباس گوتی : بە سەرچاو . هەموو پێشمەرگەیەك برانە . ئەوانە هۆردووکیان دەگەیەنمە ناوچەی ئازاد کراو . لەوێ خولێك کراوەتەوە بۆ پێشمەرگە تازەکان . تاکو زیاتر رابێن و ژیر بن لە شەر و تەقەدا .

کاك عباس جووتەپێلآوەکەی وەرگرت و دراندی و لەگەلّ بنەکەی لێکی کردنەوە . کاغەزێکی تیا بوو . خستیە گیرفانی و گوتی : هەموو گەنجەکانی هەولێر دێن . کاتێ بزانن شۆرش نامرێ . یەکێك لە پێشمەرگەکان لە ئەحمەد نزیك بۆوە و گوتی : ئەحمەد، ئەوە تۆی . باوە شی لە ئەحمەد داو گوتی : نەمگوت دەتبینمەوە .

ئەحمەد گوتی : شەمالّ، تۆش گەیشتیە پێشمەرگە .

کاك عەباس گوتی : شەمالّ، ئەم کورە دەناسی ؟ .

شەمالّ گوتی : بەلّێ، کاك عباس . ئەوە لەگەلّما لە بەندیخانە بوو زۆر تالّی چەشتووە . زۆر ئازا و خۆراگربوو بەرامبەر بەعسیەکان . بەلآم زۆر بێ ورە

بوو بەرامبەر خۆشەویستەکەی . بەردەوام خەوی پێوە دەبینی .
کاك عباس بانگی ئەحمەد و (سالّح)ی کرد و پیێ ی گوت سالّح تۆ باوکت ئازاترین مرۆڤی ناوچەکە بوو، کە سەری دانەنە واد . بۆیە من دلّنیام تۆش رێبازی باوکت بەر نادەی . تۆش کە ناوت ئەحمەدە دیارە ئەشکەنجەی بەعست بینیوە . هیوام وایە پێشمەرگەیەکی بە ئەمەك بیت بۆ هاورێکان و بۆ کوردستان .
ئێوە لە دوارۆژدا دەبنە ئازاترین پێشمەرگە . چونکە من دلّنیام شەهید دەبم سەرەتا منیش کە بوومە پێشمەرگە و راهاتوم . بەرپرسەکەم شەهید بوو . بەر لە منیش پێشمەرگەی ئازا شەهیدبوون . ئێوە جێگەی من ئەگرن و نەوەی نوێش جێگەی هەموان دەگرێ .
ئیتر شۆرش بە خوێنی لاوان سەر دەکەوێ و ئەم کوردستانە دەبێ ئازاد بکرێ . جا ئێمە ئەو رۆژە دەبینین یان نا ئەوە نازانم .
ئەحمەد و سالّح بەرێکەوتن لەگەلّ کاك عباس و پێشمەرگەکان . بەلاّم نازانن بۆ کوێ . ئەم شەوە وەك شەوەکانی تر نەبوو بۆ ئەحمەد و سالّح . چونکە هەر رێگا برین بوو تا دونیا رووناك بوو . ئەوسا لە نزیك ئەشکەوتێك وەستان و کاك عباس بانگی کردن و پیێ ی گوتن تا ئێوارە، یەك یەك ئێشك دەگرین و لێرە دەبین تا دەگەرێینەوە ناوچەی ئازاد کراو
جەژنی رەمەزانیش بەسەرچوو، سابات هەر لەسەر بەلێنی خۆی مابوو، بەیانیەك رووی لەدوکانەکەی مام یاسین کردو سلاّوی لیێ کردو پێی گوت مام یاسین من هاتووم لەسەر بەلێنەکەی خۆمم، تۆش بڕیارتدا پاش جەژن ئەدرەسەکەم بدەیتێ، تا بتوانم یارمەتی سالّح بدەم .
مام یاسین پێی گوت کچم دەمەوێت باش بیربکەیتەوە چونکە ئەو کارەی تۆ دەیکەی کارێکی گەورەیە و هەروا ئاسان نیە، رەنگە کارەسات روویدات .
سابات گوتی گرنگ نیە چی روودەدا یان نا، من ماڤی کەسێك دەگەرێنمەوە کە باوکم ستەمی لێکردەوە، لە جێگەی ئەوەی باوکم لەپەناخۆی بنیێ و

جێگەی باوکی بۆ پڕبکاتەوە، ئازاریدا، بۆیە منیش برینەکان سارێژ دەکەم بە هەر نرخێك بێ .

مام یاسین گوتی بەلاّم تۆ کچی شاریت، کچی پیاوێکی دەوڵەمەندی، لە خۆشی راهاتووی و لە گوڵ گرانترت پێ نەوتراوە، باوەڕناکەم بتوانی بژیت لەدێهات و چیاوچۆڵ و بۆردومانندا !، ستەمە کەسێك لە ژیانیدا تاریکی نەبینیبێ و سەر هەڵگرێ بۆ مەملەکەتێکی شەوچرا!.

سابات تۆزێك بە تورەیی و لە خۆ باییەوە گوتی مام یاسین من منالێك نیم زۆر باش بیریشم کردۆتەوە، من دەبێ بگەمە سالح .

بە گەیشتنی من بە سالح مێژوویەك لە ونبوون رزگاری دەبێ، من مێژوویێك دەنووسمەوە، نامەوێ تیایدا رووڕەش و ترسنۆك بم .

ئەگەر من خێزانیك بۆ سالح دروست نەکەم سالح دەبێ بە نەبوون، خێراکە ئەدرەسەکەیم بدێ .

مام یاسین ناونیشانی سالحی دایە سابات و ئەویش هەمان کات بۆ دواجار هەولێری بەجێهیشت، ئەو هەولێرەی کە هیچی کەم نەبوو بۆ سابات، لە دوا قۆناغی کۆلێژدا قەدەر بڕیاری دابڕانی دا .

سابات لە گوندی گردەشینە بەدەرکەوت و هەر لە یەکەم ماڵ پرسیاری مالی مام حامیدی کرد .

ئیتر پێیان نیشاندا، سابات دەیان منالی دێیەکەی لە دەورەدا کۆببۆوە، کە کەسی وایان نەبینی بوو بەم جلوبەرگانە، لایان وابوو مامۆستایان بۆ هاتووە، سابات لە دەرگای مالی مام حامید چووە ژوورێ، چاوەڕێ بوو سالح پێشوازی لێ بکات .

سابات بانگی کرد، سالح ... سالح ... سالح .

مام حامید لە ژوورەکەی هاتە دەرێ و بینی کچێك وەك مانگەشەوی چواردە، وەك پەری، لە حەوشەیە و بانگی سالح دەکات، مام حامید بە سەرسوڕمانەوە گوتی فەرموو کچم تۆکێی؟

سابات گوتی من مێوانی ماڵی مام حامیدم و لە ساڵح دەگەڕێم .

مام حامید گوتی من مام حامیدم، بەڵام ساڵح لێرە نەماوە ئێرەی جێ هێشتووە .

سابات ڕەنگی سپی هەڵگەڕاو خەریك بوو گریانی بێت و گوتی دەتوانی بمگەیەنیە ساڵح ؟

مام حامید گوتی لەم دەم ودەستە نا .

مام حامید گوتی : کچم تۆ لێرە بمێنەوە با ئەمەش نهێنی بێ، بەڵام تۆش ئەو جلانەت بگۆڕە، ئەو جل و بەرگانەت هی ئێرە نین، پاش ماوەیەکی تر ساڵح دێتەوە ئێرە دڵنیابە .

سابات زۆر گریا و گوتی : لەو جێگایەی ساڵح لێی دەنوست من لە هەمان شوێن دەبم .

ساڵح و ئەحمەد گەیشتنە ناوچەیەکی ئازادکراوی کوردستان، لە باڵەکان . لەوێ بەشداری خولێکیان کرد کە مەشق بوو لەسەر ژیانی پێشمەرگە و ناسینی دووژمن . هەرچەندە ئەحمەد و ساڵح شارەزای دووژمن بوون.

مەشقەکە چەند مانگێك بوو .

سابات لە گردەشینە مایەوە . شەوانی تاریك بوون و ڕۆژانی وەکو ڕۆژانی هەولێر نەبوو . ئاوی تاڵاو و خواردنی سادەی هەژاران ئەو لێی ڕانەهاتبوو . هێدی هێدی کزبوو و نەخۆش کەوت . هەرچەندە ماڵی مام حامید زۆر ڕێزیان لێ دەگرت و خۆشیان دەویست . بەڵام سابات غەریبی و بێکەسی چۆکی پێ دادا و کەوتە گومان و دوو دڵی . بڕوای وا بوو ئەو جارێکی تر ساڵح نابینێتەوە .

نەخۆش کەوت و کەوتە جێگا و توانای نەما . مام حامیدی هەژاریش ئۆقرەی نەگرت و بە ئوتومبێلێکی گوندەکە گەیاندیە نەخۆشخانەی شاری مەخموور . کە نیو کاتژمێرێك لە دێ دوور بوو . مام حامید لە گەڵی مایەوە لە نەخۆشخانە .

دەمەو ئێوارەیەك كاك عەباس هەموو پیشمەرگەكانی كۆكردەوە و ساڵح و ئەحمەدیشیان لەگەڵ بوو . كاك عباس پیێ ی گوتن ئەم شەو من بەرەو قولآیی دووژمن دەڕۆم . جا هەر پێشمەرگەیەك ئامادەنیە یان نەخۆشە و ناتوانیێ بیێ . با لە بارەگابمێنێتەوە . ئێمە دەڕۆین دەمانەویێ زانیاریەك هەیە بگاتە دەستمان . ئەوەی ئامادەیە پاش دوو كاتژمێری تر لێرە دەڕۆین . ئێستا منیش سەرێك لە منالّەكانم دەدەم و خوا حافیزیان لیێ دەكەم . ئێوەش ئامادەبن .

كاك عباس ژن و منالّی لە گوندی (رۆشیێ) بوون . لە خانوێكی قوردا دەژیان . كەمێك لە كەلاوە باشتربوو . سیێ منالّی هەبوو دوو كوڕ و كچێك . چووە لایان و خوا حافیزی لیٚ كردن .

مندالّەكان لەگەڵ كاك عباس هاتن تاكو لە گوندەكە چوونە دەرەوە . منالّەكان سەیری باوكیان و پێشمەرگەكانیان دەكرد . بە دەستە بێنازەكانیان خوا حافیزییان دەكرد . تا كاك عباس دووركەوتەوە و بزربوون ئەوسا منالّەكان چوونە لای دایكیان .

ژیانی پێشمەرگایەتی ئەحمەد و ساڵح دەستی پێكرد . جیا لە ژیانی (شار و گوند ) . دوو پێشمەرگەی چاونەترس بوون بەرەو قولآیی رێگەیان گرت . هەنگاو بە هەنگاو گوند بە گوند . كانی بە كانی و بەرد بە بەرد .

كاتیێ گەیشتنە ناوچەی كەندێناوە . ئەحمەد و ساڵح غەریبی گردەشینەیان كرد و داوایان لە كاك عەباس كرد . سەرێك بدەن لەویێ .

ئێوارەیەك دەمەو رۆژئاوا . دەرگای مزگەوتیان گرت و هەر پێشمەرگەیەك رووی لە ماڵێك كرد . ئەحمەد رووی لە ماڵی مام هەینی كرد و مام هەینی باوەشی بۆ ئەحمەد كردەوە . ئەحمەد دڵی زۆر پیێ خۆش بوو . ئیتر لەبەر چرا بچووكەكەدا پەریخان خواردنێكی بۆ ئامادە كرد .

(ساڵح)یش، غەریبی مام (حامید) ی دەكرد و چووە ئەویێ . لەوێش خێزانی مام حامید بەسەرهاتی (سابات) ی بۆ باس كرد .

(سالْح) کەمێك بێ دەنگ بوو کاتێ زانی سابات لە نەخۆشخانەیە . خێرا گەڕایەوە لای کاك عباس و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە . ئەویش بڕیاریدا کە سبەی سابات بهێننەوە ئێرە و لێرەوە ڕەوانەی گوندی رۆستێی ئازاد کراوی بکەن .

کاك عباس ناونیشانی (رۆستێ)ی بۆ مام حامید بەجێ هێشت، تاوەکو سابات بگەیەنێتە ئەوێ .

سالْح و ئەحمەد بەنادڵی گوندەکەیان بەجێ هێشت لەگەڵ پیشمەرگەکان .

بەیانی هەواڵ گەیشتە مام حامید و سابات، کە بگەڕێنەوە سالْح چاوەڕوانە . ئیتر سابات کە ئەم هەواڵەی زانی باشتر بوو . داوای لە مام حامید کرد کە بیگەیەنێتە لای سالْح . مام حامید ئەم سەفەرەی کەوتە رێ و ناونیشانەکەی وەرگرت و بەڕێکەوتن . تا گەیشتنە گوندی رۆستێ لە ناوچەی بالْەکان . ئێوارە پرسیاری مالْی کاك (عباس) یان کرد و لەوێ میوان بوون . هێشتا کاك عباس و پێشمەرگەکان نەگەیشتبوونە ئەوێ . پاش شەو و رۆژێك . کاتی رۆژئاوا منالْەکانی کاك عباس لەسەر بانەکەیان چاویان لە باوکیان دەگێڕاو دڵی ساباتیش لەسەر هەزاربوو. لە کاتێك منالْەکان هاواریان کرد و گوتیان بابە هاتەوە، بابەهاتەوە، دابەز ین و بەرەو سەر ڕێ رایان کرد .

سابات و مام (حامید) یش هێدی هێدی بۆ سەر رێگایان چوون . سابات چاوی بە سالْح کەوت کە لەو زیاتر کەسی نیە و کەس ناناسێ . خۆی پێ نەگیراو باوەشی لێدا و بەگریان و هاوار گوتی : برا رۆ، برا رۆ .

سالْح بەدەنگێکی نەرم گوتی : سابات مەگری . هەموو خەڵك چاوی لێتە .

مام حامید گوتی : سالْح ئەوە (سابات)یشم گەیاندە لات وا بزانم چیتر کارت پێم نەما .

کاك عباس گوتی : نا نا کاری پێت ماوە . برۆ مەلای مزگەوتم بۆ بێنە . سابات و سالْح لێك مارە بکەم ئەوسا بەیانی برۆ .

هەمان ئێوارە کاك عباس بڕیاری دا مارە بکرێن . سالْح بەسکی برسی،

ساباتی مارە کرد و کاك عباس گوتی : لە بەیانی زووتر نیە، هەموومان خانوویەکی بچووك بۆ ساڵح دروست دەکەین .

سابات لە ماڵی کاك عباس مایەوە تا خانوویەکیان بۆ دروست کرا و ساڵح لەگەڵ (سابات)ی ئامۆزای خێزانێکی بچووکیان پێکەوە نا . ماڵێکی سادە، بەڵام سابات زۆر لەلای گەورە بوو . خۆشەویسترین کەس لەلای سابات ساڵح بوو .

هەندێك لە خەڵکی گوندەکە و دراوسێکان زانیان ئەوان غەریبن . هەر کەسەو لەلای خۆی پێخەف و هەندێك تەدارەکیان بۆ هێنان . ئیتر ساڵح بوو بە خاوەن ماڵ و خێزان خێزانێکی بەختەوەر و شادومان .

ئەحمەد و ساڵح دوو پێشمەرگەی چاونەترسیان لێ دروست بوو . کاك عباس زۆر ئومێدی بە ئەحمەد هەبوو لە رووی سیاسی و نەخشەدانان . بەڵام ساڵح تەنها لە رووی سەربازی و هێرش کردنەوە ناسرابوو .

هەر چەند جاری کاك عباس لە ناوچە ئازاد کراوەکان دەهات بۆ قولایی دووژمن . زوو ئەحمەد و ساڵحی ئاگادار دەکرد . بە بێ ئەوان نەدەرۆیشت . چونکە لە کاتە ترسناکەکان ئەم دوو کوڕە لە لایان وەك شایی بوو .

کاك عباس چەند ڕێکخستنی لە ناو گوندەکان هەبوو بە ئەحمەدی ناساند بوون . ئەحمەدیش کاری لەگەڵ دەکردن . ئەحمەد بێجگە لەوەی هاوڕێی ساڵح بوو . پێشتر دراوسێی ماڵی سابات بوو . بۆیە زۆر لە ماڵی ساڵح دەمایەوە لە کاتی پشوو . وای لێ هاتبوو وەك برا بوون بۆ یەکتری .

دەمەو ئێوارەیەك ساڵح و ئەحمەد چوونە ماڵی کاك عباس وپێیان گوت کەی دەگەڕێینەوە قولایی دوژمن .

کاك عباس پێی گوتن ئەم سێ چوار رۆژە پەلەم لێ مەکەن . کەمێك کۆڵکەدار کۆ دەکەمەوە . نەوەك نەتوانین زوو بگەڕێینەوە و مناڵەکانم سەرما بردەبن . ئێوە سەڵتن خەمی مناڵ و سەرماتان نیە . ئەی ئەوە نیە مناڵەکانم لەو کەلاوە خانووە کەوتوون .

دوای چەند رۆژ ێك كاك عباس پێشمەرگەكانی ئاگادار كردەوە، كە ئەم ئێوارەیە ئامادەبن . بۆ ئێوارەش هەموو پێشمەرگەكان كە نزیكەی (٢٠) كەس بوون، گوندی (رۆستێ) ی ئازاد كراویان جێ هێشت . ئیتر تا دوور كەوتنەوە، منداڵەكانی كاك عباس بەپەنجە ناسكەكانیان ماڵئاواییان دەكرد لە باوكیان .

ئیتر پشتیان لە چیاكانی باڵەكان كرد و بەرێكەوتن . ساڵح و ئەحمەد زۆر پەرۆش بوون بگەرێنەوە دەوروبەری هەولێر و لەوێ چالاكی بكەن و بوونی خۆیان بسەلمێنن . رێگایان زۆر دوور بوو . بۆیە لەكاتی شەودا خەریكی رۆیشتن بون و لە رۆژیشدا لە پەنا هەر بەردێك یان هەر ئەشكەوتێك خۆیان حەشار دەدا . چونكە ئەوان كۆمەڵە پێشمەرگەیەكی پارتیزان بوون .

بەم شێوەیە شەوێكی درەنگ گەیشتنە دەوروبەری هەولێر و نزیك ناحیەی قوشتەپە . زۆر برسی و هیلاك بوون . روویان لە گوندی ماستاوە كرد .

كاك عباس بە پشمەرگەكانی گوت لێرە لەم گوندە خۆمان ون دەكەین .

ئەم گوندەش نزیكەی (٧٠) تا (٨٠) ماڵ دەبوون دوكانێكی بچووكی لێ بوو . جار جار پێشمەرگە جگەرەیان لێ دەكرین . كاك عباس رووی لە مزگەوتەكە كرد و تاپیاوە نوێژكەرەكان و سۆفی و مەلا هاتنە نوێژ . ئەوسا پێشمەرگەكان بلاوەیان كرد و هەر دوو كەس لە دەرگایەك داوای نانیان دەكرد . ئەحمەد لەگەڵ كاك عباس مایەوە لە ماڵێك .

هەموو پێشمەرگەكان دابەش بوون لەم گوندە . دەنگی زەنگوڵی مەڕەكان و قریوەی شوان گوندەكەی ئاوەدان و خۆش كرد بوو .

كاتێ شوانەكان دەرۆیشتن بۆ دەشت رۆژ تەواو سەری دەرهێنا بوو . لە كاتێك تۆزی كۆمەڵێك ئوتومبێل دیار بوو دەهات . كاك عباس لەسەربانێك بوو . لەگەڵ ئەحمەد دا .

كاك عباس هاواری كردپێشمەرگە ئامادەبن .

ئیتر لە ماوەی چاوتروكانێكدا هەموویان كۆبوونەوە .

کاك عباس پیێ ی گوتن هەر سێکەستان لەسەر بانێك ئامادەبن . کەس تەقە نەکات . تا دەگەنە سەر سەرتان . ئەوە جەیش و جاش هاتن . دەبێ زەبرێکی کوشندەیان لێدەین . بەڵام ئەگەر ئێمەیان نەبینی کەس تەقەیان لێ نەکات . نامەوێ لە ناو گوندەکەدا ببێ بەشەڕ و پێکدادان . خۆتان لەسەربان ون بکەن . ئارام بگرن . ئەگەر بکرێ لە شوێنێکی تر لێیان دەدە ین .

لە دوورەوە ئوتومبێلی جاشەکان دیار بوون . لەگەڵ سەربازەکانی بەعس لە گوندەکە نزیك نەبوونەوە و چوونە گوندی (تەندوورە)، کە کەمێك لەولاتر بوو .

کاك عەباس بە ئەحمەدی گوت ئەم جەیش و جاشانە دەگەڕێن . رەنگە کەمێك زانیارییان لە بارەی ئێمەوە هەبێ . دەبێ لێیان وریابین . رەنگە وەك گوندی عاڵڵای کەندێناوە نامەردێك هەبێ .

ئەحمەد گوتی : چی لە عاڵڵا هەیە .

کاك عباس گوتی : هەر چەند جاری پێشمەرگە بچێتە گوندی عاڵڵا، بەتایبەتی ئەگەر ژمارەیان کەم بێت . جەیش و جاش چوار دەوریان دەگرن . یەکێك لەوێ جاسوسی ئەوانە . زۆر کادیری چاك و پێشمەرگەی ئازامان لەوێ شەهید بووە .

ئەحمەد گوتی : ئەی کەس نازانێ ئەم جاسوسە کێیە ؟ .

کاك عباس گوتی : بە دڵنیاییەوە نا، بەڵام هەر ئەوەندە دەزانم جاش و جەیشەکە لە دیبەگەوە دێن .

ئەحمەد کەمێك داما و گوتی : من ئاشکرای دەکەم کێیە ئەم جاسووسە.

کاك عباس بە خەندەیەکەوە گوتی : هەروا بە ئاسانی، ئەحمەد گیان گوندی عاڵڵا نزیکەی (٣٠٠) ماڵە .

هەر لەم گفتوگۆیەدا بوون جەیش و جاشەکان رۆیشتن و زیاتر دوورکەوتنەوە بۆ لای گوندی منارە و بەرە و هەولێر رۆیشتن . ئیتر تا ئێوارە لەم گوندە مانەوە، هەر بە شاراوەیی .

تا کاتی رۆژ ئاوا، کاك عباس پێشمەرگەکانی ئاگادار کردنەوە .کە هەر پێشمەرگەیەك نانێك لە ماڵێك وەرگرێ و مەتارەکانیان پڕ ئاو بکەن و ئامادەبن .

دیسان ملی رێگایان گرت، تا گەیشتنە کەندێکی قوڵ و درێژ، کە ناسراوە بە کەندی کۆدەرە یان کەندی شیوەسۆر . شەو درەنگ بوو . کاك عباس بڕیاری دا کە ئەم شەو لێرەبمێننەوەو ئێشك بگرن و سبەی شتێکی گرنگ هەیە پێیان دەڵێت .

ئیتر لەگەڵ تریفەی بەیانیدا، تازە خۆر سەری دەردەهێنابوو . پێشمەرگەکان لە ناو درێژی کەندەکە و لە ناو تۆز و خۆڵدا خەوتبوون . ئێشکگرەکە بانگی کرد ئامادە بن . هەڵسن تەنەکتەرێك بۆ لای ئێمە دێت .

کاك عباس گوتی : کەس لە شوێنی خۆی نەجوڵێ ئەوە هاوڕێی خۆمانە . برای شەماڵە . من لەدوام هەناردووە . کاری نهێنی خۆمان هەیە و نان و ئاویشی هێناوە .

تەنەکتەرەکە هات و شوفێرەکە لاوێکی چالاك دیار بوو سلاوی کرد و لەگەڵ (شەماڵ)ی برای یەکتریان لە باوەش گرت و یەکتریان ماچ کرد .

شەماڵ گوتی : کاتێ من لەزیندان بووم بڕوام نەبوو جارێکی تر لە باوەشت بگرم برام .

کاك عباس شوفێری تەنەکتەرەکەی کەمێك دوور خستەوە و پێی گوت ها چیت کردووە بۆم . ئەوەی پێم گوتی : جێبەجێت کرد .

شوفێرەکە ناوی سەرۆ بوو گوتی :هەموو شتێك وەکو خۆی ماوە و چاوەڕێی فەرمانی جەنابت دەکەین .

کاك عەباس پێی گوت ئەمڕۆ تا ئێوارە ئاگاداری ناوچەکە بە . ئێوارە چاوەڕێتم . ئێستا برۆ .

ئەحمەد عەباسی جیا کردەوە و پێی گوت شوفێری ئەم تەنەکتەرە شوێنی ئێمە دەزانێ و چۆن وا دەبێ .

کاك عەباس گوتی : گرنگ نیە، چونكە ئەوە كوڕی شەهیدێكە لە ناو سەنگەر و برای شەماڵە . كاتێ لەگەڵ خۆت لە زینداندا بوو . وشەیەكی نەدركاند و نهێنییەكی حیزبی ئاشكرا نەكرد .

مەترسە . بەڵام شتی تر هەیە پێت دەڵێم . چونكە هەست دەكەم تۆ بیرت تیژە و زیرەكیت لێ بەدی دەكرێ و دەتەوێ بگەی بە شتێك و حەزت لە زەبر وەشاندنە لە دوژمن . بۆیە دەمەوێ جێگەی پرسی من بی و لە هەموو شتێكی من ئاگادار بیت .

من ئێستا تا ئێوارە چاوەڕێی ئەم شوفێرەم . كە هەواڵی ئەم بازگەیەم بۆ بێنێ . كە ڕۆژانە خەڵكی ئەم ناوچەیە ئازار دەدات و كەوتۆتە ڕێگەی مەخموور . دەمەوێ ئەمشەو ئەو بازگایە بكەمە دۆزەخ بۆ دوژمنان و بەعسییەكان .

ئەحمەد كەمێك بێدەنگ بوو . پاشان گوتی : دەبێ نەخشەی بۆ داڕێژین . ئەوەش بزانە ئەو بازگەیە چەند كەسانێكی لێیە كە ژمارەیان زۆر نیە .

عەباس گوتی : گرنگ ژمارە نیە . گرنگ بوونی ئێمەیە و لێدانی بازگەكەیە .

ئەحمەد گوتی : باشە، بەڵام من نەخشەیەكت بۆ دادەڕێژم . زەبرێكی زیاتر لە دوژمن بدەین .

عەباس گوتی : من ئەوە نازانم . ئەمشەو ئەو بازگەیە دەسووتێنم .

ئەحمەد گوتی : باشە بەڵام پەلە مەكە . من شتێكی گەورەترم لە مێشك دایە .

عەباس گوتی : چیە بڵێ . ئەگەر لە توانامان دابێ دەیكەین .

ئەحمەد گوتی : توانا زۆر گرنگ . گرنگ بەرنامەیەكی ژیرانەیە . ئێمە ژمارەیەك لە پێشمەرگەكان . كەمێك دوور تەقە لە بازگەكە دەكەین . ژمارەیەكی تری پێشمەرگە دەچینە ئەودیوی بازگەكە، بەلای هەولێر .

ئەوسا ئەوان لە بازگەكە داوای هاوكاری دەكەن و ئێمەش چاوەڕێی ئەو هاوكارییانە دەكەین . ئەوان لەو بڕوایەدا نین، كە ئێمە لەو شوێنە بین .

ئەوسا دەکەونە بەر لوولەی چەکی شۆڕش و کوڕانی دەشتی هەولێر . ئیتر بازگەکە بە خۆی دەتوێتەوە و رەنگە دەسکەوتیشمان زیاتر بێ .

کاك عەباس بە سەرسامییەوە گوتی : ئەی ئافەرین بۆ ئەو دایك و باوکەت . ئەم ژیرییەی تۆ موژدەیە بۆ کوردستان . موژدەیە بۆ ئالآی بیست و یەك تیشك .

تا ئێوارە، کاتێ رۆژ لە ئاوابوون بوو . عەباسە رەش هەموو نینۆکی پەنجەکانی دەگەستن . چاوەڕێی سەرۆی دەکرد . لە کاتێك بەدەرکەوت و گەیشتە لایان . خۆی تەواو پڕچەك کردبوو . کاك عەباسی جیا کردەوە و پێی گوت تا ئێستا چاودێری بازگەکەم دەکرد . کارەکان وەکو خۆیەتی . منیش ئامادەم .

کاك عەباس هەموو پێشمەرگەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن ئەمشە و وەکو شەوانی تر نیە . ئیتر باسی نەخشەکەی بۆ کردن و هەمووانی دابەش کرد . وەك چۆن ئەحمەد داینا بوو .

هەموو پێشمەرگەکان خۆیان ئامادە کرد و هێدی هێدی لە کەندەکە هاتنە دەرەوە و بە رێ کەوتن بۆ گوندی قۆڕیتان . تا گەیشتنە ئەوێ دونیا تاریك بوو .

ئەحمەد نەك هەر لە رووی نەخشەدانان، بگرە لە پێشەوەی هەموو پێشمەرگەکان بوو بەرەو چالآکییەکە . زۆر لێهاتوو بوو . سالْحیش زۆر ئازا بوو . بەلآم هیچ گرنگە بە نەخشەکە نەدەدا .

کار و چالآکی ئەحمەد ئەوە بوو کە لەودیوی بازگەکە بێ، لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك . تاکو ئەو هاوکارییەی بۆ بازگەکە دێ، بکەوێتە بەر چەپۆکی و بەر لوولەی تفەنگەکەی .

کارەکان بوونە نهێنی و نزیك بوونەوە . دەبوایە دەنگی پێڵاویش کەمتر بێ، تا کەس درکیان پێ نەکات . تا گەیشتنە شوێنی مەبەست .

ئیتر لە پڕێکا کاك عەباس دەستی بە تەقە کرد لە بازگەکە . هاواری لێ

دەکـــردن و دەیگـــوت وەرن ئەوانـــە بـــە رۆژ ئـــازاری خـــەڵك دەدەن . وەرن داگیرکەران . ئێستا شەوە شەوی کوڕانی هەولێر و کوردانە . شەوی تۆڵەیە . تەقەش بەردەوام بوو .

ئەحمـەدیش لەگـەڵ چـەند پێشمەرگەیەك لـەو دیـوی بازگەکـە بۆسـەیەکیان دانابوو . ساڵحیش لە تەنیشت ئەحمەد راکشابوو . بە هێمنـی بە ئەحمەدی گوت هەی شێتە، کێ بەم شەوە لـە کولانکـەی خۆی دێتـە دەرەوە و دێتـە بـەر لوولەی تفەنگی تۆ . بە خوا بیرکردنەوەکی گێلانە بوو .

ئەحمەد پێی گوت وس، بێدەنگ بە .

هەندەی نەبرد سێ ئوتومبێلی بەعسییەکان بە خێرایی هاتن بۆ رزگارکدنی بازگەکـە . کەوتنـە بـەر دەسـڕێژی ئەحمـەد و هاوڕێکـانی . زیـاتر لـە بیـست چـەکداری بـەعس کەوتنـە بۆسـەکە و ئەحمـەد و هاوڕێکـانی دەسـتیان گـرت بەسـەر هـەموو ئـەو چـەکانەی لـەلایان بـوو . هـەتا ئـەو ئوتومبێلـەی، کـە دۆشکەکەی لەسەر بوو ئەویشیان هێنا . زۆر بـە ژیرانـە و نەخشە دانـانیش گەڕانەوە لای کاك عەباس بێ زیان .

کاك عەباس سەیری کرد ئەحمەد ئەم هەموو چەکەی دەست بەسەردا گرتووە و ئوتـومبێلی دۆشـکەکەی هێنـاوە . گـوتی : ئەحمـەد تـۆ سـەلماندت، کـە مامۆستای نەخشە دانان و شیری هێرش بردنـی . ئـەی ئافـەرین چۆن وا زوو کارەکەتان ئەنجامدا .

ئەحمـــەد گـــوتی : هـــەتا مـــن دەســـڕێژیم تـــەواو کـــرد . ســـاڵح هـــەموو کلاشنکۆفەکانی لە کەلاکی بەعسییەکان کردەوە .

کاك عەباس بە سەرسوڕمانەوە گوتی : ساڵح، بەڕاستی ئەحمەد سەلماندی . خێراکە با بڕۆین .

ئەوسا بەڕێکەوتن . بۆ خوارووی رۆژئـاوای هـەولێر . سـەرۆ کە پێشمەرگەی نهێنـی بـوو . لـە شـوێنی پێـشووی خـۆی دابـڕا و کـاك عـەباس و هـەموو پێشمەرگەکانیش ملی زورگەزراویان گرت و لەوێش پەڕینەوە بۆ کەندێناوە .

گوند بە گوند و رێکە بە رێکە ڕۆیشتن، بەرەو چیای قەرەچووغ . تا بەرامبەر گونـدی (حـاجی شـێخان) . ئـەوکات بـەیانی دابـوو . کـاك عـەباس بـە پێشمەرگەکانی گوت دەزانم هەمووتان ماندوون . بەڵام رەنگە ئەم بەیانیە کۆپتەرەکانی بەعس بێن . چونکە کارێکی وا ئاسانتان نەکردووە . وریـابن . ئـەو ئوتومبێلـەی دەسـتتان بەسـەردا گرتـووە . لێـی دوور کەونـەوە . نـەوەك فرۆکە لە دوورەوە بە موشەك بیسوتێنێ .

لێرە دەست بە ئێشکگرتن دەکەین، یەك یەك و ئەوانی ەتر با بحەسێنەوە .

کـات بـووە نیـوەڕۆ، برسـییەتی بـووە میـوانی پێـشمەرگەکان . کـاك عـەباس گـوتی : دەچـینە ئـەو گونـدە . نـاوی (خدرجیجـە) یـە، لـەوێ یـەك یـەك بـڵاو ببنەوە . لە هەر ماڵێك داوای نانێك و مەتارەیەك ئاو بکەن . زیاتر نا . منیش لە مزگەوت دەبم تا ئێوە هەمووتان دێنەوە . چاوەڕێتان دەکەم .

پێشمەرگە چوونە ناو گوند و ماڵ بە ماڵ بڵاو بوونەوە .

ساڵح تەمەنی لە هەموو پێشمەرگەکان بچووکتر بوو ئەویش رووی لـە ماڵێك کرد و بانگی کرد ماڵێ، ماڵێ .

دەنگی پیاوێك هات و گوتی : فەرموو کێیە ئەوە ؟ .

ساڵج گوتی : منم خاڵـە گیـان تێنوومـە . دەمـەوێ مەتارەکـەم پـڕ ئـاو بکـەم و ئەگەر هەشبێ نانێکم دەوێت برسیمە .

خێزانەکە خەریکی نان خواردن بوون . پیاوەکە وتی فـەرموو کـوڕم دانیـشە . لەگەڵ ئێمە نان بخۆ .

سـاڵح زۆر برسـی بـوو بـێ سـێ و دوو دەسـتی بـە نـان خـواردن کـرد . کیژۆڵەیەکیش مەتارەکەی لێ وەرگرت، بۆی پڕ ئاو بکاتەوە .

پیاوەکـە گـوتی : باشـە کـوڕم، تـۆ هێـشتا منـاڵی چیت لـە پێـشمەرگایەتیە . باوکت و کەس و کارت چۆن رێگەیان پێدای . تۆ زۆر بچووکی .

ساڵح بەدەم نانخواردنەوە گوتی : من لەوەتەی هەم کەس و کارم نەبووە . جا چ جیاوازی هەیە لە شاربم یا پێشمەرگە بم .

خاوەن ماڵەکە گوتی : ئەی کەس و کارت چیان بەسەر هاتووە .
ساڵح گوتی : باوکم لە پێشمەرگایەتی شەهید بووە . من ئەو کات تەمەنم چوار ساڵ بووە . ئیتر دایکم شووی کردۆتەوە، یەك خوشکیشم هەبوو ئەویش مردووە .
ئافرەتی ماڵەکە هاتە وەلام و گوتی : تۆ خەڵکی کوێی .
ساڵح گوتی : لەوەتەی خۆم ناسیوە هەر لە هەولێر ژیاوم .
ئافرەتەکە بەپەلە گوتی : باوکت ناوی چی بوو .
ساڵح گوتی : عومەر .
ئافرەتەکە گوتی : تۆ (ساڵح)ی .
ساڵح بە سەرسوڕمانییەکی زۆرەوە گوتی : بەڵێ، تۆ من دەناسی .
ئافرەتەکە گوتی : دایکت ناوی (ئەمیرە) یە .
ساڵح گوتی : بەڵێ، بەلام تۆ کێی .
ئافرەتەکە باوەشی لە ساڵح دا و دایە قلپەی گریان و براڕۆ .
ساڵح گوتی : ئێوە کێن بۆ خاتری خوا .
ئافرەتەکە گوتی : کوڕم، تۆ کوڕی عومەری برامی . چەندین ساڵە بە حەزرەتم تۆ ببینمەوە . بە قوبانت بم .
ساڵح گوتی : کەواتە تۆ پلکی منی .
ئافرەتەکە گوتی : بەڵێ .
ساڵح گوتی : کەواتە تۆ پلکی (سابات)ی مام زوبێریشی .
ئافرەتەکە گوتی : بۆ نازانی سابات ونبووە . ماوەی نزیکەی ساڵێکە .
ساڵح گوتی : سابات ئێستا خێزانی منە و لەلای منە . پێکەوە دەژین .
ئافرەتەکە گوتی : چۆن ؟ . سابات . دەڵێن ونبووە ! .
ساڵح گوتی : نەخێر ون نەبووە . ئامۆزای خۆمە و هی خۆمە . مافی خۆم لە زوبێر وەرگرتۆتەوە .
ئافرەتەکە زیاتر دڵی خۆش بوو . گوتی : بەخوا تۆ بە باوکی خۆت چووی .

من پلکتم ناوم (فاتم)ە..

زوبێری برام هەر زوو کەوتە دوای پارەو پول . باوکی تۆش، وەك تۆ هەر رۆژە و لە لوتکەیەك بوو .

فاتم بە گریانەوە سالحی لە باوەش گرتبوو، دەیگوت بۆنی (عومەر) ی برامی لێ دێ .

هەر لەم قسانە بوون . کاك عەباس بە ژووریّ کەوت و گوتی : ئای سالح، ئێرەشت دیتەوە . خۆ من دەمزانی ئێرە مالی پلکتە . ئەوە چۆن وا زوو یەکتریتان ناسییەوە .

فاتمی پلکی سالح بە کاك عەباسی گوت با سالح ئەمشەو لێرە بێ .

سالح گوتی : بەخوا دەمەوێ بچمەوە . سابات چاوەڕێم دەکات . دلنیام ئێستا لەگەل منالەکانی کاك عەباس لەسەر بەرزاییەکە سەیری خوارەوە دەکەن، بمانبینن .

سالح خواحافیزی لە پلکی کرد و بەلێنی پێدا، کە هەموو جارێك سەردانی بکات .

هەموو پێشمەرگەکان گەڕانەوە بەر دەرگای مزگەوت . لەوێ ئەحمەد کاك عەباسی جیا کردەوەو پێی گوت شتێك هەیە دەمەوێ پێت بلێم .

کاك عەباس گوتی : بۆ نا، ئەحمەد گیان من وەك گەورەیەکی تۆم . ئێمە ژیان و مەرگمان لەیەك ساتە، هەرچی لە تواناماندا هەبێ بۆ یەکتری دەکەین .

ئەحمەد گوتی : کاك عەباس، من ماوەی چەند مانگێك لە مالی مام هەینی بووم . ئەوان زۆر بەڕێزەوە منیان لەلای خۆیان حەواندەوەو وەك کوڕی خۆیان مامەلەیان لەگەل کردم . زۆر غەریبیان دەکەم حەزدەکەم سەردانێکیان بکەم .

کاك عەباس گوتی : زۆر باشە، ئەوەش لە وەفاداری خۆتە . بەلام ئێمە دوێنێ شەو زەبرمان لە بەعس داوە، دەبێ ئەم ئێوارەیە زوو بگەڕێینەوە ناوچەی ئازادکراو . بەلام ئەم جارە کە هاتینەوە، یەکەم ە نگاومان مالی مام

هەینی یە .

ئەوەش بزانە، دەبێ ئەم ئوتومبێلە و ئەم دۆشکەیە بگاتەوە سەرکردایەتی ئەوەش ئاسان نیە ها .

هێدی هێدی خۆر سەری نایەوە . ئیتر شەو قەلاّی مێرانە . پێشمەرگەکانیش بەرەو ناوچەی ئازادکراو هەنگاو بە هەنگاو گەڕانەوە.

دێ بە دێ کانی بە کانی، گەیشتنەوە سنووری ناوچە ئازادکراوەکان . هەر لە دەروازەی ناوچەکەدا بەدەرکەوتن منالّکانی کاك عەباس لە دوورەوە کۆمەلّێ پێشمەرگەیان بینی و هاواریان کرد بابە هاتەوە، بابە هاتەوە، بابە هاتەوە . بە راکردن رۆیشتن بەرەو بارەگای حیزب . دەیانزانی ئێستا باوکیان دێتە ئەوێ .

ساباتیش گوێی قولاّخ کردبوو . گوێی لە منالّەکان بوو چاوی لە سالّح دەگێڕا .

کۆمەلّێ پێشمەرگە، گەیشتنە بەر دەرگای بارەگا . ئەم جارە چالاّکییەکەیان زۆر گەورەبوو . ئوتومبێل و دۆشکە گەیشتە بەر دەرگای بارەگا .

هەموو بەرپرسە گەورەکان سەریان سوڕمابوو . دەستخۆشییەکی گەرمیان لێکردن و کاك عەباس بە بەرپرسەکەی گوت ئەم چالاّکییە گەورەو ئەم هەموو چەکە، بە ژیرانەیی ئەحمەد و ئازایەتی و مەردایەتی بازووی پێشمەرگەکان بووە .

منالّەکانی کاك عەباس دەورەیان لە باوکیان دابوو . باوەشیان بەر نەدەدا .

ساباتیش کەمێك لە دووری بارەگاکە وەستابوو . چاوەڕێی سالّحی دەکرد .

کاك عەباس بە سالّحی گوت بڕۆ کاکە بڕۆ . خێزانەکەت هەر وا چاومان لێ سوور دەکاتەوە .

سالّح دەستی ساباتی گرت و گەڕانەوە بۆ مالّە شڕەکەیان .

سابات پێی گوت بۆ وا دواکەوتی . هەر چاوەڕێت بووم .

سالّح گوتی : ئەوە هاتمەوە، ئیتر چەند رۆژی تر لێرە دەبین .

کاك عەباسیش منالێکی لە باوەش و یەك لەسەر ملی و یەکیشیانی دەستی گرتبوو . بەرەو ماڵ دەچوون .

ساڵح خێزانێکی ئاسوودەی هەبوو . هەرچەندە سابات ژیانی جارانی ژیانی شار بوو و شوانی رووناك بوو . بەلاّم لەگەڵ ئەم گوندە شادومان بوو . زۆر ساڵحی خۆشدەویست . ئێوارەیەك پێی گوت ساڵح، بۆ واز لە پێشمەرگایەتی ناهێنی . بۆخۆمان لێرە پێکەوە بژین . پێشمەرگایەتی ترسی تیادایە . لێرە لەم گوندە بەڵکو کەسێك لە رەزێك کارمان پێ بکات . بەشی ژیانی خۆمان بکات .

هەندێك مریشك و پەلەوەریش بەخێو دەکەین بۆ بژێوی خۆمان .

ساڵح گوتی : سابات مەترسە .

سابات گوتی : من جاران نەدەترسام . بەلاّم ئێستا بۆیە دەترسم، رەنگە پاش ماوەیەکی تر دەبی بە باوك و منیش بەدایك . ئیتر ئۆباڵی منالێکمان دەکەوێتە ئەستۆ .

ساڵح بێدەنگ بوو . منالی خۆی بە بیر دەهاتەوە، کە جارێکیان لە شیرنەمەنی فرۆشتن هاتەوە ماڵەوە . چاوی گێڕا دایکی نەمابوو . تەنیا داپیرەکەی نەبێ . ئیتر لە باوەشی داپیرەکەی زۆر گریا تاکو خەو بردییەوە .

سابات گوتی : ها سالح، بۆ وەلاّم نادەیتەوە ؟ .

ساڵح گوتی : سابات گیان، تۆ ئێستا خۆشەویستترین کەسی لەلای من . تۆ ژیانی خۆت لە پێناوی من گۆڕی . هەرچی لە توانام دابێ بۆتی دەکەم . بەلاّم واز لە پێشمەرگایەتی ناهێنم . خوای گەورەش چی نووسی بی هەر ئەوە دەبێ .

ساڵح رۆژ بە رۆژ چاوەڕێی ئەو منالەی دەکرد، کە خودا پێیان ببەخشێ . رۆژێکیان سابات بە ساڵحی گوت ئەگەر منالّمان بوو . حەزدەکەی چ ناوێکی لێ بنێین .

ساڵح گوتی : ئەگەر کور بوو ناوی دەنێم (شوان) . چونکە شوانی جوانە

مەرگ زۆر بەوەفا بوو . ئەو تەنها بوو لە ماڵەکەیان کاری دەکرد . منی لە بەندیخانە دەرباز کرد و زۆر یارمەتی دام .

بە داخەوە تووشی کارەساتێك هات و گیانی لە دەست دا . بۆیە منیش لە خۆشەویستی ئەو ناوی دەنێم شوان . ئەگەر مناڵەکەشمان کچ بوو، ئەوا خۆت ناوی لێ بنێ .

سابات گوتی : باشە، منیش ناوی دەنێم (کانی)، چونکە کانییەکانی ئەم ناوچەیە زۆر جوانن .

چەند رۆژێك بەسەر چوون .

ئێوارەیەك ئەحمەد و ساڵح چوونە ماڵی کاك عەباس و دانیشتن . ئەحمەد گوتی : کاك عەباس، شتێك هەیە دەمەوێ بۆتی بدرکێنم . ئەگەر یارمەتیشم نەدەی هەرباسی دەکەم . تاکو کەمێك باری خەمم کەم بێتەوە .

کاك عەباس گوتی : فەرموو ئەحمەد، بەو خوایە چی لە توانام دابێ بۆتی بکەم .

ئەحمەد گوتی : حەزم لە کچی مام هەینی یە، دەمەوێ بیخوتزم . یارمەتیم دەدەی .

کاك عەباس گوتی : باشە، بەڵام دەزانی ژنهێنانی پێشمەرگە کەمێك قورسە . رەنگە هەموو کەس کچی خۆی نەدا بە پێشمەرگە . پاشان سەیرکە من لە چ کەلاوەیەکدا دەژیم . سەیری ساڵح کە .

ساڵح گوتی : کاك عەباس، با ئەحمەدیش ببێ بە دراوسێمان .

کاك عەباس گوتی : باشە، بەڵام ئەوەش بزانە مناڵی ئێمە نەخوێندەوار دەبێ . بێ بەرگ و بێ نان دەبێ . بێ نەخۆشخانە دەبێ . ژن و مناڵەکانمان هەموو شەوێك چاوەڕێی تۆپ و موشەکی بەعس دەکەن .

من هاوکاریت دەکەم . خانوێکی بچووکیشت بۆ دەکەین . بەڵام دواجار ئەوەش بزانە، کە من لە ماوەی مانگێك تەنها سێ چوار رۆژ لەگەڵ ژن و مناڵەکانمدا بەسەر دەبەم .

سەیری دەردی نەبوونیش بکە، منالّەکانم مانگی جارێك گۆشت نابینن . جاری وا هەبووە شەش مانگ خێزانی خۆم نەبینیوە . زۆر زەحمەتە زۆر ئەم ژیانە . بەلاّم دەبیّ کۆلّ نەدەین .

ئەحمەد گوتی : من دلّنیام مام هەینی کچەکەی خۆیم دەداتیّ . تۆش یارمەتیم بدە خانویێکی وەك ئێوە دروست دەکەین . منیش حالّم وەك حالّی تۆ .

کاك عەباس گوتی : باشە، ئەوە خانوێکمان دروست کرد . بەلاّم من باوەڕ ناکەم مام هەینی کچی خۆی بداتە یەکێك، کە گیانبازی لەگەلّ فیشەکدا بکات .

ئەحمەد گوتی : تۆ بە مام هەینی بلّیّ بەلّکو رازی بیّ .

کاك عەباس گوتی : باشە، بەیانی پێشمەرگەکانی خۆمان کۆ دەکەینەوە . ژوورێکی بچووکت بۆ دروست دەکەین . تا خانووەکەش تەواو دەبیّ، ئەوا بارودۆخی کەندێناوەش ئارامتر دەبیّ .

بۆ بەیانی، پێشمەرگەکان دەستیان بە کار کرد . خانوێکی خنجیلانەیان بۆ ئەحمەد دروست کرد . بەلاّم نەك وەك ئەم خانووەی کە ئەحمەد لەگەلّ باوکی تیایدا دەژ یا .

رۆژێکیان پێشمەرگە ئاگادار کرانەوە، کە ئێوارە دەگەڕێنەوە .

سالّح گەڕاوە مالّەوە بانگی ساباتی کرد پیّ ی گوت سابات، ئێوارە دەڕۆین . تا دەگەڕێمەوە بۆ خۆت برۆ لای خێزانی کاك عباس .

سابات گوتی : سالّح، زوو وەرەوە . دەمەویّ لە کاتی منداڵبوونمدا لێرەبیت . زۆر دەترسم . چونکە من هەر چوار مانگێکم ماوە . نامەویّ لێرە دووربی .

سالّح گوتی : من لە دە رۆژ زیاترم پیّ ناچیّ . دلّنیابە دەگەڕێمەوە .

سالّح خەریکی خۆ ئامادەکردن بوو . ئیتر ئێوارە بە ساباتی وت سابات، من دەڕۆم تۆش برۆ مالّی کاك عباس .

سابات وتی سالّح، توخوا مەڕۆ زۆر دەترسم منالّەکەم بیّ باوك بیّ . ئەمجارە

مەرۆ لێرە بمێنەوە. ساڵح دەستی خستە سەر ملی سابات و ماچی کرد و پیێ ی گوت سابات، چاوەڕێم بە دیمەوە . خوا حافیز .

هەنگاوەکان دەستی پیێ کردەوە . دیسان کوڕانی هەولێر و دەوروبەری دۆڵی باڵەکانیان بەجێهێشت . بۆ گیان بازی .

کاتی خۆر ئاوابوون . سابات چاوی بڕیبووە ساڵح، کە چۆن لەگەڵ هاوڕێکانی شۆڕدەبنەوە . مناڵەکانی عەباسەڕەش بەدەستە بێنازەکانیان ماڵ ئاواییان لە باوکیان دەکرد . ئەو دەست و پەنجانەی کە راهاتبوون لە ماڵئاوایی کردن .

بنار بە بنار و لوتکە بە لوتکە و کانی بە کانی، بەرەو قەلاّی دوژمن پێشمەرگەکان بەرێکەتن . شەو هێشتا مابوو قەرەچووغ پشت وپەنایی پێشمەرگە بوو . هەر پێشمەرگەیەك و لە پەنا بەردێکدا لێی راکشا .

کاك عباس سەری بردە بن گوێچکەی ئەحمەد و پیێ ی گوت سبەی شەو مەتارەکان لە ماڵی مام هەینی پڕ ئاو دەکەین . هەوڵ بدە پەریخان ئاگادار بکەوە . منیش بەمام هەینی دەڵێم .

ئەم بەیانیە تا ئێوارە لە بالاّی قەرەچووغ ئالاّ بوون . رۆژ هاتە سەر ئاوا بوون . وەکو جاران کاك عباس رێنمایی کردن و هەموو روویان لە گردەشینە کرد

.

ئەحمەد رووی لە ماڵی مام هەینی کرد . زۆر غەریبی مام هەینی دەکرد و پەریخانیش لە لایەکی تر .

ئەحمەد لە شڕە دەرگاکەی دا و بانگی کرد مام هەینی، مام هەینی . ئامۆژن

.

ملی لە حەوشەکە ناو چووە ژووریێ وەك چۆن لە حەوشەی ماڵی باوکی بچێتە ژوورەوە وا بوو . لە ناوەراستی حەوشەکەدا روو بە رووی مام هەینی بووەوە . دەستیان لە ملی یەك کرد و تا ماوەیەك لە یەکتر جیا نەدەبوونەوە . هەردووکیان وەك منداڵ دەگریان . ئەحمەد زۆر هۆگری ئەم خێزانە ببو .

زۆریشی خۆش دەویستن .

پەریخانیش ئەحمەدی زۆر خۆشدەویست، لەبەر ئەوەی وەفاداری و دڵسۆزی زۆر پیرۆزبوو لەلای . ئەگەر لەبەر شەرمی باوکی نەبوایە بێ گومان خۆی بە باوەشی ئەحمەد دا دەکرد .

پەریخان کچێکی زۆر ئازا بوو . هەر خێرا لە ئاگردانەکە ئاگری کردەوە و نانی گەرمی ئامادە کرد و نانی ئێوارەی بۆ ئەحمەد دانا .

ئەحمەد زۆری برسی بوو . دوای نان خواردن مام هەینی بە ئەحمەدی گوت کوڕم بۆ وا لە بیرت کردووین. بەخوا جیگەی تۆ چۆڵە . تا ئێستاش ئێمە هەموو ئێوارەیەك دەڵێین بەڵکو ئەمشەو بێتەوە.

هەر کاتێك لە دەرگا بدرایە یان هەر چرپەیەك هەبوایە، دمگوت ئەوە ئەحمەدە . رۆژ نیە دوعات بۆ نەکەم . خۆت لێمان مەشارەوە .

زۆر جاریش دەڵێم، ئاخۆ دایك و باوکی خۆی چۆن بۆی سووتاون .

لەم قسانەدا عەباسە رەش بە ژووریٰ کوت و سلاّوی کرد . مام هەینی وەلاّمی دایەوە و بەخێرهاتنی کرد . عەباس دانیشت و گوتی : مام هەینی دەمەویٰ بە تەنیا قسەت لەگەڵ بکەم . ئەگەر بکریٰ .

مام هەینی گوتی : بەسەر چاو .

ئەحمەد گوتی : باشە، بە یارمەتیتان . من هەتا مزگەوت دەچم .

ئەحمەد بەجێی هێشتن و هەر لە حەوشەی ماڵی مام هەینی ئاوڕێکی لە پەریخان دایەوە و پێی گوت پەریخان دەمەویٰ تۆ بکەم بە هاوسەری خۆم . ئێستا عەباسە رەش داوای تۆم بۆ دەکا لە باوکت . هیوادارم ئەمجارە خەونەکەم نەبیٰ بە سەراب .

پەریخان گوتی : خوا بکات باوکم رازی بیٰ . باوکم تۆی زۆر خۆش دەویٰ .

عەباسە رەش لە ژوورەوە بە مام هەینی گوت مام هەینی، من ژن و منالّم لە ناوچەی ئازادکراوە . لە گوندی رۆستیٰ لە بالّەکان . سالّحیش کە پێشتر لەم گوندە بوو . ئەویش خێزانی پێکهێنا و هەر لە نزیکی منە . ژیان ئیستا وایە

.

جا دەمەوێ ئەحمەدیش بکەمە دراوسێی خۆم و خێزانێکی بۆ پێکبێنم .
تۆش هاوڕێی ئێمەی و مرۆڤێکی دڵسۆزی و شارەزای ئەحمەدی .
دەمەوێ کچەکەی خۆتی بدەیتێ . بەخوا ئەحمەد وەك کوڕی خۆتە .
مام هەینی داما و گوتی : بەخوا ئەحمەد وەك کوڕی خۆم سەیری دەکەم .
زۆریشم پێ خۆشە . بەڵام .
عەباسە ڕەش قسەکەی بڕی و گوتی : توخوا بەڵامی مەخە ناوەوە و دوودڵ مەبە .
مام هەینی بێ دەنگ بوو .
عەباس گوتی : پێم بڵێ . کەی ئەحمەد و پەریخان لێك مارە بکەین .
مام هەینی گوتی : ئەی دایك و باوکی ئەحمەد .
عەباس گوتی : ناوی خوا بێنە . پێشمەرگە دایك و باوکی کوا .
مام هەینی گوتی : باشە، من ڕازیم . بەڵام دەبێ مۆڵەتم بدەنێ .
عەباس گوتی : باشە، ئەم جارە کە هاتینەوە، کۆتایی پێ دەهێنم .
مام هەینی گوتی : پشت بە خوا .
عەباسە ڕەش لەوێ هەڵسا و چووە لای ئەحمەد، کە لە پێش مزگەوت بوو .
پێی گوت کارەکەم ئاسان کردووە . پاش ماوەیەکی تر خوا بکا مارەی دەکەین . ئیستا با بڕۆین سەرێك لە ماڵی مام حامید بدەین .
لە دەرگای ماڵی مام حامید چوونە ژوورەوە . مام حامید بەخێرهاتنی کردن و گوتی : عەباسە ڕەش لە کاتێکی زۆر باش هاتی . شتێکی زۆر گرنگ هەیە دەمەوێ پێتی بڵێم . بەڵام دەبێ زۆر بە وریایی چارەسەری بکەی .
کاك عەباس گوتی : سوێند بە خودای گەورە . هەرچی لە پێناو ئازادی کوردستان بێ . هەتا سەرم لە پێناوی دادەنێم، دەیکەم .
مام حامید گوتی : دوێنێ لە دیبەگە بووم . لە دائیرەی کشتوکاڵی کارم هەبوو . بەرپرسێکی لەگەڵ چوار پاسەوان هاتنە ئەوێ . داوای پارچە

زەوییەکیان دەکرد، کە موڵکی کەسێکی تر بوو . تەنها لەبەر ئەوەی کورد بوو .

بەڕێوەبەری دائیرەکە پێی گوتن، ئەم کارە ناکرێ چونکە یاسایی نیە دوایی لێی بەرپرسیار دەبم .

بەرپرسە بەعسیەکە گوتی :، ئێستا دەڕۆم . بەیانی دێمەوە، تەواوت نەکردبێ لەبەر دەرگای دائیرەکەت هەڵتدەواسم .

کاک عەباس بە مام حامیدی گوت نەتزانی لە کوێوە هاتبوو ؟ .

مام حامید گوتی : بەڵێ، لە مەخموور هاتبوو .

کاک عەباس گوتی : کاتژمێر چەند بوو ؟ و ئوتومبێلەکەیان چۆن بوو ؟ .

مام حامید گوتی : کاتژمێر (٩) ی بەیانی بوو . ئوتومبێلەکەشیان لاندگرۆزێکی سپی بوو .

کاک عەباس گوتی : کەوابێ، سبەی ئەم بەرپرسە لە مەخموور دەچێتە دیبەگە .

مام حامید گوتی : بێگومان .

کاک عباس پێشمەرگەکانی کۆکردەوە ڕووی لەمزگەوت کرد و لەوێ مانەوە تا بەیانی .

لە گەڵ گزنگی بەیان لە ئاسۆی کەندێناوە و چیای قەرەچووغی کاکی بەکاکی . کاک عباس پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە و پێ ی گوتن ئەمرۆ چالاکیەکمان هەیە پێشمەرگەی دلێری دەوێ . خێرا با لە مزگەوت بڕۆین . با بەنهێنی کۆبوونەوەیەکی خێرا بکەین .

کاک عباس و پێشمەرگەکانی چوونە بناری چیا و لەوێ کۆبوونەوەیەکیان کرد .

کاک عباس گوتی : ئەمڕۆپاش (٣) کاتژمێری تر بەرپرسێکی بەعسیەکان لە مەخموور دەچێتە دیبەگە بۆ ئازاردانی خەڵکی ئەوێ . بەڵام مەحاڵە بگاتە ئەوێ . دەبێ دەستگیر بکرێ یان وەکو سەگ بتۆپێ.

ئەحمەد دیسان جێگەی دیار بوو وەك هەموو کارەکانی تر . نەخشەی خۆی هەبوو بۆ ئەم کارەش . بۆیە گوتی : کاك عباس، لە دوێنێ شەوەوە بیری لێ دەکەمەوە . بۆیە ڕێگەم بدە پلانێکم داڕشتووە باسی بکەم .

کاك عباس گوتی : فەرموو .

ئەحمەد گوتی : پێشمەرگەیەك ئاوێنەیەك لەگەڵ خۆی بیات بۆ سەر ئەم بەرزاییەی، کە دەڕوانێتە هەردوولا . هەرکە ئەم ئوتومبێلە هات . بە ئاوێنە ئاگادارمان بکاتەوە . ئێمەش دەبینە دوو بەش . هەردوو بەش نزیکەی ١٥٠ مەتر لەیەك دوور . هەردوو بەش لە بن شەقامی گشتی خۆمان حەشار دەدەین تا ئاوێنەکە ڕووناکیمان تێ دەکات . ئەو کات ئێمەش دێینە سەر شەقامەکە و پێشمەرگەکەی بەشی یەکەم تەنها ڕێگەی لێ بگرێ و ئەگەر نەوەستا یان تەقەیان کرد . بەشی دووەمی پێشمەرگەکان دەستڕێژییان لێ بکەن .

کاك عباس بێ سێ و دوو گوتی : نەخشەیەك ئەحمەد دایڕێژێ سەرکەوتن لەگەڵمانە . دەی زووکەن . هەر ئێستا دەستبەجێ دەست بە کارە بن .

ئەحمەد چۆن بەرنامەکەی داڕێشت جێ بەجێ یان کرد . پێشمەرگەکان خۆیان لە ژێر شەقامەکان حەشاردا و چاوەڕێی ڕووناکی ئاوێنەکەیان دەکرد، کە ئاگاداریان بکاتەوە .

لەپڕێکا ئاوێنەکە ڕووناکی وەشاند و ئاگاداری کردنەوە . ئیتر خێرا هۆردوو بەشی پێشمەرگە هاتنە سەر شەقام و بەشێکیان ئەحمەد سەرپەرشتی دەکردن و بەشەکەی تریش کاك عباس .

ئەحمەد لە ناوەڕاستی شەقامدا، پێشمەرگەیەکی دلێر بوو . چەکدارێکی پڕچەك بوو . دەستی لەسەر پەلاپێتکەی کلاشنکۆفەکەی بوو . چاوەکانی نەدەتروکاند ریشێکی تۆزاویشی هەبوو .

لەپڕێکا ئوتومبێلێکی تر کەوتە بۆسەکەوە، کە لەلای هەولێرەوە دەهات . لە ئەحمەد نزیك بۆوە . ئەحمەد لولەی چەکەکەی لێ کرد و زیاتر لێی نزیك بۆوە

. سەیری کرد ئەوە ڤیانە .

ئەو ڤیانەی قەلاّی عەشقی بوو . ئەوڤیانەی رەنجی بۆ دا . ئەو ڤیانەی لە منالّیەوە تا گەورە بوون لە ناوخوێنی یەکدا بوون . ئەو ڤیانەی کە خەون و هیوا و ئاواتی بوو . لەگەلّ ئەو کەسەی شووی پیّ کردووە .

ئەحمەد سەیری ڤیانی کرد و تاسا . ڤیانیش سەیری کرد و ئەحمەدی ناسییەوە، کە هەمان ئەحمەدە بەلاّم کەمێك لەروخساری گۆڕاوە .

جاران ئەحمەد گەنجێکی خاوێنی بیّ ریش بوو . کراسێکی سپی و پێلاّوێکی بیّ تۆز وخۆلّ . بەلاّم ئێستا ڕۆژگار چی بەسەر هێناوە .

ئەحمەد و ڤیان هەریەکەو هەزاران داخیان بەبیر هاتەوە . ئەحمەد رووی لە شوفێرەکە کرد و گوتی : خێراکە برۆ دوورکەوە . ئێستا لێرە کارەساتێك روودەدات . با کێشەیەکتان تووش نەبیّ . بگەڕێوە هەولێر و رێز و سلاّویشم بگەیەنە هەولێر و قەلاّ و منارە .

ڤیان زۆر حەزی لە قسەکانی ئەحمەد بوو . سەیری جل و بەرگەکانی ئەحمەدی دەکرد . زیاتر عەشق لە دلّی ڤیان فروانتر دەبوو . ئیتر تا دوور کەوتنەوە، ڤیان هەر ئاوڕی دەدایەوە و رووی وەردەگێڕایەوە . ئەحمەدیش وەك ئەو .

ئیتر لە ماوەی چەند چرکەیەکدا ئوتومبێلی بەرپرسە بەعسیەکان دەرکەوت و بۆسەی یەکەمی پێشمەرگەکان ویستیان بیوەستێنن.بەلاّم ئوتومبێلەکە نەوەستا و تەقەشی کردەوە لەپێشمەرگەکان . بەلاّم زیانی نەبوو .

بۆسەی دووەمی پێشمەرگەکان، کە ئەحمەد سەرپەرشتی دەکرد . دەستڕێژی لیّ کردن و ئوتومبێلەکەیان راگرت .

ئیتر سالّح بە تەقەکردن لێیان نزیك بۆوە و دوو لەپاسەوانانی بە عسیەکان کوژران و دووانەکەی تر لەگەلّ بەرپرسەکە کەوتنە بەر دەستی سالّح و بەدیلی گرتن .

لە ماوەی چاوتروکانێکدا ئەو شوێنەیان چۆلّ کرد و روویان لە بناری چیا

کرد .

یەکێك لە دیلەکان گەنجێکی تەمەن نزیکەی سی ساڵان دەبوو . بە ماندووبوونەوە گوتی : من دەمەوێ قسە بکەم . کێ هەیە زمانی من بزانێ ؟ .

ئەحمەد سەیری کرد و پێی گوت ها، چیت دەوێ ؟ .

دیلەکە گوتی : تێنوومە ئاوم دەوێ .

ئەحمەد مەتارەکەی لە پشتێنەکەی کردەوە و دایە دەستی .

دیلەکە ئاوەکەی خواردەوە و گوتی : سوپاس . بەلاّم ئێوە کێن ؟ تێکدەرەکانن ؟ .

ئەحمەد پێی گوت لە روانگەی ئێوە، ئێمە تێکدەرین . بەلاّم راستییەکان پێچەوانەن . ئێمە نەوەی ولاّتێکی داگیرکراوین . تەنها مافی خۆمان دەوێ . بستێك خاکی کەسمان ناوێ . لە بستێك خاکیشمان خۆش نابین . ئێوە داگیرکەرن . هاتوونەتە سەر خاك و نیشتمانی گەلێکی تر دەبێ بڕۆن .

دیلەکە گوتی : ئەی ئێوە بەکرێ گیراوی ئێران نین ؟ .

ئەحمەد گوتی : نەخێر بە هەڵە تێیانگەیاندووی . چونکە بەر لەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران هەبێ . شۆڕشەکانی ئێمە هەبووە . داوای مافی خۆی کردووە . لەلایەکی تریش هەموو دراوسێکانی ئێمە دژی بزوتنەوەی کوردن . کەوابێ چۆن ئێمە بە کرێ گیراوین .

دیلەکە گوتی : بۆچی دراوسێکانتان دوژمنی ئێوەن . ئەگەر ئێوە تێکدەر نین .

ئەحمەد گوتی : چونکە خاکی ئێمە خاکێکی پڕ لە سامانەو بە سوودە . کراوەتە چەند پارچەیەك و هەر دراوسێیەك بەشێکی داگیر کردووە .

شۆڕشی ئێمە هەر شۆڕشێك نیە داوای پارچەیەك بکات . بگرە بەرنامەی ئێمە یەکپارچەیی خاکی کوردستانە . بەلاّم بەعسییەکان ئێوەیان چەواشە کردووە . دەیانەوێ دژایەتییەکی قووڵ دروست بکەن لە نێوان گەلانی عێراق بە تایبەتی کورد و عەرەب . چونکە ئێمە دژی عەرەب نین و داوای مافی

خۆمان دەکەین .

دیلەکە گوتی : باشە ئێوە مووچەی مانگانەتان چەندە ؟ .

ئەحمەد بە خەندەیەکەوە گوتی : مەبەستت پارەیە .

دیلەکە گوتی : بەڵێ .

ئەحمەد گوتی : پارە لەلای ئێمە بوونی نیە .

دیلەکە گوتی : ئەی چی دەخۆن و بە چی دەژین .

ئەحمەد گوتی : کەسێك ئامادە بێ لە هەرساتێکدا گیانی بەخت بکا هیچ شتێك لای گرنگ نیە .

دیلەکە گوتی : ئێوە کەس و کار و خێزانتان هەیە .

ئەحمەد وتی بەشێك خێزاندارن و بشێکیش سەڵتن .

دیلەکە گوتی : ئەی ئافرەتەکان لە کوێ دەژین .

ئەحمەد گوتی : لە هەر ئەشکەوتێك یا هەر بنارێك .

دیلەکە گوتی : ئەی نەخۆشخانە، یان خوێندن .

ئەحمەد گوتی : دەزانی زۆرت پرسیار کرد .

دیلەکە گوتی : باشە دوا پرسیار، چی لە ئێمە دەکەن و بۆ کوێمان دەبەن .

ئەحمەد گوتی : دەتانبەینە دادگا، لەوێ سزای خۆتان وەردەگرن . بەلاّم سزای ئێمە وەکو سزای عەفلەقیەکان نیە . توند و تیژ نیە . رەنگە بە پارە ئازاد بکرێن .

دیلەکە گوتی : ئەی تۆ نەتوت، ئێمە پارەمان گەرەك نیە .

ئەحمەد گوتی : ئەو پارەیە جیایە، بۆ شۆرشە . شۆرشیش جل و بەرگ و پێلاّومان بۆ دابین دەکات . داودەرمانیشی پێ دەکڕین بۆ زامدارەکانمان . نەك بۆ گیرفان پڕ کردن .

ئیتر بەرە و ناوچە ئازادکراوەکان بە رێکەوتن . پاش چەند رۆژێك، گەیشتنە دەروازەی ناوچە ئازادکراوەکان .

هەرکە گەیشتنە سنووری گوندی (رۆستێ)ی ئازادکراو . نزیك بوونەوە لە

بارەگاکەیان، کە بەرپرسەکەیان بەرچاو کەوت . بەو دیلانە و بەو چەکانەی کە دەستیان کەوتبوو . بووە جێگەی سەر سورمان . چونکە بەرپرسێکی بەعسی سوودی زۆری لێ دەبینرێ .

ئیتر دەستخۆشیان لە کاک عەباس و پێشمەرگەکان کرد . کاک عەباسیش گوتی : بە راستی هەمووی بە هەوڵی ژیرانەی ئەحمەد و چاو نەترسانی ساڵح . ئەم کارەیان کردووە .

مناڵەکانی کاک عباس، کە زانیان باوکیان گەڕاوەتەوە خێرا روویان لە بارەگاکرد و باوشیان لە باوکیان داو کاک عباس رووی لە هەموویان کرد و گوتی :بە یارمەتیتان ژن و مناڵەکانم چاوەڕێمن . بە خوا دەڕۆم .

ساڵحیش گوتی : بەخوا منیش ماندووم . ئەحمەد زووکە با بڕۆینەوە .

ئیتر ئەوانەی ماڵ و خێزانیان هەبوو لە گوندەکە چوونەوە ماڵەوە و ئەوانەی سەڵت بوون . لە بارەگا مانەوە .

پاش سێ چوار رۆژ حەسانەوە لە ناوچە ئازادکراوەکان کاک عباس بڕیاری دا، کە ئێوارە دەگەڕێنەوە قولاَیی .

ساباتی هەندێك نان و هێلکەی کولای بۆ ساڵح و ئەحمەد ئامادەکرد و مەتارەکانی بۆ پڕ ئاو کردن و گوتی : ساڵح گیان، خوا بکات زوو بە سەلامەتی بگەڕێنەوە و ئەحمەدیش پەریخان بخوازێ . بەڵکو بێتە ئێرە لە گەڵمان بژین .

ئیتر شەو بە رۆیشتن و رۆژیش بە خۆ حەشاردان، تا گەیشتنە گوندی ماستاوەی دەشتی هەولێر . لەوێ پێشمەرگەیەکی نهێنی هەبوو، کە سەرۆ بوو .

سەرۆ ئاگاداری ناوچەکە بوو ئەویشیان لەگەڵ خۆیان هێنا و خۆیان گەیاندە چیای قەرەچووغ لە نزیك گوندی گردەشینە . ئەو رۆژە لەوێ مانەوە بۆ ئەوەی ئێوارە میوانی مام هەینی بن و پەریخان بخوازن بۆ ئەحمەد .

هێشتا رۆژ هەنگاوێکی مابوو ئاوا بێ لە سەر قەرەچووغ . کاک عباس گوتی

: ئەحمەد ئێوارە میوانی مام هەینی دەبین . ئەگەر کچەکەت مارەکرد . چ دیارییەکم پێشکەش دەکەی .

ئەحمەد کەمێك بێ دەنگ بوو دەستی کاك عباسی گرت و جیای کردەوە و گوتی : پێشمەرگەیەکی پشت مل بەچڵك، چی هەیە بیکاتە دیاری . من دیاریەکم هەیە بۆ تۆ و بۆ هەموو شەهیدان .

عەباس گیان رۆژێك باسی گوندی عاڵڵاَت کرد و گوتت زۆر شەهیدی قارەمانمان داوە، لەم گوندە بەهۆی خائینێك .

کاك عەباس گوتی : بەڵێ .

ئەحمەد گوتی : باشە، من ئەم خائینە ئاشکرا دەکەم بۆ تۆ و بۆ هەموو ئازادیخوازانی کوردستان . بۆ شەهیدان .

کاك عەباس گوتی : ئاخر چۆن . ئەوەم پێ مەحاڵە . چونکە ئەگەر دوو پێشمەرگە برسی بن یان رێگەیان بکەوێتە ئەوێ . یەکێك هەواڵیان دەگەیەنێتە بەعسیەکان و شەهید دەکرێن .

ئەحمەد گوتی : گرنگ نیە، ئیتر ئەم خائینە نامێنێ . بەلاَم ناکەویتە بەر دەستی هێزی پێشمەرگە. کاك عباس گوتی : دەتەوێ شێتم بکەی .

ئەحمەد گوتی : نا نا گوێم لێ بگرە . پاش ئەوەی ئەمشەو لێرە دەڕۆین . زۆر بە نهێنی دەڕۆینە دەشتی عاڵڵاَ . لە بناری چیا دا خۆمان حەشار دەدین . بەیانیەکەی دوو پێشمەرگە رەوانەی ناو گوندەکە دەکەین . لەوێ نان بخۆن و پاشان بگەڕێنەوە .

ئیتر با پیاسەیەکیش لە ناو گوندەکە بکەن تاوەکو ئەو خائینەی خەبەر دەدات بڵێ دوو پێشمەرگە لێرەن . لەو بنارە . جا کە ئەو هێزە دێت بە ناوی دوو پێشمەرگە دێت .

ئەوسا دەکەوێتە بۆسەی ئێمەوە . بەخۆشت دەزانی، کە بەعسی چۆن سزای ئەو کەسە دەدات، کە خەبەری داوە بەم شێوەیە . رەنگە هەر ئەو کات لە سێدارەی بدەن . ئەوەش پێی دەڵێن بە بەردێك دوو چۆلەکە دەکوژین .

کاك عباس گوتی : خەریکە مێشکم دەتەقێ . تۆ پێم بڵێ ئەم نەخشانە چۆن دادەڕێژی .

ئەحمەد گوتی : پەلە مەکە با پەریخان بخوازم ئەم ئێوارەیە .

کاك عباس زیاتر بە پەلە بوو لە ئەحمەد . بۆیە هێشتا دونیا تاریك نەببوو

کاك عباس گوتی : ئامادەبن هەمووتان . دەڕۆینە گردەشینە لەوێ لە پێش مزگەوتدا یەکتر دەگرینەوە .

ئێوارە کاك عباس و ئەحمەد و سالح میوانی مام هەینی بوون و نانی ئێوارەیان لەوێ خوارد . پاش نان خواردن عەباسە رەش گوتی : مام هەینی ئێمە لەسەر بەڵێنی تۆ هاتوینەوە . کوڕکوڕی خۆتە و کچیش کچی خۆتە . ئێمەش کاتمان کەمە . دەمانەوێ زوو تەواوبێ .

مام هەینی گوتی : من ئەحمەدم زۆر خۆش دەوێ وەك کوڕی خۆم . زۆریشم پێ خۆشە ئەمشەو کچەکەشی لێ مارە دەکەم . بەڵام یەك داواکاریم هەیە . هەر کاتێك ئەحمەد توانی و بۆی کرا با ماڵی بهێنێتە ئێرە . لەگەڵ ئێمە بژی یان ئەگەر خوانە خواستە ناوچە ئازادکراوەکان تەنگ بوو . با رەوانەی ئێرەی بکاتەوە . من ئێستا دڵم زۆر خۆشە و زۆریش ناخۆشە .

دڵم خۆشە، چونکە کچی خۆم داوەتە کوڕێکی مەرد و بەوەفا . دڵیشم ناخۆشە، لە بەرئەوەی زۆر دەترسم لە هەر کارەساتێك . بەڵام بەپشتیوانی خوای گەورە .

کاك عباس گوتی : کەواتا با مەلای بهێنین . لە یەکیان مارە بکەین .

هەر هەمان شەو دراوسێکانی مام هەینی و مەلا و پیاوان کۆبوونەوە و لە یەکیان مارەکردن .

ئیتر خەونەکەی ئەحمەد هاتە دی . کاتێ لە بەندیخانە بینیبووی . ئەحمەد یەك یەك وێنەکانی دەهاتەوە بەرچاو، کە هێشتا لە بەندیخانە بوو لە خەودا ڤیان پێی دەوت وەرە، من لە بناری چیا دا . لەم ماڵە سادەیەدا چاوەڕێتم .

پاش ئەوەی لێك مارەکران . هەر کەسەو بڵاوەی کرد و کاك عباس گوتی :

ئێمەش دەڕۆین .

مام هەینی گوتی : نا، تۆ مەڕۆ . لەگەڵ ئەحمەد کارم پێتان هەیە .

عەباسە رەش مایەوە لەگەڵ ئەحمەد . مام هەینی گوتی : ئەحمەد کوڕم، شوێنێك ئامادە بکە بۆ ئەوەی تیادا بژین بە ئاسودەیی .

ئەحمەد گوتی : مام هەینی، من هەر لەلای کاك عباس و سالّح خانوێکی بچوکیان بۆ دروست کردووم. ئێوەش لەگەڵ پەریخان بڕۆنە هەولێر و لای باوکم . لەوێ باوکیشم تێبگەینە بۆ هەندێك کەلوپەلی پێوست و جل و بەرگ .

مام هەینی گوتی : کوڕم، من کە دەڵێم تۆ کوڕی منی . بە هەموو مانایەکان کوڕی منی . من بەپارەی خۆم جل و بەرگ بۆ کور و کچی خۆم دەکڕم . دەچم بۆ لای باوکیشت . بەلاّم نەك بۆ پارە و جل و بەرگ تەنها بۆ ئەوەی کە بزانێ کوڕەکەی خێزاندارە و مالّی پێك هێناوە .

کاك عباس گوتی : باشە، زۆر چاکە . مام هەینی تۆ ئەم کارانە بکە و ئەگەر پێت باشە هەر لە ناوچەی ئازاد کرا و ئاهەنگی بوك گواستنەوەکە دەکەین . تۆ کچەکەت بێنە ئەوێ .

مام هەینی گوتی : زۆر باشە، ئێوە چاوەڕێم بن . هەفتەی دادێ خۆم و کچەکەم دێینە ئەوێ و لەوێ هەموو کارەکان دەکەین .

ئیتر خوا حافیز .. خودا حافیز .

هەرکە لەوێ دوورکەوتنەوە . کاك عباس گوتی : جارێ من پەلەی ئەوەمە ئەو خائینەی گوندی عالّلاّم بۆ ئاشکرا بکەی . زووکە با بڕۆین.

هەر بەم شەوە هەموو پێشمەرگەکان لەبەر دەرگای مزگەوتدا کۆبوونەوە . کاك عباس پێی گوتن ئەم شەو هەر بە بۆنەی خێزان پێکەوەنانی ئەحمەد و پەریخان چالاّکیەکمان هەیە .رەنگە لە زۆربەی چالاّکییەکانی تر گەورەتر بێ . دەبێ زوو بەپەلە بڕۆین . کەسیش نان و ئاو لە بیر نەکات . رەنگە تووشی شەڕێکی دەستە و یەخە ببین .

هەر هەمان شەو خۆیان گەیاندە بناری چیای قەرەچووغ . لە دەشتی عالاّ و خۆیان حەشاردا .

بەیانی کاك عباس باسی نەخشەکەی بۆ کردن و دوو پێشمەرگەی بۆ ئامادە کرد، کە بڕۆنە عالاّ و لەوێ داوای نان بکەن و بگەڕێنەوە ئێرە .

ئیتر زۆر بەژیرانە دوو پێشمەرگە لە کۆلاّنەکانی گوندی عالاّ سوڕانەوە و داوای نانیان کرد و سەرێکیان لە مزگەوتدا و پاشانیش گەڕانەوە .

وەك چۆن ئەحمەد پێشبینی کرد بوو . بەر لە نیوەڕۆ هێزێکی بەعس، کە چەند ئوتومبێلێك بوون هاتن و ڕێگەی هەمان شوێنیان گرت .

کەوتنە ناو بۆسەی پێشمەرگە و تۆڵەی هەموو شەهیدانیان لێ سەندنەوە و چەند کەسانێك نەبێ دەرباز بوون . چەکێکی زۆریش کەوتنە بەردەستی پێشمەرگە .

کاك عباس بڕیاری دا زوو ئێرە چۆڵ بکەن نەوەکو بە فڕۆکە بۆردوومان بکرێن .

کاتێك کە دوور کەوتنەوە . کاك عباس بە ئەحمەدی گوت بە گوێرەی نەخشەکەی تۆ دەبێ خائینەکە ببێ بەپەند .

ئەحمەد گوتی : بێ گومان . پاش ماوەیەکی تر هەواڵی دەزانین .

ئیتر گەڕانەوە ناوچەی ئازادکراو، بۆ پشووی چەند ڕۆژێك و ئامادەکردنی ئەحمەد بۆ ژن گوا ستنەوە .

دیسان لەدەروازەی گوندی (ڕۆستێ)دا منالّەکانی کاك عباس و ساباتی خێزانی سالّح لەسەر بانە بچووکەکەی مالّی کاك (عەباس)دا سەریان بەرز کردبوّوە و چاویان دەگێڕا . دەیانزانی کاتی گەڕانەوەیە . گەڕانەوەی پێشمەرگە . هەرکە بەدەرکەوتن بوو بە هەرا و هۆسەی منالّەکان و پێکەنینی سابات .

منالّەکان بە راکردن بۆ بەردەمی بارەگا ڕۆیشتن . سابات بەخۆی نەوەستا . گریان و پێکەنینی تێکەلّ بەیەك کردبوون . نزیك بۆوە لە بارەگا و چاوەڕێی

ساڵحی دەکرد .

تا ساڵح هاتە لای و پێی گوت سابات گیان، بۆ هاتووی من خۆم دێمەوە .

سابات بە گریانەوە پێی گوت تۆ زوڵمێکی گەورە لە من دەکەی . من کەسم نیە تەنها تۆ نەبێ . دەتەوێ من بکەیتە دایکی مناڵێکی بێ باوك . من باوکی خۆم بە جێ هێشت . دایك و برا و شار و خوێندنم کردە قوربانی تۆ . بەجێم مەهێڵە ئیتر .

ساڵح گوتی : سابات مەگری لەسەرەخۆ، ئیتر ناڕۆم پەیمانت پێ دەدەم .چیتر بەجێت ناهێڵم . تۆ مەگری، با بڕۆینەوە ماڵەوە .

کە گەیشتنەوە ماڵەوە سابات گوتی : ساڵح گیان، دەزانی بۆ چی من ماڵەوەم جێهێشت . دەزانی بۆ ئەو هەولێرەم جێهێشت، کە لەگەڵ خوێنمدا تێکەڵ ببوو . زۆرم بیرکردەوە، زانیم کەوا تۆ هەموو شتێکت لەدەست چووە . خۆشت لەدەست دەچێ . من ویستم سەر لە نوێ خێزانێکت بۆ دروست بکەم . ئیتر نەهامەتی بەر دەرگای عومرت نەگرێ . توخوا وامەکە بڵێن سابات هەڵەی کرد . وامەکە بڵێن سابات دۆڕاوە . من دەمەوێ سەر لە نوێ تۆ بژیێنمەوە . من دەمەوێ لە گۆڕیش بێ گیانی مامم (عومەر)ی باوکت ئاسوودە بێ . ئەگەر بۆ جارێکیش بێ خەندەیەکی ئێرە ببینی . توخوا ساڵح یارمەتیم دە .

ساڵح چاوی پڕ گریان بوو . گوتی : سابات، توخوا لێم ببورە . تۆ لەلای من لە هەموو کەس گەورەتری . لە هەموو کەس پیرۆزتری . توخوا مەگری . ئیتر بەجێت ناهێڵم .

سابات گوتی : من لەسەر منداڵبوونم . پێویستیم پێت هەیە . خۆ ئەگەر ئافرەتێکی شار کاتی منداڵبوونی بێت . بە پەلە دەیبەنە نەخۆشخانە و چەندین دکتۆر یارمەتی دەدەن . من هیچم لە تۆ ناوێ تەنها لێم دوورمەکەوە .

ساڵح گوتی : سابات، خۆت ئازار مەدە . بەخوا ناڕۆمەوە ئیتر . مادام بەم

شێوەیە دڵگران بیت . ئیتر چەك دادەنێم .

ساڵح زۆر ماندوو و هیلاك بوو . ئێوارە هەر زوو کەوتە خەو . ساباتیش چەك و کەلوپەلەکانی ساڵحی کۆکردەوە و بردییە ماڵی کاك عەباس و لە دەرگای دا و گوتی : کاك عەباس، کاك عەباس.

کاك عەباس گوتی : فەرموو فەرموو .

سابات گوتی : کاکە ئەوە چەك و شتەکانتان . من نەخۆشم بەخوا ساڵح چیتر لەگەڵتان نایێ . من مناڵی خۆم بێ باوك ناکەم . لەم کوردستانە کەس نیە، پیاوە بێ کەسەکەی من نەبێ . هەزاران کەس کۆمەڵێ کوڕی هەیە . یەکیکیان فیشەکێکی نەتەقاندووە .

کاك عەباس پیاوێکی زۆر هێمن و سیاسی بوو . گوتی : باشە سابات خان . خۆت دڵگران مەکە . چی دەڵێی با وابێ . ئەی ساڵح بۆ خۆی نەهات ؟ .

سابات گوتی : ئەو ماندوو بوو، خەوی لێکەوت . ئەمنیش دەڕۆم . خواحافیز .

کاتێك رووناکی رووی لە کەندێناوە کرد و رۆژ هەلاّت، مام هەینی وپەریخان خۆیان ئامادەکرد و گردەشینەیان بەجێهێشت . ملی رێگەیان گرت بۆ سەر شەقام و لەوێ بڕۆن بۆ هەولێر و جل و بەرگی بووکێنی بۆ پەریخان بکرن . باوك و کچێکی زۆر سادە و ساکار . زۆر پاك و بێگەرد . ئەوان لە گوندەکەی خۆیان زیاتر کەلێنێکی ئەم دونیایەیان نەبینیبوو .

ئیتر بۆ ژیانێکی ئاسوودە . ژیانێك لە یاسای خودا لای نەدابێ . ژیانێك کە ماڵ و پارە و کۆشك و تەلاری تیادا نەبێ . ژیانێك گەر هەر بە نانە رەق بێ . سوپاسی خودای لەگەڵ بێ . بەرەو هەولێر بەرەو ئەو شوێنەی ئەحمەدی لێ دەربەدەر بووە . بەرەو شوێنی لەدایکبوونی ئەحمەد . کە پەریخان زۆری پێ خۆش بوو . کەس و کاری بناسێ .

پرسیار بە پرسیار تا دەرگای ماڵی ئەحمەدیان دۆزییەوە . لە دەرگایاندا و کچێك کە خوشکی ئەحمەد بوو . دەرگای کردەوە و گوتی : فەرموون .

ئەوان بە جلی کوردی و دەشتەکی بوون .

مام هەینی گوتی : ئێرە ماڵی کێیە ؟ .

خوشکەکەی ئەحمەد گوتی : ئێوە ماڵی کێتان دەوێ ؟ .

مام هەینی گوتی : ماڵی کاك عەبدولرەحمان .

بەهار کە خوشکی ئەحمەد بوو گوتی : بەڵێ ماڵی عەبدولرەحمانە .

مام هەینی گوتی : باشە کچم ئێمە میوانی ئەوین .

بەهار گوتی : فەرموون، فەرموون .

ئیتر باوکی ئەحمەدیش هات و بەخێرهاتنی کردن و ئەوانیش دانیشتن . باوکی ئەحمەد هەستی کرد ئەوانە خەڵکی شار نین . کەوا بێ هەواڵێکیان پێیە .

بەهار کە خوشکە گەورەی ئەحمەد بوو . سەیری پەریخانی کرد و گوتی : بەخوا تۆ زۆر بە کچێك دەچیت . شێوەت لەگەڵ ئەودا زۆر نزیکە .

پەریخان زانی چونکە ئەحمەد بەسەر هاتەکەی بۆ باس کردبوو .

باوکی ئەحمەد گوتی : یاخوا بەخێر بێن . دەمێکە میوانی دوورمان نەهاتووە . بەڵام ئەگەر دڵگران نەبن، من ئێوە نا ناسمەوە . جا نازانم ئێوەش .

مام هەینی گوتی : من خەڵکی دێهاتم . ئەوەش کچی منە . ناوی پەریخانە . تازە مارە کراوە . هاتووم کەل و پەل و جل و بەرگی بۆ بکەم . هەفتەی دادێ، دەگوازرێتەوە .

باوکی ئەحمەد گوتی : یاخوا پیرۆزی بێ و بەخێربێن .

دیسان بەهاری خوشکی ئەحمەد دووبارە گوتی : بەخوا ئەم کچە هەر لە کچێك دەچێ، جاران کەمێك دراوسێمان بووە . بەڵام پەریخان بێدەنگ بوو .

مام هەینی گوتی : باشە ئێوە پرسیاری خۆتان کرد . ماوە من پرسیارتان لێ بکەم .

باوکی ئەحمەد گوتی : فەرموو .

مام هەینی گوتی : ئێوە لە مێژەوە ئەحمەدی کوڕتان نەبینیوە .

باوك و دایکی ئەحمەد و خوشکەکانی، بە یەکەوە گوتیان بەڵێ . لە لای تۆیە ؟ .

مام هەینی گوتی :بەڵێ. شەش مانگ لەلای من بوو. پاشان قەراری دا ببێ بە پێشمەرگە و رۆیشت .

باوکی ئەحمەد گوتی : ئێستا نازانی لە کوێیە ؟ .

مام هەینی گوتی : زۆر پەرۆشی بۆ بینینی ؟ .

باوکی ئەحمەد گوتی : هەر کاتێك بمرم لە دووری ئەوە .

مام هەینی گوتی : باشە، کەواتە با هەموو شتێکتان پێ بڵێم . من بە بیری خۆم کارێکی چاکم کردووە . جا نازانم ئێوە پێی رازین یا نا .

ئەحمەدی کوڕتان پاش ئەوەی شەش مانگ لەلای من مایەوە . لەگەڵ پۆلێك پێشمەرگە رۆیشتن . زۆریش داوام لێکرد کە نەڕوات . بەڵام ئەو وای پێ خۆش بوو . چەند رۆژێك لەمەوبەر گەڕایەوە دێیەکەمان . داوای ئەو کچەی منی کرد و منیش پێشکەشم کرد . ئێستا ئەوە دەستگیرانی کوڕەکەتانە و هەفتەی داهاتوو دەیگوازێتەوە .

هەر لەگەڵ تەواو بوونی قسەکانی مام هەینی . دایك و باوك و خوشکەکانی ئەحمەد، کردیانە گریان و باوەشیان لە پەریخان دا . ئیتر لە ئامێزی یەك تێر گریان و خەمەکانی خۆیان ئاودا .

ئەوسا مام هەینی لە ئەلفەوە هەموو شتێکی بۆ گێڕانەوە . لەو کاتەی کە ئەحمەد لە ماڵ هاتبووە دەرەوە و نەگەڕابۆوە .

قەدەر ئاوایە . زۆر جار مرۆڤ بەرنامەیەك دادەڕێژێ تا لەسەری بڕوات . بەڵام وانیە . جلەوی ژیان بەویستی خۆی دەسوڕێ .

لێرە و لەوێ لەم هەوار بۆ ئەم هەوار .

ڤیان بوو بە پەریخان و ئەحمەد لە بەندیخانە رزگاری بوو و بوو بە کوڕی سەربەردان .

ئـەم رۆژە گریـان پـەردەی شـەرمی لادا و دایکـی ئەحمـەد و خوشـکەکانی دەورەی پەریخانیان بەر نەدەدا . هەر دەیانگوت ئەم کچە نەشمیلە کوردە، بووکی ئێمەیە . زۆر پێخۆشحاڵ بوون .

پـەریخانیش شـاری نـەبینیبوو . تەنانـەت جـل و بـەرگی خوشـکەکانی ئەحمەدی لەلا سەیر بوو .

پاش نیوەڕۆ باوکی ئەحمەد بە مام هەینی گوت ئێستا لەگەڵ دایکی ئەحمەد بڕۆن، لە بازار جل و بەرگی جوان بۆ بووکی من بکرن . هەرچی پەریخان داوای کرد بۆی بکڕن و هەمووی دیاری منە .

مام هەینی و پەریخان تەواوی جل و بەرگیان کڕی و خواحافیزییان لە ماڵی باوکی ئەحمەد کرد و گەڕانەوە بە خۆشی و شادی .

پاش چەند رۆژێك مام هەینی و پەریخان بۆ یەکەم جار روویان لە دۆڵی باڵکان کرد و چوونە گوندی رۆستێ . لەوێ میوانی ماڵی کاك عەباس بوون . بۆ ئەوەی ئاهەنگی بووك گواستنەوەی ئەحمەد بکەن.

کـاك عـەباس زۆر بـەخێرهاتنی کـردن و بـە دوای ئەحمـەدی دا هـەنارد و بڕیاریاندا کەی سبەی هەموو شتێك تەواو بێ .

کـاك عـەباس گـوتی : ئەحمـەد دەترسـم تـۆش وەکـو سـاڵح، خێزانەکـەت چەکەکەت لێ فڕێداتەوە ماڵمان .

ئەحمەد گوتی : بڵێم چی . نازانم ئەوکات چی روو دەدات . بەخوا ساباتیش ناهەق نیە . بەڵام وابزانم ساڵح کە بەیانی لە خەو هەڵسا چەکەکەی هێنایەوە .

گوندی رۆستێ بوو بە باخچەیەکی رازاوە بۆ بووك و زاوا . بە بیرو بۆچوونی ئەحمەد، رۆژێك لە شەقامەکانی هەولێردا دەستی ڤیان دەگرێ و بەرەو خانووە خۆشەکەی خۆیان دەیباتەوە .

بەڵام بە پێچەوانەوە لە گوندی رۆستێ، لە ناو ئاپۆرای پێشمەرگەدا، لە تەك ئاڵای (سوور و سەوز و زەردا) ئەحمەد دەستی پەریخانی گرت و بوو بە

بووکی ئاواتی .

سابات لەگەڵ ساڵح ئامادەبوون لەم ئاهەنگە . بەلاّم سابات زۆری نەمابوو خودا مناڵێکی پیّ بدات .

ئەحمەد بووکی بەرەو ماڵە بچووکەکەی خۆی هێنایەوە . لە جێگەی فیقە فیقی ئوتومبێل، تەنها شریخەی تفەنگ بوو .

پەریخان بووکێکی بێناز بوو هەر چوار دەوری پێشمەرگە بوون . بیّ دەستە خوشك و كەس و کار . نمونەی ئافرەتی کورد . نمونەی سەر بڵندی و رەسەن .

وێنەیەکی زۆر خەمناك بوو . جار جار خەڵکی گوندەکە گریانیان دەهات بۆ ئەم بووکە بێنازە . جار جاریش دەستخۆشیان لێدەکردن .

ئەحمەد بوو بە دراوسێی کاك عەباس و ساڵح . ئەوان زۆر هۆگری یەك بوون . ساتێکیش بەبیّ یەکتری گوزەریان نەدەکرد .

سابات دەیزانی زۆری نەماوە . کاتی منداڵبوونی بێت . بۆیە هەندێك کراس و جل و بەرگی ئامادە کردبوو . لانکۆڵەیەکی جوانیشی لەلای دراوسێکەیان هێنا بوو بۆ مناڵەکەیان .

پاش چەند رۆژێك . بەیانییەك سابات ژانی گرت و ئیتر کاتی منداڵبوونی بوو . هەر بەم بەیانییە ساڵح دەرگای ماڵی کاك عەباسی گرت و بانگی کردن براژن، براژن .

کاك عەباس هات و گوتی : ها، ساڵح خێرە . بەم بەیانییە .

ساڵح تێیگەیاند و گوتی : سابات بە تەنیایە . یارمەتیمان بدەن .

گوندێکی وا لە مامانێکی پیرێژن زیاتر چی لێیە .

خێرا، پیرێژنێك و ئافرەتێکی دراوسێیان هاتن، بەڵکو یارمەتی بدەن .

ساڵحیش لەبەر دەرگا چاوەڕێی هەواڵێکی خۆشی دەکرد .

ساڵح چرکە چرکەکانی کاتژمێری دەژماردن و خەریك بوو نینۆکەکانی خۆی بە ددان دەقرتاندن . کات بەسەر چوون . هیچ هەواڵێك نەبوو .

ساڵح چاوەڕێ بوو ئافرەتێك بێتە دەر و داوای مزگێنی لێ بكات .

ڕۆژ گەیشتە ئاسمان و پیرێژنەكە زۆر بە كزی هاتە دەرەوە و گوتی : بڕۆن لەمزگەوت خەڵكی ئاوایی ئاگادار بكەنەوە . دوعای ڕزگاربوونی بۆ بكەن .

ساڵح دانیشت و فرمێسك چاوەكانی گرتن .

مەلای مزگەوتیش بانگی دا و دوعای بۆ كرد .

كات بوو بە نیوەڕۆ . پیرێژن هاتەوەو گوتی : ئەم ئافرەتە كوڕێكی جوانی بوو . بەڵام بە داخەوە، خۆی مرد .

سابات مرد . بێ ئەوەی دایكی ببینێ . بێ ئەوەی كەسێك هەبێ بیناسێ .

سابات بووە قوربانی . سابات لە پێناو ئامۆزای ژیانی خۆی گەیاندە ئەم ڕۆژە .

ساڵح كە ئەم وشەیەی بیست، هەرچی گوللە لەسەر چەكەكەی بوو بە ئاسماندا تەقاندی . ساڵح لەو بڕوایە نەبوو سابات بە جێی دێڵێ .

سابات ژیانێكی خۆشی هەبوو . خوێندەوار بوو . هەموو شتێكی بەجێهێشت، لە پێناو ڕاستی و چەوسانەوەی ساڵحدا .

هەموو خەڵكی گوندەكە، تاسان و زۆر دڵگرانبوون . منداڵێك لە دایكبوو، بەڵام بێ دایك .

كاك عەباس و خێزانەكەی هەر زوو منداڵەكەیان هێنایە لای خۆیان و نەهێڵن بمرێ .

گۆڕستانی سابات لە هەولێر نەبوو . لە گوندێكی بچووك بوو .

هەرچی خەڵكی ئەوێ هەبوو فرمێسكی بۆ ڕشت . بەڵام چی لە گەڵ قەدەر دەكرێت .

ساڵح دیسان بە تەنیا مایەوە . بێ سەر . بێ ئومێد . پڕ لە خەم . پڕ لە ئازار .

ڕۆژ بەسەر چوو . ساڵح چاوێكی هەر لە كوڕەكەی بوو . كە لەلای خێزانی كاك عەباس بوو . ئەو زۆر جوان بەخێوی دەكرد .

ساڵح ناوی لە کوڕەکەی نابوو (شوان) . وەك چۆن بەڵێنی دابوو .
خێزانەکەی کاك (عەباس)یش، وەك مناڵێکی خۆی پەروەردەی دەکرد .
ساڵح توانای یەکجار کەم ببوو . ڕۆژێك لەلای کاك عەباس و ڕۆژێك لەلای ئەحمەد و جار جاریش لە بارەگا دەمایەوە .
ئەوەی ساڵح بۆی دەگریا . بیرکەوتنەوەی یادگارییەکانی ڕۆژانی هەولێر بوو لەگەڵ (سابات)دا .
مەرگی سابات زۆر (ساڵح)ی ئازاردا، چونکە سابات بەخۆی بەرەو پیلی مەرگەوە هات . بەخۆی ئەم ژیانەی هەڵبژارد .
ساڵح زۆربەی کاتەکانی لەسەر گۆڕستان دەبردە سەر .
کاك عەباس بیری کردەوە و گوتی : با چەند ڕۆژێك ساڵح دوور خەمەوە . بەرەو قولایی بڕۆین .
ڕۆژێك کاك عەباس پێشمەرگەکانی کۆکردەوە و پێی گوتن ئێوارە ئامادەبن . بەرەو قولایی دەڕۆین .
خۆر هێشتا زەردیی مابوو . هەموو ئامادەبوون لە بەر هەیوانی بارەگا . ساڵح وەك جاران نەبوو . زۆر کز بوو . هەنگاو هەنگاو (ڕۆستی) یان جێهێشت . ساڵح هەر ئاوڕی دەدایەوە و وێنەکانی ساباتی دەهاتنە بەر چاو، کاتێ خوا حافیزی لێ دەکرد .
ساڵح وەك جاران نەبوو . زۆر سەربەستتر لە جاران . زۆر بێ باکانە . هەنگاوی دەنا و دەڕۆیشت . ئیتر شتێك نەبوو، بە گرنگی بزانێ . مرۆڤێکی لەت لەتی بەر دەستی خەم بوو .
دێ بە دێ، کانی بە کانی، لە کاتی شەو بە ڕۆیشتن و بە ڕۆژیش خۆ حەشاردان .
بەرە بەری بەیانییەك گەیشتنە دەشتی کەندێناوە . کاك عەباس گوتی : دەبێ شوێنێك پەیدا بکەین تاکو ئێوارە . با خۆمان بگەیەنینە قەرەچووغ .
ئەحمەد گوتی : کاك عەباس، باشە وا دەکەین . بەلام با هەواڵێکی گوندی

(عالّلاّ)ش وەرگرین . بزانین پاش شەڕەكە (خائین)ەكە چی بەسەر هاتووە .
ئیتر لە دەشتی عالّلاّ لە بناری چیادا مانەوە .
بەر لە نیوەڕۆ شوانێك خەریكی لەوەڕاندنی رانە مەڕەكەی بوو .
ئەحمەدیش بانگی كرد و گوتی : كاكەی شوان، حەزدەكەم قسەت لەگەلّ بكەم .
شوانەكە هاتە پێش و گوتی : فەرموو . ئەگەر برسیتانە ئەوا دەگەڕێمەوە مالّەوە نانتان بۆ دەهێنم.
ئەحمەد گوتی : نا برا گیان، ئێمە برسیمان نیە . هەر كاتێك برسیمان بیّ، هەموو مالّە كوردێك بە مالّی خۆمان دەزانین . بەلاّم ویستم پرسیارێكت لیّ بكەم . تۆ خەلّكی چ گوندێكی ؟ .
شوانەكە گوتی : عالّلاّ .
ئەحمەد گوتی : باشە برای شوان، نزیكەی دوو مانگ لەمەوبەر شەڕێك لێرە روویدا، لە نێوان هێزی پێشمەرگە و هێزێكی بەعس . تۆ نازانی زەرەر و زیانی چی بوو ؟ .
شوانەكە گوتی : بەخوا، پێشمەرگەكان هیچ زەرەر و زیانیان نەبوو . چونكە ئەوان بۆسەیان دانابوو. بەلاّم جەیش و جاشەكان كەوتنە بۆسەكە و هەمووی لەت و پەت بوون . مەگەر چەند كەسێك نەبیّ چەكەكانیان فرێدابوو . خەریك بوو لە تێنان بخنكێن . بەلاّم رۆژی دواتر هێزێكی تری بەعس هاتنەوە گوندەكەمان و مەلا (عەبدوڵلاّ)ی مزگەوتیان برد و هەر لەویّ هەزار پێلاّویان بەسەر دادا . تا ئێستاش بیّ سەر و شوێنە .
كاك عەباس رووی لە ئەحمەد و پێشمەرگەكان كرد و گوتی : بەخوا تەلّەكەی ئەحمەد مەلای گوندی پێوەبوو . كیّ بیری ئەوەی دەكردەوە .
ئەحمەد گوتی : مەلا لەجیاتی خەلّك فێری پاكی و رەوشتی باش بكات، ئەوە بەرنامەی مەلایە . منالّی هەزاران كەس بە كوشتن دەدات و باسی بەهەشت و دۆزەخیش بۆ داماوان دەكات .

(ساڵح)یش لە سەرەخۆ گوتی : بەخوا، ئەوە مەلا نەبوو . ئەگەر مەلا بوایە تووشی تەڵەی تۆ نەدەبوو . بەڵام بەخوا ئەحمەد تۆ مەلای .

کاك عەباس رووی لە شوانەکە کرد و پێی گوت ئەم مەلایە هەر خەڵکی ئەم گوندە بوو ؟ .

شوانەکە گوتی : نا بەخوا . فەقیرە لە دیبەگەوە هاتبوو بۆ ئێرە . تەنها لەبەر خاتری ئەوەی مزگەوتەکەمان بێ مەلا بوو و منداڵانی گوندەکەش فێری خوێندەواری بکات . دەنا چاوی لە پارە و پوول نەبوو .

ساڵح گوتی : جا پارە و پووڵ بۆ چییە . مووچەی جاسوسی زۆر زۆرە . بەڵام کاکەی شوان، دەبێ ئەم جارە لە کوێوە مەلاتان بۆ بێ و دەرچووی چ دەزگایەك بێ .

کاك عەباس رووی لە پێشمەرگەکان کرد و گوتی : با بڕۆین هاوڕێیان، ئەگەر ئەحمەد نەبوایە، ئەوا ملا سەری هەمووانی دەخوارد .

تا ئێوارە خۆیان حەشاردا .

دونیا تاریك بوو . ئەوان سەریان لە هەر گوندێك دەدا . خەڵکی گوندەکە دەیانوت وریابن، فڕۆکە و جەیش بەردەوام دەگەڕێن لە ناوچەکە .

دیار بوو ناوچەکە زۆر ئارام نەبوو . بۆیە کاك عەباس بڕیاریدا بگەڕێنەوە . ماوەیەك لە ناوچەی ئازاد کراو خۆیان ون بکەن .

چەند مانگێك بەسەر چوون . کوڕەکەی ساڵح زۆر جوان ببوو . خێزانی کاك عەباس وەك دایکی خۆی پەروەردەی دەکرد . ساڵح زۆر سەبووری پێی دەهات .

ئەحمەد و پەریخانیش زۆر بە هەژاری لە ماڵەکەیان دەژیان . پەریخان سکی سێ چوار مانگ بوو . ئەحمەد زۆر دەترسا لە پەریخان، لەوەی نەوەکو وەك (سابات)ی بە سەربێ . بەڵام پەریخان نەدەترسا و ڕۆژێکیان بە ئەحمەدی گوت ئەگەر منداڵمان بوو چی ناو دەنێی .

ئەحمەد گوتی : داوا لە خودای گەورە دەکەم تۆ سەلامەت بی و ئەگەر

کوڕێکی پێ بەخشین ناوی دەنێم (هەولێر) .

دونیا سارد بوو . ئەحمەد خەریکە دار کۆکردنەوە بوو .

کاک عەباس بە دوایدا هەنارد . ئەحمەدیش چووە لای و کاک عەباس پێی گوت ئێوارە لەبەر دەرگای بارەگا ئامادەبە . تەنها تۆ ئاگادار نەکرابوویەوە، خۆت ئامادە بکە دەڕۆین .

ئەحمەد گوتی : بە سەر چاو .

ئەحمەد گەڕایەوە ماڵەوە و بە پەریخانی گوت جلەکانم ئامادەکە . ئێوارە دەرۆم . کەمێك نانی گەرمیش ئامادەکە بۆ من و ساڵح .

پەریخان گوتی : بە سەرچاو، بەڵام خۆت نەتوت جارێ ناوچەکان نائارامن، بەمزوانە ناڕۆین .

ئەحمەد گوتی : بەڵێ وابوو، بەڵام کاک عەباس وا بڕیاریداوە دەبێ بڕۆین .

چەند ساتێك بەر لە رۆژئاوا، هەموو لەبەردەم بارەگا ئامادەبوون و بەڕێکەوتن . مناڵەکانی کاک عەباس و خێزانەکەی و پەریخان، لەسەر بانە بچووکەکە سەیریان دەکردن .

ئیتر کەوتنە دوای یەك و ملی رێگەیان گرت بەرەو دەشتی هەولێر . پاش چەند شەوێك نزیك بوونەوە لە ناوچەی قوشتەپە .

کاکا عەباس گوتی : دەچینە گوندی تەندوورە، لەوێ (سەرۆ)ش لەگەڵ خۆمان دەبەین . ئەو زیاتر شارەزای ئەم ناوچەیە و ئەگەر هەر نا ئارامییەك هەبێ ئەو دەزانێ . دڵنیابن چاوەڕێشمانە .

کاتی ئێوارە بوو هێشتا خۆر زەردیی مابوو . هێدی هێدی لە گوندەکە نزیك بوونەوە . ئەحمەد بە کاك عەباسی گوت وا هەست دەکەم تەندوورە وەك جاران نییە، زۆر هێمنە . نە دەنگی مناڵێك دێ و نە باعەی مەڕ و ماڵاتێکیش دێ .

کاك عەباس گوتی : باشە، کە وایە با بە سێ بەش بڕۆینە ناو دێیەکە . هەر یەك لەلایەك .

ئەحمەد و ساڵح لە کاک عەباس جیابوونەوە لە قۆڵێکەوە و کاک عەباس و چەند پێشمەرگەیەکی تر لە قۆڵێکی تر . لەوە دەچوو کەس لەم گوندە نەبێ . هەتا دەنگی جریوەی چۆلەکەش نە دەهات .

زۆر بە هێواشی گەیشتنە ناو گوندەکە . کەسێك دیار نەبوو پرسیاری لێ بکەن . دەرگاکان داخرابوون . لە ناکاو بۆسەیەکی ڕەشتر لە ئیبلیس . بۆسەیەکی بەعسییەکان لە ناو گوندەکە خۆیان حەشار دابوو.

هەموو خەڵکی گوندەکەشیان خستبووە ژوورەوە . لە ناکاو بوو بە ئاگر باران و بوو بە شریخەی تفەنگ . دەستی ڕەشی نامەردی و بە کرێگیراوان، گەیشتنە ئەو گوندە و مۆرکێکی ڕەشی لە ناو مێژوو خوێناوی کرد .

ئیتر هەر پێشمەرگەیەك لە جێگەی خۆی راکشا و کەس نەیدەزانی دوژمن لە کوێوە تەقە دەکات . دەنگی کاك عەباس نەبوو .

ئەحمەد هاواری کرد پێشمەرگە تەقە مەکەن . بابزانین تەقەی دوژمن لە کوێوەیە .

پاش چەند چرکەیەك، تەقەی دوژمن دەرکەوت و کاك عەباس کەوتبووە ناو بۆسەی خیانەت و لە ناو خوێندا هەناسەیەکی مابوو . خائینێکی ڕەش هاتە سەری و دەمانچەکەی پشتی کاك عەباسی دەرهێنا و خستییە بەر پشتی خۆی .

ئەفسەرێکی عەرەبیش گوتی : تستاهل ئەکسەر .

کاك عەباس شەهید بوو لەگەڵ سێ پێشمەرگە . هەمان کات خائین و مرۆڤە خۆفرۆشەکە لەگەڵ بۆسەی بەعسییەکان، خێرا گوندەکەیان بەجێهێشت و بەرەو هەولێر بۆی دەرچوون .

تەرمی پیرۆزی کاك عەباسی ماندوونەناس لە ناو کوڵانێکی گوندەکە ڕاکشابوو . ئێوارەیەکی پڕ خەم بوو . ئەحمەد و ساڵح و چەند پێشمەرگەیەك، سەرسام ببوون . نەیاندەزانی چی ڕوویداوە . بەڵام کاتێك دەنگی ئوتومبێلی بەعسییەکان هات . ئینجا زانیان کە ڕۆیشتن .

ئەحمەد بانگی کرد کاك عەباس، کاك عەباس . تۆ لە کوێی ؟ .

لە کاتێکدا ئەحمەد و ساڵح گەیشتنە سەر تەرمی کاك عەباس و هاوڕێکانی .

ئەحمەد دەستی لە ملی کاك عەباس کرد و گریا، ماچی کرد و گوتی : مامۆستام، گەورەم، باوکم، برام . بەلاّم وەلاّم نەبوو . ئەمە کۆتایی قارەمانێك بوو .

ساڵح دڵی زۆر پڕ بوو خۆی پێ نەگیرا و هەموو گوندەکەی بە گریان هەژاند . وەك چۆن یەکێك باوکی یان دایکی مردبێ . ئەحمەد و ساڵح وابوون بۆ کاك عەباس . ئیتر خەڵك بە هاواریانەوە هاتن .

ئەحمەد هاواری کرد و گوتی : خەڵکینە بۆ نایەن یارمەتیمان بدەن . ئێمە کوڕی ئەم میللەتەین . ئێمە پیاوکوژ نین . داگیر کەر نین . دز و جەردە و ڕێگر نین . ئێمە پێشمەرگەین . هەموو مناڵی هەژارین . وەرن .

پیرێژنێك لە ناو خەڵکەکەوە بەدەم هاوارەوە گوتی :

چاوتان نەشکێ کوڕینە مەرگی هەق نەتان ترسێنێ
بەرخی نێر بۆ سەربڕینە گرمەی تۆپ نەتان لەرزێنێ
بەر لە ئێوەو بەر لە منیش ئێوەش نا، نەوەی نوێ
کورد یەخەی کراسی بەخوینە چەند بەهێزبێ دەیڕوخێنێ

* * *

ئەحمەد سەیری کرد کاك عەباس شەهید بووە و خیانەتکاران دەمانچەکەشیان لەبەر پشتی کدۆتەوە و بردوویانە .

ئەحمەد چاوەکانی تاریك بوون بە غەزەب .

خەڵك هاتن و شەهیدەکانیان بردنە مزگەوت و ئێوارەیەکی جوان و هێمنی گوندەکەیان بە دەستی ڕەش ناشرین کرد .

کاك عەباس دەیگوت (من شەهید دەبم . نەوەی نوێ شۆڕش دەکات ) .

کاك عەباس تێکۆشەر بوو نەك هەر لە ڕووی سەربازی، بەڵکو لە ڕووی یارمەتی پێشمەرگە و یارمەتی گوندنشین و ڕێزگرتن لە خەڵك و پاراستنی

ژیانیان .
کاك عەباس شەهید بوو . لەسەر قاچەکانی رازی نەبوو نانێك لە شار بخوات . بڕیاری دابوو، یان کوردستان یان نەمان .
ئەم شەوە کاك عەباس و سێ پێشمەرگە، بێ کفن، بە جل و بەرگی خوێناوی خۆیان، بێ دایك و باوك و بێ کەس و کار، لە نزیك یەکتر نێژران . لەو گۆڕستانەی، کە گۆڕستانی ئەوان نەبوو . دوور لە کەس و کاریان، تەنها چونکە شۆڕشگێڕ بوون .
کاك عەباس بەرپرسی دەشتی قەرەچووغ بوو .
هەمان شەو ئەحمەد گوتی : دەبێ بڕۆین . ئێرە جێبێڵین .
ملی ڕێگەیان گرت و بەرەو چیاکان . ئەحمەد گوتی : کوا جیهاز ؟ . سەرەوەم بۆ وەرگرن .
ئەحمەد جیهازەکەی وەرگرت و گوتی : ٥٤، ٥٤ . قەرەچووغ لەگەڵتە . ئێمە تووشی بۆسەیەك بووین . کاك عەباس و سێ پێشمەرگە شەهید بوون . تکایە وەڵاممان بدەنەوە .
پاش کەمێك لە سەرووی حیزبەوە، لە ڕێگەی هەمان جیهازەوە، وەڵام درایەوە و گوتی : قەرەچووغ، قەرەچووغ .
ئەحمەد گوتی : بەڵێ، بەڵێ . قەرەچووغ لە گەڵتانە .
لە جیهازەکەوە سەروو بڕیاری دا . شەهیدەکان بنێژن و بە هێمنی و بەنەخشە بگەڕێنەوە ناوچەی ئازادکراو . هەوڵ بدەن لە دوژمن دوورکەونەوە .
ئەحمەد گوتی : بەڵێ، بەڵێ . گەیشت .
ئەحمەد سەرپەرشتی هێزەکەی کرد و دێ بە دێ کانی بە کانی، بەرد بە بەرد، گەڕانەوە بۆ سنووری ناوچە ئازادکراوەکان .
لە دوورەوە دیاربوو، لەسەر بارەگادا، ئالآی ڕەش هەڵکرا بوو . ئەویش هێمای شەهیدبوونی پێشمەرگەیە .

وەکو جارانی پێشوو منالّەکانی کاك عەباس هاتبوونە سەر رێگەی باوکیان . تا پێشوازی لیّ بکەن و خۆیان بە باوەشی باوکیان دابدەن .
خێزانەکەی کاك عەباسیش لە گەلّ منالّەکانی هاتبوو . چونکە ئالاّیە رەشەکەی سەر بارەگای بینیبوو . هەستی کردبوو کەسێك شەهید بووە .
کاتێك پۆلە پێشمەرگەکە نزیك بوونەوە . منالّەکانی کاك عەباس دەستی دایکیان بەردا و بەرەو پێشمەرگەکان چوون و چاویان گێڕا، باوکیان لەگەلّ نەبوو . گەڕان لە ناو پێشمەرگەکان، بەلاّم نەبوو .
خێزانەکەی کاك عەباس هەناسەیەکی ساردی پڕ گریانی هەلّکێشا و فرمێسکی هاتنە خوار و گوتی : چۆن بە تەنها جێتان هێشت . ئەگەر پۆلاّی کوڕم گەورە بوو، بلّێم کوا گۆڕی باوکت . چۆن جێتان هێشت . عەباس تەرمی چەند شەهیدی لەگەلّ خۆی دەهێنایەوە ئێرە . ئێوەش جێتان هێشت .

خێزانەکەی کاك عەباس دەستی منالّەکانی راکێشا و منالّەکانیش نەیاندەزانی، هەر دەیانگوت کوا بابە . کوا بابە .
منالّە گەورەکەش دەیزانی باوکی شەهید بووە و دەگریا لەگەلّ دایکی .
ئەم خێزانە بەدختە، بە گریانەوە گەڕانەوە خانووە کۆنەکەیان . هەرچی خەلّکی ئەویّ هەبوو، لەبەر گریان وشەیەکیان پیّ نەوترا .
جاران بیّ خوێندن و بیّ نەخۆشخانە بوون . ئێستا بیّ باوکیش مانەوە.
ئەحمەد و سالّح کاتیّ ئەم دیمەنەیان بینی زۆر گریان . هەمان سات بڕیاریاندا پشوو نەدەن هەر ئێستا بگەڕێنەوە بەدوای سەرەداوێکدا بگەڕێن و بکەری ئەم کارە بدۆزنەوە .
ئەحمەد رووی لە سالّح کرد و پێی گوت (سەرۆ)، ئەو پێشمەرگە نهێنییەیە کە سەردەمێکە لەگەلّ کاك عەباس کاری کردووە . رەنگە لەگەلّ ئەودا کارێکمان پیّ بکرێت .
ئەحمەد سەیرێکی پەریخانی کرد و بانگی کرد و پێی گوت رەنگە ئەم جارە

زوو نەگەڕێمەوە و ماوەیەکم پێ بچێ .
پەریخان گوتی : چاوەڕێت دەبم . نەك هەر من بەڵکو ئەو منالّەی لە سکمایە چاوەڕێتە .
ئەحمەد گوتی : خۆت دلّتەنگ مەکە ئەگەر دواکەوتم . ئەگەر کوڕێکمان بوو ناوی بنێ (هەولێر) و ئەگەر کچیش بوو، ناوی بنێ (بێ خاك) .
پەریخان گوتی : بەسەر چاو . بەلاّم هەولّ بدە زوو بگەڕێنەوە . چونکە من تەنیام لێرە، غەریبەم . نە دایك و باوك و نە کەس و کارم لێرەیە . یان ئەگەر زانیت دوا دەکەوی باوکم ئاگادار بکەوە، بەڵکو بگەمەوە ئەوان .
ئەحمەد گوتی : باشە خوای گەورە پشت و پەنامان بێ .
دیسان بەرەو دەشتی هەولێر، ئەم جارەیان تەنها سالّح و ئەحمەد، زۆر بە نهێنی رێگایان بڕی . پاش ئەوەی چەند شەو و رۆژێك بە رێگاوە بوون . لە کۆتایی شەوێکدا گەیشتنە گوندی تەندوورە .
ئەو گوندەی شەهید عەباسی تیادا شەهید بوو . مالّی دایکی (سەرۆ)ش لەوێ بوو . زۆر بە نهێنی چوونە سەر گۆڕی شەهید عەباس و هاوڕێکانی .
کەمێك وەستان . سالّح گوتی : سوێند بە ئازایەتی و قارەمانییەتی شەهید عەباس، تا تۆلّەی ئەم شەهیدانە نەکەمەوە، ناگەڕێمەوە . من لە هەر شوێنێك بم دژی بەعسم . ئەوەندەم زۆرە، کە لەگەلّ تۆدا بم .
دونیا تاریك و رۆن بوو . زۆر بە نهێنی خۆیان گەیاندە مالّی سەرۆ .
سەرۆ گوتی : باش بوو هاتن . چرپە چرپێك هەیە، کە کوردێك لەگەلّ بۆسەکەدا بووە . بەلاّم هێشتا زانیاری تەواوم دەست نەکەوتووە .
چەند رۆژێك لە مالّی سەرۆ مانەوە . رۆژێکیان سەرۆ گەڕایەوە مالّ و بانگی ئەحمەد و سالّحی کرد . پێی گوتن ئەو خائینەی بۆسەکەی دانابوو . ناسراوە .
ئەحمەد گوتی : ناوی چییە ؟ . خەلّکی کوێیە ؟ .
سەرۆگوتی : لە لاپەڕی دێ مالّێك هەیە، پیاوەکە ناوی مام (سادق) ە . ئەو

خائینەکەی بینیبوو ناسیبووی . بەلاّم دلّنیا نەبوو لە ناسینی . ئێستا دەلّێن هەوە ناوی (حەمەی گورجی) ە . خەلّکی هەولێرە و ئەو بەکرێگیراوی بەعسییەکانە .

ئەو، چەند چەکدارێکی تایبەتی بەعسییەکانی لەگەلّدا بووە . لە بەرامبەردا خانوێك و ئوتومبێلێك و مەفرەزەیەکیشی وەرگرتووە . دەلّێن ئێستا لە هەولێر باس باسی حەمەی گورجی یە .

ئەحمەد گوتی : باشە، دەبیّ لە هەولێر چۆن بیدۆزمەوە ؟ .

سەرۆ گوتی : من مالّی برایەکم لە هەولێرە . بەیانی سەردانی دەکەم تا بزانم، لەویّ چ زانیارییەکم دەست دەکەوێت . جاریّ با دلّنیابین لە کارەکە . ئەوسا ئاسانتر دەبیّ .

رۆژی دواتر سەرۆ لە هەولێر گەڕایەوە و بە ئەحمەد و سالّحی گوت خەلّکی هەولێر هەموو ئەم دەنگوباسە دەزانن، کە حەمەی گورجی لە بەرامبەر کوشتنی شەهید عەباس مەفرەزەی وەرگرتووە . هەموو شتێکم لە دەربارەی ئەو وەرگرتووە .

سالّح گوتی : باشە، دەبیّ چۆن بکەوێتە دەستمان .

سەرۆ گوتی : بەلّیّ دلّنیام، بە ئوتومبێلەکەی خۆم دەچینە هەولێر و بە دوایدا دەگەڕێین .

ئەحمەد گوتی :پەلە مەکەن. دەبیّ یەکەم جار بگەینە هەولێرو زۆر بە هێمنی نەخشەی بۆ داڕێژین .

سەرۆ گوتی : لە مالّی براکەم دەبین، تا دەکەوێتە دەستمان . براکەم ئاگادار کردۆتەوە . ئێستا چاوەڕێمانە .

بەیانییەك زوو، سەرۆ و ئەحمەد و سالّح، بە ئوتومبێلەکەی سەرۆ روویان لە هەولێر کرد . سەرۆ شوفێرێکی زۆر باش بوو . زۆریش شارەزای رێگا قاچاغەکان بوو .

بۆیە هەر زوو گەیشتە مالّی براکەی و لەویّ ئوتومبێلەکەیان بردە

حەوشەکەوە و خۆیان مات کرد .

ئەحمەد و ساڵح لە ژوورێکی ماڵی (سەردار)ی برای (سەرۆ)دا خۆیان حەشاردا و سەرۆش کار و پیشەی ئەوە بوو، کە حەمەی گورجی بدۆزێتەوە و هەواڵی تەواوی بزانێ . بەڵکو نەخشەیەکی بۆ داڕێژێ .

سەرۆ رۆژ بە رۆژ هەواڵی حەمەی گورجی دەهێنا بۆ هاورێکانی . بەلأم ئەحمەد ئەو شوێنانەی پێ سەرکەوتوو نەبوو بۆ کوشتنی حەمەی گورجی .

مانگێك بەسەر چوو . نیوەڕۆیەك سەرۆ گەڕایەوە ماڵی براکەی و بە ئەحمەدی گوت هەواڵی تازەم پێیە . حەمەی گورجی نیوەڕۆ لەسەر ئەم شەقامە گشتییەدا، لەم چێشتخانەیە نانی خوارد . پاسەوانێکی عەرەبێکی بەعسی لەگەڵ بوو .

ئەحمەد گوتی : زۆر باشە، چاوەدێری بکە . بەڵکو بەردەوام نانی نیوەڕۆ لەوێ بخوات . ئەگەر وابێ زۆر باشە .

ساڵح بە گاڵتەوە گوتی : دیارە پارەی وەرگرتووە بۆیە لە چێشتخانە نان دەخوات . من لە ژیانم نانێکم لە چێشتخانە نەخواردووە .

رۆژی دواتر، سەرۆ گەڕایەوە و گوتی : ئەحمەد برام، بەخوا ئەمڕۆش لە هەمان چێشتخانەی سەر ئەم شەقامە نانی خوارد .

ساڵح گوتی : بەخوا ئەوە هەوە . ئەوەی دەڵێن لەسەر نەوسێ کەوتە حەپسێ . بەلأم ئەوە ناکەوتە حەپسێ . دەکەوێتە دۆزەخ .

ئەحمەد گوتی : بەیانی هەر سێکمان لە بەرامبەر چێشتخانەکە سەیریان دەکەین . تاکو رۆژی دواتر نەخشەی بۆ داڕێژین .

رۆژی دواتر لە بەرامبەر چێشتخانەکەدا، ئەحمەد و ساڵح و سەرۆ هەر لە ناو ئۆتۆمبێلەکەدا چاودێریان دەکرد .

کات بووە نیوەڕۆ و لەکاتێکا حەمەی گورجی لەگەڵ پاسەوانەکان و بەعسییەکی لچ و لێو رەش، بە ئۆتۆمبێلە نوێیەکەی حەمەی گورجی هاتن و لە بەردەم چێشتخانەکە دابەزین .

ئەحمەد گوتی : زۆر باشە، پەلەم لیّ مەکەن . با بیریّکی لیّ بکەمەوە .

سالّح گوتی : جاریّ پارەی نەفەریّك کەبابم بدەنیّ با بچم لە نزیك ئەوان نان بخۆم . هەم زۆرم حەز لە کەبابە و هەمیش لە نزیکەوە سەیریان دەکەم .

ئەحمەد گوتی : دەترسم کیّشەیەك دروست بکەی .

سالّح گوتی : نا، مەترسە هیچ روونادات هەر دەچم .

سالّح چووە چیّشتخانەکە و لە بەرامبەر حەمەی گورجی نان و کەبابیّکی چەوری خوارد و لەسەرەخۆ بە ددان خاویّن کردنەوە گەڕایەوە لای هاوڕیّکانی و گوتی : بەو خوایەی، من حەمەی گورجی بناسم واز لەم چیّشتخانەیە ناهیّنی . تازە بزانم نان و کەباب چ لە پیاو دەکات . حەمەی گورجی تا مابیّ نانیّکی دەستی ژنەکەی خۆی ناخوات . هیچ دوو دلّ مەبن لە بەیانیەوە هەموو رۆژیّك حەمەی گورجی لە بەردەم ئەم چیّشتخانەیە دەبینی . باشە بۆ ئیّوەش بەیانی نان و کەبابیّك لەگەلّ حەمەی گورجی ناخۆن .

ئەحمەد گوتی : سالّح، تۆ هەموو شتیّك بە فشە دەزانی . بەلاّم وانیە . ئیّمە دەبیّ نەك هەر بەرنامەی کوشتنی حەمەی گورجی داڕیّژین . بەلّکو دەرچوونمان لیّرە و خۆ ون کردنمان تا ماوەیەك و دووبارە دەرچوونمان بۆ ناوچەی ئازادکراو . ئەوانە هەمووی بەرنامەی گەرەکە . من نامەویّ بە زیندوویی بکەومە دەستی بەعسیەکان .هەموو کاریّکیش بە بەرنامە و ریّ و جیّ دەکەم . پەلەش لە هیچ شتیّك ناکەم .

بۆبەیانی کات بەر لە نیوەڕۆ هەر سیّ هاوڕیّ خۆیان پڕ چەك کرد و لە بەرامبەر چیّشتخانەکە خۆیان مات کردبوو لە ناو ئوتومبیّلەکەیان .

کاری سەرۆ تەنها شوفیّری بوو . بەلاّم ئەم نیوەڕۆیە وەك دویّنیّ نەبوو . چونکە حەمەی گورجی دوو ئەفسەری بەعسی دەعوەت کرد بوو لەگەلّ دوو لە پاسەوانەکانیان ئەوان زووتر هاتبوون .

ئەحمەد و سالّح و سەرۆ ئەوەیان نەدەزانی و ئاگادار نەبوون . کاتیّك حەمەی

گورجی لەگەڵ پاسەوانەکەی هاتن و چوونە چێشتخانەکە .
سالّح گوتی : سەیری کە پیاوێکی چەند ناشیرینە . ڕەنگ و رووی لە پیاوانی دۆزخ دەچێ . بەو خوایە هەزار پیاوی وا بکوژم، لام وایە گوێی کەری وەیسیم بڕیوە .
ئەحمەد گوتی : سالّح مەیکە فشە . نامەوێ کەس بە بەر تەقەی ئێمە بکەوێ . لە حەمەی گورجی زیاتر . ڕەنگە خەڵکێکی هەژار لە چێشتخانەکە نان بخۆن . وریابە کە هاتنە دەرەوە خێرا لێی دەدەین . سەرۆ تۆش ئاگادار بە لە شوێنی خۆت نەبزووی . ئێمە هەر لێی دەدەین و خێرا دێینەوە و دەڕۆین .
کات زۆری نەمابوو . دەنگی چرکەی کاتژمێر وەکو دەنگی فیشەك بوو . ئەحمەد و سالّح چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی حەمەی گورجی یان دەکرد . چرکەکانیان دەژمارد .
لەکاتێك دیار بوو لە ژوورەوە هەڵسان . ئەحمەد و سالّح لە ئوتومبێلەکە دابەزین و خێرا لێی نزیکبوونەوە و روو بە رووی حەمەی گورجی بوون لە بەردەم چێشتخانەکە . بەلاّم چۆن ؟ .
سالّح و ئەحمەد دوو چەکداری پڕ فیشەك و هەموو گیانیان ئێدەگی فیشەك بوو . سالّح رووی چەکەکەی تێ کردو پێی گوت حەمەی گورجی، کەبابت خوارد ؟ . یەکسەر دایە بەر رێژنەی گوللە .
سالّح چووە سەری و دەمانچەکەی شەهید عەباسی ناسییەوە و هێنایەوە .
ئەحمەدیش خەریکی پاسەوانەکەی بوو . ئەویش ویستی تەقە بکات . بەلاّم ئەحمەد رێگەی نەدا و بە سێ چوار فیشەك رەوانەی دۆزەخی کرد.
خێرا گەڕانەوە لای سەرۆ، تا دەرباز بن . بەلاّم ئەو دوو ئەفسەرەی کە پێشتر لە چێشتخانەکە بوون، هاتنە دوایان بە تەقەکردن .
سەرۆ شوفێرێکی زۆر باش بوو خێرا دەرچوو . بەلاّم دوو ئەفسەرەکە هاتنە دوایان و ئوتومبێلی چاکیان هەبوو . کۆلاّن بە کۆلاّن دەیانویست دەربازبن . بەلاّم ئەفسەرەکان هەر بە دوایان بوون بە تەقەکردن.

سەرۆ نەیویست خۆی بگەیەنێتە ماڵی براکەی . چونکە ئاشکرا دەبوون . بۆیە ڕێگاکەی گۆڕی . ئوتومبێلی بەعسییەکان زۆر خێراتر بوو لە هی سەرۆ . ئەوان جیهازیشیان لەلا بوو . هێزەکانی خۆیان ئاگادار کردەوە . خاڵی دەربازبوون بەلای مەحاڵبووندا بوو .

تەقەکانیان زیاتر بوو . خێرایی ئوتومبێلەکەی سەرۆ کەمتر بووەوە . هێشتا کەمتر بووەوە . سەری سەرۆ کەوتە سەرشانی ئەحمەد . گوللەیەکی دیل و گەرم لە دواوە پێی کەوتبوو .

دوا وشەی سەرۆ هەر ئەوەندە بوو، گوتی : بڕۆن خۆتان دەربازکەن . و چاوەکانی خستە سەر یەك . سەرۆ کوڕە شەهید بوو خۆیشی بووە قوربانی کورد و کوردستان .

ئەحمەد و ساڵح، خێرا بێ جێگە و بێ بەرنامە، سەرۆیان لەناو ئوتومبێلەکە جێهێشت و خۆیشیان بە پێ و بە ڕاکردن ویستیان خۆیان دەرباز بکەن . لەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان بە تەقەکردن . تەقەیەکی زۆریان لەسەر بوو .

کەمێك دوور کەوتنەوە لە سەری کۆڵانێکی ترەوە . دیسان تووشی بەعسییەکان هاتنەوە . ساڵح دەرباز ببوو . بەلاّم ئەحمەد مایەوە . بۆیە ساڵح گەڕایەوە بە تەقەکردن . بۆ ئەوەی ئەحمەدیش لەگەڵ خۆی دەرباز بکات .

لەناو ئەم هەموو تەقانەدا، ساڵح کەوتە سەر چۆك و گوللەیەکی نەفرەتی بە سکی کەوت . بە هێمنی پشتی گەیاندە دیوارێك و گوتی : ئەحمەد تۆش بڕۆ . خۆت دەربازکە .

ئەحمەد کە بینی ساڵح بریندارە، چاوی پڕ (غەزەب) بوو . ترس لەم هەرێمە جێگەی نەما .

ئەحمەد لە بەرامبەر فیشەکەکانی ئەوان چاوی نەتروکاند و تەقەی لێکردنەوە . دەستی ساڵحی خستە سەر ملی خۆی و بە پەلە چوونە کۆڵانێکی ترەوە .

سالح هەر دەیگوت تۆ بڕۆ خۆت دەربازکە . تازە وازمان لێ ناهێنن . دەماندۆزنەوە .

کەمێکی تر دوور کەوتنەوە . دەرگایەك لەسەر پشت کرابۆوە و لێی چوونە ژوورەوە . بێ ئەوەی بزانن ماڵی چ کەسێکە .

خاوەن ماڵەکە، دەرگاکەی داخست و گوتی : چاوەڕێی ئێوەم دەکرد . بۆیە دەرگاکەم خستبووە سەر پشت . بە پەلە وەرنە دوام .

(سالح)یان گەیاندە حەوشەی پشتەوە و لەوێ شوێنێکی نهێنی هەبوو . ئەحمەد و سالح لەوێ خۆیان حەشاردا .

خاوەن ماڵەکەش جار جار دەچووە لایان و پێیانی دەوت ئارام بگرن، ئێوەیان بزر کردووە . باوەڕ ناکەم بێنە ئێرە .

سالح بریندار بوو . هەموو گیانی لە ناو خوێندا مەلەی دەکرد . لە شوێنێك بوو، کە خۆیشی نەیدەزانی لە کوێیە .

بۆیە بێ ئومێد بوو . هەر دەیگوت ئەحمەد، ئەگەر هەلێکت بۆ رەخسا، تۆ برۆ . ئەوەی ئەم رێگایە بگرێ . دەبێ بە هەموو مەرگێك رازی بێ .

ئەوەی ئەم رێگایە بگرێ، دەبێ چاك بزانێ، کە برینی سارێژ نابێ . من تازە تەواو، هیچیشم نیە جێی بێڵم . تەنها شوانی کوڕم نەبێ . دیارە ئەویش وەك من بەدبەختە .

هەموو خۆشەویستەکان منیان جێهێشت . باوکم، دایکم، ساکاری خوشکم، داپیرم، هەتا ساباتیش جێی هێشتم . من راهاتووم لە جێهێشتن . شوانیش کە گەورە بوو لە دابڕان رادێ .

ئەحمەد گیان، سڵاوم هەیە بۆ پەریخان . تۆ بڕۆوە ئەوێ . پەریخان چاوەڕێتە . ئاگاداری شوانیش بە .

ئەحمەد گوتی : سالح، باش گوێ بگرە . نامەوێ زۆر قسە بکەی . چونکە تۆ برینداری . بەڵام ئەوەندەت پێ دەڵێم، من جێت ناهێڵم . ئەگەر هەولێر قەلا جێبێڵێ .

دڵنیابە، بە زیندوویی یا بە مردووی دەگەڕێینەوە ناوچەی ئازادکراو . تۆ کەی وا بێ ئومێد بووی . مەرد بە مەرد . من لە تۆ جیانابمەوە . یا ژیان بۆ هەردووکمان یان مەرگ و شەهید بوون . پەلە مەکە، چارەسەری برینەکەت دەکەم . پزیشکی چاك پەیدا دەبێ .

ساڵح گوتی : من نامەوێ کوڕەکەت کەهاتە سەر دونیا، ژیانی وەکو من و شوانی کوڕم بێ . با ئەویش بێ باوك نەبێ .

ئەحمەد گوتی : وس، بێدەنگ بە . دەنگە دەنگێ هەیە .

پاش کەمێك خاوەن ماڵەکە هات و گوتی : بریندارەکە چۆنە ؟ .

ئەحمەد گوتی : باشە بەڵام دەبێ چارەسەری بکەین . تۆ هیچت پێ دەکرێ ؟

.

خاوەن ماڵەکە گوتی : با ئێستا باش بیپێچینەوە . رەنگە پاشان چارەی تریشمان پێ بکرێ . ئێستا دار و بەرد بۆتە ئەمن و جاش .جارێ بەم پەڕۆیانە جوان برینەکە ببەستەوە . خوا گەورەیە .

ئەحمەد و ساڵح لەم کۆڵانەیە مانەوە . پاش چەند کاتژمێرێك خاوەن ماڵەکە هاتەوە و گوتی : حەمەی گورجیتان کوشتووە . کارێکی واتان کردووە، تا سەد ساڵی تر باوك بۆ کوڕەکەی بگێڕێتەوە .

ئەگەر بە چاوی خۆم ئێوەم نەدیبا . هەرگیز باوەڕم نەدەکرد، کە لاوی وەك ئێوە ئەم جۆرە شێرە بێ . بەڵام بە داخەوە . هاوڕێکەتان لە کۆڵانەکەی ئەوبەر شەهید کراوە .

ئەحەد گوتی : دەزانم، بۆیە جێمان هێشت چونکە دڵنیابووم کە شەهید بووە . بەڵام پێم بڵێ تۆ کێی وا دەرگات لە ئێمە کردەوە ؟ .

پیاوەکە گوتی : ناوم سیامەندە، بەکاری مریشك و دەواجن خەریکم . بەتەنیا دەژیم لەم ماڵە . کاتێ گوێم لە تەقەکان بوو، زانیم شتێ بووە . چونکە خۆشم کۆنە پێشمەرگەم، ئەو کارانەم زۆر کردووە . زوو دەرگاکەم خستە سەرپشت . گوتم هەر کەسێ تەنگاو بێ با بێ رزگاری دەکەم .

تا ئێوارە لەم کۆڵانەیە مانەوە . سیامەندی خاوەن ماڵیش، کەمێ خواردن و پێویستی بۆ هێنان . تاکو بەیانی مانەوە .

برینەکەی ساڵح شوێنی گرنگی نەگرتبوو . بەڵام خوێنێکی زۆری لێ رژابوو . بۆیە توانای رۆیشتنی نەبوو . هەر دەبوو بگاتە نەخۆشخانە، بۆ برینەکە و خوێنیشی کەم ببوو .

بەیانی سیامەند رۆیشت و کاتی نیوەڕۆ هاتەوە . کەمێك داودەرمانی ئاسایی هێنا بوو . بە لاّم سوودی وای نەبوو بۆ برینەکە . چونکە پێویستی بە دوورینەوە هەبوو . کەم کەم خوێنیشی لێدەهات .

نیوەڕۆ سیامەند هاتە لایان و پێی گوتن ئێستا گەڕەك ئارامە و شوێنەکەشتان باش نییە . دەتانبەمە ژوورێکی باش، لە سەر بان .

ساڵح گوتی : من ناتوانم هەستمە سەر پێ .

ئەحمەد گوتی : گرنگ نیە، من لە باوەشت دەکەم .

شوێنەکەیان باشتر بوو . ساڵح بە دەنگێکی بێئومێد گوتی : ئەحمەد من تەنها یەك شتم لە ئێوە دەوێ . لە کۆڵانەکەی ئێمە دوکانێکی بچووك هەیە . خاوەنەکەی ناوی مام (یاسین)ە، ئەوە برای شەهید عەباسە .

ئەحمەد گیان بڕۆ لای بەڵکو ئەو چارەسەرێکیشمان بکات . ئەگەر دەتانەوێ من چاك ببمەوە، زوو لێرە دەربازم کەن . بەڵکو لە ناوچە ئازادکراوەکان پزیشك دەستکەوێ .

سیامەندی خاوەن ماڵ گوتی : هەرچی لە توانامدابی بۆتانی دەکەم .

ئەحمەد پێی گوت دەبێ پزیشك پەیدا بکەین .

سیامەند گوتی : چۆن .

ئەحمەد گوتی : جلێکی پاکم بۆ بێنە . کەمێکیش پاك ببمەوە .

ئەحمەد و سیامەند هاتنەدەر، بە ئوتومبێلی سیامەند چوونە بەردەم عیادەی پزیشك، کە تایبەت بوو بە برین .چاوەڕوان بوون تاکو کەمێك چۆڵ بوو .

ئەحمەد چووە ژووری پزیشکەکە و سلاّوی لێکرد و پێی گوت دەمەوێ

قسەت لەگەڵ بکەم .

پزیشکەکە گوتی : چیت هەیە بڵێ .

ئەحمەد گوتی :تۆ پزیشکێکی کوردی،من بە هەناسەیەکی ساردی کوردانە داوای یارمەتیت لێ دەکەم.

پزیشکەکە گوتی : پێویستیت بە پارە هەیە ؟ . گرنگ نیە ئەگەر نەخۆشی یارمەتیت دەدەم و پارەشم ناوێ .

ئەحەد پێی گوت نا، من پێویستیم بە پارە نیە . پارە لەلای من بوونی نیە . دەمەوێ کەلوپەلەکەت لەگەڵ خۆت بینی و بریندارێکمان لە ماڵەوەیە، پێویستی بە نەشتەرگەری هەیە .

پزیشکەکە پێی گوت جا بۆ نایهێنیە نەخۆشخانە ؟ .

ئەحمەد پێی گوت چونکە بریندارەکە پێشمەرگەیە . دەبێ یارمەتیمان بدەی .

پزیشکەکە گوتی : من ناتوانم کاری وا بکەم . ئەوە تووشی ماڵوێرانیم دەکات . تکایە برۆ دەرەوە .

ئەحمەد گوتی : دڵنیام تووشی هیچ نابی و لەلای خوداش کارێکی باش دەکەی .

پزیشکەکە گوتی : کاکە زوو برۆ ئەوە کاری من نییە .

ئەحمەد چارەی نەما دەمانچەکەی دەرهێنا و گوتی : بەو خودایە سەرت دەکەمە دوو لەت . ئەگەر فزەت لێوە بێ و کەسێکیش هەست بکات .

دەی زوو خۆت ئامادە بکە . ئوتومبێلەکەمان لە خوارەوەیە، چاوەڕێتە . زوو پێشم کەوە . بە دەرکەوانەکەشت بڵێ کارم هەیە .

پزیشکەکەیان هێنا و لە ڕێگادا چاویان بەست . تاکو نەزانی بریندارەکە لە چ ماڵێکە .

پزیشکەکە چاوی بە برینەکەی ساڵح کەوت و گوتی : بەخوا من برینەکەی دەدوورمەوە . بەلاّم هەر دەبێ بگاتە نەخۆشخانە .چونکە ئەگەر برینەکە

پاکیش بکەمەوە . پیس دەبێتەوە .

دەبێ هەموو رۆژ ئەم برینە پاك بکرێتەوە و دوور نییە لە ژوورەوەی هەناوی برینی تریش هەبێ . جگە لەوەی خوێنیشی زۆر رۆیشتووە . دەبێ جۆری خوێنی بناسین و لە خوێنێکی وەك خوێنی خۆی بۆ پەیدا بکەین .

ئەحمەد پێی گوت ئێستا پاکی بکەرەوە و بیدوورەوە . ئێمە دەگەینەوە شوێنی خۆمان .

پزیشکەکە کاری باشی بۆ کردن . پاشان ئەحمەد و سیامەند گەیاندیانەوە شوێنی خۆی .

ئەحمەد و ساڵح لە ماڵی سیامەند مانەوە . رۆژ بە رۆژ ساڵح بەرەو باشی دەچوو . چ سەوزەو میوەی باش هەبوو، سیامەند بۆ ساڵحی دەهێنایەوە .

دەمەو عەسرێك، ئەحمەد سەیری کرد لە ژووری سیامەند دا تەلەفۆنی لێ بوو . ئەحمەد ژمارەی تەلەفۆنی خۆیانی هاتەوە بیر و زەنگی بۆ لێدان .

ئەحمەد گوێی قولاّخ کردبوو . لە کاتێ دەنگی بەهاری خوشکی بوو . گوتی : فەرموو، فەرموو .

ئەحمەد گوتی : بەهار چۆنی .

بەهار گوتی : سوپاست دەکەم، تۆ کێی ؟ .

ئەحمەد گوتی : نامناسنەوە ؟ . دەنگی برای خۆت لە بیر چۆتەوە ؟ . من ئەحمەدم .

بەهار یەکسەر بەگریانەوە گوتی : دایکە، دایکە وەرە .

ئەحمەد قسەی لەگەڵ دایکی کرد و پێی گوت دایکە، دەزانم ئازارەکانت زۆرن . بەڵام ئەگەر بە دەنگیشم بێ، کەمێك خەمەکانت کەم دەبێتەوە .

من باشم، ئێستا لێتان دوور نیمە . دایەگیان پێم بڵێ پەریخانت بینی ؟ .

قەدەر وابوو دایەگیان . ئەگەر خودای گەورە بکات بە یەکتر شاد دەبینەوە . خوات لەگەڵ دایە .

نزیکەی مانگێك بەسەر چوو . بارودۆخی کوردستان بەرەو نا ئارامی دەچوو

. ئەحمەد لە هەلێك دەگەڕا بۆ ئەوەی بگەنە ئەو دیوی سنووری رژێم . ماڵێك لە بەرامبەر ماڵی سیامەند بوو . خاوەن ماڵەکە، هەردەم خەریکی کۆتر بازی بوو . زۆر لەسەر بان بوو . تەواو هەستی کردبوو، کە دوو کەسی نهێنی لە ماڵی سیامەند دان . ئەویش پوختەو جوان دەزگای بەعسی لێ ئاگادار کردنەوە .

دەمەو عەسرێك هەر چوار دەوری ماڵی سیامەند گیرا و جاش و بەعس وەك باران بارین بەم دەورەدا . ئەکات سیامەند لە ماڵ نەبوو .

بەعسییەکان دەنگیاندا و هاواریان کرد .کی لەم ماڵەیە ؟ . با خۆی بدات بە دەستەوە .

ساڵح برینەکەی کەمێك باش بوو . دەیتوانی بڕوات .

ساڵح بە ئەحمەدی گوت پێم نەگوتی : بڕۆ، من جێبێڵە . ئێستاش کات ماوە، زووکە تۆ بڕۆ .

ئەحمەد گوتی : ساڵح باسی ئەو قسانە مەکە . قەسر و پارەو پوول ئێمەی لێرە کۆنەکردۆتەوە . ئەوەی ئێمەی لێرە کۆکردۆتەوە، بیر و باوەڕ و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستانە . بیروباوەڕی کوڕانی ولات لێ داگیر کراون . رێبازی شەهیدانە .

وریابە، کە هاتنە حەوشەکە لێیان دەدەین . بێدەنگ بە ئێستا دێنە حەوشە . تەنها هێمن بە .

بۆچوونەکەی ئەحمەد راست بوو . کۆمەڵێك هاتنە حەوشەکە و ئەحمەد بێ باکانە تەقەی لێکردن . بەشێکیان کوژران و کەس نەبووە برای کەس .

تەقە دەستی پێکرد . ساڵح بە برینداری لە سەربانداا لە سوچێك و ئەحمەدیش هەر تەقەیەك و لە شوێنێك بوو . تەقەی دوژمنیش وەك باران بوو . بەلام ترسی پێشمەرگە ئەوەندە زۆر بوو . کەس نەیدەوێرا یەك بست لە خانووەکە بێتە پێش .

ئەحمەد چاوی دەگێڕا لە بەرپرسێك بەڵکو بەیەك فیشەك بیکوژێ . بەلام

بێهوودە بوو . پاش تەقەیەکی زۆر لەم سەربان بۆ ئەو سەربان ئەحمەد سالّحی رادەکێشا . لە هەندێ شوێن دەیکردە پشتی . بەم حالّە کۆلاّنەکەیان جێهێشت و چوونە کۆلاّنێکی تر . لەوێش لە شەقامێکی تر پەڕینەوە .

ماوەیەك لە شوێنەکە دوور کەوتنەوە . زۆر ماندوو بوون . سەرماش بوو . کەسیش دەرگای حەوشەی نەکرابۆوە .

ئەحمەد سەیری کرد . خانوێك کەهێشتا نەواو نەکرابوو. بەنیوەچڕی جێماوە. خۆیان لەوێ حەشاردا.

کەس شکی ئەوێی نەدەکرد . لەوێ راکشان زۆر هیلاك بوون .

سالّح سەیری کرد برینەکەی نوێ بۆتەوە . لەگەلّ هەلّبەز و دابەزی لەو سەربان بۆ ئەو سەربان . لەهەموو لایەکی برینەکە خوێنی لێ دەتەکێ و هەلّوەشاوەتەوە .

سالّح دەستی لە ئومێد بەردابوو . شەو داهات حالّی سالّح بەرەو خراپی دەڕۆیشت . هەر دەیگوت ئەحمەد تۆ بڕۆ . لە جێگەی ئەوەی بە منەوە خەریك بیت . شوان ببە لای خۆت . تا گەورە دەبێ . دیارە قەدەری من وابووە .

ئەحمەد سەیری سالّحی دەکرد و دەیزانی کە سالّح ئیتر چاك نابێتەوە . بەلاّم ئەوەندە دلّسۆز بوو بۆ ئەم هاوڕێیەتییە و بۆ کوردایەتی . نەیدەتوانی بەجێی بێلّێ .

ئەمشەو سالّح بە برینداری هەر باسی منالّی خۆی بۆ ئەحمەد دەگێڕایەوە . لە کاتێك بێدەنگ بوو . ئەحمەد زانی سالّح توانای نەما . ئەحمەد پەنجەی لەسەر پەلاپیتەی تفەنگەکەی بوو . جار جار خەویش دەیبردەوە.

کاتێك ئاسۆی خۆر لەسەر هەولێر دەرکەوت و سالّح خەبەری بۆوەو گوتی : ئەحمەد تۆ ماوی ؟ بۆ نەڕۆیشتی .

پاش کەمێك دەنگێك هات و دەیگوت سەموونی گەرم سەموون، سەموونی گەرم سەموون . سەموون فرۆشێك بوو . پایسکلێکی پێ بوو . تەمەنی

مامناوەندی بوو .

ئەحمەد لە پەنجەرەکەوە سەیری کرد . بە هێمنی چەکەکەی لە خۆی کردەوە و لە خانووەکە هاتە دەر بێ ئەوەی دەنگی پێڵاوەکانی بێت تاکو سالّح نەیبینێ .

ئەحمەد لە سەموون فرۆشەکە نزیك بۆوە و پێی گوت پایسکلەکەت و سەموونەکەت بە چەند دەفرۆشی ؟ .

سەموون فرۆشەکە گوتی : بۆچی ؟ .

ئەحمەد گوتی : پەلەکە . پایسکلەکەم دەوێت . بۆخۆت یەکێکی تر بکڕەوە .

ئەحمەد پایسکلەکەی کڕی و قۆچی پایسکلەکەی گرت، تاکو خۆی پێ دەرباز بکات . کەمێك ڕۆیشت بەگریانەوە بانگی دەکرد سەموونی گەرم سەموون، سەموونی گەرم سەموون . تاوەکو بە بێ ترس دەرباز ببێ لەم ناوە . بەردەوام بە گریان هاواری دەکرد سەموونی گەرم سەموون . حار جارەش ئاوڕی لە کەلاوەکە دەدایەوە، کەسالّحی لێبوو .

دیار بوو سالّح لە پەنجەرەی ژوورەکە سەیری دەکرد ئەحمەد چۆن دەڕوات و بەجێیدێڵێ بۆ مەرگ .

ئەحمەد هیچ چارەیەکی نەما بوو، زیاتر دوورکەوتەوە . لە کاتێکا بڕیاری گۆڕی و پایسکلەکەی داناو گەڕایەوە بۆ کەلاوەکە و بە گریانەوە (سالح)ی خستە باوەشی و تاکو ماندوو بوو گریا . لە گریان زیاتر وشەیەك نەدەوترا . هەرچی هەبوو پێشتر وترا بوو .

ئیتر ئەحمەد گوتی : سالّح بمبوورە . بمبوورە، داوای لێ بوردن دەکەم . بیرێکی وام کردەوە، کە سەر شۆڕ بم بەرامبەر هەموو پێشمەرگەیەك . بەرامبەر هەموو شەهیدان .

سالّح، تف و نەعلەت لە قاچەکانی خۆم دەکەم . دڵنیابە جێت ناهێڵم . دەبێ ڕۆژێك لە مەڵبەندی شاردا بگێڕنەوە، کە دوو پێشمەرگە شەهید بوون نەك یەك .

سالح بە کزی و بەدەنگە ناکامەکەی گوتی : یەك تاکە ڕێگا هەیە، ئەگەر ئێمەی پێدەربازبکرێ . ئەحمەد گیان، لە کۆڵانی ماڵی ئێمە، جاران دوکانێکی بچووك هەبوو . هی پیاوێك بوو ناوی مام یاسین بوو .
ئەگەر بتوانی ئەم پیاوە بدۆزیتەوە، ئەوە بێ شك دەرباز دەبین . بە دوایدا بگەڕێ و لێی مەترسە . ئەوە برا گەورەی شەهید عباسە .
ئەحمەد گوتی : سالح، تۆ لێرە پاڵ کەوە . من ئەڕۆم . دەیدۆزمەوە .
ئەحمەد ڕۆیشت بە ترسەوە . لە هەموو خەڵك دەترسا . هەتا لە دار و دیواریش . کۆلان بە کۆلان گەیشتە نزیکی دوکانەکەی مام یاسین و هێشتا داخرا بوو .
ئەحمەد لە دەرگای داو بانگی کرد مام یاسین، مام یاسین .
مام یاسین دەرگای کردەوە و گوتی : فەرموو .
ئەحمەد گوتی : من دەمەوێ لە ژوورەوە قسەت لەگەڵ بکەم .
ئەحمەد بەسەرهاتەکەی بۆ مام یاسین گێڕایەوەو گوتی : هەرچی لە تواناتدا هەیە بۆمان بکە .
بەر لەوەی مام یاسین ئەم دوکانەی هەبێ . عارەبانەیەکی هەبوو نۆکی کولاوی دەفرۆشت . عارەبانەکەی هێشتا مابوو . لە سوچێکی حەوشەکە عەرەبانەکەی هێنا و کەمێك بە خێرایی بەرەو کەلاوەکەی سالحی لێیە .
مام یاسین لە سالح چووە ژوورەوە . چاوی پێ کەوت، کەوا لە ناو خوێن و خۆڵ و مێش و مەگەزدا ڕاکشاوە .
مام یاسین فرمێسکی بۆ هاتنەخوار و خستیە باوەشی و گوتی : سالح بۆ وات بەسەرهات بۆ . من مانگێك زیاترە چاوەڕێت دەکەم . دڵم خەبەری داو گوتی : تۆ بووی تۆڵەی شەهید عەباسی برامت کردەوە . چەندین شەو خەو نەچۆتە چاوم . دەموت بەڵکو لە دەرگای حەوشەدا بێتە ژوورێ .
بە هەر حاڵ (سالح)یان خستە ناو عارەبانەکە و ڕۆیشتن، بەرەو ماڵی مام یاسین . لە ڕێگەدا سالح بەو هەموو برین و ئازارەوە لە درزی کونێکی

بچووکی عارەبانەکەدا سەیری دەرەوەی دەکرد .

کاتێ گەیشتە کۆڵانەکەی خۆیان، ساڵح سەیری دەرگای حەوشەی خۆیانی دەکرد . کە بە یەکجاری داخرا بوو . سەیری بەردەکەی پێش دەرکەی دەکرد، کە جاران لە سەری دادەنیشت بەرامبەر مناڵەکان و یاری دەکرد لە گەڵیان .

ساڵح هاتەوە بیری کاتێك لەسەر بەردەکە دانیشتبوو داپیری هات . بانگی کرد و پێی گوت (وەرە نانی نیوەڕۆ بخۆ ) .

ساڵح بە گڕ فرمێسکی دەهاتنە خوار . نەك بۆ ئازارەکانی . بەڵکو بۆ رۆژانی رابردوو . بۆ سابات و شوانی کوڕی .

گەیاندیانە ماڵی مام یاسین و ئیتر لە هەموو جلە پیس و پڕ خوێنەکاندا پاکیان کردەوە . بەپەرۆی خاوێنیش برینەکەیان پێچایەوە.

ساڵح بە هەناسەیەکی ساردەوە گوتی : مام یاسین، توخوا ئەگەر مردم لە نزیك داپیرەم بمنێژە . مام یاسین وەڵامی نەدایەوە .

ئەحمەد رووی لە مام یاسین کرد و پێی گوت خاڵە گیان، کەسێکمان بۆ بدۆزەوە، کە جێگەی بڕوا بێ . بمانگەیەنێتە دەرەوەی سنووری رژێمی بەعس . لە بەرامبەردا هەردوو چەکی خۆم و (ساڵح) یان پێ دەدەم . چونکە کاتەکان زۆر ناسکن .

وا بزانم بارودۆخی کوردستان بەرەو خراپی دەڕوات و حکومەت دێهاتەکان بەرە بەرە وێران دەکات . ئەگەر زوو چارەیەکمان نەکەی . دەرباز نابین و (ساڵح)یش بارودۆخی باش نیە . بەڵکو بتوانم بیگەیەنمە ئەو دیو و لە رێگای هاورێکانمان دەیگەیەنمە نەخۆشخانەکانی ئێران . وا بزانم لەم ڕێگایە زیاتر نیە .

مام یاسین پشتی بە دیوارەکە داو، کەمێك بێ دەنگ بوو . پاشان گوتی : سەرم سوڕماوە . نازانم چی بکەم . بیر لە هەر شتێ دەکەمەوە، هەر نەیە . کەسێك هەیە جێگەی باوەڕە . لەو بڕوایە دام، کە هیچ کارێکی من رەت

ناكاتەوە .

ئەحمەد گوتی : توخوا پەلە بكە نامەویٚ زۆر لیٚرە بمیٚنمەوە . توانام كەم بووە . هیچ هەست بە ئازادی ناكەم . لەم مالٚ بۆ ئەم مالٚ لەم ژوور بۆ ئەم ژوور . لە چیاكانی كوردستان زۆر بە ئازادی تر دەژیام .

دلٚنیاشم چارە سەری سالٚح لەم شارە ناكریٚ زوو رزگارمان بكە .

مام یاسین گوتی : ئەو مالٚەی دراوسیٚمان مالٚی كاك (عەزیز)ە . دراوسیٚیەكی كۆنە . ئوتومبیٚلٚی بار هەلٚگری هەیە . رەنگە ئەو توانای هەبیٚ یارمەتیمان بدات .

ئەحمەد گوتی : هەرچی هەمانە دەیدەینیٚ . تەنها بە پەلە دەربازمان بكات .

مام یاسین هات و چوو . تا ئیٚوارە مام عزیز هاتەوە و چووە لای و هەموو باسەكەی بۆ گیٚڕایەوە .

مام عزیز زۆر بەمەردانە گوتی : بەو خودایە ئەگەر سەری خۆم لەسەر دانابیٚ رزگاریان دەكەم .

مام عزیز هاتە مالٚی مام یاسین و چاوی بە ئەحمەد كەوت و (سالٚح)ی ماچ كرد و پیٚی گوت كوڕم خەم مەخۆ .بەپشتیوانی خودای گەورە دەربازت دەكەم .

رووی لە ئەحمەد كرد و پیٚی گوتدەتەویٚ من تاكو چ شویٚنیٚكت ببەم.

ئەحمەد گوتی : ئیٚمە بارەگای سەرەكیمان لە بالٚەكانە لە رۆستیٚ . ئەوان هەمووی لە ژ یٚر دەسەلاٚتی پیٚشمەرگەن تەنها ناوچەی سیدەكان نەبیٚ . ئەگەر بتوانی لەم ناوچانە نزیكمان بكەیتەوە ئیٚمە دەرباز دەبین.

مام عەزیز گوتی : بەیانی لە شویٚنیٚكی شاراوەی ئوتومبیٚلەكەم دەتانشارمەوە . هەتا ریٚگە هەبیٚ دەڕۆین باشە .

ئەحمەد ئەم شەوە لە مالٚی مام یاسین خەو نەچووە چاوی . لە لایەك بە بیركردنەوە سەر قالٚ بوو . لەلایەكی تریش سەیری (سالٚح)ی دەكرد و ئاخی بۆ هەلٚدەكیٚشا تا درەنگی شەو .

بەیانی کاتی تاریك و روون، مام عەزیز لەسەر بەڵێنەکەی خۆی هات و زۆر بە نهێنی بانگی مام یاسینی کرد و گوتی : با ئامادەبن دەڕۆین .

زۆر بەپەلـە لـە شـوێنە نهێنیەکـەی ئوتومبێلەکـەدا خۆیـان حەشـاردا و مـام عەزیز ناوی خوای لێ هێنا .

لە دوا ساتدا ساڵح بەتیکە چاوێکی ماندوو سەیرێکی مام یاسینی کرد و لە بەر ئازاردا چ وشەیەکی پێ نەوترا . (مام یاسین)یش راهاتبوو بە فرمێسك رشتن .

ساڵح زۆر بـە غـەریبی دیسان کۆڵانەکـەی خۆیـانی بەجێهێشت . ئـەوەی کـە بـۆی هـاتبوون ئەنجامیانـدا . بـەڵام زۆر بـە ناکـامی و بەگریانـەوە هـەولێریان بەجێهێشت .

برینەکەی ساڵح بەرەو باشـی نـەبوو . لەبـەر بـێ چارەسـەری . بـە رێ کـەوتن، وەك و هەزاران جاری تر نـەك بـەرەو شکست . بـەڵکو ئەحمـەد ئەوەنـدە ورەی بەرز بوو . لە رێگا بە (ساڵح)ی دەگوت کە چاك بویتەوە . ئەم جارە دەست بە کاری چالاکی ناو شار دەکەین . تازە راهاتووین .

رێگەیـەکی زۆریـان بـڕی . مـام عـەزیز بوێرانـە بـە نـاو ئـەم هـەموو بازگـە و دڕندانـەدا تێپـەڕی و لـە سـنوورێکی ئـازاد وەسـتا و دابـەزی . بـە ئەحمـەدی گوت ئێرە باوەڕ ناکەم دەستەڵاتی حکومـەتی بگـاتێ. بـەرەو رۆژهـەڵات بـڕۆی دەڤەری باڵەکانە . گوندەکانی (گرتك) و (رۆستێ)ش هـەر لـەم نـاوەن . بـەڵام زۆر سەختن .

کات، تـەواو پـاش نیـوەڕۆ بـوو . مـام عـەزیز ئەحمـەد و (ساڵح)ی ماچ کـرد و گوتی : چەکەکانتان لـەلای مام (یاسین)ە . ئـەو زۆر بـاش هـەڵیگرتووە . هـەر کاتێـك شـۆرش تـوانی بیباتـەوە، مـام یاسـین شـوێنەکەی بـەمن نیـشان داوە لەبەر مردن و ژیان .

ئەحمەد گوتی : چاکەی تۆ لە بیرناکەم . بۆ ئێستاش دەمانچەیەکم لە لایە .

مام عـەزیز دەسـتی لـە گیرفـانی نـاو کـەمێك پـارەی دەرهێنـا و گـوتی : با ئـەو

پارەیەشت لەلابیّ . پیّویستیت پیّی دەبیّ .

ئەحمەد گوتی : مام عەزیز سوپاست دەکەم . بەلاّم پارە بەمن چی، چی لیّ بکەم لەم چیا و چۆلە . ئەم شۆرشە پارەی گەرەك نیە . ئیّمە بە دوای ئازادی دەگەڕیّین . تۆ دوعامان بۆ بکە، سالّح چاك بیّتەوە .

مام عەزیز گەڕایەوە و ئەحمەد دەستی (سالّح)ی گرت و خستیە سەر ملی خۆی و گوتی : سالّح، مام عەزیز کاری خۆی کرد و خوای گەورە ئاگادارە .

کەم کەم و هیّدی هیّدی ڕۆیشتن . تاکە کەسیّکیش دیار نەبوو، بە هانایان بیّت . دیار بوو ناوچەکە چۆل کرابوو . لە ترسی بۆردوومان و فرۆکەکانی بەعس .

تا ئیّوارە هەر ڕۆیشتن، هیچ ئاکامیّك نەبوو، نە تووشی کەس هاتن و نە کەسیان بینی، زۆر ماندووبوون . تا هیلاك بوون لە پەنا بەردیّك ڕاکشان .

ئەحمەد (سالّح)ی دریّژ کرد و جیّگایەکی بچووکی بۆ پاك کردەوە لە بەرد و دڕك .

خۆیشی رۆیشت تاکو هەوالّیّك وەربگریّ یان کەسیّك بدۆزیّتەوە یارمەتیان بدات و پاروەنانیّك پەیدا بکات.

هەتا شەو داهات نە تروسکایەك هەبوو، نە دەنگیّك . ئەو گوندەی کە لیّی نزیك بوون خانویّك لەسەر پیّیەکانی نەما بوو .

ئەحمەد زۆر بە نائومیّدی گەڕایەوە لای سالّح و لە تەنیشتی ئەو دریّژ بوو . چاوەکانی بریبووە ئاسمانی بیّگەرد .

سالّح بە ئەحمەدی گوت خەریکە بیرو بۆچونەکانم دەبیّتە راستی . باوکم لە شویّنیّك نیّژراوە وەکو ئیّرەیە . نە گۆرستانە و نە شارە و نەگوندە . دیارە قەدەر وایە منیش وەکو باوکم کۆتایم دیّ .

ئەحمەد پیّی گوتبۆ وا رەشبینی. باوکت لە شەڕدا شەهید بوو . تۆ بریندار و دەگەیتە نەخۆشخانە. لە سنووری بەعس رزگارمان بووە. من دلّنیام چەکەکەی خۆت لە شان دەکەیتەوە و سەر لە نویّ چالاّکی دەکەیتەوە .

سالّح بە دەنگێکی هێمنەوە گوتی :ژیان سەیرە. هەریەکە و بە شێوەیەك دەیبینی. گەنج هەیە ئێستا لە خۆشترین ژیاندایە . ژوورێکی خۆشی هەیە و خێزانێکی بەختەوەر و ئوتومبێلێکی جوان و ناسك . ئێواران لە شەقامەکانی هەولێردا دەسوڕێتەوە. منیش لە وەتەی خۆم ناسیووە، چنگی خەم یەخەی گرتوم . نە بە باوکم وت، باوکە . نە بە دایکیشم، دایکە . نە جەژنیش جەژنانە .

ئەحمەد پێی وت برام، من کەسێك بووم لەوانەی تۆباسی دەکەی . ژیانم خۆش بوو . باوکم هەبوون بوو . بەلاّم ئەوە ژیانە دەبیّ بیچێژی .

من لە سەردەمی گولّ پەرستی . خۆشەویستێکم هەبوو تازە لاو بووم . کچێکی کۆلاّنەکەمان بوو . لەو زیاتر کەسم لە خەیالّ نەبوو . هێدی هێدی ژیان سەخت بوو .

سەردەمێك لە گردەشینەی کەندێناوە ژیایین و سەردەمێك لە رۆستیّ و ئەوە پێنج سالّە من و تۆ لە ناو ئەم چیا و بەردانەدا دەژین . بەلاّم دلّنیام ژ یان ئەوها تەواو نابیّ .

هەولێر ئازاد دەبیّ و دەکەوێتە دەست خاوەنی خۆی و ئیدی لاوی هەولێر بە ئازادی دەژ ین .

سالّح پێی گوت لەوەتەی تۆم ناسیووە هەر ئەم قسە زلانە دەکەیت . باشە، کەی هەولێر ئازاد دەبیّ؟ .

ئەحمەد گوتی : هەموو دونیا ئازادیی سەندووە . ئێمەش دەبیّ بە شۆرش و تێکۆشان وەریگرین .

بەم قسانەی ئەحمەد سالّح ئازارەکانی لە بیر چۆوە . چاوی لەسەر یەك دانا و خەوت بەیانی . لە سەرمان هەلّسان و سالّح زۆر بێهێز ببوو . دیسان خوێن لە برینەکەی بەر ببوو .

ئەحمەد لە مەتارەکەی ئاودا کەمێك ئاوی بە سەر و چاوی سالّح داکرد و کەمێك پاکی کردەوە . پارچەیەك نانی مالّی مام یاسین ما بوو دایە دەست

سالح و پێی گوت ئەو نانە بخۆ منیش دەڕۆم بزانم کەسێك نادۆزمەوە یارمەتیمان بدات .

دیسان ئەحمەد ملی ڕێگەی گرت و لەم بەرد بۆ ئەو بەرد . گوندێکی بچووکی دۆزیەوە و هاواری کرد خەڵکی ئاوایی . خەڵکی ئاوایی .

دیاربوو چۆل کرا بوو . کەسی تیادا نەما بوو . ئەحمەد لە هەموو شتێك دەگەڕا . هەتا لە پەلکە نانێکیش . بەلاَم بیٚ هودە بوو . دیار بوو تالاَنی دوژمن چی تیادا نەهێشتبوو .

ئیتر گەڕایەوە لای سالح و خستیە سەر پشتی خۆی و دوای ماندووبوونێکی زۆر لە گوندەکەی نزیك کردەوە و راکشان .

سالح توانای نەما بوو هەنگاوێك بنیٚ . دیسان ئەحمەد دەستی بە گەڕان کرد و بە دوای چارەیەك چۆکی دانەنا .

لە بەرزاییەکی بچووکدا سەرکەوت و بینی ئەسپێك لە خوارەوە دەلەوەڕی . ئەحمەد گەش بۆوە . زۆر بە هێمنی لێی نزیك بۆوە . سەیری کرد پەتێکی درێژی بەملەوەیە .

لەسەر چنگ لەپەتەکە نزیك بۆوە و لە دلی خۆی دەیوت (سالح)ی پیٚ دەگاتە ئەو دیوی سنوور . کەم کەم گەیشتە پەتەکە و دەستی لیٚ گیر کرد . بەلاَم ئەسپەکە رای کرد و ئەحمەدی لە دوای خۆی راکێشا .

ئەحمەد پەتەکەی بەر نەدەدا و ئەسپەکەش نە دەوەستا . هەتا ئەحمەد هیلاك بوو . هەموو گیانی بوو بە ئازار . ئەوسا پەتەکەش لە دەستی بەر بوو . ئەسپەکەش رۆیشت .

ئەحمەد بیٚ ئومێد بوو . سەرسام بوو . گەڕایەوە بە شوێن سالحدا . قەدەرێکی رەش یەخەی گرتبوون . تا ئێوارە گەڕایەوە لای سالح و زانی هیچ چارەیەکی نەماوە . ژیان سەختە و قەدەر بای رەشی مەرگی هێناوە.

بەلاَم نەیدەهێشت سالح هەستی پیٚ بکات و دەیوت دەتگەیەنمە نەخۆشخانەی شۆرش . بەیانی کەسێك دەدۆزمەوە، بچێتە ئەو دیوی سنوور

.

بەلاَم راستی هیچی وانەبوو . دێهاتەکان وێران ببوون بە دەستی بەعس و هەندێکیشیان خەڵکەکە جێیهێشتبوون . کوردستان چۆل، هەتا دەنگی مەلێکیش نەدەبیسترا .

ئەحمەد ژوورە بچووکەکانی گوندەکە هەمووی گەڕا . پارچە جلێکی دۆزییەوە و هێنای خستییە سەر بالاَی سالح . بەڵکو سەرمای نەبێ .

دیسان ئەم شەوە لەوێ مانەوە تا بەیانی . ساڵح نوزەی لێ بڕابوو . کاتێك چیاکانی کوردستان رووناك بوو . خۆر سەری دەرهێنا بەسەر گوندە وێران و جێماوەکان .

ساڵح لە دوا هەناسەی دا بوو . ئەحمەد کەم کەم لێوەکانی تەڕ دەکرد و سەری خستبووە سەر دەستی خۆی .

ساڵح بە دەنگێکی نەرم و کز گوتی : ئەحمەد برام، من لە هەر شوێنێك بمرم . ئەوێ گۆڕستانی منە . باوکیشم هەر وابوو . دیارە قەدەر وایە .

ساکاری خوشکم بە نەخۆشییەکی سادە گیانی سپارد و فێری مەرگی کردم . تەنها کۆخە تەمەنی وەراند .

توخوا لە بیرم مەکە ئەحمەد گیان . توخوا ئاگاداری شوان بە . لە تۆ زیاتر کەسم نیە .

ئەگەر گۆڕستانیشم نیە . هەر لێرە سێ چوار بەردم بۆ نیشان بکە و خەڵکی ئەم دێهاتانە بزانن ئەوە گۆڕی کەسێکی چاو پڕ مەرگ و جەژن پڕ مەرگ و تەمەن پڕ مەرگ و هەوار مەرگاوییە . بەڵکو هەر رێبوارێك رێگەی بکەوێتە ئێرە، بزانێ کەسێك لە شارەوە ئێرە قەدەری مەرگی بوو.

چاوی مناڵەکەت ماچ دەکەم . کە هێشتا نەهاتۆتە ئەم فەلەکە رەشە . داوای لێبوردن لە پەریخان دەکەم . کە بوومە مایەی ئازار و دەردەسەری بۆی، دەزانی خۆشترین تەمەنمان ئەو کاتە بوو، کە لە کەندێناوە، لە گوندی گردەشینە چەند مانگێك ماینەوە، توخوا ئەگەر مام حامید و مام هەینیت

بینییەوە، پێیان بڵێ لە یادم نەچوون، ئەوان مرۆڤی گەورە بوون، دڵسۆز بوون، پاك بوون . بەڵام بە داخەوە، غەزەبی رەشی خائینان لێکیان کردین .
ئەحمەد فرمێسك لە چاوانی بە گوڕ دەهاتن .
ساڵحی بێکەس پاش ئەم هەموو نەهامەتییەی ژیانی، پاش ئەم هەموو کۆسپ تەگەرانەی هاتنە سەر رێی، لەم تەنیاییەدا گیانی سپارد و ئیتر ماڵئاوایی کرد . چاوەکانی هەر لە ئاسمان بوو . هێشتا چاوی لە دونیا بوو . هەر بە ئومێد بوو . رێگا سەختەکان نەمێنێ و ژیانێکی خۆش تەواو بکات . ئا لێرەدا بۆ دوا جار پشووی دا و هەموو ئازارەکانی جێهێشت . تەمەنێکی ناخۆش بوو حەسایەوە .
ساڵح ماڵئاوایی کرد و دڵی لە لیدان کەوت و ئەحمەد لە باوەشی خۆی نەدەکردەوە و هەر هاواری بوو دەیگوت فریامان کەون . خوایە . . . سەرێکی بۆ ئەولا و چاوی دەگێڕا بۆ هەر شتێك .
ئەحمەد بە دیار ساڵح، ئەوەی بە بیر هاتەوە . کاتێ ساڵحی بە برینداری جێهێشت و بە پایسکیلەکە رۆیشت و دەیوت سەموونی گەرم سەموون . هەر بۆیە بە گریانەوە، لە ناو ئەم چیا و چۆلەدا هاواری دەکرد سەموونی گەرم . سەموون سەموونی گەرم سەموون . سەموونی گەرم سەموون .
ئەحمەد تاکو هیلاك بوو گریا و هاواری کرد . بێ سوود بوو . ئیتر ئەوە قەدەرە دەبێ باوەڕی پێ بێ، ئەگەر مەرگیش بێ .
ئەحمەد، کە دڵنیا بوو گریان سوودی نیە . ناچار هەوڵی دا گۆڕێك بۆ ساڵح بکات . بەڵام بە چی . لە ناو ئەم چیا و شاخانە بێسوود بوو . نەیتوانی گۆڕێك هەڵکەنێ .
ئیتر هەر لە شوێنی خۆی بە جلی خوێناوی، بەرد بەردی هێنا و خستییە سەر لاشەی ساڵح و لاشەکەی بە بەرد بزر کرد لە جێگەی گۆڕ.
ئیتر چەند جاریك بڕیاری دەدا و دەڕۆیشت و دەگەڕایەوە . دواجار چارەی نەما . سەری هەڵگرت و رۆیشت . بەڵکو خێزانەکەی و هاوڕێکانی حیزبی

بدۆزێتەوە .

رووی ئارستەی گوندی رۆستیٚ کرد و بۆ دوا جار ئاوڕێکی دایەوەو سالّحی جێهێشت بە تەنیایی .

رێگایەکی زۆری بڕی . نزیك بۆوە لە گوندی رۆستیٚ و لەسەر بەرزاییەك بەرامبەر گوندی رۆستیٚ دانیشت .

دوا سەفەری رۆستێی هاتەوە بەر چاو کاتیٚ لەگەلّ سالّح و سەرۆ دا بۆ تۆلّەی شەهید عەباس گەڕانەوە . چەند بیٚ ترس بەرەو پیلی مەرگ دەچوون . بەلاّم هەزار داخ ئەو بە تەنیا گەڕایەوە . سەرۆی لەهەولێر جێهێشت و سالّحیش بە هەزاران کەسەر سەری نایەوە .

ئەحمەد سەیری گوندەکەی دەکرد و یادی ئەوەی دەهاتەوە بیر، کاتیٚ لەگەلّ کاك عەباس و سالّح دا، دەگەیشتنەوە ئەویٚ و دەرۆیشتن .

کات ئێوارەیە و خۆر لەسەر ئاوابوونە . ئەحمەد هێمن هێمن رووی لە ئاوای کرد . بەلاّم ئاوایی چۆل بوو . هەناسەیەکی تیادا نەماوە . ئالاّی کوردستان هەر لەسەر بارەگاکەیە و کەسی تیادا نەماوە . لە مالّەکەی خۆی نزیك بۆوە . دەرگاکە لەسەر پشتە . نە پەریخان ماوە . نە کەسیش هەیە لیٚی بپرسیٚ . ئەم گوندە بۆنی خوێنی لیٚ دەهات . هەتا مزگەوتیش هەر چۆلّ بوو .

ئەحمەد هەر چاوی دەگێڕا بەلّکو کەسێك هەوالّێکی پیٚ بدات . لە کاتێکدا گرمەی هات و تۆپێکی دوور هاوێژرا . لە نزیك ئەو هاتە خوار . ئەحمەد خۆی کرد بە زەویدا و دواتر بۆردوومان دەستی پێکرد . ناچار بە پەلە گوندەکەی جێهێشت .

دیار بوو هێزی سەربازی لەسەر هەموو بەرزاییەکاندا هەبوو . هەر کەسێك هەبوایە تۆپبارانیان دەکرد .

ئەحمەد خۆی دەرباز کرد و دوور کەوتەوە لە گوندەکە . دلّنیاش بوو کە خێزانەکەی و هیچ کەسی تر لەویٚ نەماوە . رووی لە شوێنە سەختەکان کرد . لە ناو شاخدا شەوی بەسەر داهات .

ئەحمەد ئەو شەوەی لە پەنا بەرد و شاخ دا بردە سەر بە تەنیا . بەیانی زوو هەڵسا . زۆر برسی بوو . چاوی گێرا لە دەوری خۆی و گوێی لە دەنگی منالّی ساوا بوو هەستی کرد، کە ئاوەدانییەك لەم نزیکانەدا هەیە .

بە هێمنی خۆی نزیك کردەوە . سەیری کرد لە ناو ئەشکەوتێکدا سیٚ چوار ئافرەت و چەند منالّێك و پیاوێکی بەتەمەن لەوێن .

ئەحمەد سلاّوی لێکردن و پێی گوتن ئێرە چی بە سەر هاتووە ؟ . چی روویداوە ؟ . خەڵکی ئەم ناوە لە کوێن ؟ .

پیاوەکە وتی بۆچی ؟ . تۆ لە کوێوە هاتووی ؟ .

ئەحمەد گوتی : من لە بارەگای رۆستیٚ پێشمەرگە بووم . نزیکەی ساڵێکیش دەبیٚ مالّم هێنابووە ڕۆستیٚ . چوار پێنج مانگ دەبیٚ خێزانەکەم لێرە بەجیٚ هێشت . گەڕابوومەوە هەولێر . ئێستا کەس نابینمەوە . نە خێزانەکەم نە هاورێکانم .

پیاوە پیرەکە گوتی : کوڕم، حکومەت هێرشی هێناوە . هەرچی بکەوێتە بەر دەستی دەیکوژیٚ . زۆربەی خەڵکی گوندەکە کەوتە بەر بۆردوومانی فرۆکەکانی بەعس . ئەوەی مرد مرد . ئەویتر رایکرد بۆ سنوور .

ئەحمەد گوتی : ئەی نازانن خێزانەکەی من چی بەسەر هات .

پیاوە پیرەکە گوتی : کوڕم، من ئەوە نازانم . ئێستا هەر چوار دەورمان حکومەت و دەبابەیە . رۆژیٚ چەند جارێکیش فرۆکە بە دوامان دەگەڕیٚ و بۆردومانمان دەکات .

ئەگەر دەتەویٚ لە کەسێك بگەڕێی، ئەلێرەوە لە هەر ئەشکەوتێك یان هەر پەنا شاخێك، تا دەگاتە سەر سنوور، هەمووی خەڵکی ئەم دێهاتانەن .

ئەحمەد گوتی : سوپاستان دەکەم . بەلاّم برسیمە . ئەگەر لەتیٚ نانتان هەبیٚ بم دەنیٚ .

ئافرەتەکە نانێکی لولدراوی دایە ئەحمەد و پێی گوت بەخوا لە نان زیاتر هیچی ترمان نیە .

ئەحمەد بەرێکەوت . دیسان بە دوای پەریخاندا . هەر کەسێکی دەبینی پرسیاری خێزان و هاوڕێکانی دەکرد . بەڵام سوودی نەبوو .

پاش چەند رۆژێك . ئەحمەد لە رێگەی بۆ سەر سنووردا، گەیشتە پۆلێ پێشمەرگە و پێی گوتن ئێوە بۆ کوێ دەڕۆن ؟ . من یەکێکم لە گروپی پێشمەرگەکانی کەندێناوە . هاوڕێکانم لێ ونبووە .

یەکیان رووی لە ئەحمەد کرد و پێی گوت بەراستی رژێم بە کیمیا شوێنێکی زۆری بۆردومان کردووە. ئیتر ئێمەش بۆ سەر سنوور دەڕۆین.

وا دیارە رژێم هێزێکی زۆری کۆکردۆتەوە، بۆ کوردستان . دەبوایە لە هاوڕێکانت جیا نەبیتەوە، خۆت هەڵەت کردووە . خوات لەگەڵ .

ئەحمەد خوا حافیزی لێ کرد و دیسان بە کزی رێگەی گرت و بەرەو سنوور رۆیشت .

کاتی گەیشتە ئەوێ . بینی، کە خەڵکێکی زۆر لەسەر سنوور کۆبوونەتەوە . ئەوەی بریندارە و ئەوەی شەهید بووە . ئەوەی ماندووە و راکشاوە .

ئەحمەد هەموو خەڵکەکەی بینی . ئیتر دەستی کرد بە گەڕان بەدوای خێزانەکەی یا هەر کەسێك کە بیناسێ . زۆر ماندوو بوو . راکشا لە نزیك ئەم خەڵکە لێقەوماوە .

سەیری کرد پێشمەرگەیەك بەرەو سنوور دەڕوات . تێی روانی . ئەوە شەماڵە، برای سەرۆ . ئەو شەماڵەی کاتێ لەگەڵیدا لە بەندیخانە بوو .

ئەحمەد بانگی کرد شەماڵ . شەماڵ .

شەماڵ سەیری کرد و گەڕایەوە بۆ لای ئەحمەد و یەکتریان لە باوەش گرت .

شەماڵ پێی گوت ئەی سەرۆی برام چی بەسەرهات ؟ .

ئەحمەد هیچ وەڵامی نەدایەوە و بێدەنگ بوو . تەنها فرمێسك نەبێ .

شەماڵ گوتی : لە کوێ شەهید بوو پێم بڵێ .

ئەحمەد گوتی : پاش ئەوەی حەمەی گورجیمان کوشت لە تۆڵەی شەهید عەباس . ئیتر دەرباز نەبووین . سەرۆ شەهید بوو و (ساڵح)یش بریندار بوو

و چاك نەبۆوەو چەند رۆژێك لەمەو بەر هێنامەوە ئێرەو لە ناوچەیەكی ئازادكراو گیانی سپارد و مرد .

شەماڵ گریا و گوتی : (سەرۆ)ت بە جێ هێشت .

ئەحمەد گوتی : كاك شەماڵ، باوەڕبكە هیچ چارەیەكی تر نەبوو .

ئەحمەد لەگەڵ شەماڵ بەرەو سنوور رۆیشتن . ئەحمەد لێی پرسی پێم بڵێ چی بووە . بۆ وا هەموو شتێك گۆڕاوە .

شەماڵ بە دەنگێكی نزم گوتی : لە مانگی دادێ، شەڕی عێراق و ئێران نامێنێ . (سەدام)یش، هەموو هێزەكانی هێناوەتە كوردستان ئیتر هەموو بارەگاكان كشاینەوە . لە ترسی كیمیاوی .

رەنگە خۆمان بدەینە دەست ئێرانییەكان، باشترە .

زیاتر نزیك بوونەوە . پاسدارانی سەر سنوور دیاربوون . زۆر سەرماش بوو .

شەماڵ گوتی : ئەحمەد من خۆم دەدەمە دەست پاسداران . زۆر هیلاكم توانام نەماوە .

ئەحمەد گوتی: من ناتوانم. خێزانەكەم دەبینمەوە . لێرە دەبم تا دەیدۆزمەوە.

شەماڵ گوتی : باشە، من نەكەسم هە یە لێی بگەڕێم و نەكەسیش بەدوامدا دەگەڕێ .

ئەحمەد چاوی لێ بوو، كاتێ شەماڵ خۆی دایە دەست پاسەوانەكانی سەر سنووری ئێران .

ئەحمەد زۆر ماندوو و برسی بوو . زۆر بە كزی هەر دەگەڕاو پرسیاری دەكرد . خەڵكیش پۆل پۆل و دەستە دەستە خۆیان دەدایە دەستی پاسەوانەكان .

ئیتر بێ ئومێد بوو لە دۆزینەوەی هاوڕێكانی و خێزانەكەی . ناچار رووی لە پاسەوانەكان كرد و دەستی بەرز كردەوە بۆیان و ئەوانیش پشكنیان و دەمانچەكەیان لە بەر پشتێنی دەرهێنا . ئەوسا رێگەیان پێدا بپەڕێتەوە

ئێران .

ئەحمەد چاوەکانی پڕ گریان بوو . چونکە ئەو دەمانچەیە، دەمانچەکەی شەهید عەباس بوو. یەکەم جاریش بوو دەستی بەرز بکاتەوە بۆ کەسێك.

ئەحمەدیان برد بۆ تەلّبەندێك و سەیری کرد خەڵکێکی زۆری تیادایە، کە هەمووی پیاون . چاوی گێڕا بەڵکو کەسێك بناسێ . پێشمەرگەیەکی دیتەوە کە لەهەمان گروپدا پێکەوە بوون لە قەرەچووغ.

ئەحمەد پێی گوت ئەی برادەران چیان بەسەر هات .

پێشمەرگەکە گوتی : زۆربەمان گەڕاینەوە سەر سنوور . هەندێکیش خۆیان دایە دەست هێزەکانی سەدام .

ئەحمەد گوتی : ئەی خێزانەکەی منت نەبینیوە .

پێشمەرگەکە گوتی : بەڵێ بینیومە . ماوەیەك پێش ئەم کارەساتە، باوکی خێزانەکەت هاتە بارەگا و پرسیاری تۆی کرد . بەلاّم تۆ بێ سەرو شوێن بووی . قسەی وا هەبوو کە ئێوە نەماون . ئەویش ناچار خێزانەکەتی لەگەڵ خۆی بردەوە . چونکە خێزانەکەت نەخۆش بوو . وابزانم خەریکی منداڵبوون بوو .

ئەحمەد راکشا و فرمێسکی هاتنە خوار .

پاش چەند رۆژێك گوازرانەوە بۆ ناو ئێران و لەوێ ئازاد کران .

دوای مانگێك شەڕی عێراق و ئێران وەستا .

ئەحمەد بە ناچاری لە ئێران مایەوە . خەریکی کرێکاری بوو . ژوورێکی بچووکی بۆ خۆی بە کرێ گرتبوو .

ئێواران زۆر بیری دەکردەوە . کە چۆن دەستی بگاتە پەریخان و هەواڵی منالّەکەیان بزانێ . بەلاّم هەمووی خەیاڵ بوو . رۆژ لە دوای رۆژ ئیتر راهات لە دووری و غەریبی .

هەر بە ئومێدی ئەوە بوو، کە بە کرێکاری هەندێ پارەو پوول کۆبکاتەوە و بەدوای پەریخاندا بگەڕێ .

جار جارەش سەردانی هاوڕێکانی دەکرد و خەمی خۆیان بۆ یەکتری دەرشت . گەڕانەوە بۆ خاك و نیشتمان مەحالّ بوو .

دوو سالّی تەواوی بە کرێکاری بردە سەر لەسەر خاکی غەریبی، لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا .

ئێوارەیەك لە کرێکاری گەڕایەوە . زۆر ماندوو بوو . چاوەکانی کەوتنە خەو، خەوێکی قوولّ .

ئیتر خەوی بینی، لە خەودا شەهید عەباس و سالّح لە دەرگای ژوورەکەیاندا و بانگیان کرد و پێیان وت (موژدە ن، موژدە . دیاریمان دەوێت . خێزانەکەت کوڕێکی بووە ناوی ناوە هەولێر ) .

لەم خەوە سالّح پێی گوت (شوانی کوڕم لە بیر مەکە . ئاگاداری بە ) .

ئەحمەد لەو خەوە خەبەری بۆوە و لەدلّی خۆیدا گوتی : ئاخ، وامزانی راستییە . ئەی خودایە . دەبێ رۆژێك بێ، ئەم هەوالّەم پێ بگات .

پاش چەند رۆژێك لە رێگەی رێکخستنەکانی حیزبەوە، ئەحمەد ئاگادار کرایەوە . کە پەیوەندی بەم ناونیشانە بکات .

ئەحمەدیش بەدوای ناونیشانەکەدا رۆیشت و بینییەوە . لەگەلّ هاوڕێکانی دانیشت .

یەکێك لە بەرپرسە گەورەکانی حیزب، بە ئەحمەدی گوت عێراق تووشی شەڕێکی سەرەخۆرە بووە . ئەویش لە بەرژەوەندی ئێمەدایە . لە بەیانییەوە هەرچی ئاوارە هەیە . بەرەو سنوور دەڕۆین . ژمارەیەك چەکمان لەودیوی سنوور پاراستووە . دەبێ بگەڕێینەوە کوردستان .

ئێستا برۆ خۆت ئامادە بکە و سبەی پاش نیوەڕۆ ئێمە ئێرە بەجێ دێلّین . ئەگەر دواکەوی خۆت بەرپرسیاری .

ئەحمەد لە خۆشیانە خەریك بوو بالّ بگرێ . خێرا گەڕایەوە مالّە بچووکەکەی . ئەم شەوی بە نینۆك قرتاندن تەواو کرد . بەیانی خۆی کۆکردەوە و چووە لای خاوەن خانووەکەی و کرێی تەواوی دایێ و

خواحافیزی لێکرد .

خێرا گەڕایەوە لای ناونیشانەکە و سەیری کرد هەرچی پێشمەرگە هەیە لەویٚ کۆبۆتەوە . زۆر دڵشاد بوو .

لە پڕێکا ئافرەتێك کەوتە بەر چاوی . زیاتر سەیری کرد . ئەو خێزانی شەهید عەباسە و هەرسێ منالی خۆی و شوانی کوڕی ساڵحیشی لە دەستە .

ئەحمەد بانگی کرد و لێی نزیك بۆوە . سلاٚوی لێکرد و منالەکانی ماچ کرد . خێزانی شەهید عەباس . ناوی (گەوهەر) بوو .

ئەحمەد پێی گوت : گەوهەر خان، تۆش ئاوارەی ئێرە بووی ئەی ئێستا بۆ هاتووی .

گەوهەر خان پێی گوتمن لە ئێوە بە پەلەترم . دەمەویٚ بگەڕێمەوە کوردستان . هەر نەبیٚ لە دواتان دێم

ئەحمەد هەرچی پارەی لە گیرفاندا بوو . کە بە کرێکاری بە دەستی کەوتبوو . لە دەستی منالەکەی کرد و بە گەوهەر خانی گوت ئاگاداری منالەکان بە و پشت بە خوای گەورە، یەکتر دەبینینەوە . ئەحمەد ماڵئاوایی لێکرد و بەجێی هێشت .

هەموو گەیشتنە سەر سنوور . لەویٚ بەرنامە دارێژرا و دابەش بوون بە چەند قۆڵێك . ئەحمەد لەگەڵ پۆلێك لە هاوڕێکانی هاتنەوە ناو خاکی کوردستان و دەگەیشتنە هەر ئاوەدانییەك هەرچی گەنج هەبوو، لەگەڵیان دەستی دەدایە چەك و دەڕۆیشت . دەگەیشتنە هەر شوێنێك . دەیانوت حکومەت نەماوە .

تا وای لێهات . دار و بەرد بوو بە پێشمەرگە . هەرچی جەماوەر هەبوو لەگەڵ پێشمەرگە تێك ئالاٚن. لەهەر شارۆچکەیەك جەماوەر پێشمەرگەی راپەڕین بوو.

ئەحمەد هەر بەخەوی دەزانی . چونکە هیچ کاتێك لەو باوەڕەدا نەبوو . تا وای لێهات جەماوەر گەورە بوون. بوو بە راپەڕینی گشتی و ئامادەبوون

بەرەو هەولێر .

هەندێك سات ئەحمەد زۆر دڵشاد بوو . جار جاریش، ئەو هاوڕێکانی لە دەست چوو بوون . کاتێ دەهاتنەوە یادی، جەماوەری سەرسام کردبوو بە هێرش کردنە سەر دامودەزگاکانی بەعس .

لە زۆربەی هێرشەکاندا خۆی یەکەم دەستپێشخەری دەکرد . جەماوەر دەوریان لێ دابوو . کاتی دەهاتە بیری کە (ساڵح)ی لە چۆلەوانی جێ هێشتبوو، هاواری دەکرد و دەیوت لێیاندەن وەدەریان بنێن . لە کوردستان، بەعسی ڕووخانە، بەعسی قڕانە .

پاش چەند ڕۆژێك هەموو کوردستان ئازاد بوو . ئەحمەد بەیانیەکی زوو هەولێری لێ بەدەر کەوت بە چاوێکی پڕ گریان هاواری دەکرد ئەوە هەولێرە . هەولێری من، هەولێری گەنجە بێ تاوانەکان، هەولێری دوێنێی داگیرکراو . ئەمڕۆی لە مێژوودا ئازاد دەبێ .

جەماوەر هیچیان بۆ ئەحمەد نەهێشتەوە . هەر هەنگاوێکی دەنا جەماوەر لە پێشیدابوون . سەری دەنایە هەر کۆڵانێك پێکەنینی ئازادی بوو . ئەویش ڕووی لە ماڵی خۆیان کرد . لەگەڵ چەند هاوڕیەکی کۆنی.

پاش نۆ ساڵ ئاوارەیی دوور لە هەولێر و لە کۆڵانەکەی خۆیان، یەکەم هەنگاو یەکەم سات بە ئازادی بەرەو شەقامەکەی خۆیان دەچوو .

خەڵك و جەماوەر هەر چوار دەوریان گرتبوو . گەیشتنە سەری کۆڵانەکەیان و سەیری کرد دایکی و باوکی و پەریخان و خوشکەکانی لە کۆڵان چاوەڕێی بوون .

پەریخان کوڕێکی ببوو . ناوی نابوو (هەولێر) . تەمەنی نزیکەی دوو ساڵ زیاتر بوو . چاوەڕێی باوکی دەکرد .

کاتێ ئەحمەد بەدەرکەوت . هەموو پێکەوە بەپێ خواسی بۆ لای ئەحمەد هاتن. بە گریان و بە پێکەنین. هاواریان دەکرد ئەحمەد هاتەوە.

ئەحمەد باوەشی کردەوە بۆ دایك و باوك و خوشکەکانی و پەریخانی

خێزانی و هەولێری کوڕیشی، کە بۆ یەکەم جارە لە باوەشی گرت . کۆڵان هەمووی لە دەوریان کۆبوونەوە .

پەریخان وەك هەموو مرۆڤەکانی دێهات، کە بە وەفادارییی ناسرا بوون گوتی : ئەحمەد، ئەی کوا ساڵح بۆ دیار نیە .

ئەحمەد رووی لە پەریخان کرد و پێی گوت : چاوەڕێی مەکە . ئیتر نایبینیەوە . کوردستانێکی ئازاد خوێنی گەرەکە . ئەو بە پلەی شەرف گەیشت . وەك باوکی، وەك هەموو ئەوانەی ئەمڕۆیان دروست کرد . ئەو خۆنەویست بوو . لە دوا هەناسەیدا سلاوی بۆ ناردی .

ئەحمەد رووی لە باوکی کرد و پێی وت : باوکە، ئێوە بڕۆنەوە ماڵەوە . ئەوە منتان بینیەوە . ئێوارەش دەگەڕێمەوە لاتان .

ئەوسا ئەحمەد رووی لە کۆڵانی ماڵی ساڵح کرد، ئەو رۆژە کەس بە کەس نەبوو، زۆربەی خەڵك تێك دەقژقژان، هەندێك بە دوای کوڕەکانیاندا دەگەڕان، کە سەردەمێك بوو لە بەندیخانەکاندا بێسەروشوێن بوون، ئەحمەد گەیشتە نێو کۆڵانی ماڵی ساڵح، تەزوویەك بەسەرتاپایدا هات، ئازارەکانی هێنایەوە یاد، ئەوکاتەی ساڵح بریندار‌بوو لە نێو عەرەبانەکەی مام یاسین دا جەستەی نوقمی خوێن ببوو، ئەو رۆژە کۆڵانێکی ئاسایی نەبوو، هەنگاوی گەنجەکان زرمەی دەهات، هەرکەس بە پەلە و هاوار هاواری بوو، ئەحمەد لەگەڵ مام یاسین هێشتا تێری فرمێسك رژان لە باوەش گرتنی یەکتر نەببوون.

لە پڕێکا دەنگێکی ئافرەتانە هاواری کرد ( دێتەوە ئێرە، مەحاڵە هەر دێتەوە ئێرە، ئەو لەم بەردەرگایە پێی گرتووە، من دڵنیام لە هەر شوێنێك بێ دێتەوە ئێرە ) .

ئەحمەد سەیری کرد، ئافرەتێکی تەمەن مامناوەندییە، تێنوێتی پێوە دیارە، چاوەکانی پڕ لە فرمێسك و بیناقاقای پڕ لە هەنسکی گریان بوو، لەبەر هاوارکردن توانای نیە لێوەکانیشی بسڕێتەوە، جار جار بە ئاوازێکی ترسناکاوی هاواری دەکرد و دەیگوت : با بڕوخێن ئەوانەی خێزانیان لە من

تێکدا، ئەوانەیماڵیان لە من کاولکرد .

جارجارەش ئاوازەی دەگۆڕی و بەدەم گریانەوە دەیگوت : هۆ کوڕە شیرینەکەم، هۆ کوڕە بێنازەکەم، هۆ کوڕە بێ باوك و براکەم، دەوەرەوە چاوەڕێتم، ئەی ئێرە بەردەرگای خۆت نیە ! .

ئەحمەد زوو درکی پێکرد و زانی ئەو ئافرەتە کێیە، هەربۆ دڵنیابوونیش رووی لە مام یاسین کرد و پێی گوت : ئەگەر هەڵە نەبووبم ئەوە دایکی ساڵحە.

مام یاسین لەبەر گریان بەسەر لەقاندن وەڵامی دایەوە .

زۆر جار دایك لە کاتی ونبوونی کوڕەکەی ئاگای لە دەوروبەرو وشەکانی خۆیشی نابێ، بۆیە هەر هاوار هاواری بوو، هەردەمە و رووی لە یەکێك دەکرد بەڵکو هەواڵێکی بدەنێ، بەڵام مخابن سالی مەرگ یەخەی مرۆڤە بێ گوناهەکانی گرتووە، ئەحمەد بێ سێ و دوو خۆی بە باوەشی ئەمیرەی دایکی ساڵح دا کرد .

ئیتر مام یاسین و کاك عەزیز، ئەحمەدیان لە باوەش گرت و ماچیان کرد و هەموو خەڵکی کۆڵانەکەش لێیان کۆ بوونەوە .

مام یاسین بە ئەحمەدی گوت : ئەی کوا ساڵح بۆ دیار نیە ؟ .

ئەحمەد هەموو بەسەر هاتەکەی بۆ گێڕایەوەو گوتی : هاتووم سوپاسی خەڵکی ئەم کۆڵانە بکەم . کە لەگەڵ (ساڵح)دا ژیاون و زۆر سوپاسی مام عەزیز دەکەم، کە یارمەتی داوم لە رۆژێکی سەختدا .

کاك عەزیز گوتی : راوەستە، چەکەکانتان هەر ماوە . لەگەڵ خۆت بیانبەوە .

ئەحمەد گوتی : ئەوە دیاری شۆرشە بۆتان .

ئەحمەد پێی گوتن : خێزانی شەهید عباسی برای مام یاسین بە رێگاوەیە دێتەوە لای مام یاسین . شوانی کوڕی (ساڵح)یش لەلای ئەوە . بێکەسە با لەلاتان بێ . ئاگاداری بکەن منیش کاری بۆ دەکەم، کە کوردستان بەرقەرار بوو .

بە خوێنی شەهیدان کوردستان، لە بەعس پاك بۆوە . بەڵام کێ دەزانێ چ خوێنێك رژاوەو چ دێهاتێك نانی نێو دەمی خۆی داوەتە پێشمەرگە و گەیاندوێتیە ئەمڕۆی ئازادی .

ئەحمەد گەڕایەوە ناو شار و شێوازی شۆڕشەکەی گۆڕا . ئیتر بە ئاراستەیەکی تر تێدەکۆشا . ئەحمەد بەدوای ئارامی شارو ئاوەدانکردنەوەی کوردستان تێدەکۆشا .

گەڕایەوە ناو خێزانەکەی و خەریکی ژیانێکی ئارام بوو، بۆ خەڵکی کوردستان .

چەند مانگێك بەسەر چوون هەر خەریکی خزمەتکردنی شارەکەی بوو . رۆژ بوو بە رۆژی پێنووس و خوێندەواری . چەك باوی نەما .

دەبوایە وێنەیەکی بڕوانامەکەی لە قوتابخانە بهێنێ بۆ ئەوەی کار بکات لە ناو دامودەزگای حکومەت .

بەیانیەك بیری کردەوە بڕوانامەکەی لە قوتابخانە بهێنێتەوە . بڕیاریدا هەر بە پیاسە و بەدەم رۆیشتنەوە بۆ قوتابخانە بچێ و سڵاوێکیش لە مامۆستاکان بکات .

کاتی وانە وتنەوە بوو . ئەحمەد رووی لە ژووری بەڕێوەبەرەکە کرد و سڵاوی لێکرد و کەمێك لەلای دانیشت .

بەڕێوەبەرەکە پێی وت : من خەریکە ناتناسم . لە چ ساڵێك قوتابی ئێرە بووی؟.

ئەحمەد گوتی : دوا ساڵ، کە لێرە بووم . زستانی (١٩٨٢) بوو . لێرە دەستگیرکرام لە لایەن بەعسیەکانەوە. من ئەحمەدم .

بەرێوبەرەکە خستیە باوەشی خۆی و گوتی : زۆر دەمێکە حەزم لە بینینی تۆیە . نەمزانی چیت بەسەر هات . تۆ بە یەکجاری ون بوویت و ئازارێکت خستە دڵی من و قوتابخانەکەوە . تۆ مێژوویێکت لە ناو قوتابخانەکە دروست کرد .

ئەحمەد دانیشت، تا بڕوانامەکەی تەواو دەبێ . پاش کەمێك مامۆستایەك هاتە ژوورەوە و ئەحمەد سەیری کرد و پێی گوت تۆ سامانی . کاتی خۆی بەیەکەوە لە پۆلی شەشەم بووین . من ئەحمەدم . نامناسیەوە .

سامان هەڵسا و ئەحمەدی لە باوەش کرد و پێی گوت چۆن ناتناسمەوە . تۆ عاشقێك بوویت . من لە تۆوە فێری عەشق و گریان و جوانی بووم.

ئەحمەد بەڵگەنامەکەی وەرگرت و خوا حافیزی کرد . ئەحمەد هیچ کەسێکی بە دوژمنی خۆی نەدەزانی هەموو کوردێکی لەلا دۆست بوو .

کەسانێك لە دوای بوون بەبێ دەنگی، کەسانێکی ناشرین ئەوەندە ترسنۆك بوون کە چرپەی پێیەکانیشیان نەدەهات، ناشرین وەك کارەکەیان، ئوتومبێلێکی ناشرین رەنگێکی ناشرین .

ئەحمەد بێ ئاگابوو . لەو بڕوایەدا نەبوو . کەسێك هەبێ دژی بەرخودان بێ و رقی لە پێشمەرگە بێ . کەچی لە سەری کۆڵانێکا کەسانێکی دژ بە کورد و کوردستان دژ بە شەرەف و مەردایەتی لێی دانیشتبوون .

ئەحمەد لێیان نزیك بۆوە . کەسێکی ناشیرین، سمێڵ هەڵقرچاوی ریش درێژی شەرواڵ کورت، روو بە رووی بوو .ئەحمەد بە خەندەیەکەوە سەیرێکی کردو ئەویش لە بەرامبەر سینە و هەناسەی مەردی ئەحمەد دا چەند گوللەیەکی تەقاند، بە باروتێك لە خۆی رەشتر، ئەو هەناسەیەی ساڵەهای ساڵە بەرگەی ساردی و گەرمی و بوونی ونەبوونی و نەهامەتی و برسیەتی دەکرد .

ئەو کەسەی لە مەتارەکەی زیاتر ئاوی شك نەدەبینی لە گوێ زەوی، ئەو کەسەی لەجێی باوك و برای هەر هاوڕێی هەبوو، ئەو سینگەی کە هەولێری خێر نەدیو چاوەڕێ بوو بچێتە باوەشی . ئیتر لەگەڵ باوکیدا بژی . چیتر جێی نەهێڵێ بە تەنیا لەگەڵ دایکی .

مرۆڤێکی رەش، بەرنامەیەکی رەش، ئەحمەدی لە هەولێری تاقە کوڕی و هەولێری شار و دایك و باوکی دابڕاند . ئەحمەد لە کوردستانێکی ئازاددا

تێر نەژیا .

ئەحمەد سەری کەوتە سەر زەوی و درێژ بوو . بڕوانامەکەی لەگەڵ خوێن سوور بوو .

راکشا و ساڵی( ١٩٨٢) ی هاتەوە یاد، کاتێك لە هەمان شوێندا کتێبەکەی بەدەستەوە بوو . لەگەڵ ڤیاندا بۆ قوتابخانە دەچوون . کاتێك نامەکانیان دەگۆڕیەوە، هەموو یادگارییەکانی پێشووی هاتەوە بیر . کاتێك جار جار لە کاتی باراندا، لە ژێر چەترەکەی ڤیاندا بەیەکەوە بۆ قوتابخانە دەڕۆیشتن .

هەمووی هاتەوە یاد، ڤیان و عەشق، بەعس و بەندیخانە کاتێك لەژوورە تاریکەکەدا خەوی بەئازادی دەبینی، کەندێناوە و غەریبی، کاتێك لەبەر دەرگای ماڵی مام هەینی و لەم گوندەدا حەوانەوە، کەندێناوە و پەریخان . شەهید ساڵح و هاوڕێیەتی، شەهید عەباس و مەردایەتی .

بۆ دواجار چاوەکانی خستە سەر یەك و پەریخان و هەولێری کوڕی بەجێ هێشت . کە چاوەڕوان بوون بە ئارامی بژین .

ئیتر رۆحی پاکی ئەحمەد، هەڵفڕی، هەڵفڕی . بۆ لای ساڵحی خێر لە خۆ نەدیو . ئەوان رۆیشتن بەلاّم کێ بەئاگایە لەم کۆستە پڕ خوێنانە، کەس نازانێ ئەم شارە چەند غەریبە کەس نازانێ ئەم ساڵانە چەند مەرگاوین . هەولێریش لە باوەشی دایك و بابە گەورە و داپیرەیدا ژیان بەسەر ببات .

ئەگەر ئەویش مامۆستا ئەسعەدێکی بۆ دروست نەبێ و.........  .

## کتێبە چاپکراوەکانی نواڵەی نوێ و سەنتەری رۆشنبیری بەهرە

| ز | نـــاوی کـــــتێـب | بابـــەت | نووســـــــــەر |
|---|---|---|---|
| 1 | سەفەرە تاڵەکەی من و دوعا شیرینەکانی دایکم | شـــیعر | ئاری ئاغۆك |
| 2 | گەنج و گرفتە دەروونیەکان | دەروونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| 3 | ٧٧٧ مەتەڵی کوردەواری | فۆڵکلۆر | هۆشیار نوری لەك |
| 4 | چرکەیەك تەمەن | شـــیعر | رێدار کانەبی |
| 5 | کاتێ شیعر دێتە گۆ | شـــیعر | عەبدال شێخانی |
| 6 | هەگبەی مێژوو | کتێبی مێژوویی | هۆشیار نوری / شەیدا شێخانی/ ئاری ئاغۆك |
| 7 | قەســـیدەی چەپکـــــە گـــــوڵ | شیعری ئایینی | مەلا عومەر مەزڵووم |
| 8 | دیـــوانی نواڵـــەی نـــوێ | شـــیعر | ( 106 ) شاعیر |
| 9 | رەنگاو رەنگ | شیعری منداڵان | منداڵان |
| 10 | سەمفۆنیای گریانێکی بێ دەنگ | شـــیعر | ژیان بابەگوڕگوڕ |
| 11 | گەنج و گرفتە دەروونیەکان ( چاپی دووەم ) | دەروونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| 12 | هەگبەی زانین بۆ زانستە پێوانەییەکان | زانیـــاری | زانا عەلی محەمەد |
| 13 | چاوەڕێ .. لە شەوانی فرمێسکی وشەکاندا | شـــیعر | سالار عەبدولرەحمان |
| 14 | ماڵئاوا گوڵی خەم | کورتە رۆمان | د. هیمدادی حوسێن |
| 15 | ( 955 ) مەتەڵی کوردەواری | فۆڵکلـۆر | هۆشیار نوری لەك |
| 16 | هۆنراوەکانی ووشیار عەبدوڵڵا | هۆنراوە | ووشیار عەبدوڵڵا |
| 17 | خۆشەویستی کچێك لەزانکۆدا | کورتە رۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 18 | بزاڤی تەغریبی | کتـــێب | ئاری ئاغۆك |
| 19 | وتە ئەڵماسیەکان | وتـــــە | تەحسین خالید |
| 20 | عەشقی نێوان مامۆستاو کچە قوتابی | کورتە رۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 21 | مـــــن و تـــــــۆ | شیعری گۆرانی | چرپە خۆشناو |
| 22 | من بەدزی باوکم گەورە بووم | کورتە چیرۆك | یوسف عوسمان حەمەد |
| 23 | خۆشەویستی کچێك لەزانکۆ ( چاپی دووەم ) | کورتە رۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 24 | شاعیرێك خۆشیدەویستی | شـــیعر | ئـاری ئـاغۆك |
| 25 | دەمەوێ زیاتر خۆشم بوێی | شـــیعر | کارزان گەرۆتەیی |
| 26 | عەشق و گریان | شـــیعر | غەمگین بۆڵی |
| 27 | تاراوگە | شـــیعر | کەریم سمکۆ |
| 28 | عەشق لەنێوان عەقڵ و ئاییندا | لێکۆڵینەوە | قانع خورشید |
| 29 | دیوانی نواڵەی نوێ ( ١٠٧ ) گوڵە شیعر | شیعر | ( ١٠٧ ) شاعیر |
| 30 | نۆبـــــەرە | زانیاری گستی | نازم ئیسماعیل |
| 31 | گەنج و گرفتە دەروونیەکان/ بەرگی دووەم | دەروونزانی | یوسف عوسمان حەمەد |
| 32 | ئەدیبانی جیهانی | ژیاننامە | د. کەمال مەعروف |
| 33 | گوڵچنییەکانی هەندەران | یادەوەری | قاسم سابیر |
| 34 | سێبەری یادەکان | شیعر | غازی خەیلانی |
| 35 | بێ تۆ بم | شیعری گۆرانی | خالیسە سابیر |
| 36 | هۆنراوەکانی زیاد ئەسعەد | شیعری لیرکی | عەبدولغەفار عەبدوللا |
| 37 | ئەو کاتەی بێ ئاگا بوون لە عیشقی من | هۆنراوە | کاکە عەلی |
| 38 | ( 1177 ) مەتەڵی کوردەواری | فۆڵکلۆر | هۆشیار نوری لەك |
| 39 | قەفتەك ژکەلە پورێ ئاکرێ | کەلتور | خالد حاجی خدر |
| 40 | پیاسەیەك بەنێو کۆڵانەکانی غەریبی | چامە شیعر | ئاری ئاغۆك |
| 41 | لەگۆڕەپانێکی رەش و سپیدا | چامە شیعر | غەمگین بۆڵی |
| 42 | هەرزاڵی پڕ لەگوناهی ریشۆڵەیەك | هۆنراوە | دارا داربەسەری |
| 43 | پەیوەندی نێوان خۆشەویستی و سێکس | لێکۆڵینەوە | هێرش عەبدولوەهاب حاجی |
| 44 | لە مەرگی کەژاڵ دەگەرێم | کورتە رۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 45 | رەبیکای خنکاو | رۆمان | و. رەزیە عەبدول |
| 46 | قالە جناوی | رۆمان | محەمەد کەریم نانەوا |
| 47 | سۆزی ئەڤین | هۆنراوە | هەڤاڵ شێخانی |

| ز | نـــاوی کـــــتێب | بابـــەت | نووســــــــەر |
|---|---|---|---|
| 48 | با وەکو جاران یەکترمان خۆشبوێ | هۆنراوە | میدیا داربەسەری |
| 49 | بیروباوەڕی موسڵمانانە | ئایینی | م. سەید ئەحمەد پێنجوینی |
| 50 | لەژێر شە پۆلەکانی خۆردا | هۆنراوە | سەرهەنگ حەمە سالّح |
| 51 | کورد نامە | شیعر | عوسمان شارباژێڕی |
| 52 | 1313 مەتەڵی کوردەواری | مەتەڵ | هۆشیار نوری لەك |
| 53 | عەشقی ئەبەدی | هۆنراوە | ئـاری ئـاغۆك |
| 54 | لەگەڵ خۆشەویستدا | ئایینی | م. سەید ئەحمەد پێنجوینی |
| 55 | گوڵبژێرێك لە پەندی کوردی | فۆلکلۆر | هۆشیار نوری لەك |
| 56 | مەرگ کۆتایی بە ئیشق هێنا | کورتە رۆمان | ئەهرۆ عەلی حەمەد |
| 57 | جیهانی منداڵان | هۆنراوە | حاتەم باتـاسی |
| 58 | دەروونناسی چۆن لەترس رزگارمان دەکات؟ | دەروونزانی | و: جەمال گردەسۆری |
| 59 | لاوك و حەیران و هۆنراوەی میللی | فۆلکلۆر | ئەسعەد عەدۆ |
| 60 | سپێدەکانی گوڵ | شیعر | هێمن رەفیق |
| 61 | منداڵان | هۆنراوە | بڕوا محەمەدی |
| 62 | لەچیمەندا دیاری بۆ یادگاری | چوارینە | مەلا مەزڵووم |
| 63 | مامە پیرەو گورگی زۆردار | چیرۆکی منداڵان | دلێر ئیبراهیم |
| 64 | ئێمە خۆمان نین | هۆنراوە | هێرش عەبدولوەهاب |
| 65 | ژن ناسی لە پەندی پێشینان‌دا | فۆلکلۆر | دێدەوان یەعقوبی |
| 66 | کچێك شێتم دەکا | کورتە رۆمان | شاخەوان عەلی حەمەد |
| 67 | چریکەی گەرمیان | شیعر | عادل کاکەیی |
| 68 | 100 نامە شیعر | کورتە شیعر | ئاری ئاغـۆك |
| 69 | 250 پرسیارو وەڵامی وەرزشی | وەرزشی | ئەحمەد نەجات |
| 70 | گە نجی پیر | شیعری گۆرانی | ئا/ داهێن سابیر |
| 71 | ساتە بێ تۆییەکان و مەرگی عەشق | شیعر | سیروان گەڕەشێخانی |
| 72 | جیهانی منداڵان ( چا پی دووەم ) | شیعری منداڵان | حاتەم باتـاسی |
| 73 | دەروازەی دراما | شانۆ | ئەحمەد سالار |
| 74 | سەروەران | شانۆ | ئومێد قادر زیرەك |
| 75 | سەفەرنامە | چیرۆك | ئاری ئاغۆك |
| 76 | گەردوونێك لە جوانی | شیعر | فاروق هەژار |
| 77 | خولگەکانی خەمی خود | شیعر | عەبدولرەحمان پیرداود |
| 78 | هێلانە | چیرۆکی منداڵان | حاتەم باتـاسی |
| 79 | ١٣٧٧ مەتەڵی کوردەواری | مەتەڵ | هۆشیار نوری لەك |
| 80 | کۆژان | رۆمان | فەرمان عوسمان |
| 81 | دوور لەدەسەڵات | دیمانەی بەرپرسان | هۆشیار نوری لەك – ئاری ئاغۆك |
| 82 | بەرەو کەسایەتییەکی تەندروست | دەروونناسی | هێمن رەفیق |
| 83 | فەرهەنگی کوردەواری | کەلە پوور | هۆشیار نوری لەك |
| 84 | وێستگەکانی شیعری تورکی | لێکۆڵینەوە | فەرهاد پیربالّ |
| 85 | پەیکەری ژوان | شیعر | فوئاد شێخانی |
| 86 | خەمی غوربەتیشت ئەخۆم | شیعر | دەرباز یونس |
| 87 | پیاسەیەك لەگەڵ زەردەخەنەی ( با ) | شیعر | سەرهەنگ خامۆش |
| 88 | رۆژی ڕەش | کورتە رۆمان | مەحمود ئەحمەد بێوەی |
| 89 | شەوە سپییەکان | دەقی شانۆیی | ئا/ فەرحان حەسەن |
| 90 | سالّی مەرگ | رۆمان | ماجد محەمەد مەخموری |